# گزینگ ۳۰

گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە، زستانی ۲۰۰۱ (۷۹-۱۳۸۰)

- «ئێستا شیعری نوێ بووە بە پردێکی ئاسان...»، گفتوگۆیەکی نامەیی لە گەڵ مامۆستا «محەمەدی مەلا کەریم»
- ڕاپرسێکی گزینگ لە بورهان یاسین، دەربارەی ململانێی ینک و پکک
- ئیپۆکی پاش بنەماخوازیی: لە میانەی خستنەڕووی بیری ژاک دریدا
- قەڵەم و شمشێر
- کورتەیەک لە سەر مۆسیقای کوردی
- ئاوێنەی شکاو، لێکۆڵینەوەیەک لە بابەت شیعری وەفایی
- عەزیز زەندی(ئەڵمانی) کێ بووە؟
- کارەساتی فەلستین؛ سیاسەتی ئاپارتایدی نازیسم، ئەمجارە لە بەرگی سەهیۆنیزم دا
- هەزار ساڵ پێوەندی لە نێوان کورد و سوێدی دا
- هەستی نەتەوەیی کوردی و چەند سەرنجێک
- شێعر، کورتە چیرۆک، تەنز، ڕەخنەی ئەدەبی، ڕانانی کتێب، هەواڵی فەرهەنگی و چاپەمەنی...

## وەفایی:

دوور لە تۆ، بۆو زولفـــە، دڵ حـــەقـــقـی بەڵا و وەرهەمـــە
بۆ عــەزیزی خـۆی هـەمـوو کـەس وا بـە شین و مـــاتەمـە
خـــاڵی ســـەر چاهی زەنەخـــدانت چ شـــیـــرینە، دەڵێی!
هـینـدوییێکی تـەشنـەیی جـــۆیایی ئاوی زەمــــزەمــــە
زولفـــەکـــەت گـــرتمی، بەیاضی گـــەردەنت ســـووتاندمی
خـوێنی پـەروانە بە دەسـتـەی شـەو، لە سـەر ئەسـتۆی شـەمـە
شـــەمـــعی مـــەجلیس دەرمـــەکـــە، پەروانەکـــەی ســـووتاوتە
هـەر ئەوە، ســـەر تا قـــەدەم بۆت ئاتەشین و مـــەحـــرەمـــە
عـوشـرەت و عـەیشی جیـهـان خـەتمە لە سـەر مـاچی دەمت
هـەر ســـولەیمانە ئەوی دەســـتی بگا بەو خـــاتەمـــە
ســاعـیـدی ئیـمـدادی پـەنجـەی دا بـە فـەتحی دڵ، کـوتی:
صـەفشکێنی قـۆڵی گـورجـسـتـانە، فـەوجی پێنجـەمـە
زولف و خـــاڵی تۆ، کـەوا شـاد بوون بە تۆ عــەیبی نیـیـە
ئەورۆ هـەرچی ڕووڕەشـــە باڵانشین و مـــەحـــرەمـــە
من دڵم بۆ مـــــاچێکی چاوی، بە زولفی دا، کــــوتی:
ئەی پەشـیـمـانم..! «وەفـایی» مـەسـتـە، سـەودای بەرهەمـە

• • •

# گزینگ ـ ژماره ۳۰

زستانی ۲۰۰۱ (۷۹-۱۳۸۰)

## نێوەرۆک


«ئێستا شیعری نوێ بووە بە پردێکی ئاسان...»، گفتوگۆیەکی نامەیی لە گەڵ مامۆستا «محەمەدی مەلا کەریم»: .......................... گزینگ ٤
ڕاپرسێکی گزینگ لە بورهان یاسین، دەربارەی ململانێی ینک و پکک ١٦
پەیامی مامۆستا شێخ عەزەددینی حوسێنی سەبارەت بە قەتڵەکانی زنجیرەیی و دادگای فەرمایشی .................................................. ١٩
ئیپۆکی پاش بنەماخوازیی: لە میانەی خستنەڕووی بیری ژاک دریدا (بەشی کۆتایی)...................................... ئازاد حەمە ٢٠
قەڵەم و شمشێر: .......................... حەمە سەعید حەسەن ٢٨
کورتەیەک لە سەر مۆسیقای کوردی: ...................... ناسری ڕەزازی ٣٩
گوڵزاری شاعیران: عەلی نانەوازادە، ئەنوەر سوڵتانی، سارا ژوان، ئەسعەد ڕەشیدی (زاگرۆس)، د. عەزیز ژیان ...................... ٤٤
ئاوێنەی شکاو، لێکۆڵینەوەیەک لە بابەت شیعری وەفایی: ....ناصر حسامی ٤٦
عەزیز زەندی(ئەڵمانی) کێ بووە؟: .................. ئەحمەدی شەریفی ٥٢
کارەساتی فەلستین! سیاسەتی ئاپارتایدی نازیسم، ئەمجارە لە بەرگی سەهیۆنیزم دا: ............................ عەزیز ڕەزایی ٥٤
هەزار ساڵ پێوەندی لە نێوان کورد و سوێدی دا: .......... س. گ ماکوان ٥٨
ڕێزگرتنی هونەریی لە ناسری ڕەزازی: ............. پۆلا نانەوازادەگان ٦٠
هەستی نەتەوەیی کوردی و چەند سەرنجێک: ............. مەهاباد کوردی ٦٢
کۆچی دوایی مەحموود باکسی: ........................ قاسم ڕەیانی ٦٥
کورتەچیرۆک: شەنگەسوار: ........................ کوردان کەریم ٦٦
تەنزی کۆمەڵایەتی: ژیلە منداڵی دەبێ!: ............... ئاسۆ بیارەیی ٦٩
کورتەچیرۆک: بەسێ: .............................. عەلی نانەوازادە ٧٠
دوو هۆنراوەی خوالێخۆشبوو:...................... مەلا خدری عەبباسی ٧٢
دووی ڕێبەندان لە وڵاتی فینلاند: ......................... س. هاوار ٧٣
چاپەمەنی ................................. ٧٤



**بەڕێوەبەر و بەرپەرس:**

سولەیمانی چیرە (هێرش)

**ناوونیشان:**

**GZING / S. Chireh**
Valstavägen 62 2tr
195 50 Märsta- Sweden

**Tel/Fax** +46 - 08 59 11 36 50
**Mobile**: 070-2359687



**ژمارەی پۆستگیرۆ:**

**Postgiro**: 443 5022-1


**• گزینگ، گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە. هەموو بیروبۆچوونێک لە ڕێبازی بەرەوژووربردنی ئاستی نەتەوەیی ـ فەرهەنگی کورد بڵاودەکاتەوە.**
**• گزینگ، بە ئاگاداریی نووسەر، بۆی هەیە بە گوێرەی پێویست بە نووسراوەکاندا بێتەوە، بێ ئەوەی ناوەرۆکیان بگۆڕێ.**
**• هەر نووسەرێک بەرپرسی نووسینی خۆیەتی، بەڵام لە ئاست نووسراوەی بێ ئیمزادا گزینگ بەرپرسیارە.**
**• گزینگ، بۆ یەکدەست کردنی ڕێنووسێکی گشتی هەوڵدەدا.**
**• ئەو نووسراوانەی بە گزینگ دەگەن، بۆ خاوەنیان نانێردرێنەوە.**


چاپ، کتێبی هەرزان: زستانی ۲۰۰۱

ISSN 1104 - 3473

# «ئێستا شیعری نوێ بووە بە پردێکی ئاسان...»

**کفتوگۆیەکی نامەیی لە کەڵ مامۆستا ،محەمەدی مەلا کەریم،**

**گزینگ: هەروەک خوێنەرەوانیش دەزانن ئێوە بە بنەماڵە لە بواری ڕۆشنبیریی و ئەدەبیدا، کەسایەتییەکی ناسراون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر کورتەیەک لە ژیانی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی خۆتان باس بکەن، جێی خۆشحاڵی و ڕەزامەندی دەبێ.**

ــ لە ١٤/ ١٠/ ١٩٣١دا لە گوندی (بیارە) لە دایک بووم. خوێندنم لای باوکم بووە و تا لێبوومەتەوە نەچوومەتە هیچ کوێیەک بۆ خوێندن. لە جیاتی ئەوەی ببم بە مەلا و دەرز بە فەقێ بڵێم و پێشنوێژی بۆ خەڵک بکەم، سیاسەت و ڕۆژنامەنووسیی ڕایانکێشام بۆ لای خۆیان. هەر لەم بوارەدا، لە ساڵانی ١٩٤٩ و ١٩٥٠دا، بە لاساییکردنەوەی «سەیید جەمالوددینی ئەفغانی» کە زۆر شیفتەی بیر و بۆچوونەکانی ئەو و «شێخ موحەمەدعەبدە» و تێکڕای ئیسلامێکی نوێ و دژی خورافاتی ئایینی بووم، بۆ ماوەی ساڵێ گۆڤارێکی سیاسی ـ ئایینیم، مانگانە، بە یەک ژمارە، بە ناوی (العروە الوثقی)وە ــ کە ناوی گۆڤارەکەی سەیید جەمالوددین بووە ــ دەرکرد. گۆڤارەکەم لە چەند هاوڕێیەکی فەقێم بەولاوە پیشانی کەس نەئەدا و بە خەیاڵ لە ترسی پۆلیس ــ وەک بڵێی بۆخۆم حیزبێکی سیاسی بم و دەوڵەت هەمووی لە دووم بگەڕێ ــ لە کونەدیوارەکانی خانەقای بیارەدا ئەشاردەوە! لە هاوینی ١٩٥١دا، ماڵمان هاتە سلێمانی و پاش ساڵێک لەگەڵ مامۆستا «گۆران»، کە تازە لە زیندان دەرچووبوو، ناسیاویم پەیداکرد و، وردەوردە لە ڕۆژنامەی (ژین)دا کە گۆران بەڕێوەی ئەبرد کەوتمە کار. جاروبارێ بۆ هەندێ ڕۆژنامەی عەرەبیی بەغدایشم ئەنووسی. لە سەرەتای ١٩٥٣دا چوومە لیژنەی ئازادیخوازانی سلێمانی و لەگەڵ «گۆران» و «ئیسماعیل حەقّی شاوەیس» و دادیاران: «ئیبراهیم ئەحمەد» و «قادر مستەفا» و «کەمال ئەحمەد ساڵح» و شاعیر «حەمە ساڵح دیلان» و چەند کەسی تر کەوتمە کار و تێکۆشان بۆ بڵاوکردنەوەی بیر و باوەڕی ئاشتیخوازی و پەردە هەڵماڵین لە پڕۆژە ئیمپریالیستییەکانی جەنگ.

لە سەرەتای ١٩٥٤دا لەگەڵ کۆمەڵێ فەقێی هاوڕێم (یەکێتی قوتابیانی ئایینی)مان پێکەوەنا و لە پێنج مانگدا پێنج ژمارە گۆڤاری (دەنگی فەقێ)مان بە دەسنووس دەرکرد، داخوازییە ژیاری و خوێندنییەکانی فەقێکانمان بە عەرزوحاڵی بەشی هەرە زۆری فەقێکانی سلێمانییەوە لە ڕۆژنامەی (ژین)ی سلێمانی و ڕۆژنامە عەرەبییە نیشتمانپەوەرەکانی بەغدادا بڵاوئەکردەوە و ژیانی تاڵ و سەختی فەقێکانمان ئەخستە بەرچاوی کاربەدستان و جەماوەر و، ڕێگای دابینکردنی خوێندنێکی پێشکەوتوو و ژیانێکی سەربەرزمان بۆ فەقێیان لە گۆڤارەکەماندا بڵاو ئەکردەوە.

لە مانگی ١٠/ ١٩٥٤دا، پاش گیران و حوکمدانی گۆران و شاوەیس و دیلان، منیش گیرام و پاش دە ــ دوانزە ڕۆژ بەسەرانەوە بە زنجیر و کەلەپچە بە پەنجەرەی گیراوخانەکەمەوە، دامیان بە دادگا. دادگا بە بێ گوناهی دەرکردم، بەڵام «عومەر عەلی»، کە موتەسەڕریفی بۆ زەبروزەنگ نواندنی نێرراوی ئەو ڕۆژەی سلێمانی بوو، بەری نەدام و، پۆلیس دەعوایەکی تریان هەر ئەو ڕۆژە بۆ هۆنیمەوە و، بۆ سبەینێ دامیانەوە بە دادگا و حوکمی کەفالەتی کەسێکی زامنیان بۆ ماوەی ساڵێ دا بەسەرما. داوەرەکە بۆخۆی لە پاش بڕیاری حوکمدانەکەم لە وەڵامی ئەم پرسیارەما کە وا جیاوازیی دەعوای دوێنێ و ئەمڕۆ چییە؟ وتی: بۆ شوکری خوا ناکەی حوکمی کەفالەتی ساڵێکمان دای؟ عومەر عەلی ئەیویست حوکمی خستنە ژێرچاودێری و دوورخستنەوەی سێ ساڵت بدەین و بتنێرین بۆ (نوگرە سەلمان).. کەفیلەکەم پێشکەش کرد و لە زیندان دەرچووم.

لە پایزی ١٩٥٤دا بۆ مانگێک و بیست ڕۆژ مامۆستای زمانی عەرەبی و ئایین بووم لە قوتابخانەی گوێژەی سەرەتایی لە سلێمانی. پاشان کە عومەر عەلی پێی زانیم ئەمە منم لە ناو شارا کراوم بە مامۆستا، دەری کردم و مانگانەی ٢٠ ڕۆژەکەیشیان نەدامێ و هی مانگە ڕابووردووەکەیشیان داواکردەوە لێم. کە نەمدایەوە ــ چونکە نە بووم و نە ئامادەیش بووم بیدەمەوە، لە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیان سەندەوە و لە بەڕێوەبەرییشەوە کردیان بە مامۆستا و دووریشیان خستەوە بۆ لادێ.



محەمەدی مەلاكەریم لە بۆنەیەكی ئەدەبیدا

لەگەڵ ئەوەیش كە حوكمی كەفالەتی ساڵێكم بە سەرەوەبوو، بە توندی لە ژێر چاودێریدا بووم. چەند مـانگێ لە شـار دووركـەوتمەوە. لە بەهاری ١٩٥٥دا گیرامـەوە. لە یەكەم ڕۆژی گیرانەكەمـا بردمیانە لای عومەر عەلی. ئەو بەخۆی و بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی فتبۆڵێنێكی چاكیان لە ژووری موتەسەڕیفـا پێكردم. پاشان بە حزووری قازیی سلێمانی و سەرەكی شارەوانی و حاكمی تەحقیق و كۆمەڵێ لە گەورەكاربەدەستانی سلێمانی مشتومڕێكی توندمان لە نێوانا ڕوودا، ئێرە بۆ گیرانەوەی دەس نادا. پاش لێكۆڵینەوە لەگەڵم لە سلێمانی و لە بەغدا، لەگەڵ كۆمەڵێ گیـراوی تر درام بە دادگـا و حـوكمی دوو ساڵ بەندیی و سـاڵ و نیـوێ خستنەژێرچاودێری درام كە پاشان لە دادگای سەرلەنوێدا كەم كرایەوە بۆ سـاڵێ بەندیی و سـاڵێ چاودێریی. سـاڵی بەندییـەكـەم لە (باقـووبە) و سـاڵی چاودێرییـەكـەیشم لە (بەدرە) بەسـەربرد و، لە بەهاری ١٩٥٧دا برامـەوە بۆ سلێـمـانی، بەڵام هەر بەرەڵڵا نەكرام و دیسـانەوە درامـەوە بە دادگـا و حاكـمی كـەفـالەتی سـاڵێكی تریش درام و هەر هەمـان ڕۆژ لە سلێـمانی وەدەرنرام. چوومە كەركووك كە ماڵی باوكیشم لە سلێمانی دەركرابوون و لەوێ لە تەكیـەی شێخ جەمیلی تاڵەبانی گیـرسـابوونەوە. پاش ماوەیەك لە كتێبخانەی گشتیی كەركووك دامەزرام ڕۆژێ بە نیو دینار و تا سەرەتای ساڵی ١٩٥٩ لەوێ كارم كرد. لەو ماوەیەدا كتێبی (حاجی قـادری كـۆیی شـاعیـری قـۆناغێكی نوێ یە لە ژیانی نەتەوەی كـورد)م نووسی و، (بەكـورتی مێـژووی مـیـرانی سـۆران)ی «حـوزنی موكریانی»یم كرد بە عەرەبی و، ڕۆمانی (ژیاندنەوە)ی «تۆلستۆی»م لە عەرەبییـەوە كرد بە كـوردی ــ كـە ئێـسـتـاش لە چاپ نەدراوە ــ و لەگـەڵ باوكم كەوتینە ئامادەكردنی شەرحی دیوانی مەولەوی. هەر لەو ماوەیەشدا لە گۆڤاری (هیوا)دا كە لە بەغدا دەرئەچوو، لە گۆڤاری (هەتاو)دا كە لە هەولێر دەرئەچوو و لە ڕۆژنامەی (ژین)دا كە لە سلێمانی دەرئەچوو، چ بە ناوی خـۆم و چ بە ناوی خـواسـتـەنیـیـەوە، ئەمنووسی. هەندێ نامیلكەی سیـاسـیـیـشم لە عـەرەبییـەوە كـرد بە كـوردی كـە تەنهـا یەكـێكـیـان بلاوكرایەوە.

پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ سەرپەرشتیی بلاوكردنەوەی گۆڤاری (شەفەق)م لە لایەن شێخ «عەبدولقادر بەرزنجی»ی خاوەنییەوە پێسپێررا كـە گـۆڤـارێك بوو بە كـوردی و عـەرەبی دەرئەچوو لە كـەركـووك. تا سەرەتای ١٩٥٩ پێیەوە خەریك بووم. لە سەرەتای ١٩٥٩دا كەركووكم بەجێهێشت و گواستمەوە بۆ بەغدا و لەوێ لە وەزارەتی ئیسلاحی زەراعی دامەزرام . پاش چەند مانگێك بەهۆی ڕوخسەتدانی دەركردنی ڕۆژنامەی (ئازادی)یەوە گەڕامـەوە بۆ كـەركـووك كـە ڕۆژنامـەكـە لەوێ دەركـەین. پاشتریش سەر لە نوێ لەگەڵ ڕۆژنامەكە هاتمەوە بۆ بەغدا و تا داخستنی لە نیوەی دووهەمی ساڵی ١٩٦٠دا كارم تیاكرد. پاش ئەوە جارێكی تر لە وەزارەتی ئیـسـلاحی زەراعی دامـەزرامـەوە و بە بەشی كوردیی گۆڤاری ئیسلاحی زەراعییەوە خەریك بووم. بەشی هەرە زۆری هەموو ژمارەكانی ئەو گۆڤارە، لە ژمارە دوویەوە، تا دوا ژمارەی، لە ئامادەكردنی من و بە تەواوی لە ژێر چاودێریی منا دەرچووە. لەم مـاوەی ژیانەمـا لە بەغـدا لە گۆڤـاری (هیـوا) و ڕۆژنامەی (صـوت الحرار) و (الرأی العام)یشـا كـارم كـردووە و لە ڕۆژنامـەی (الثـبـات)و (الحـضـارە) و (الاسـتـقـلال)دا . نووسیومە. لە ئاخر و ئۆخری ١٩٦٢دا بە بیانووی ئابوونەكۆكردنەوەوە بۆ سـەندیكای كرێكارانی وەزارەتی ئیـسـلاحی زەراعی لە كار دەركرام و لە ١٩٦٣ و نیـوەی یەكـەمی ١٩٦٤دا بە نهـێنی ئەژیام. لە ناوەڕاسـتی ١٩٦٤دا گیرامەوە و پاش ساڵ و نیوێ مانەوە لە گیراوخانە بڕیاری پێنج سـاڵ بەندیی و سێ سـاڵ چاودێریی پۆلیـسم درا بە سـەردا و ڕەوانەی زیندانی (نوگرە سەلمان) كرام. لە ماوەی بەندییەكەم سێ ساڵم بەسەربرد و پاشـان كـەوتمە بەر لێـبـووردن و، سـاڵێكیـشم لە چاودێرییـەكـە بردەسـەر و دیسان بۆ ئەو دوو ساڵەكەی ئەمیش كەوتمەوە بەر لێبووردن.

لە ناوەڕاسـتی ١٩٦٧دا كە لە زیندان دەرچووم لە ڕۆژنامـەی (التـآخی ـ برایەتی) دامـەزرام و تا داخـرانی لە نیـوەی دووهەمی ١٩٦٨دا كـارم تیاكردن. پاش داخستنیان لە دائیرەی ئینحیساری تووتن دامەزرام و لە گـۆڤـارەكـەیدا (تووتن ــ التـبـوغ) تا ناوەڕاسـتی ١٩٧١ كـارم كـرد. لە ١٩٧٠دا پاش دەرچوونەوەی (التـآخی) لە گـۆڤـاری (برایەتی) و لە هەمان كاتدا لە (التاخی) خۆیشیا دەستم كردەوە بەكار. كە (برایەتی) گوێزرایەوە بۆ سلێمانی، من بە یەكجاری گواستمەوە بۆ (التاخی)، لە ناوەڕاستی ١٩٧١ دا وازم لە كاری ئینحیسـاری تووتن هێنا و لە كۆڕی تازە دامـەزراوی زانیـاری كورد دامـەزرام. بەم جـۆرە سـبـەینان لە كـۆڕی زانیـاری و ئێـواران لە (التـآخی) كـارم ئەكـرد تا مـانگی ٩ی ١٩٧٣. ئەوكـاتە بە هیـوای فـێـربوونی زمـانی ڕووسی چووم بۆ مـۆسكۆ و سـاڵ و نیـوێ لەوێ مـامـەوە و، پاشـان گـەڕامـەوە بۆ بەغـدا و لە كـۆڕی زانیـاری دەسـتم كـردەوە بە كـار. هەرچەند شـوێنەكـەم لە مـۆسكۆ بۆ ئەوە ئەئەشیـا فێری ڕووسی ببم تیا ، ئەندازەیەك تیـا پێشكەوتم وشیـعر و چیرۆك و دەنگوباسـم ئەكرد بە كـوردی و عـەرەبی و بلاویشم ئەكردەوە و ئەمـتـوانی چەردەیەك قـسـەی پێ بكەم، بەڵام كە گەڕامـەوە بۆ بەغـدا، لە بەر ئەوەی دەرفەتی ئەوەم نەبوو لە سەری بڕۆم بەشی زۆری ئەوەیش كە فێری ببووبووم وردە وردە لە بیرم چووەوە.

لە ١٩٧٥ەوە تا ١٩٧٩ لە لاوە لە هەفـتـەنامـەی (الفكر الجـدید ــ بیـری نوێ) یشا كارم كرد. هەروا لە بەشی ڕۆشنبیریی ڕۆژنامەی (هاوكاری) و لە گـۆڤاری (بەیان) یشا كـارم كـرد. لە گـۆڤـاری (كـاروان) و پاشبەندی كوردیی ڕۆژنامەی (عێـراق)یشا ئەمنووسی. ئێستایش كەم و زۆر لە دوو

گۆڤاری (ڕەنگین) و (بەیان)دا ئەنوسم و تێکڕا لە بەشی زۆری گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی عێراقا نووسیومە.

لە ١٩٧٩دا کۆڕی زانیاری کورد هەڵوەشێنرایەوە و کادر و کارگوزارانی خرانە سەر قەوارەی کۆڕی زانیاری عێراق و منیش یەکێک بووم لەوانە و تا ساڵی ١٩٨٨ لەوێ مامەوە و لەوساڵەدا دەستم لە کار کێشرایەوە و بە هەموو حیسابێ خانەنشین بووم. ئێستا من ڕۆژنامەنووسێکی خانەنشینم و مانگانە ٥٤٩ دینار و ٦٠٠ فلس لە سنووقی خانەنشینیی ڕۆژنامەنووسان وەرئەگرم کە ئەکاتە نزیکەی چارەکە دۆلارێ.

ساڵانی ١٩٧٥ ــ ١٩٨٠ باشترین ساڵانی تەمەنمن لە بارەی بەرهەمی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەوە. ئەمەیش لیستەیەکی ئەو کتێبانەی تا ئێستا بە چاپم گەیاندوون:

- پیلانێک لە زدی گەلی چین (وەرگێڕان لە عەرەبییەوە)، کەرکووک، ١٩٥٨.
- حاجی قادری کۆیی شاعیری قۆناغێکی نوێ یە لە ژیانی نەتەوەی کورد، ١٩٦٠.
- چارەی ڕاستی ناکۆکیی ناو ڕیزەکانی گەل(وەرگێڕان لە عەرەبییەوە)، سلێمانی، ١٩٦٠.
- «کوردایەتی»ی کامیل ژیر لە ژێر نەشتەری یەکالاکردنەوەدا، بەغدا، ١٩٦١.
- موجز تأریخ امراء سوران(وەرگێڕان لە کوردییەوە)، بەغدا، ١٩٦٧.
- کۆمەڵێک لاوک و حەیران، بەغدا، ١٩٦٨.
- ضوء علی الوضع فی ایران (وەرگێڕان لە فارسییەوە)، بەغدا، ١٩٦٩.
- دیوانی بێخود، بەغدا، ١٩٧٠.
- جەنگاوەرێکی ڤێتنامی (وەرگێڕان لە عەرەبییەوە)، بەغدا، ١٩٧٠.
- چمکێکی مێژووی هەورامان و مەریوان (هەڵبژاردن و وەرگێڕان لە فارسییەوە)، بەغدا، ١٩٧٠.

لێنینی مەزن (وەرگێڕان و ئامادەکردن لە عەرەبییەوە)، بەغدا، ١٩٧٠.

- دیوانی بێکەس، بەغدا، چاپی یەکەم، ١٩٧٠؛ چاپی دووهەم (بە زیادە و پێشەکییەکی تێر و تەسەلەوە) ١٩٨٠؛ چاپی سێهەم، ١٩٨٥.
- هەندێ لای ئەو دیوەکەی بیری قانع، بەغدا، ١٩٧٢.
- شۆڕشی ١٩٠٥-١٩٠٧ ڕێی بۆ شۆڕشی مەزنی ئوکتۆبەر خۆش کرد (وەرگێڕان لە عەرەبییەوە) بەغدا، ١٩٧٥.
- شیرین و خوسرەوەی خانای قوبادی، بەغدا. ١٩٧٥.
- لە ماڵ و لە قوتابخانەدا (وەرگێڕان لە عەرەبییەوە)، بەغدا، ١٩٧٥.
- کردستان فی سنوات الحرب العالمیە الاولی (وەرگێڕان لە کوردییەوە، بەغدا، ١٩٧٧.
- دیوانی مەحوی (بە هاوکاری لە گەڵ باوکم)، بەغدا، چاپی یەکەم، ١٩٧٧؛ چاپی دووهەم، ١٩٨٤.
- نالی لە کلاوڕۆژنەی شیعرەکانیەوە، بەغدا، ١٩٧٩.
- لە ڕێگای ئەدەب و لە پێناوی نالی دا، بەغدا، ١٩٧٩.
- دیوانی گۆران، بەغدا، ١٩٨٠.
- بەرەو (ڕاستەکەی: دەربارەی) سایکۆلۆژیی بزووتنەوەی کرێکاران، (وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە چوارچێوەی کتێبی «دوژمنان»دا)، بەغدا، ١٩٨١.
- پووشکین (وەرگێڕان لە عەرەبییەوە)، بەغدا، ١٩٨٣.
- یادداشتەکانی منالی و بەشێکی سەردەمی فەقێیەتیی مامۆستا مەلا موحومەدی چروستانی، بەغدا، ١٩٨٤.
- گەنجینەی مەردان و یادداشتی ڕۆژانی دەربەدەری (ی مەلا عەبدوللای زیوەر)، بەغدا، ١٩٨٥.
- هەنگاوێکی تر بە ڕێگادا بەرەوساغکردنەوەی دیوانی حاجی قادری کۆیی، بەغدا، ١٩٨٩.
- بە تەمای دەمەتەقێیەکی دۆستانە و دیموکراتی بووم، بووم بە «کاکەحەمەی کورد»، بەغدا، ١٩٩٠.
- یەکێتی سۆڤیەت بەرەوکوێ وا مل ئەنێ؟، بەغدا، ١٩٩٢.
- بیری کۆمەڵایەتی و سیاسیی پیرەمێرد لە کەلێنی «پییەسی تەمسیلێکی ڕاستی تەئریخی»یەوە «لە وڵاتی خۆماندا ڕوویداوە»، بەغدا، ١٩٩٢.
- لە پێناوی ڕاستی و کورد و خانیدا، هەولێر، ١٩٩٩.

لەگەڵ بەشداریکردن لەگەڵ چەند کەسی تر لە نووسینی بەشەکانی هەندێ کتێب و، وەرگێڕانی چەند کتێبێکی قوتابخانە و، پیاچوونەوە و داڕشتنەوە و پەراوێز بۆ نووسینی چەند کتێبێکی تر و، بڵاوکردنەوەی دەیان وتاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕەخنەیی لە گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی و عەرەبییەکانی عێراق و سووریا و لوبناندا.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٨ و لە تەمەنێکی ٥٧ ساڵیدا، بۆ یەکەمین جار لە ژیانمدا بووم بە هاوسەری هاوبەشی ژیان و ماڵ و حاڵ و، پاشتریش منالی خۆم. لە ماوەی ژیانما و تا سەردەمێکی زۆر لام وابوو ئەوی پێوەندی بەکاری سیاسییەوە هەبێ ڕەوا نییە بۆی ژن و منالی ببێ، چونکە لەوانەیە بە هۆی گیرانیەوە ژن و منالی بکەونە ڕووت و ڕەجاڵیی و بێن بە بار بە کۆڵی خەڵکەوە. بەڵام پاشان کە وردەوردە لە سیاسەتی ڕێکوپێک دوور کەوتمەوە، ئەو ڕایەشم گۆڕا و چەند جارێ هەوڵی پێکەوەنانی خێزانم دا، بەڵام هیچ جارێکیان بۆم نەچووەسەر. تا سەرەنجام لە ڕێگای برادەرێکی دڵسۆزەوە لەگەڵ «شیرین فەرەج سەعید»ی خێزانم کە کچی خێزانێکی نیشتمانپەروەر و پێشکەوتخوازە، ناسیاویم پەیدا کرد و تێگەیشتم کەلە هەموو ڕوویەکەوە ــ تەمەن نەبێ کە بیست ساڵ پتر لەو لەپێشم ــ بۆ یەک ئەگونجێین. ئەو لای وابوو ئەو لایەنە زۆرانەی گونجانمان ئەم لێک جیاوازییەی تەمەنمان ئەکا بە شتێکی کەم بایەخ. ئێستا ئەوا ١٣ ساڵە هاوسەری یەکین و پێکەوە ژیانێکی بەختەوەر ئەژین و خاوەنی سێ منالین کچێک: بیارە(١٩٩٠) و دوو کوڕ: ژیوار(١٩٩٢) و پیران(١٩٩٣).

پاش ژن هێنانیش پتر لە ساڵێ لە (هاوکاری) سەرپەرشتی زمانەوانی و ئامادەکەری گۆشەی سکاڵا و شکاتی هاونیشتمانان بووم. لە سەرەتای دوا دەیەی سەدەی بیستەمەوە نیشتەجێی ماڵی خۆمم و تەنها ئەوەندەم کاری خاوەن دەرامەت هەیە کە لە دو لیژنە لە لیژنەکانی دەستەی کوردیی کۆڕی زانیاری ئەندامم و هەفتەی دوو سەعات بەشداری کۆبوونەوەی لیژنە ئەبم. لەوە بەولاوە ئەگەر بە بەرهەمێکی نووسراودوەخەریک ببم، یا بۆ باوکم یا بۆ خۆم یا بۆ یارمەتیدانی ئەو دۆست و برادەرانەیە کەڵکیان تێم ئەکەوێ.

**گزینگ: مامۆستا، ئێستە زیاتر خەریکی چین و چ پرۆژەیەکی ئەدەبیتان بە دستەوەیە؟**

- ئێستا، زیاتر، خەریکی نووسینەوە و بۆ چاپ ئامادەکردن و

ڕاستکردنەوەی پرۆژەی تەفسیرێکی نوێی قورئانم کە باوکم بە کوردی نووسیویە و بەرگی یەکەمی بەم نزیکانە دەرئەچێ. بەڵام کۆمەڵێک پرۆژەی نیوە و ناتەواوم هەیە ئەگەر عومری ئەمانەت باقی بێ و بتوانم بێمەوە سەریان و تەواویان بکەم:

ـ لێکدانەوەی کەشکۆڵی مەحموودپاشای جاف کە شیعری کۆمەڵێ شاعیری کۆنی کوردی بە دیالێکتی گۆرانی گرتووەتە خۆی.

ـ تەواوکردن و پێداچوونەوە و دارشتنەوەی شەرحی دیوانی سالم کە باوکم و فاتیحی رەحمەتیی برام ساغیان کردووەتەوە و لێکیان داوەتەوە.

ـ چاپێکی نوێی دیوانی مەولەوی و شەرحەکەی، بە بەراورد لەگەڵ چەند نوسخەی دەستنووس کە لەم ساڵانەدا دەستمان کەوتوون.

ـ پێداچوونەوە و دارشتنەوەی شەرحی دیوانی بێسارانی کە باوکم نووسیوەیە.

ـ تەواوکردنی کتێبی «بیری کورد لە ئاوێنەی پەندی پێشینیانی کوردیدا». ئەم کتێبە، پشت بە پەندی پێشینیانی کورد، بۆمان ڕوون ئەکاتەوە کە کورد لە هەر بابەتێ لە بابەتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینی و ڕۆشنبیریی و.. تادی خۆیدا چۆنی بیرکردووەتەوە.

ـ کۆکردنەوەی بابەتە ئەدەبییە عەرەبی و وەرگێڕراوە سەر عەرەبییەکانی شیعر و چیرۆک و لێکۆڵینەوەی کوردی کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارە عەرەبییەکاندا بڵاوم کردوونەتەوە.

ـ کۆکردنەوەی ئەو وتارە ئەدەبییانەی تا ئێستا لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاوم کردوونەتەوە.

**گزینگ: مامۆستا، بە داخەوە تائێستا ڕەوتی شێعر و ئەدەبی کوردی بە گشتی لە بواری قۆناخییەوە دابەش نەکراوە و لەو بارەوە زانیاری زۆر کەم بە دەستەوە هەیە، هەرچەند ئەمن بۆخۆم لە وتارێکی گزینگدا زۆر بە کورتی سێ ڕێبازم وەک ڕێبازی ئەردەڵان (گۆرانی)، بابان(سۆرانی) و بۆتان (بادینانی) بۆ ڕەوتی شێعر و ئەدەبی کوردی دیاری کردووە، کە شاعیرانی سەر بە هەرکام لەو ڕێبازانە، شێواز و تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە. ئێوە لەو بارەوە ئەزمەرتان چییە و، ئەو دابەشکردنە تا چ ڕادەیەک دەتوانێ دروست و مەنتیقی بێ؟**

ـ من، بە تێکڕا، ئەو دابەشکردنەی ئێوەم لا پەسندە، بەڵام لام وایە پێویستی بە دەسکاری کردنە، چونکە ڕێبازی ئەردەڵان کە شیعری بە دیالێکتی گۆران و تێکڕا لە سەر وەزنی دەبڕگەیی یە، ئێستا بە بڕاوە و بەسەرچوو دائەنرێ و شاعیرانی کوردستانی ئێران کە زۆرتری ئەوانە بوون شیعریان لە سەر ئەو ڕێبازە وتووە، لەمێژە لایانداوە لێی و لەوێیش هەروا لەمێژە ڕێبازی شیعری بابان (سۆرانی) داهاتووە و، ئەویش خەریکە جێی خۆی بۆ شیعری نوێ ( بە چاخ و لەرێەوە)، جێ دێڵێ. هەرچی ڕێبازی شێعری سۆرانیشە ئەویش بە سەرهەڵدانی قۆناغی «گۆران» ڕێی بڕانەوەی گرتەبەر و وائێستا ڕێبازی قۆناغی «گۆران»یش خەریکە جێی خۆی بۆ شیعری نوێ (دیسان بە چاخ و لەرێەوە) بە جێ دێڵێ. هەرچی ڕێبازی بۆتان (یا شیعری بە دیالێکتی کرمانجیی سەروو)ە، شارەزاییەکی ئەوتۆم تیا نییە و ناتوانم لێی بدوێم.

مادامیش قسە هاتە سەر شیعری نوێ، ئەمەوێ بێ هیچ لە ڕوودامانێک بڵێم: من بەشێکی زۆری شیعری نوێم بە لاوە لە خانەی شیعردا دانانرێ، چونکە بەر لە هەرچی شیعر ئەبێ مۆسیقا واتە وەزنی هەبێ، بێ گوێدانە بەرانبەریی هەموو دێڕەکانی. ئەو نووسراوەی مۆسیقای تیا نەبێ، مەرجی یەکەم و سەرەکی شیعری تیا نییە. جا پاش بوونی مۆسیقا، ئەگەر بۆچوونی ورد و خەیاڵی ناسک و وردەکاریی جوان و وێنەی ڕازاوەی گرتە خۆ و لە زمانی خەڵک و کەلەپووری میللی بەشێکی باشی وەرگرت، ئەوە شیعری چاکە و، ئەگینا قسەڕیزکردن و وشەڕێکخستنێکی ڕووتە و، تەنانەت ئەوەندەیشی گیانی شیعر تیا نییە کە لە شیعری تەنیا وەزن و قافیەی کۆندا هەیە. ئێستا شیعری نوێ بووە بە پردێکی ئاسان بۆ پەڕینەوەی هەرکەس بتوانێ قسە ڕیز بکا و پێی بپەڕێتەوە بۆ ناو جیهانی شاعیرانی سەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و نامیلکە بەناو شیعرەکان. ئەم جۆرە شیعرە ـ با برادەرانی خاوەنیشی لێم توورە نەبن ـ نە ئەچێتە دڵی خەڵکەوە و، نە کەس شتێکی ئەوتۆی لێ حاڵی ئەبێ و، نە ئەتوانێ لە مێژووی ئەدەبیاتی گەلدا جێگای شیعر و شاعیران بگرێتەوە و، نە هیچ ئەرکێکی ڕاستەقینەی شیعریشی پێ ئەهێنرێتەدی. بۆیە ئێمە ئێستا هەرچەند قسەی ڕیزکراوی بە ناو شیعرمان کەم نییە، لە سامانی ڕاستەقینەی شیعردا لام وایە زۆر لات و هەژارین و چەند شاعیرێکی کەمی لێ دەرکەی لە جیهانی شیعردا شتێکی ئەوتۆ شک نابەین دڵی پێ خۆش بکەین. بە داخەوە ئەوانیش زۆرجار وەک هەڕەمەی بە ناو شاعیرەکان مەسەلەی مۆسیقای شیعر پشتگوێ دەخەن و تەنها قسەی جوانی لە هەندێ ڕووەوە شیعر ڕیز ئەکەن. بۆیە، من دەستەودامێنی خاوەن بەهرەکانی ئەم جۆرە «شیعر»ە ئەبم کە وێنەی جوان و خەیاڵی قووڵیان هەیە، بەهرەکەیان لە قسەی بێ مۆسیقادا نەفەوتێنن و هەوڵ بدەن لە ڕستەی مۆسیقاداردا دایڕێژن و بەوە بێنە ڕیزی شاعیری ڕاستەقینەوە و ئەدەبی کوردیی وا دەوڵەمەند بکەن گەنجینەیەکی نوێی لە شیعری جوان بخەنەسەر و وەجاخی کەڵە شاعیرە پێشینەکانمان ڕوون بکەنەوە.

**گزینگ: هەروەک دەزانی جگە لە زاراوەی «کلاسیک» کە وەک هەڵەیەکی باوی جێکەتوو هەم بۆ شێوازی شێعر و هەم بۆ قۆناخێکی دیاریکراو لە بواری شێعر و ئەدەبی کوردیدا بە کاردێ، زۆرجار لە لایەن نووسەرانەوە شێواز یان ڕێبازی «ڕۆمانتیک»یش سەبارەت بە هێندێک لە شاعیرانی کورد دەستنیشان کراوە، دیسان پرسیارەکەی من ئەوەیە ئایا بە گوێرەی چ پێوانەیەک یان دابەشکردنێک ئێمە دەتوانین شێوازی شێعریی و بیر و دەربڕینی شاعیران لێک جیا بکەینەوە؟**

ـ من هەرچەند جارەها و بارەها ئیستیلاحی کلاسیک و ڕۆمانتیکم، وەک دوو ئیستیلاحی سەلمێنراو، لە بارەی ئەدەبی کوردییەوە بەکارهێناوە، کارەکەم چاولێکەرییەکی ڕووت بووە، ئەگینا لام وا نییە گوزەراندنی ئەم دوو ئیستیلاحە بە سەر ئەدەبی ڕۆژهەڵاتیی ئیسلامی و لە زمنی ئەودا بە سەر ئەدەبی کوردییشدا هەروا بە ئاسانی و بە ڕاست و دروستی لە توانی کەسدا بێ.

جارێ لە خودی ئورووپادا کە ئەم دوو ئیستیلاحەی بەر و دوا تێدا پەیدابووە و تا پەیدابوونیان باسیان لە کوولەکەی تەریشدا نەبووە، بە پێی هەر وڵاتێک و ڕێبازی فکری و سیاسی لە هەر لایەک، لای هەر قوتابخانەیەکی فکری و ئەدەبی واتایەکی تایبەتی و ناساندنێکی تایبەتی بۆ هەر یەک لەم دوو ئیستیلاحە دروست بووە و پێڕەوی لێکراوە تا کار گەیوەتە ڕادەیەک ئەو واتایەی لەوانەبێ لە هەموو لایێ، بە ئێمەیشەوە، لە بەکارهێنانی ئەم دوو ئیستیلاحەدا ڕەچاوبکرێ، بەش بەحاڵی کلاسیک شێوازی کۆن و ئەو بابەتانەیە ئەدەبی کۆن لێیان دواوە و، بەش بەحاڵی ڕۆمانتیکیش تەنیا سۆز و خەیاڵ پەروەری یە. دیارە ئەم دوو

ئیستیلاحە، بەم پێیە هەموو جۆرەکانی ئەدەبی قۆناغی خۆیان ناگرنەوە، زیاد لەوە کە لە ئەدەبی هەرە کۆنیشدا گەلێ کاری ئەدەبی هەن هەرچەند لە کۆنیی و لە شێوازدا بەر کلاسیک ئەکەون، لە بارەی بابەتەوە ڕۆمانتیکییەکی تەواون و، بەم جۆرە چەمکی تازەتریی ئەدەبی ڕۆمانتیک لە چاو ئەدەبی کلاسیکدا هەڵئەوەشێتەوە.

خولاسە، من لەگەڵ ئەوە نیم بۆچونی ئورووپایی لە بارەی کلاسیک و ڕۆمانتیکەوە بە سەر ئەدەبی ڕۆژهەڵاتیدا ببڕین و، بۆ دابەشکردنی جۆرەکانی ئەدەبی خۆمان ئەبێ ئیستیلاحی تر بەکار بهێنین، کە لام وایە ئەبێ سێ ڕەگەزی تێدا ڕەچاو بکرێ:

کوردایەتی، پێوەند لەگەڵ ئەدەبی پێش و پاش بە موسوڵمانبوونی ناوچەکە و، کارتێکران بە هۆی شەپۆلی بەردەوامی تازەگەرییەوە کە سەرچاوەکەی ئورووپایە.

دیارە من لێرەدا ڕێگا بە خۆم نادەم ببم بە داهێنی ئەو ئیستیلاحە پێویستانە، بەڵام تەنها وەک دەربڕینێکی باری سەرنج ئەڵێم لە پێش هەموو شتێکدا ئەدەبی خۆماڵیمان هەیە کە ئەوەتە لە سەر شێوەی دەبرگەیی یا شێوەی فۆلکلۆرییەکانە کە باووباپیرانی هەرە پێشینمان دایانهێناون و تێکڕا بابەتیان ئایین و دڵداری و پەند و ئامۆژگاری و جەنگنامە و بە شانوباڵدا هەڵدان و لاواندنەوە و شایی و شین و بابەتە کۆنەکانی ترە کە لە سەرەتای پەیدابوونی شیعری کوردییەوە لە شیعردا بوون. ئەنجا ئەدەبی مەلایانە یا ئەدەبی چاولێکەری دێ کە زانا و خوێندەوارەکانمان لە سەر شێوەی شیعری فارس و عەرەب وتوویانە وەک ئەدەبی کوردی و نالی و مەحوی و، ئەدەبی سۆفیانە وەک شیعری مەلای جزیری و شێخ عەبدوڕڕەحمانی تاڵەبانی. ئەنجا ئەدەبی بێداربوونەوە دێتە ئاراوە وەک لای ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی و مەلا مارفی کۆکەیی و مەلا مەحەمەدی کۆیە. دواتر ئەدەبی نوێ دێ کە ئەوەتە لە چوارچێوەی شیعری خۆماڵی و چاولێکەری دەرچووە. وایش ئەبێ چەند جۆر لەم جۆرانە لە یەک کاتدا ئەبن و لەم ناساندنەدا جاری وا هەیە شێوەمان کردووە بە پێودان و جاری وایش هەیە بابەت و، هەر هیچ جۆرێ دیوارێکی چینی لە نێوان جۆرێک و جۆرێکی تردا نییە کە ئەهێڵێ تێکەڵی یەک ببن. چ لەو قۆناغەدا کە شیعری خۆماڵیمان وتووە و بۆ هەموو بابەتە باوەکانی ئەو سەردەمەمان بەکارهێناوە و چ لەو سەردەمەیشدا کە شیعری مەلایانەمان وتووە و دیسان بۆ هەموو بابەتە باوەکانی سەردەمان بە کارهێناوە و، تەنانەت شیعری نوێیشمان بۆ هەموو بابەتە باوەکانی سەردەمی خۆی بەکارهێناوە.

من مەسەلەکەم لا ئاڵۆزە و، ئەم جۆرە خستنە ڕووەی منیش شتێکی نوێ یە، هەرچەند پێش منیش کەسانی تر نارازییەتی خۆیان لە بەر سەنگوتەرازووی کلاسیک و ڕۆمانتیک خستنی شیعری کوردیی دەربڕیوە. بۆیە لەم بارەوە لەوە زیاتر کە وتم شتێکم لا نییە، بەڵام جەخت لە سەر ئەوە بە پێویست ئەزانم کە کاڵای بۆ قەدوباڵای ئەدەبی ئورووپایی براوی کلاسیک و ڕۆمانتیک بۆ شیری کوردیی و تێکڕای ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیی زۆر تەسک و تروسکە و لە یەکەم قۆڵ تێهەڵکێشاندا شەق ئەبا. شیعری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیی مێژوویەکی دێرینی هەیە و بابەتبەندییەکی گەلێ لە کلاسیک و ڕۆمانتیک بەربڵاوتری ئەوێ. دەسا با پێشان لەم بابەتبەندییە دەرباز ببین، پاشان خاوەن ئەزەرەکانمان ئەتوانن بە کاوەخۆ بیر بکەنەوە و بە پێداچوونەوەی مێژووی شیعری کوردیدا قۆناغ و شێوازەکانی و بیر ودەربڕینی شاعیرەکانی لێک بکەنەوە و، ئیستیلاحاتی پڕ بە پێستی خۆی بۆ پێشنیا بکەن.

**گزینگ: بۆ نموونە ئێوە کە بۆ دیوانی «ناڵەی جودایی» مامۆستا هێمن پێشەکیتان نووسیوە کە دیارە زۆر شیاوی نرخ و سەرنجە، بەڵام «هێمن»تان لە هیچ جێیەکی تایبەت دانەناوە، مەبەستم ئەو دابەشکردنەیە کە ڕێباز و شێواز دەگرێتەوە. هەڵبەت دەبێ ئەومشت عەرز بکەم کە من بە پێی ئەو دابەشکردنەی خۆم، لە نێوان ڕێباز و شێواز دا فەرق دادەنێم بۆ نموونە هەژار و هێمن لەگەڵ ئەوەدا کە هەردووکیان لە باری زەمان(قۆناخ)ەوە سەر بە ڕێبازێکن، بەڵام لە لایەنی شێواز و دەربڕین و زمانی شێعرییەوە گەلێکیان جیاوازی هەبووە.**

ـ پێشەکی با ئەوە بڵێم کەوا بێگومان تۆ باشی بۆچووی. لە چوارچێوەی یەک ڕێبازیشدا ئەبێ چەندین شێوازی جیاجیا هەبێ و، ژیان تێکڕا لە سەر ئەم جۆرجۆریی شێوازە بەندە و ئەمە تەنها لە شیعر دا نییە و هەموو شتێک ئەگرێتەوە. ئەنجا دێینە سەر وەڵامی پرسیارەکەت:

لەم ڕۆژانەدا قوتابییەکی ماجستێر کە تێزەکەی لە سەر هێمن ئامادە ئەکا، لە هەولێرەوە هەندێ پرسیاری لێ کردبووم. ئەویش ئەم پرسیارەی تۆی کردبوو، لە وەڵامدا بۆم نووسی: «من تەنها کورتە سەرەتاییەکم نووسیوە و ئەهاتووم لە شێعری هێمن بکۆڵمەوە». بە پێی دابەشکردنەکەی تۆ دیارە «هێمن»یش و «هەژار»یش و پێشتریش «وەفایی» و «سەیفولقوزات» و «مەلا مارفی کۆکەیی»ش، لە شاعیرانی دەڤەری موکریان، ڕێبواری ڕێبازی سۆران بوون. بەڵام هەر یەکە شێوازی خۆی هەبووە. تۆ لە پرسیارەکانتدا واتای «شێواز»ت بە بۆچوونی خۆت دیاری نەکردووە. لە ئەدەبی کوردیشدا واتایەکی تایبەتی بۆ ئیستیلاحێ بەناوی «شێواز» دانەنراوە هەمووان لە سەری بڕۆن یا هیچ ئەبێ هەموان بیزانن. بۆیە هەر یەکەمان بۆخۆی ئازادە بە چی دەڵێ «شێواز»، من لێرەدا بەو واتایەی بەکاردێنم کە شاعیرێک تێکڕا، بە چ نیشانەیەکدا ئەناسرێتەوە. ئێستا تۆ کە تەنها ناوی هەژار و هێمنت هێنایە ئاراوە، من لە ڕێگای نیشانەی شیعریی هەرکام لەم دووەوە ئەمەوێ هێمن سەر بە شێوازی «خودی ـ زاتی» و شاعیری خەیاڵ پەروەریی دابنێم، لە کاتێکا کە هەژار بە شاعیری لە بابەتدا نوێ لە قەڵەم ئەدەم، کە هەردووکیشیان سەر بە ڕێبازی «سۆران»ن. بۆیە بە گوێرەی ئەو شناسنامەیەی لە دیباچەی (ناڵەی جودایی) و هەروا لە پێشەکی چاپی دووهەم و سێهەمی دیوانی بێکەسدا بۆ شیعری ڕاستەقینەم داناوە، هێمن لە هەژار بە شاعیرتر ئەزانم، چونکە هێمن، بە جۆرێ کە بەراوردی لەگەڵ هەژار ناکرێ، بە خودی خۆیەوە خەریکی شێعر بووە، لە کاتێکدا کە شێعری هەژار، بە جۆرێکی زۆر جیا لە شێعری هێمن، بۆ مەسەلەی ئەتەوەیی ـ بەو جۆرەی خۆی لێی تێگەیشتووە ـ، تەرخان کراوە. لە بارەی زمان و داڕشتنیشەوە، شێعری هێمنم زۆر لە شێعری هەژار پێ پاراوتر و تەڕزمانترە.

**گزینگ: ئێستە ئەگەر ئیجازەت لە سەر بێ، پرسیارێکیش سەبارەت بە نالی دێنمە گۆڕێ، بەتایبەت کە ئێوە وەک بنەماڵە جێ دەستتان لەمەڕ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی دیوانی نالیدا دیارە. هەروەک دەزانن لە سەردەمی دەسەڵاتی بابانەکاندا، ڕێبازێکی نوێی شێعریی جیاواز لە ڕێبازی ئەردەڵان(گۆرانی)، لە سەر دەستی عەلی بەردەشانی و نالی (دیارە هەرکام بە شێوازی تایبەت بە خۆیان)هاتە ئاراوە کە بە قوتابخانەی نالی یان بە گوێرەی دابەشکردنی من بە (ڕێبازی بابان)**



لە سەردەمی فەقێیەتیدا (١٩٥٤) ـ سلێمانی: ڕیزی پشتەوە: ١) مەلا ئەحمەدی جەلالی نۆتشەیی ٢) مەلا جەمیلی تالشی ٣) مەلا محەمەد ئەمینی نێزلی ٤) ...؟ ڕیزی پێشەوە: ١) صەدیق محەمەد ٢) خوالێخۆشبوو: فاتحی مەلا کەریم ٣) حەسەن عەبدولکەریم ٤) محەمەدی مەلا کەریم ٥) مەلا صەدیق نۆتشەیی ٦) صەلاح مەلا کەریم.

**ناسراوە. تۆ بڵێی نالی بەبێ پێشینەیەکی فکری و فەرهەنگیی خۆماڵی ـ ئەگەر عەلی بەرمشانی لێ دەربازێ، توانیبێتی وەک دامەزرێنەی قوتابخانەیەکی نوێ بەتایبەت لە بواری غەزەلدا یەکەم شاعیری ئەو مەڵبەندە بووبێ کە ئێستاش غەزەلەکانی بە لووتکەی شێعریی دێتەحیساب؟ هەڵبەت ئەوەش ڕاستە کە پێش نالی، مەلای جزیری یش بەو شێوازە بەڵام بە دیالێکتی بۆتانی غەزەلی گوتووە و ئەو پرسیارە ئەویش دەگرێتەوە، ئایا پێش ئەوانە بڵێی بەرهەمی شێعریمان نەبووبێ و فەوتابن، ئەزمرتان لەو بارەیەوە چییە؟**

ـ بەر لەهەرچی ئێمە گشتمان قسە لەو شتانەوە ئەکەین کە لە بەر دەستدان. ئەگینا دیارە ڕێی تێئەچێ و لەوانەیە بەر لە «نالی» و «بەردەشانی»یش شاعیری ترمان بووبێ پێش ئەمان ڕەچەی پاشتری ئەم دوانەیان گرتبێتەبەر. لە بارەی ڕێتێچوونی ڕووتەوە گومان لە ڕاستیی ئەم بۆچوونەدا نییە. لە بارەی ڕوودان و ڕاستییشەوە، بەڵگە، با کەمیش بێ، بە دەستەوە هەیە. برای ئازیزم شێخ «موحەممەد عەلی قەرەداغی» کە ساڵەهایە لە دەستخەتخانەی بەغدا وەک پسپۆڕێک کارئەکا و سەدان دەستنووسی کۆنی ناو کتێبخانەکانی کوردستان و بەغدا و موسڵ و شوێنانی تر و هی ئەم و ئەوی هاتووەتە بەردەست و لە زێنی تەماشای ئەم دەستنووسانەدا بایەخێکی تایبەتی بە بەر و دوای هەر دەستنووسێک و بە قەراخ و بیجاخەکانی و بە دوایی پەراوێزەکانی داوە و ئەدا، گەنجینەیەکی زۆری لە شیعری کۆنی کوردیی و هەواڵی مێژوویی کورد و ناوی مەلا و شاعیر و شێخ و حوکمدارانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لا خڕبووەتەوە کە هەر چوار بەرگە کەشکۆڵی کەلەپووری کوردییەکەی و تائێستا دوو بەرگی (بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگای دەستخەتەکانیەوە) و (دیوانی جەفایی) و (تذکرە العوام)ەکەی «مەلا موحەممەدی سیوچی» بەشێکی بەرهەمی ئەم گەنجینەیەن.. بەڵێ، ئەم کاک «شێخ عەلی»یە ناوی چەندین شاعیری کوردی پێش نالیی و نموونەی شیعریانی بە دیالێکتی سۆرانی و لە سەر عەرووزی عەرەبی وتراویشی دۆزیوەتەوە کە ئەوە ئەگەیەنن پێش نالی و عەلی بەردەشانی یش کەسانێ بوون شیعری لە ڕووی سەنگ و قافیەوە وەک هی نالییان بە دیالێکتی سۆران وتووە، وەک «ئیبنوحاجی جێشانەیی» و «مەلا موحەممەدی سیوچی» کە لە سەدەی هەژدەهەمدا ژیاون و، «مەلا عومەری زەنگەنەی ڕەنجووری»ی حاجی قادری کۆیی واتەنی (کەرکووکی) کە لە سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا ژیاوە و، «کاریزی» کە ناوی ئەزانراوە و ڕەنجووری شیعری کردووە بە پێنج خشتەکی و، «دەردین» نازناوێکی ناونەزانراو کە ڕەنجووری ناوی لە دیوانەکەیا هێناوە. ئەمانە لە وانەن بە سەدە پێش نالی و بەردەشانی کەوتوون و شیعریان بە دیالێکتی سۆرانی و لە سەر عەرووزی عەرەبی هەیە.

ئەنجا با بێینە سەر بابەتی پرسیارەکەتان و چەند قسەیەک بکەین. سەردەمی ژیانی عەلی بەرەشانی، وەک بە بابەتی هەندێ لە شیعرەکانیدا دەرئەکەوێ، لە پێش نالییەوەیە. عەلی بەرەدەشانی و نالی هەر ئەوە پێکەوەیان کۆ ئەکاتەوە کە شیعریان بە دیالێکتی سۆرانی ناوچەی بابان وتووە (شیعری بەردەشانی بە شێوەزاری پژدەر و ئالان و سیوەیلە)، کوردی و نالی یش هەر ئەوە کۆیان ئەکاتەوە کە شیعریان بە ڕێبازی سۆران و لە سەر عەرووزی عەرەبی وتووە، ئەگینا لە ڕووی کەرەستەی بینای شیعرییەوە زۆر لە یەک جیان. لە کاتێکا کە شیعری نالی وەک کتێبە بالاکانی مەلایان وایە، شیعری مستەفا بەگی کوردی تێکڕا سادە و مرۆ زوو لێحاڵی بووە.

شیعری بەردەشانی یش جیاوازی لە شیعری کوردی و نالی زۆرە و بە پێی یەکێ لە وەزنە فۆلکلۆرییە خۆماڵییەکانە کە ئەیشکرێ بوترێ لەگەڵ یەکێ لە دەریاکانی عەرووزی عەرەبی یەک ئەگرێتەوە، کە ئەمەیش بۆخۆی ئەتوانرێ بکرێ بە بەڵگەی ئەوە کە شیعری لەو بابەتەمان بوون و ئەماون یا هەر هیچ ئەبێ هێشتا ئەدۆزراونەتەوە. ئەگەر بەردەشانی یش لە

دەرباری بابانەوە نزیک نەبوایە و بابانەکان بابەتی بەشێکی شیعرەکانی نەبان، زۆری ڕێ تێنەچوو هی ئەمیش وەک هی زۆری دی بفەوتایە و یادی کوێر بایەتەوە. هەروەک ناسراوی و شیعر بڵاویی نالی خۆیشی دەورێکی زۆری لەوەدا بووە کە شیعری لە یاد نەچێتەوە. نالی سەرەڕای مەلاچاکییەکەی و زەبەردەستییەکەی لە شیعردا، لە دەرباری بابانیشەوە نزیک بووە و لە پاش ئەوان کۆچی بۆ هەندەران کردووە و، لەمەوە مەلا و فەقێی کورد کە تێکڕا بە چاوی حورمەتەوە سەیری شیعریان نەکردووە مەگەر شیعرەکە بە وردی و قووڵیی خۆی، خۆی بەسەردا سەپاندبێ، ئەوەندەیان بایەخ بە شیعری نالی داوە کە ئێمە خۆمان تا لە ساغکردنەوە و لێکدانەوە و لە چاپدانی دیوانەکەی بووینەوە نزیکەی ٢٥ دەستنووسی شیعرەکانیمان لاخڕ بووەوە و دڵنیایشم لە ٢٥ دەستنووسی تریشی زیاتر لەم لا و لەولای کوردستاندا هەبوون.

بێگومان نالی وەک قارچک لە خۆڕا هەڵنەتۆقیوە. قارچکیش، ئێمەی نەشارەزای زانستی ڕووەکان پێ نازانین، ئەگینا ئەویش لە خۆڕا هەڵناتۆقێ. وتمان پێش نالی شیعری بە دیالێکتی سۆران و بە عەرووزی عەرەبی و فارسی دۆزراوەتەوە و، وتیشمان وا پێدەچێ گەلێ لەو دۆزراوانەیش زیاتر هەبووبێ. میرایەتی بابانیش کە لەمێژەوە لە پژدەرەوە گواستوویەتەوە بۆ قەڵاچوالان، بەو گواستنەوەیە هەنگاوێکی بۆ دەرچوون لە قاوغی تەسک و پاشکەوتووی خۆی نا. کە سلێمانی بینا کرد و گواستیەوە بۆ ئەوێ و لە هەموو لایەکی کوردستانەوە وەستا و سەنعەتکار و هونەرمەندی هێنا و، لە دەرگەزێنی هەمەدانەوە بگرە تا هەورامان و سنە و سەقز و سابڵاخ و بانە و کفری و گەرمیانیشەوە خەڵکی بۆ ڕاکێشا و مەلای چاکی لە هەموو لایەکەوە بۆ کۆکردەوە و فەقێ لە هەر گۆشەیەکی کوردستانەوە ڕوویان تێکرد، پتەوترین پێشینە و پشتەوانەیەکی بەشبەحاڵی ئەو سەردەمە و ئەو ناوچە بۆ کۆمەڵگەی خۆی و ژیانی گیانی و ماتریاڵیی خەڵکەکەی پێکەوە نا.

شیعری کوردیی لە سەر ڕێبازی سۆرانیش کە وەک وتمان لە پێش عەلی بەردەشانی و مستەفا بەگی کوردی یەوە دەستی پێکردبوو، تا دەهات گەشەی دەکرد. بۆیە، کە نالی مەلای گەورە و هونەرمەند و خاوەن بەهرەی گەورەیش پەیدابوو ئەو قەڵەمبازەی برد کە لە شیعری ئەودا وەدیهات و هەرگیز لەوەپاش لەوە تێنەپەڕی تا گواستیەوە بۆ شێوازێکی نوێ.

کە واتە، نالی ئەنجامی گەشەکردنی زمان و ئەدەبی کوردی یە لە ناوچەی سۆران و بەرهەمی ئەو ژیانە نوێیە یە کە بە دامەزران و فەرمانڕەوایی و پایە و ڕێوشوێنی میرایەتی بابان لە ناوچەی سۆراندا پەیدا بوو. ئەگەر دیالێکتی گۆران زمانی واقیعی ئەدەبی میرایەتیی کروخامۆش و ملکەچ و بێ کێشە و دەردیسەر لەگەڵ دەوروبەری ـ ئەردەڵان بووبێ، میرایەتی سەری ئێران و عوسمانی بە خۆوە گێژکردووی، بێ گوێەند ئۆقرەنەگرتووی، خەیاڵی پێوەندی ڕاستەوخۆی دوور لە دەسەڵاتی مالیی بەغدا، بە دەوڵەتی عوسمانییەوە ـ وەک هەنگاوێ بەرەو زیادە سەربەخۆیی ـ لە مێشکدا پەروەراندووی چون میرایەتیی بابان، چۆن ئەشێ بە وردەخۆری لە سەر سفرە و خوانی ئەدەبی ئەردەڵانی بژی و، سفرە و خوانێکی ئەدەبیی تایبەت بە خۆیەوەی نەبێ؟

ئەو مەعنا زۆر و ورد و هەموو یەکێ پەی پێنەبردووانە و، ئەو خەیاڵە قووڵ و، وێنە جوان و ڕازاوە و نازدارانە و، ئەو وردەکارییانەی مرۆڤی مووقەڵێش ئەبێ ناگاتە بنج و بناوانیان و نایاندۆزێتەوە و، ئەو خستنە کاری هەموو بابەتەکانی هونەری ڕەوانبێژیی و شاکار ئافرینییەی نالی شیعری خۆی کردووە بە مەیدانی پێشبڕکەیان، گەلێ لەوە بە دەرەتانتر و بەربڵاوترن شیعری مەودا کەم و کورتی وەک بەیتە شیعری دەبڕگەیی دیالێکتی گۆرانی بتوانێ لە سنووری خۆیدا کۆیان بکاتەوە.

مەولەوی، خوا شیعری دیالێکتی گۆرانی، کە تائێستا کەسێ هەڵنەستاوە بڵێ هیچ شاعیرێ لە دیالێکتی گۆرانیدا لێی تێپەڕاندووە یا تەنانەت پێی گەیشتووەتەوە، تەنها چەند چەند چوارینەیەکی هەیە توانیبێتی یەکی تابلۆیەکی گەورەیان تێدا چڕ و خڕ بکاتەوە.

کەواتە، نالی پێشینەیەکی فکری و فەرهەنگیی وای هەبووە نەک تەنها شیعری بە دیالێکتی سۆرانی وتراوی پێش خۆیەتی، بەڵکوو تێکڕای شیعری دیالێکتی گۆرانی و بۆتانی ـ کە بەڵگە بە دەستەوە هەیە لە بۆتانی بێئاگا نەبووە و ، دوورە لە گەڵ ئەو گشتە کەلەپوورەی دیالێکتی گۆرانیش کە زەمانێ بە سەر هەموو کوردستانی ڕۆژهەڵاتا زاڵ بووە، شارەزای ئەم دیالێکتە دەوڵەمەندە نەبووبێ و، تێکڕای کەلەپووری ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیی بە فارسی و عەرەبی و تورکی یە ـ وەک خۆ ئەڵێ و بە شیعریدا دەرئەکەوێ و، زیاد لەمە بەهرەمەندیی لە ڕادەبەدەری خۆی کە لە چەندین شوێن لە شیعرەکانیدا ئیشارەتی بۆ ئەکا.

بۆیە، ئەم گشتە زرووفە بابەتی و خۆیییانە نالییان وا لێکردووە ڕێبازی تازە داهاتووی سۆران بگرێتە بەر و دیالێکتی سۆرانی بکا بە زمانی شیعری و، شێوە شێعرێکی غەیری دەبڕگەیی، گۆرانی یا سۆرانی، بۆ خۆی هەڵبژێرێ کە شێوە شیعری عەرووزیی عەرەبی یە و بیکا بە چوارچێوەی هەڵبەستی. ئەوە بوو ئەویش بە دەنگی بانگەوازیی ئەو پێوسیتییانەوە چوو و شێوە هەڵبژاردنەکەیشی باش بۆی دەستەمۆ بوو و لە عۆدەی ئەو ئەرکە گەورەیە هات کە مێژووی ئەدەبی کوردی بۆ ئەو سەردەمەی خۆی خستبوویە ئەستۆی.

**گزینگ: تا ئەو جێیەی بزانم ئێوە لە سەر شاعیرانی سەر بە (ڕێبازی گۆرانی) و بەتایبەت لە سەر مەولەوی تاوەگۆزی کە کەڵە شاعیری ئەو ڕێبازەیە، شارەزایییەکی تەواوتان هەیە. پرسیارێک کە لە مێژە مێشکی منی بە خۆیەوە خەریک کردووە ئەوەیە: بۆچی زۆربەی شاعیرانی ئەو ڕێبازە، لە سەرەتاوە تا ئێستاش هەر بەیەک کێش (کێشی دە بڕگەیی)شێعریان گوتووە؟ تۆ بڵێی یەکهەوایی ئەو شێوە دەربڕینە نەبووبێتە هۆی ئەوە کە کەسێکی وەک نالی هەستی بەوە کردبێ و ویستبێتی جۆرواجۆرییەک لە شێعری کوردیدا بەدی بێنێ؟**

ـ پێشەکی، با لێرەوە دست بە وەڵامی ئەم پرسیارە بکەین: پێش داهاتنی قوتابخانەی نالی (یا ڕێبازی سۆران کە ئێوە پێشنیاتان کرد وا ناوببرێ و، منیش پشتم گرتن)، لە ناوچەی سۆرانیشدا شیعر بە دیالێکتی گۆرانی باوبووە و، ئەبێ سەردەمانێکی زۆریش تاقانە جۆرە شیعری باو بووبێ، چونکە دیالێکتی گۆرانی پێوەندێکی ئەپساوەی بە (ئەهلی حەق)ەوە هەیە و ڕێبازی ئەهلی حەقیش لە ناوچەی گۆرانی زمانانەوە سەری هەڵداوە. لە پاش بڵاوبوونەوەی ئەم ڕێبازە بە ناوچەکانی دەوروبەردا لە ئەنجامی کارەساتی موغوول و لاوازبوونی دەسەڵاتی حومکڕانی و ئایینی ئیسلامدا، بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی عێراقی ئێستایش ـ لای کەمی ـ شوێنی ئەم ڕێبازە کەوتن. کەواتە لەوانەیشە هەر لەم ڕێیەوە دیالێکتی گۆرانی بە هەموو ئەو ناوچانەدا بڵاو بووبێتەوە کە بەشی زۆری پاشماوەی شیعری شاعیرەکانیان، وەک ئەبینین، بەم دیالێکتەیە. لەم لا و لەولای کوردستانی ئێستای عێراقیش کە بە

سۆرانی و تەنانەت بە کرمانجیی سەروو (دیالێکتی بۆتان) یش ئەئاخڤن، لە گەڵێ شوێن خێڵ و کۆمەڵە خەڵکی وا هەن بە دیالێکتی گۆرانی یا دیالێکتێکی زۆر لە دیالێکتی گۆرانییەوە نزیک قسە بکەن، جاخوا ئەمانە هەر لە سەرەتاوە بەم دیالێکتە دوابن یا دیالێکتی خۆیان نەبووبێ و لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی ڕێبازی ئەهلی حەقەوە بە ناویاندا، ئەم دیالێکتەیشیان تێدا بڵاوبووبێتەوە.

ئەنجا، شاعیرانی دیالێکتی گۆرانی هەر لە سەرەتاوە و تا ئێستایش هەر بە یەک کێش (کێشی دەبڕگەیی) شیعریان وتووە. من بۆخۆم کەشکۆڵێکی دەستنووسی مەحموودپاشای جافم ڕوونووس کردووە و دەمێکە بە لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەیەوە خەریکم. هەر لەم کەشکۆڵەدا چەندین پارچە شیعری بە دیالێکتی گۆرانی و لە سەر سەنگی دەریاکانی عەرووزیی عەرەبی وتراو هەن. هەر وا لە (کەشکۆڵی کەلەپووری کوردی) یەکەی شێخ موحەمەد عەلی قەرەداغیدا کە تا ئێستا چوار بەرگی دەرچووە، چەندین پارچە شیعری دیالێکتی گۆرانی و لە سەر سەنگی عەرووزیی عەرەبی وتراو هەیە. دیوانی «سەیدی» هەورامیش چەندین پارچەی لەم بابەتەی تێدایە. نابێ ئەمەیش سەرجەمی هەموو شیعری گۆرانیی لە سەر سەنگی عەرووزیی عەرەبی وتراو بێ. بەڵام گومان لەوەدا نییە کە بەشی هەرە زۆری شیعری گۆرانی بە کێشی دەبڕگەیی وتراوە.

هەندێ لێکۆڵەرەوە ئەڵێن ئەم کێشی دەبڕگەییە کێشی ئاوێستایە و بە میرات ماوەتەوە، بۆیە بەشی زۆری شاعیرانی دیالێکتی گۆرانی لە سەری ڕۆیشتوون. بە بۆچوونی من، ڕازی ئەم مەسەلەیە ئەگەڕێتەوە بۆ چەند شت. یەکەم: چاولێکەری کە لە ناو میللەتی پاشکەوتووی لە دووی نوێ نەگەڕاو و بە بەشی خۆی ڕازیدا دابێکی باوە و تەنها تایبەت نییە بە گۆرانی زمانانی کوردەوە کە بارودۆخی سەرەتایی گەشەکردنیان دەرفەتی ئەوەی نەداون بیر لە وازهێنان لە هیچ داب و نەریتێکی کۆنیان بکەنەوە. دووهەم: ئاسانیی شیعر پێ وتن و شیعر پێ لەبەرکردنی کە هەردوو پێنج برگەیەکی قافیەی تایبەتیی خۆی هەیە. سێهەمیش: کە پێموایە خاڵێکی پڕ بایەخە، گونجانی ئەم کێشەیە بۆ هەموو جۆرە گۆرانییەکی نەک تەنها لە ناو بە دیالێکتی گۆرانی دوواندا ـ باو، بەڵکوو بۆ بەشی زۆری گۆرانیی دیالێکتی سۆرانییش [لێرەدا داوا لە خوانای ئازیز ئەکەم (گۆرانی)ی وتن و (گۆرانی)ی دیالێکتی لێ تێکنەچێ، کە وشەکەم لەم برگەیەدا بە هەردوو مەعنا بەکارهێناوە]. سەرەڕای ئاسانیی بەدەستەوە هاتنی و شیعر پێ وتن و بیر ومەبەست پێ دەربڕینی.

لێرە دا بە جوانیشی ئەزانم ئیشارەتێک بۆ ئەوەیش بکەم کە کێشی دەبڕگەیی تایبەت نییە بە دیالێکتی گۆرانییەوە. دیالێکتی سۆرانییش شیعری لە سەر کێشی دەبڕگەیی زۆرە ، لەوانەیە بەکارهێنانی ئەم کێشە لە سۆرانییشدا، بە زۆری ئەو بۆچوونەی بە هێز بکا کە ئیشارەتمان بۆ کرد گوایە کێشی دەبڕگەیی کێشی ئاوێستایە. واتە ئەم کێشە لای باپیرە هەرە پێشینەکانی کورد پیرۆزییەکی بووە. بۆیە، هەمووان، بە گۆرانی و سۆرانییەوە، شیفتە و گرەویدەی بوون و هەمیشە بە سەر زمانیانەوە بووە.

لە کاتێکا کە شێعری بە کێشی دەبڕگەیی، هەر هیچ نەبێ تا سەردەمانێکی زۆر، شیعری گەل و خوێندەوارانی گەلی بووە، شیعری بە دیالێکتی گۆرانی و لە سەر سەنگی عەرووزی عەرەبی وتراو، شیعری مەلایانی گۆرانی زمانە کە شارەزای عەرەبی و فارسی و عەرووزی عەرەبی بوون و ویستوویانە شتێکی نوێ تاقیکەنەوە و جیاوازی و بالادەستیی خۆیان لە خەڵکەکەی دەوروبەریان و لە شاعیرانی تری نامەلا یا کۆلکە مەلای دەوروبەریان دەرخەن.

لە وانەیە پەیدابوونی شیعری لە سەر سەنگی عەرووزی عەرەبی وتراو لە ناوچەی بە سۆرانی دووی کوردستاندا بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەم ناوچەیە پێشان لە ناوچەی بە گۆرانی دووی کوردستان پاشکەوتووتر بووە، چونکە لە ڕووی دارایی دامودەزگای کولتووریی خۆیی خۆیەوە لە چاو ناوچەی بە گۆرانی دوودا زۆر لە پاش بووە. لەگەڵ پەیدابوونی وردەوردەی دامودەزگای کولتووریدا ــ مەلا و فەقێ و تەکیە و حوجرە و خوێندەوار و شاعیر ــ وردە وردە ئەم جۆرە شیعرەیش سەری هەڵداوە. کە پاشان ئەم باری کولتوورییە گەشەی کردووە و حوکمڕانی خۆییش پەیدا بووە و سلێمانی بینا کراوە و بابانی حوکمڕان وای لێهاتووە جارێ لە ڕووی دەوڵەتی عوسمانی و جارێکی دی لە ڕووی دەوڵەتی عەجەمدا بوەستێ، لە کاتێکدا کە میرایەتی ئەردەڵانی هاوتا و بەرانبەری دەمێ بوو ملکەچ و بێ دەسەڵات سەری فەرمانبەرداری بۆ دەوڵەتی عەجەم خەواندبوو، زۆر لە جێی خۆیدا بووە ناوچەی سۆران زمانی ئەدەبی و ڕێبازی شیعری تایبەتیی خۆی ببێ و خۆی بەو ڕێبازەی لە ڕیزی عەرەب و عەجەم و تورکدا ببینێتەوە و، شانازی بە جۆرە شیعرێکەوە بکا وای دابنێ زۆر لە ژوور شیعری گەلیی ڕەشە خەڵکەکەیەوە نەبێ هەر شاعیرێ هەستا بتوانێ شیعری وا بڵێ و هەر خوێندەوارێ ڕاپەڕێ بتوانێ بە ئاسانی تێی بگا و لێی حاڵی ببێ.

دوور نییە بەشێکی شانازیکردنی نالی بە شیعرەکانیەوە دەربڕینی ئەم بیرە بێ، ئەخوازەڵا لەوێدا کە ئەفەرموێ:

فارس و کورد و عەرەب هەر سێم بە دەفتەر گرتووە
(نالی) ئەمڕۆ حاکمی سێ مولکە، دیوانی هەیە

پاشتر، کە فێری تورکییش بووە، چوار مولک. بێ جێیش نییە لێرەدا مەعنایەکی نوێی ئەم بەیتە لێ بدەینەوە و بڵێین واتە: بە هێزی لەشکری شیعر هەر سێ میللەتەکەم داگیر کردووە و، ئەمڕۆ حوکمڕانی وڵاتی شیعری ئەم سێ میللەتەم، چونکە دیوانی شیعرم بە زمانی هەرسێکیان هەیە.

**گزینگ: بیر و بۆچوونت لە سەر ئەدەب و سیاسەت و پێوەندیی ئەو دووانە بەگشتی چییە؟**

ــ من خۆم ئەدەب بە توانی داهێنانێکی هونەری لە مەیدانی شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، شانۆنامە و، نووسینێکی زانستییانە لە مەیدانی ڕەخنەی ئەدەبی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا لێک ئەدەمەوە. داهێنانێکی وا لە ژوور ئاستی ئەوانەوە بێ خاوەن بەهرەی ڕاستەقینە نین و لەگەڵ ئەوەیشدا خۆیان لە یەکێ یا زیاتر لەم بوارانەی ئەدەب ئەئالێنن.

ڕەنگە ئەمە ناساندنێکی پڕ بە پێست نەبێ. پێی لێ ئەنێم لەوانەیە وابێ و، بەڵکوو هەروایشە. بەڵام چی کەردن؟ سەنگ و تەرازوویەکی حازر بە دەست بۆ هەموو کاتێ نییە ئەوەمان بۆ دەربخا ئاخۆ ئەم خۆ ئاڵاندووانە لە ڕاستیدا خاوەن بەهرەی ئەدەبین یا نە؟ لام وایە ئەوە هەر بە سەرچوونی کات و هەڵسەنگاندنی ناوەندێکی ئەدەبیی قەدەرێ پێشکەوتوو بڕیاری بدا. هەموو سەردەمێ کەسانێ بوون، بۆ نموونە، شیعریان داناوە، ئێستایش هەن. ئێستا چیرۆک و لەوانەیە ڕۆمان و شانۆنامەیش ئەنووسن. لەوانەیە هەندێکیان بۆیان بلوێ بەرهەمەکەیان بە چاپ بگەیەنن و بتوانن کۆمەڵێ چەپڵەلێدەریش لە دەوری خۆیان خڕ کەنەوە.

بەڵام هەرچی هەن، ئەو بەرهەمەی، ئەگەر بەهرەی ڕاستەقینە نەبێ، ئەمڕۆ بێ و سبەینێ بێ، پەردەی لە ڕوو هەڵئەماڵرێ و ئەپووکێتەوە. قورئان زۆر ڕاستی وتووە کە دەرحەق بەم جۆرە حاڵەتانە وتوویەتی: «فأما الزبد فیذهب جفاء، و أما ماینفع الناس فیمکث فی الارض» واتە: هەرچی پلوپووشی سەر ئاوە ئەکەوێتە لاوە و فڕێ ئەدرێ و، ئەوەیش کە سوودی بۆ خەڵک پێوەبێ ئەمێنێتەوە.
هەرچی سیاسەتیشە، ئەوە خەریکبوونە بەو کارانەوە کە گەوهەرەکەی ئەچێتەوە سەر حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵ بە گوێرەی ئەو فەلسەفە و ئایدیۆلۆژییەی کابرای سیاسی پەسەندی کردووە و کاری بۆ ئەکا.
هەروەک لە ئەدەبەکەدا ئەدیبی خاوەن بەهرەی ڕاستەقینە و، بێ بەهرە و هیچوپووچ هەیە، لە سیاسەتەکەیشدا سیاسیی ڕاستگۆ هەیە کە بە ڕاستی مەبەستی خزمەتی جەماوەر و هێنانە دیی ئامانجەکانیانە و هی وایش هەیە کە مەبەستی هەڵفریواندنیان و درێژەدان بە چەوسانەوە و بێ بەش هێشتنەوەیانە لە مافە ئینسانییە ڕەواکانیان و سوودی تایبەتی خۆیەتی. لام وابێ کە ئەیشڵێن: پێوەندی ئەو دووانە بە گشتی چییە؟ مەبەستتان ئەوەیە ئاخۆ ئەشێ ئەدیب سیاسی بێ یا ناشێ؟
من لام وایە ناکرێ ئەدیب دوور بێ لە سیاسەت، چونکە ئەدیب بە بەهرە ئەدەبییەکەی خزمەتی جوانی و ڕاستی و ئاشتی و ئازادی و خۆشەویستی و دیموکراسی و هاوسانی ئەکا و بۆ هێنانەدیی کۆمەڵگایەکی ئینسانیی وا تێئەکۆشێ ئادەمزادەکانی بتوانن بە تەواوی لە مافە ئینسانییەکانی خۆیان سوودمەند بن. ئەمەش کرۆکی هەر سیاسەتێکی پێشکەوتخواز و ئینساندۆستانەیە.
ئەدیب ئەتوانێ ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ خەریکی سیاسەت بێ، بەڵام ئەگەر ڕاستەوخۆ خەریکی بێ لە سەر حیسابی ئەدەبەکەی و ڕاستیی ئەدەبییەکەی تەواو ئەبێ. بۆیە ناڕاستەوخۆ کە لەگەڵ ئەرکە ئەدەبییەکەی باشتر ئەگونجێ، چونکە کاری سیاسیی ڕاستەوخۆ بۆ ئەدیب و کارێکی قورس و دژوارە ئەگەر نەیەوێ خەریکبوون بە ئەدەبەکەیەوە بخاتە لاوە. سیاسەتی ڕاستەوخۆ، ئەدیب لەو کارە هونەرییە ناسکەی خۆی دوور ئەخاتەوە کە ئەبێ هەمیشە خۆی بۆ گەشەپێدان و پێشخستنی تەرخان بکا و لەو ڕێگایەوە خزمەت بە ئامانجە سیاسییە پێشکەوتووەکانی بکا. زیاد لەوە سیاسەتی ڕاستەوخۆ زۆر جار ئەدیب ئەخاتە هەڵوێستی واوە لەگەڵ دڵە ناسکەکەی، وەک ئەدیبێک، ئەگونجێ. زۆرجار، تەنانەت لە سیاسەتی پێشکەوتووخوازیشدا، سیاسی ناچاری هەڵوێستی وا ئەبێ ئەتوانێ بێ پێچوپەنا بۆ جەماوەری ڕوون بکاتەوە. زیاد لەمەیش ئەدیب ئەبێ وەک چاودێریکەری کاری سیاسییەکان وا بێ. هەر هەڵوێستێکی بە تێگەیشتنی خۆی چەوتیان بوو، بە دەربڕینی ڕاستی ڕەخنەی لێ بگرێ. نابێ کەس لەم قسانەیشمەوە وا تێبگا من قایل نیم ئەدیب بچێتە ناو حیزبێکی سیاسییەوە و ببێ بە ئەندامی. نەخێر، ئەدیب ئەتوانێ ئەندامیش بێ لە هەر حیزبێکی نیشتمانپەروەر یا پێشکەوتخوازدا کە خۆی باوەڕی پێی هەبێ و لای وابێ ئامانجەکانی ئەو دەرئەبڕێ. بەڵام ئەگەر لە پلەیەکی وادا بێ بۆ خۆی یەکێ بێ لە ڕەنگڕێژانی سیاسەتی حیزبەکە، ناتوانێ ئازادانە ڕەخنە لە هەر هەڵەیێ بگرێ کە لەو سیاسەتە بە دیی ئەکا، ئەگینا مرۆیەکی دووڕووی لێ دەرئەچێ لە لایەکەوە بە سیاسەتێکی تایبەتی قایل نییە و لە لایەکی تریشەوە ئەو سیاسەتە جێ بەجێ ئەکا.
خولاسە، من پێموایە سیاسەتی ئەدیب ئەبێ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لە دەرەوەی چوارچێوەی دیسیپلینی پارتییانەدا بێ، ئەگینا ئەک هەر ئەدیب، هەر مرۆیەکی هوشیار، تێکڕا، لایەنی سیاسەتێکی تایبەتی ئەگرێ و ڕوویەکی سیاسی هەیە.

**گزینگ: بەگشتی کۆمەڵگەی کوردەواری لە بواری چیرۆک و ڕۆمانەوە تارادەیەک لاوازە، هۆی ئەوە لە چیدا دەبینن؟**

ـ لاوازیی تا ڕادەیەکی کەم لای کۆمەڵی کوردەواری لە بواری نووسینی چیرۆک و ڕۆمان (و شانۆنامەیش)دا، بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کەوا ئەم هونەرانە ــ لە شێوەی هاوچەرخیاندا ــ هونەرێکی نوێ و زادەی کۆمەڵگەی ئورووپایین و دەمێ نییە لە ڕێگای گەلانی دراوسێوە لە کۆمەڵی لە گەلێ ڕووەوە پاشکەوتووی کوردەواریدا ڕەنگیان داوەتەوە. زیاد لەمە ئەو بارودۆخە سەخت و دژوارەی ئەم کۆمەڵەی لە هەموو بارێکەوە تێدا ژیاوە و ئێستایش تێیدا ئەژی، دەرفەتی ئەوەندە گەشەکردنی ئەم هونەرانەی لە کوردستاندا نەداوە لەگەڵ ئەم ۷۰-۸۰ ساڵەی سەرهەڵدانی ئەم هونەرە لە وڵاتەکەماندا بگونجێ. کۆمەڵی کوردەواری تازە وا خەریکە ـ گۆران وتەنی ــ بەرەو جیهانی نوێ هەنگاو ئەنێ. بۆیە لە بواری چیرۆک و ڕۆمان و شانۆ یشدا هەر لەم قۆناغە سەرەتاییە دایە.
شایانی وتنە بە سەنگوتەرازووی چەرخە ڕابوردووەکانی پێش پەیدابوونی شارستانەتیی نوێباوی ئورووپا، کوردیش چیرۆکی گەلی و شانۆگەری گەلیی و، ئەگەر حیکایەتە بە چەند شەو گێڕاوەکانی پیرێژنانی کۆمان کۆ بکرێنەوە، لەوانەیە بتوانین بڵێین ڕۆمانی گەلییشمان بووە.

**گزینگ: ڕۆشنبیر کێیە و ئەخشی ڕۆشنبیری کورد لە ناساندنی ناسنامەیی نەتەوەییدا دەبێ چۆن بێ؟**

ـ من وا مەعنای ڕۆشنبیر لێ نادەمەوە کە تەنها لە مەیدانێ لە مەیدانەکانی زانستی ڕووت یا زانستە ئینسانییەکاندا شارەزاییەکی باشی هەبێ. ئەمە مەعنای زانایە، مەعنای ڕۆشنبیر نییە. بە لای منەوە ڕۆشنبیر، سەرەڕای ئەمەیش، ئەبێ بیرێکی ڕوونی هەبێ. واتە لە چوارچێوەی وڵاتەکەی خۆیدا، بەرژەوەندی هەموو ئەو چین و توێژاڵانە لە بەر چاوبگرێ کە لەگەڵ پێشکەوتنی گەل و نیشتماندان و لە چوارچێوەی جیهان گشتییشیدا لایەنی بەرژەوەندی مرۆڤایەتیی پێشکەوتخواز، ئەک ئیمپریالیزم و داگیرکەران و جەنگخوازان بگرێ. بۆیەیش مەعنای ڕۆشنبیر وا لێ ئەدەمەوە چونکە ئەم وشەیە، جگە لە واتا زمانییەکەی، واتایەکی کۆمەڵایەتیشی هەیە. لە وڵاتێکی فرە چیندا ڕۆشنبیری لایەنگری جووتیاران و کرێکاران و چینە نیشتمانپەروەرەکانی تر لە «ڕۆشنبیر»ی چینە خوێنمژ و چەوسێنەوەکان جیایە و هەر یەکە خزمەتی ئایدیۆلۆژییەکی جیا لە هی ئەویان ئەکەن. بۆ ئێمەی گەل ڕۆشنبیر ئەوانەن بە زانست و بیرە ڕوونەکەیان خزمەتی هەموو چینە نیشتمانپەروەر و ئازادیخوا و دژ بە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و داگیرکەران و هەموو جۆرە چەوساندنەوە و ستەمێکی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی ئەکەن.
بەشبەحاڵی ڕۆشنبیری کوردی کە بەرەو ڕووی ئەرکی وشیارکردنەوەی گەلەکەی و دەسگرۆیی کردنی بۆ گەیشتن بە ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی وەستاوە، ئەبێ لە هەر پارچەیێ لە پارچەکانی نیشتمانەکەیدا دوو جۆرە تێکۆشانی هەبێ: تێکۆشانی شان بە شانی هەموو گەلانی ئەو وڵاتە بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانجانەی هێزە

پێشکەوتخوازەکانی هەموو ئەو گەلانە بۆ گەلەکانیان دەستنیشان کردووە و، تێکۆشانێکیش ـ کە ئەبێ هەوڵ بدا گەلەکانی تری وڵاتەکەیشی ڕاکێشێ بۆ بەشداری تێداکردنی تا بە تەنها خۆی لە مەیداندا نەبێ و لە بەری تێکۆشانی ئەوانیش بێ بەش نەبێ ـ بۆ هێنانەدیی داخوازییە نەتەوەییەکانی گەلەکەی خۆی لە خوارترین پلەوە تا بەرزترین پلەی کە دیاریکردنی سەربەست و ئازادی چارەنووسە.

ئەبێ ڕۆشنبیری کورد، هەرگیز ئەوەی لە یاد نەچێ کە کوردە و کە گەلە کوردەکەی لە چ ئاستێکی ژیان دایە و، بەشدارییەکی چالاکانەی بە هەر جۆرێ پێی بکرێ هەبێ لە شارەزاکردنی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیدا بە خۆی و نیشتمانەکەی و مێژووی و ئەو کارەساتەی بە سەری هاتووە و ئەو ئەنجامانەی ئەبێ وەدییان بهێنێ.

ڕۆشنبیری کورد، ئەبێ بەوپەڕی دڵسۆزییەوە، خزمەتی زمان و ئەدەب و کەلەپوور و مێژووی گەلەکەی بکا. بە هەموو توانی دژی ناوچەگەری و گیانی عەشایەری و بیر و باوەڕی کۆنەپەرستانە و لێک تارازاندنی چین و ئایین و مەزەبەکانی ناو گەلەکەی و حیزبایەتی تەسک و شەڕی براکوژی و بەرژەوەند پەرستیی بێ. من بە ڕۆشنبیری کورد ناڵێم نەچێتە هیچ حیزبێکەوە. بە پێچەوانەوە حیزبایەتی دیموکراتییم بەلاوە پێویستییەکی گەورەیە بۆ پێشکەوتنی گەل و نیشتمان و فێرە شارستانەتیکردنی خەڵک. بەڵام ئەگەر دیتی ژیانی حیزبایەتی لای ئەم حیزب یا ئەو حیزب لەگەڵ بەرژەوەندی باڵای نەتەوەکەی یەک ناکەوێ و حیزب ئەکا بە چینێ لە سەرووی گەلەوە و بە مایەی خێر و بێر کۆکردنەوە بۆ دەست و پێوەندەکانی و بێبەشکردنی جەماوەر لێی، ئەبێ وەک هەر مرۆیەکی ئازا و بوێر خۆی لێ دوورخاتەوە و پەردەی لە ڕوو هەڵماڵێ و خۆی تەرخان بکا بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەباڵا و گشتییەکانی نەتەوەکەی. ڕۆشنبیری کورد ئەبێ شان بە شانی نیشتمانپەروەرییە گشتییەکەی، کوردێکیش بێ لە هەموو شت بەرز و باڵاتر بۆ بەرژەوەندیی گەلی کورد بڕوانێ. ڕۆشنبیری کورد ئەبێ لە هەر حیزب و کۆمەڵە و تاقمێک بەشبەحاڵی نەتەوەکەی پێشڕەوتر بێ. ئەبێ، لەگەڵ ئەندامەتیشی لە هەر حیزبێکدا، دەسبەرداری سەربەخۆیی و ئازادیی بیر و بۆچوونی خۆی نەبێ. ئەبێ ڕۆشنبیرانی کورد لە ئاستێکدا بن خەڵک بە چاوی توێژاڵێکی لە خۆبوردووی بەرچاوڕوونی ئاسۆ فراوانی لە هەرچی زیاتر بۆ کورد و کوردستان دڵسۆز بۆیان بڕوانن و وایان هەڵسەنگێنن و لە ڕاستیشدا وابن.

**گزینگ: بە بڕوای ئێوە نووسەر دەبێ چ تایبەتمەندییەکی هەبێ و بە تێکڕایی بارودۆخی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کورد لە سەردەمی ئێستەدا چۆن هەڵدەسەنگێنێ؟**

ـ لام وایە لە وەڵامی پرسیاری سەرەوە وەڵامی نیوەی یەکەمی ئەم پرسیارەیشم داوەتەوە، چونکە ئەوەی دەرهەق ڕۆشنبیر وتوومە هەر ئەوەیشە دەرهەق ئەدیب ئەوترێ.

دەربارەی باری ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردیش، پێموایە هەلومەرجی باشی گەشەکردنی لە کوردستانی عێراقدا بۆ ڕەخساوە، بەڵام ئەو بارودۆخی دووبەرەکییەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە هەلێکی زۆری کەڵکوەرگرتن لەم بارودۆخە ڕەخساوەمان لە دەست ئەدا کە دیمەنێکی دەستەبەشبوونی ئەدیبان و لە کارکەوتنی یەکێتی نووسەران ـ مەڵبەندی گشتی ـ و نەتوانینی دانانی پلان و نەخشەیەکی سەرانسەری یە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییانەی یەکێتی نووسەرانی کورد لە هەموو



محەمەدی مەلا کەریم لە کتێبخانەکەی خۆیدا

کۆنگرەکانی لە ١٩٧٠ وە تا ١٩٩١و، کۆڕی زانیاری کورد لە ساڵانی بوونیدا و، کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کورد لە ساڵانی چالاکی و هەڵسووڕانیدا، بۆ بووژاندنەوە و گەشەپێدانی ئەدەب و زمان و ڕۆشنبیریی کورد لە هەموو ڕوویەکەوە ڕەچاویان کردبوون و، ڕۆشنبیرانی کورد لە هەموو بارودۆخێکدا جەختیان لە سەر کردوونەتەوە.

ئێستا لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک، ڕۆژانە و مانگانە، کۆمەڵێ ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب دەرئەچن. دوو بەرەکی بووە بە مایەی ئەوە ئەم لایەنانە نەتوانن، یا نەیانەوێ، کارو باریان ڕێک بخەن و نەهێڵن گەلێ ڕووی ڕەنجی هەردوولایان بە زایە بڕوا و باشتر کەڵک لە دەرفەتی خۆیان بۆ خزمەتی کولتووری گەلەکەیان وەرگرن. تەنانەت کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی هیچ لایەکیان بەو جۆرەی پێویستە ناگاتە دەستی خوێندەوارانی ئەم لاکەیان.

بۆیە من بە پێویستی ئەزانم هەموو لایەنە ئەدەبی و ڕۆشنبیریی و ڕۆژنامەنووسییەکانی کوردی بە گیانی هەست بە لێپرسینەوە کردنەوە، بیر لەم مەسەلەیە بکەنەوە و خۆیان لە ژوور ناکۆکیی نێوان لایەنە سیاسییەکانەوە دانێن و ئەوەندە ئازا و بوێربن چاونەترساوانە بێنە مەیدانەوە و ئەم کاری یەکخستنەوەیە بێننەدی.

ئەوە چەند ساڵە کۆڕێکی زانیاری کوردستانیی، بە قانوون، لە هەولێر دامەزراوە، بەڵام تا ئێستا لە دانانی سکرتێری گشتی بۆ ئەم کۆڕە بەولاوە هیچ هەنگاوێک لەم مەیدانەدا نەنراوە. بێگومان دووبەرەکی یەکێکە لە هۆ کاریگەرەکانی ئەم ئیفلیجییەی پرۆژەی کۆڕی زانیاری.

بەشبەحاڵی کوردستانی ئێرانیش، شادمانم بەو گەشەکردنە هێدی و لەسەرخۆیەی برا و خوشکانی ئەودیومان لە مەیدانی نووسین بە کوردی و دەرکردنی ڕۆژنامە بە کوردی و فارسی وکتێب بە کوردی و کتێب لە بارەی کوردەوە بە فارسی و، بەستنی کۆڕ و پەیدابوونی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی کوردی و کردنەوەی بەشی زمان و و ئەدەبی کوردی لە هەندێ زانکۆکاندا، وەدەستیان هێناوە. زۆر لە ئاستی بەرزی نووسین و ڕەوانیی زمانیان ڕازیم و ئومێدم وایە کوردەکانی لای خۆمان کەڵک لەو زمانە تەڕ و پاراوەیان

وەربگرن و بۆخۆیانی بکەن بە سەرمەشق. هیوایشم ئەوەیە بارودۆخی ئێران و کوردستانی بەرەو وەلاکەوتنی کۆڕ و لایەنە دوو ئاتەشە سەختگیرەکان و سەرکەوتنی ئیسلاحتەڵەبانی ڕاستیی و جێگیربوونی بیروباوەڕ و ڕێبازی ئاشتیخوازی و دیموکراسی بڕوا و، گەلی کوردیش بە دەسگیربوونی مافە ڕەواکانی خۆی شادمان بێ تیایدا.

**گزینگ: هەروەک خۆشت لە نزیکەوە ئاگادار بووی چەند نووسەر و شاعیری ناسراوی کوردستانی موکریان واتە قزڵجی و زەبیحی و هەژار و هێمن ماوەیەک لە کوردستانی گەرمێن گیرسابوونەوە و هەرکام بە کارێکەوە خەریک بوون، تکایە ئەگەر گوتنێکت لە سەر ئەوان و بەتایبەت نەخشی ئەدەبی و پێوەندییان لە تەک (کۆڕی زانیاری کورد)ەوە هەیە بیفەرموون؟**

ـ ئەم برادەرە ئازیزانە، هەرچەند لە هەندێ شتدا یەکیان ئەگرتەوە، کە لە عێراق بوون هەر یەکەیان بارودۆخێکی تایبەتیی خۆیانیان بووە. من، بەشبەحاڵی خۆم، تا پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووز کەسیانم نەناسیوە. لە هەژار بەو لاوە، لە یادم بێ، ناوی کەسیانم نەبیستووە. یەکەم کەسیان کە پاش شۆڕش ناسیم حەسەنی قزڵجی بوو کە ئەوکاتە لە هەڵەبجەوە هاتبووەوە بەغدا و ستۆدیۆیەکی وێنەگرتنی بەڕێوەئەبرد. لە شەقامی (الکفاح) بەناوی (الکواکب) و ئێستەیش ماوە. لە ڕێگای بەشی فارسی ڕادیۆی بەغداوە ناسیم کە ئەویش شان بەشانی هەندێ برادەری خەباتکەری فارس کە هاتبوونە عێراقی شۆڕش، وەک زیندەیادان: «پەرویزی حیکمەتجو»و «ڕەحیمی نامودر» کە لەوێ کاریان دەکرد، بابەتگەلێکی بۆ ئێیستگەکە ئەنووسی. لەو سەردەمەدا منیش گۆشەیەکی ئەدەبیم لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا هەبوو. گۆڤاری (هیوا)یشم بەڕێوەئەبرد. مامۆستا قزڵجی هەندێ بابەتی بۆ وەرگێڕاینە سەر کوردی و منیش لە گۆڤارەکەدا بۆم بلاوکردنەوە. پاشانیش کە ڕێبازی دیموکراتی ڕووی کردە نشوستی و لە هەموو بڕبڕە و جمگەکانی دەوڵەتدا کۆنەپەرستی کەوتە بووژانەوە و دەست کرا بە تەنگهەڵچنین بەو پەنابەرە نیشتمانپەروەرانەی لەملا و لەولاوە هاتبوونە عێراق، ئاگاداری دەرکردنی کاک حەسەن بووم لە بەغدا و چۆن بە هەوڵ و تەقەلای ڕەحمەتی «عەونی یوسف» کە وەزیری ـ وابزانم ـ ئەشغال و ئیسکان بوو، میری قایل بوو لە جیاتیی گرتنی و ناردنەوەی بۆ ئەو دیو یا دەرکردنی لە عێراق، ڕێی بدا بۆ خۆی بچێتە بولگاریا و برادەرانێکی تریش بولگاریاکەیان بۆ دابین کرد و ڕۆیی. کە چوویشە ئەوێ و تا گەڕانەوەی بۆ نیشتمان، لە هەندێ سەردەمدا نەبێ کە نامە ناردن مەترسیی تێدا بوو یا من لە زیندان بووم هەمیشە نامەمان لە نێواندا ئەهات و ئەچوو. لە ١٩٧٤دا سەرێکی لە بەغدا دایەوە. ئەودەم من لە یەکێتی سۆڤیەت بووم، بۆیە بەداخەوە ئەمدی. لە ١٩٧٥ەوە تا ١٩٧٩ هەمیشە وتاری خۆی و وتاری وەرگێڕراوی ئەنارده لام و منیش لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا بۆم بلاوئەکردەوە. وتارێکی درێژی زمانەوانییشی بۆ گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد نووسی و بلاوکرایەوە. لە ١٩٧٧دا چوومە بولگاریا و مانگێ میوانی بووم. پاش گەڕانەوەیشی بۆ نیشتمان یەکجار نامە و چەند جارێ پاشبەندی کوردیی ڕۆژنامەی (مەردوم)ی بۆ ناردم و، ئیتر ئەوە دوا پێوەندیمان بوو. لە ١٩٨٣دا کە ئەمزانی ئەو گیراوە و لە زیندان توند کراوە، چاپی دووهەمی (پێکەنینی گەدا)کەیم بلاوکردەوە.

پێش شۆڕشی تەمووز بەرهەمێکی زەبیحیم بە عەرەبی لە بارەی کۆزمۆپۆلیتیزمەوە خوێندبووەوە، بەڵام نەمئەزانی هی ئەوە، ناوی خواستەمەنی لە سەر دانرابوو. پاش شۆڕش کە ناویم بیست، زانیشم کتێبەکە هی ئەوە. زانیم لە گەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق کار ئەکا. بەڵام تا ساڵی ١٩٦٧ بە خزمەتی نەگەیشتم. لەوەلا وردەوردە ئەمدی. لە ١٩٧٦ەوە کە لە زیندان دەرچوو و سەری لە کۆڕی زانیاری کورد ئەدا بە باشی ناسیم و جاروبارێ لەگەڵی دائەنیشتم. لەو ماوەیەدا خەریکی لە چاپدانی فەرهەنگەکەی بوو کە کۆڕ بۆی چاپ ئەکرد. لەوە بەولاوە هیچ هاوکارییەکی لەگەڵ کۆڕ نەبوو. کە شۆڕشی ئێران ڕوویدا هێشتا بەرگی دووهەمی فەرهەنگەکەی لە چاپ دەرنەچووبوو. بە جێی هێشت و بە کەسێکی سپارد. جار و بار ئەهاتەوە سەری ئەدا تا بەرگی دووهەمیش تەواوبوو. کۆمەڵێ هەڵەی تێکەوتبوو. فۆرمەیەکی تایبەتی بۆ هەڵەگیری لە چاپ دا و خستیە پاڵ کتێبەکە و بۆ خۆی ڕۆیشت. هەر ئەو ڕۆیشتنە بوو، جارێکی تر نەماندییەوە.

«هێمن»یشم، وەک لە یادم بێ، بۆ یەکەمجار پاش بەیانی ئازاری ١٩٧٠ و پتر پاش دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد دیوە. هەرچەند جار ئەهاتە کۆڕ ئەمدی، بەڵام کەمتر لە گەڵی کۆ ئەبوومەوە. ئەو زیاتر بە مەبەستی دانیشتن و دەمەتەقێ لەگەڵ مامۆستایان «مەسعوود موحەمەد» و «مەلا شوکور» و «د. ئەورەحمانی حاجی مارف» ئەهات بۆ کۆڕ. منیش کارم هەبوو، ئەبوو کارەکانم جێ بەجێ بکەم. لەگەڵ ئەوەیش، ئەو ئەندازە پێوەندییەی لەگەڵیم هەبوو، خۆش بوو. هاوکاریکردنی لەگەڵ کۆڕ لە سنووری ئەندامەتیی یەکدوو لیژنە و ئامادەکردنی کتێبی (تحفه مظفریه) تێنەپەڕی. من هاوبەشی هاوکاریکردنی لە کاری کۆڕدا نەبووم. وەرگێڕانی (شازادە و گەدا)کەی «جاک لوندون»ی لام بوو. بە هیوای ئەوە چاپ بکرێ. پاش گەڕانەوەی بۆ نیشتمان، داوای لێکردمەوە و بۆم ناردەوە. لە سەر پێشنیای خۆم ئەو کۆمەڵە شیعرەی دامێ کە ناومان لێناوە (ناڵەی جودایی) و پێشەکیم بۆ نووسی و لە سەر ئەرکی خۆم لە چاپم دا. تا لە چاپیش درا، وەک لە یادم بێ، پێشەکییەکەی نەدیبوو. پاشانیش هیچ گلەیەکی نەبوو. بوویێتیشی، منی لێ ئاگادار نەکردووە. کە ماڵئاوایی لێکردین بۆ گەڕانەوە، زۆر دڵم نارەحەت بوو کە بە جێمان دێڵێ. پاش ئەوە جارێکی تر نەمدییەوە. ئەودەم هێشتا چاپی (ناڵەی جودایی) تەواو نەبووبوو. پاشان ١٠٠ دانە و ٢٥٠ دینارم لە قازانجی فرۆشتنی بۆ نارد. بە مەبەستی زوو فرۆشران کتێبەکەمان بە ٤٠٪ نرخی بازاڕی دا بە کتێبفرۆش، بەڵام ئەو قازانجێکی مۆلی لێکرد و زۆر زوویش تەواو بوو. مام هێمن لەو سەردەمەدا وەک ئەستێرەی سینەما خۆشەویستی لاوان بوو بە کوڕ و کچیانەوە. بەڕاستی دیاردەیەکی زۆر نەدیتە بوو، بوو بە بابەتی کتێب و نامیلکەی چەندین کەس.

لەگەڵ کاک هەژار، پێوەندم لە کاک هێمن زۆرتر بوو، هەرچەند کەم خایەن بوو. لە بەیانی ئازارەوە تا ئەیلوولی ١٩٧٣ بەردەوام بوو. پێشتریش لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم دا چەندین جارم لە بەغدا لە دوکانی «بەشیر موشیر» دیتبوو کە مەکۆی کوردانی نیشتمانپەروەر بوو. کە بە هۆی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ەوە بەغدای بەجێهێشت و چوو بۆ چیاکانی کوردستان، ئیتر تا پاش بەیانی ئازار نەمدیتەوە. کە گەڕایەوە بۆ بەغدا ئێمە، دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نووسەرانی کوردمان هەبوو. ئەو و مامۆستا سەعید ناکام ئەیانویست «خالید دلێر» و «کاکە مەم» و «د. کاوس قەفتان»ی لێ دەرکەین گوایە ئەمانە جەلالین و ئیتر ڕۆژیان بەسەرچووە و ئەبێ دەستەیەکی دامەزرێنەری نوێ پێکەوە بنرێتەوە لەگەڵ

ڕێبـازی شـۆڕش بگونجێ. من یەکێ بووم لەوانەی بە توندی لە ڕوویاندا ڕاوەسـتـام و نەهاتمە سـەر ڕاکـەیان. ئەم مـەسـەلەیە زۆری درێژە کـێـشـا، سەرەنجامەکەی ئەوەبوو خالید دلێر و کاکامەم بۆتانی خۆیان کشانەوە. کە کۆنگرەی یەکەمیش بەسترا ناکام لە ناو کۆنگرەدا بەرزەپێ هەڵسایەوە و وتارێکی لە بابەتی داواکردنەکەی دەرکردنی سێ کەسەکەی دا گوایە نەبێ شـەرەفی ئەندامـەتیی یەکـێتی [نووسـەرانی کـورد] بە ئەندامـانی کۆنە جەلالی نەدرێ. من ناوم لە ناو کاندیداکانی لیستەی سەر بە شۆڕشدا بوو کە هەر ئەو لیسـتـەیەیش هەبوو، بەڵام لە بەر ئەوە کـە لە (التاخی) کارم ئەکرد و فریای کاری تر نەئەکەوتم نەمئەویست بچمە دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتییەوە. هەڵسامەوە بە توندی بەرپەرچی قسەکانی ناکامم دایەوە. بە چەپڵـە ڕێزانێکی زۆر گـەرمی هەمـوو دانیـشـتـووان، بە مـەلایی و جەلالییانەوە، پێشوازی لە قسەکانم کرا. خەڵکەکە هەر بە زۆر ناویان وەک کـەسـێکی سـەربەخۆ بۆ ئەندامـەتیی دەسـتـەی بەڕێوەبەری یەکـێتی پێشنیـارکـردم، منیش بەرانبـەر بەو هەست و سۆزەیان بە بێ وەفـایی و بەدئەکیم زانی پێشنیاکەیان بدەمەدواوە و ڕەزامەندیی خۆم پیشان دا. لە ئەنجامی ژماردنی دەنگەکاندا دەرکەوت کە پاش د. عیززەددین مستەفا زۆرترین دەنگم هێناوە. لەم گێرە و کێشـەیەدا نێوانی من و کـاک هەژار هیچ تێکنەچوو. زۆری خـۆش ئەویـسـتم و قـەدری لێ ئەگـرتم. منیش هەمـیـشـە بە چاوی حورمـەتەوە سـەیری ئەوم کـردووە، هەرچەند لە گـەلێ شتیـشـدا بیر و باوەڕمـان زۆر لێک جیا بوو. تەنانەت پێش گفـتوگۆی بەیانی ئازار کـە هێـشـتـا کـاک هەژار لە چیـابوو وتارێکم بە عـەرەبی لە گۆڤاری (الثقافه الجدیده/ڕۆشنبیری نوێ)دا لە بارەوە بەم ناوونیـشـانە بڵاوکردەوە: «هژار شاعر یغنی لشعبه» واتە: هەژار شاعیرێکە گۆرانی بۆ گەل ئەچڕێ. ئەو دووسێ ساڵەی کۆڕ، هەرچەندجار ئەهاتە کۆڕ و، ڕۆڕیش ئەهات چونکە ئەندامی کـارای کـۆڕ بوو، بە سـەری ئەکـردمـەوە و منیش گـەلێ جـار ئەچوومـە لای دائەنیـشـتم. کـە لە پایزی ١٩٧٣دا چووم بۆ مـۆسکۆ، مـاڵاوییم لێ کرد و ئیـتـر جارێکی تر دیدەکانم بە دیداری شـاد نەبوونەوە. کە لە مۆسکۆ گەڕامەوە و هاتمەوە کۆڕ، شۆڕش پاکتاوکرابوو و مـام هەژاری نائومـێـدی دڵشکاویش لە تارانی پێتـەختی ڕژێمی شـای ئێرای دوژمنی هەمـوو ساڵانی خەباتی، پەنابەر بوو..

ئەم چوار برادەرە خەباتکەرە کۆڵنەدەرانە خزمەتێکی شایانیان بە زمان و ئەدەبی کوردی کردووە. نووسینەکانی قزڵجی و هەژار هەر لە یەکەم ساڵی شـۆڕشی ١٤ی تەمـووزەوە و، فـەرهەنگە هەزار مـخـابن تەواونەبووە سـەرنگومکراوەکـەی زەبیـحی و، شـیـعـر و پەخـشـانی هەژار و هێـمن سـەرمەشقی هەموو ئەوانەن ئەیانەوێ فـێری کـوردییەکی جـوان و ڕەوان بن. قزڵجی، من ئاگام لێ یە کۆمـەڵێ نووسراوی ئەدەبی و سیـاسیـشی هەیە گـوێم لێ بووە گـەلێ لە ئەدەبیـیـەکـانیـانی لە ڕادیۆی (پەیکی ئێـران)ەوە ئەخـوێندەوە. لەوانەیە لەگەڵ خۆیی بردبنەوە بۆ کـوردسـتـان و لەوانەیشە لە بولگاریا جێی هێشتبن. پیرەژنێکی ئاشنای لەوێ لە (ڤرنا) هەبوو، دوور نییە لای ئەو جێی هێشتبن. لەوانەیە کاک کەریمی حوسامی چاکـتری لێ بزانێ. ئەگـەر کێـومـاڵێ بە دوای ئەم پاشـمـاوانەیدا بکرێ و بدۆزرێنەوە و بڵاوبکرێنەوە، کارێکی سوودمەند ئەبێ.

برادەرانی کـوردی ئەو دیو، کـە لە پێش شـۆڕشی گـەلانی ئێـران لە بەغـدا بوون دەورێکی باشیـان لە کاری کۆڕی زانیـاریدا هەبوو. شـەرەفنامـەکەی هەژار کـە کـۆڕ لە چاپی دا، (تحفـه مظفـریه) کـە هێـمن و ئەنوەر قـادر موحەمەد، شاعیر و لێکۆڵەرەوە هێنایانە سەر پیتی کوردی و (دایک)ی ماکسیم گۆرکی کە کەریمی حوسامی کردوویە بە کوردی، نموونەی گەشی ئەم خـزمـەتەن. هەندێ کـەسـی تریش هەر لە برادەرانی ئەو دیو پڕۆژەی خـسـتنە سـەرکـارتی وشـەکـانی فـەرهەنگە کـوردییـەکـانیـان بە نیـازی ئامـادەکردنی کەرەسـتەی دانانی فـەرهەنگێکی کـوردیی سەرانسـەری، بۆ کۆڕ، لە ئەسـتـۆ گرتبوو، بەڵام بەداخەوە پڕۆژەکەیان تەواو نەکرد، شۆڕش ڕوویدا و، کارتەکان و فـەرهەنگەکانیـان بە تەواونەکراوی گێڕایەوە بۆ کۆڕ و، خۆیان بە کۆمـەڵێ ئاوات و هیـوای گەشـەوە گەڕانەوە بۆ نیـشـتـمـانی ئازیزیان و، سەرەنجام، وەک بیستمەوە، هەندێکیان شەهید بوون و خاکی خۆشەویستیان بە خوێنی خاوێنیان ئاودا. دەسا، یادی هەموویان هەمیشە پیرۆز و زیندوو بێ. ■

## ئادرێسی گزینگ گۆڕاوە

هەر وەک لە ژمـارەکـانی پێـشـوو(٢٨ و ٢٩)دا، ڕاگـەیێندرابوو، سـەرلەنوێ و بۆ جـاری سێـهـەم بە هەمـوو نووسەرانی بەڕێز و خوێنەرەوان و بەشدارانی خۆشەویست لە دەرەوە و ناوەوەی سـوێد ڕادەگـەیێنینەوە کە ئادرێسی پۆسـتـیی و ژمـارە تەلەفـۆن و فـاکـسی گـۆڤـاری گـزینگ گۆڕاوە، تکایە لەمەودوا بەو ئادرێس و ژمارانەی خوارەوە پێوەندی بە گۆڤارەکەوە بکەن و، هیچ بەسـتـە و نامـەیەک بە ئادرێسی پێشـوو ڕەوانە مـەکەن. هەروەها سپـاسـتـان دەکەین ئەگەر ئەو خاڵانەش لە بەرچاو بگرن:

ـ لە ناردنی نامـە و بەسـتـە و ڕاسپـاردەی پۆسـتـیی و بانکیـیـدا، تکایە نێـوی (Solaiman Chireh) بەرپرس و بەڕێوەبەری گـۆڤـارەکـە بنووسن و لە یادی مەکەن.

ـ ئەو کـەسـانەی کـە بەرهەم و نووسـراوە بۆ گـۆڤـارەکـە دەنێـرن بۆ ئەوەی ڕاسـتـەوخۆ وەڵامـیـان بدرێتەوە، تـکایە ئادرێسی پۆسـتـیی خـۆیان بنووسن و فـەرامـۆشی مەفەرموون. وێڕای ڕێز و سپاسی دووبارە.

(گزینگ)

**Gzing / S. Chireh**
**Valstavägen 62, 2tr**
**195 50 Märsta - sweden**

**Tel/fax: +46 - 08 59 11 36 50**
**Mobail:+46 - 070 23 59 687**

## راپرسێکی «گزینگ»

# له بورهان یاسین

دەبێ بەر لە هەر شتێک ئەوە دەستنیشان بکەین کە سنوورکێشانێکی رەها و جوێکەرەوە لە نێوان هۆکارە دەرەکی و ناوەکییەکانی شەڕی نێوان یەکێتی نیشتمانی و پارتی کرێکارانی کوردستان کارێکی ئاسان نییە. بە مانایەکی تر شێوەی جیاکردنەوە و ناساندنی هۆکارە دەرەکی و ناوەکییەکان وەکوو دوو کۆمەڵە هۆکاری لە یەکتر جیا، لە سەر شێوە بۆچوونی تیۆری و خاڵی لێوەدەرچوونی ئایدیۆلۆژیی ئەو لایەنەی یا ئەو کەسەی کە جیاکردنەوەکە دەستنیشان دەکات دەوەستێت. بۆ نموونە: لەبەر رۆشنایی بۆچوونێکی نەتەوەیی ـ کوردستانیدا دۆزی کورد وەکوو پێکهاتەیەکی یەکبوو، کوردستانیش وەکوو نیشتمانێکی یەکبووی جوگرافی ـ ئیتنیکی ـ سیاسی دەبینرێت. لە رۆشنایی ئەم بۆچوونەوە، هۆکارە دەرەکییەکان لە هاوکێشەی ناوچەیی ـ ئیقلیمیدا وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستانن و لە هاوکێشەی نێونەتەوەییشدا وڵاتانی تری جیهانن. بەڵام ئەو بۆچوونەی کە لە سەر بنچینەی بە رەوابینینی سنوورە دابەشکەرەکانی کوردستان دامەزراوە و دۆزی کورد وەک شتێکی یەکبوو نابینێ و بانگاشەی ئەوە دەکات کە دەبێ کێشەی کورد لە هەر وڵاتێکدا (تورکیا، عێراق، ئێران، سوریا) بە جیا چارەسەر بکرێ، ئەوا هۆکاری کوردی یا کوردستانی لە دەرەوەی سنوورەکانی هەر وڵاتێکی داگیرکەر هۆکارێکی دەرەکی یە. لە لایەکی ترەوە بە بۆچوونێکی دەتەوەیی ـ کوردستانی هەر هۆکارێکی کوردی یا کوردستانی لە هەر وڵاتێک بێت بە پەیوەندی لە گەڵ پارچەیەک یا پارچەکانی تری کوردستان تەنیا هۆکاری ناوەکین.

ئەوەی لە سەرەوە گوتمان تەنیا گرینگییەکی تیۆریی رووتی نییە. بەڵکوو لە جیهانبینی و هەڵسوکەوتی ئەکتەرەکانی ناو مەیدانی کوردستاندا ئەو دوو شێوە بۆچوونە نەک هەر رۆڵی گرینگ بەڵکوو هەندێ جاریش چارەنووسساز دەبینن. لێرەدا مرۆ دەتوانێ بۆ زێتر روونکردنەوەی ئەو دوو شێوە بۆچوونە هەندێ پرسیار بکات: ئایا یەکێتی نیشتمانی پێی وایە پکک ئەکتەرێکی دەرەکی (باکوری)یە و بە زۆر هاتۆتە ناوەوە(باشوور) و نایەوێ بە جێیبێڵێ؟ یا پێی وایە دەرەوە و ناوەوە نییە و هەمووی هەر خاکی کوردستانە و ماڵی نەتەوەی کوردە؟ گومان لەوەدا نییە کە ینک ئەوەی نیشانداوە کە پکک لە دەرەوە هاتووە و دەبێ بە هەر نرخێک بێت بچێتە دەرەوە. کەواتە، دەرپەڕاندنی پکک لە رێگەی بەکارهێنانی چەکەوە لای ینک بۆچوونێکی چارەنووسسازە. لە لایەکی تردوە ئاڵۆزی و ناڕوونییەک لە هەڵوێست و سیاسەتی پکک دا بەرامبەر باشووری کوردستان هەیە. هەر لەو رۆژەی لە ئاکامی جەنگی کەنداو و راپەڕینە جەماوەرییەکەی ئەو بەشەی کوردستانەوە دەرفەتێکی مێژوویی هاتە کایەوە. پکک خواستوویەتی لە سەر حسێبی ئەو بۆشاییە سەربازی و ئیدارییەی لە باشوور دروست بووە خۆی بە هێز بکات. هەر بۆ ئەو مەبەستەش بوو کە بە توندی بانگاشەی بۆ ئەوە دەکرد و دەکات کە هەر هێزێکی کوردستانی و هەر کەسێکی کورد بۆی هەیە لە هەر پارچەیەک و لە سەر هەر بستە ئەرزێکی کوردستان خۆی رێکبخا و کاری سیاسی و سەربازی ئەنجام بدات. بەڵام پکک ئەم بۆچوونەی خۆی تەنیا وەک تاکتیک پیادەکردووە و ویستوویەتی لە رێگەی بانگاشەوە بۆ ئەم پرەنسیپە، رەوایی بە بوونی سەربازی خۆی لە باشووردا بدات و نارەوایی بخاتە پاڵ هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ۱۹۹۲دا، دواتر پارتی دیمۆکراتی کوردستان و ئێستەش یەکێتی نیشتمانی بۆ دەرکردنی پکک لە باشووری کوردستان. لە راستیدا، لە پراکتیکدا پکک بەتایبەت لە ساڵانی ۱۹۸۰کان و سەرەتای ۱۹۹۰کاندا، نەک هەر کەمترین رادەی تەحەمولی پیشان نەداوە بەرامبەر هێزە کوردستانییەکانی دەرەوەی باکووری کوردستان بەڵکوو بگرە کەمترین رادەی تەحەمولیشی نەنواندووە بەرامبەر هێزە کوردییەکانی باکووری کوردستانیش.

دیارە راستییەکانی ناو مەیدانی جوگرافیای سیاسی کوردستان و بارە جیۆ ـ ستراتیژییەکەی و خۆ گونجاندنی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەوانیش پکک خۆشی لە رووی پراکتیکەوە دژ بەو پرەنسیپەی پکک خۆیان نواندووە. ئەوەی کە بۆ نموونە، لە ۹ ساڵی رابردوودا راستییەکی جیۆسیاسی بووە، ئەوە بووە کە ئەو فرۆکانەی پارێزگاریی رۆژانەیان لە خەڵکی باشووری کوردستان کردووە، لە تورکیاوە فڕیون و تورکیاش رۆڵێکی گرینگی لە جەنگی دووەمی کەنداو و سەپاندنی گەمارۆی ئابووری بە سەر عێراقدا هەبووە. کەواتە دژایەتییەکی گەورەیە ئەگەر لە هەمان باشووردا هێزێک هەبێ و لەوێوە چالاکییە سەربازییەکانی دژ بە تورکیا ئەنجام بدات. دژایەتی دووەمیش ئەوەیە کە ئەو زلهێزەی گرینگترین رۆڵی لە دوای تەواوبوونی جەنگی ساردەوە هەبووە کە ئەمریکایە، بە هۆی ئەم بارە جیۆسیاسییەوە بەرژەوەندییەکانی تارادەیەک لەگەڵ باشووری کوردستان و بە رادەیەکی زۆریش لە گەڵ تورکیادا یەکگرتووەتەوە و لە دۆخی دژایەتیدا بووە لەگەڵ جووڵانەوەی ئازادیخوازی کوردستان لە باکوور، بەتایبەتی پکک.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە پکک لە هەوڵدانیدا بۆ تێگەیشتن لەو سیاسەتەی ئەمریکا و هەڵسوکەوت لەگەڵ کردنی، خۆی بە هەندێ بەها و چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی زەمانی جەنگی ساردەوە گرێداوە. بەو پێیە وا تێدەگات ئەوەی کە ئەمریکا لە باشوور کردوویەتی و دەیکات پیادەکردنی پیلانێکی ئیمپریالیستی یە و نابێت ئەکتەرە کوردییەکان بە پێی ئەو پیلانە بجووڵێنەوە. بەڵام روانگە سیاسییەکە بە هەموو رەهەندەکانییەوە زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە بەو لێکدانەوە یەکلایەنی و کاتبەسەرچووە ببینرێت و شیبکرێتەوە.

لە راستیدا پێکهاتەی هاوکێشە سیاسی و ستراتیژییەکەی دوای جەنگی دووەمی کەنداو شێوەی سێگۆشەیەکی وەرگرتووە کە سەرێکی ئەمریکا و تورکیایە، سەرێکیشی باشووری کوردستان و سێیەمیشی بریتی یە لە پکک. پەیوەندییەکانی میانەی هەر سەرێکی ئەم سێگۆشەیە و سەرێکی تری یا دوو سەرەکەی تر سادە و نەگۆڕ نین، بەڵکوو لە گۆڕانێکی بەردەوامدان (دوژمن دەبێ بە دۆست، ئەکتەرەکان جێگە دەگۆڕن و دروشمە ستراتیژی و هاوپەیمانییەکان لە گۆڕانێکی بەردەوامدان)، دیارە ئەم مکانیزمە پڕ لە گۆڕان و دراماتیکییە تارادەیەک دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی و هەڵوێستی نێوان هێزە کوردییەکان. پکک لە بوون و

# دەربارەی ململانێی ینک و پکک

د. بورهان یاسین

هەڵسوکەوتی ٩ساڵی ڕابردوویدا بەردەوام ویستوویەتی بوونی خۆی لە باشووردا وەکوو فشارێک بۆ سەر ئەمریکا و تورکیا بەکاربهێنێت و پیشانی بدات کە دەتوانێت لە سەر ڕێگەی بەجێهێنانی پلانەکانیاندا کۆسپ و تەگەرە بێت. ئەم هێزە دەیخواست لە ڕێگەی ئەو بوون و فشارەیەوە بە زۆرەملیش بێت وا لە لایەنەکان بکات حسێبی بۆ بکەن. تا لە سەر ئەو بنچینەیە بتوانێ هاوکێشە سیاسی ـ ستراتیژییەکە لە بەرژەوەندیی خۆی ڕێکبخاتەوە. بەڵام بەبۆچوونی من، بوونی پکک لە باشووردا زێتر دەربڕینی ئەو قەیرانەیە کە لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانەوە خۆی تێی کەوتبوو. فشاری پکک لە باشوور بە درێژایی ئەو ساڵانە بە هیچ شێوەیەک بە قازانجی خۆی تەواو نەبووە. ئەگەر ئەمە بە مانای فشاری ناڕاستەوخۆ بووبێت بۆ چۆکدادان بە تورکیا یا هەر نەبێ بۆ سەرئێشەدروستکردن بۆی، ئەوا دیسان مەبەستی خۆی بە دەست نەهێناوە. ڕووداوەکان بە پێچەوانەوە بە سەر پکک دا شکاونەتەوە:

١- فشارەکە لە زەرەری باشوور بووە و لە ئاکامدا لە قازانجی تورکیا تەواو بووە.

٢- نەک هەر تورکیای بێهێز نەکردووە بەڵکوو ڕۆڵی تورکیای زێدەتر کردووە، بەتایبەتی لە بواری پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا خۆی و ئەمریکادا. فشاری پکک لە باشوورەوە، بەرامبەر تورکیا، لە کاریگەرترین دۆخدا، لە هاوکێشەی ستراتیژیکدا ناکرێ شتێک بێ، چونکە شەڕی پکک لە باشوورەوە دژی تورکیا شەڕێکە لە ڕوخی ڕۆخەوە ئەنجام دەدرێت، واتە باشوور دەبێتە ڕۆخی باکووری کوردستان کە ئەمیش بە دەوری خۆی ڕۆخی تورکیایە. بە هەمان شێوە فشاری پکک لە باشووردا بە هیچ شێوەیەک نەیتوانی ببێتە فشار لە سەر ئەمریکا، بەڵکوو ئاکامێکی ئەو سیاسەتەی پکک زێتر خەستبوونەوەی پەیوەندییەکان و یەکخستنی بەرژەوەندییەکان و پتر لە یەکگەیشتنی تورکیا و ئەمریکا بوو، لە دژایەتیکردنی پکک دا.

لە لایەکی ترەوە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە سیاسەتی ینک و پدک سەبارەت بە ئەزموونی باشوور و مەسەلە نەتەوەیە گرینگەکان دروست و بەرپرسیارانە بووە. یەکێتی نیشتمانی و زۆر بەتایبەتی پارتی دیمۆکراتی کوردستان بە قەبوڵکردنی خاڵی پاراستنی ئاسایشی سنوورەکانی تورکیا لە پرۆسەی ئاشتی نێوانیاندا، بەتایبەتی پەیمانی واشنتۆن، لە ڕووی پرەنسیپەوە ئەوەیان قەبوڵ کردووە و کاریشیان بەو پرەنسیپە کردووە کە بە زۆریی چەکیش بێت پکک لە باشووری کوردستان دەرکەن. ئەمەش ناوی گۆمە شلوێکەی باشووری کوردستانی شلوێتر کردووە. پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە بەر هۆی تایبەتی خۆی، بە ڕاشکاوی و بەردەوامی ئەوەی دەربڕیوە کە پکک لە دەرەوە هاتووە و دەبێ خاکی باشووری کوردستان بەجێبێڵێ و بچێتە دەرەوە (بۆ باکوری کوردستان).

ئەگەر یەکێتی و پارتی بیانوویان ئەوە بووبێ لە دەرکردنی پکک کە گوایە بوونی ئەو هێزە لەو پارچەیەی کوردستان ئەزموونی ئەو بەشە دەخاتە مەترسییەوە، ئەوا ئەو بیانوویە کەمترین ڕادەی ڕاستی و ڕەوایی نییە. چونکە ململانێی یەکێتی و پارتی خۆیان لە پێنج ساڵی ڕابردوودا زیاتر زیانی بە ئەزموونی باشوور نەگەیاندبێ کەمتری نەگەیاندووە. بە مانایەکی تر ئەگەر پارتی ویەکێتی ئەوەندە خەمخۆری باشوور و ئەزموونەکەین ئایا بۆ خۆیان ماوەی پێنج ساڵە کەوتوونەتە گیانی یەکتر و جەستەی هەرچی دیاردەی نەتەوەیی و نیشتمانیشە پارچەپارچەیان کردووە؟ بەڵام بەرامبەر ئەمەش چەوتی و کورتهێنانی سیاسەتی پارتی و یەکێتی لە باشووری کوردستان، بە هیچ شێوەیەک مانایی ڕەواییدان نییە بە بوونی پکک لەو بەشەی کوردستان: بوونی پکک لە باشوور، نە قازانجی بۆ ئەزموونی باشوور هەیە و نە خێریشی بۆ باکوور تێدایە، بەڵکوو ئەو بوونە زەرەربەخشینە بە هەردوو ڕەهەند...

جگە لە باری جیۆسیاسی کوردستان، سیاسەتی پکک خۆشی، هەر نەبێ لە دوو ساڵی دوای دسگیرکردنی عەبدوڵلا ئۆجەلان، نەک هەر لە ڕاستیی دروشمی ئەو حیزبەی ـ کە گوایە «هەر هێزێکی کوردستانی و هەر کوردێک دەکارێ لە هەر پارچەیەکی کوردستان و لە هەر کوێیەکی ئەم وڵاتە ببێ و خەبات بکات» ـ دەرنەخست، بەڵکوو سیاسەتی ئەم حیزبە بە تەواوەتی دژ بەم پرەنسیپە تەواو بوو! لەوەی پێی دەگوترێ ستراتیژی نوێی پکک کە ئەو حیزبە بە ڕاشکاوی دەخوازێ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیادا لە چوارچێوەی یەکگرتوویی ئەم وڵاتەدا بکرێ. ئەم ستراتیژە ڕێک قوتکردنەوەی لایەنە کوردستانییەکەی پکک یە کە ساڵانێکە بانگاشەی بۆ دەکات. کەواتە هەر نەبێ لە دوو ساڵی ڕابردوودا بوونی پکک لە باشوور تاکتیکێکە و لەگەڵ ستراتیژی هێزەکانی باشوور و ستراتیژی نوێی خۆشی یەکناگرێتەوە، بەڵکوو لە پەیوەندییەکی دژایەتیدایە لە گەڵیاندا.

بە چڕکردنەوەی ئەوەی لە سەرەوە گوترا، مرۆ دەتوانێ بڵێ: نە بۆچوونی پکک دەربارەی باشوور کە لە لایەن ئەم هێزە خۆیەوە بە کردار ڕاستییەکەی نوێنراوە، دروست بووە، نە بۆچوونی یەکێتی و پارتیش لەمەڕ مامەڵەکردنیان لە گەڵ بابەتی ئەزموونی باشوور و پکک دا.

هەڵبەت لە تێگەیشتنی هۆکارە ناوەکی و دەرەکییەکانی شەڕی نێوان پکک و ینک دا، دەبێ هەوڵی پێکەوە بینینیان بدرێ، بەو مانایەی کە سەرچاوەی ئەم هۆکارانە، یا هەر نەبێ کاریگەریی نێگەتیڤانەیان لە یەک جۆرە سیاسەتەوە هەڵدەقوڵێ، ئەویش نامۆیی پرەنسیپی ستراتیژی کوردستان و کوردستانی بوونە: نە هەڵوێستی حیزبەکان بەرامبەر یەکتر نێگەتیڤ دەبێ کە بە خوێنڕشتن تەواو دەبێ، نە هێزە ئیقلیمی و نێونەتەوەییەکانیش دەتوانن ئەو ڕۆڵە نێگەتیڤە ببینن **ئەگەر سیاسەتی هێزە کوردستانییەکان سیاسەتێک بێ لە سەر بنچینەی ستراتیژی کوردستانی/ کوردستانیبوون داڕێژرابێت**. بە پێچەوانەی ئەم سیاسەتە کوردستانییەشەوە، هێزە سیاسییەکانی کوردستان پێیانوایە دەکارن لە پێناوی مانەوەی بەرژەوەندییە تەسکەکانیاندا هەر شتێ بکەن، لەو حاڵەتەدا هیچ ڕێگرێک لە بەر دەمیاندا نامێنێ لە بەکارهێنانی چەک بەرامبەر هێزێکی تر، یان تەنانەت لە هاوکاری و هاوپەیمانیش لەگەڵ هێزێکی داگیرکەردا بۆ لێدان و لەناوبردنی هێزێکی تری کوردی. کەواتە دەکرێ ڕۆڵی نێگەتیڤانەی زۆر لە هۆکارە ناوەکی و دەرەکییەکانی درێژ

بوونەوە و ڕەنگدانەوەی پراکتیکی هەمان سیاسەتی خۆپەرستیی هێزە کوردییەکان بێت. بە باوەڕی من یەکبوونی ئەم هۆکارانە لەم ساڵانەی دواییدا، بە جوانی دەرکەوتووە، کاتێ پارتی و یەکێتی (بە تاک یا کاتی خۆی لە چوارچێوەی حکوومەتی ئیقلیمی کوردستاندا) ویستیان بە فشار و ڕۆڵی کاریگەرانەی تورکیا و ئەمریکا، پکک لە باشووری وڵات دەربکەن. لێرەدا ڕۆڵی ئەمریکا و ڕژێمی ئەنقەرە (کە پێیان دەبێژین هۆکاری دەرەکی) لە سیاسەتی ئەو دوو هێزە (پارتی و یەکێتی) بە هیچ جۆرێک جیاناکرێتەوە. بەتایبەتی شێوەی بۆچوونیان بۆ دۆزی کورد و نیشتمانی کورد. کە ئایا دوو دیاردەی پارچەپارچەن یان یەکگرتوو؟ ئایا تاران و ئەنقەرە و دیمشق پایتەختی وڵاتانی داگیرکەرن یان چەند وڵاتێکی دراوسێ؟ ئەگەر یەکێتی و پارتی بە هێزی خۆیان یان بە هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ تورکیادا پکک دەربکەن، ئەوا هەردوو حاڵەتەکە دەربڕی هەمان بۆچوونی ئەو دوو حیزبەن: بەڵێ پکک بە هەر نرخێک و شێوەیەک بێت دەبێ باشوور بەجێبێڵێ، چونکە باشوور مەیدان و وڵاتی ئەم حیزبە نییە. بەرامبەر ئەمەش پکک تەنیا مانەوەی لە باشووردا بە گرینگ دەزانێت، هەر وەک پێشتر گوترا ئەگەرچی ئەم مانەوەیەشی لە سەر حسێبی ئەزموون و ئارامیی و چارەنووسی باشووریش بێت.

هەروەها، دەتوانرێ پەنجە بۆ هەندێ هۆکاری تری گرینگ ڕابکێشرێ کە بەستنەوەیان بە باری جیۆسیاسی و مەودا و بواری چالاکی و حەوانەوەی هێزە سیاسییەکانەوە پڕ ماناتر دەبن و ڕۆڵی کاریگەرانەیان زێتر دەبێ. هەڵبەتە لە پێش ئەم هۆکارانەوە و لە هەموویان گرینگتر مەسەلەی کولتووری سیاسیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانە. لەم کولتوورە سیاسییەدا ڕەوشت و تەقلیدی دێمۆکراسییانە و تەحەمولکردنی یەکتر (tolerance) و دیالۆگی ئارام کزن و بە باشی لە ناو هەڵسوکەوتی ئەم هێزانەدا جێگەی خۆیان نەکردووەتەوە. ئەم هێزانە کە ساڵانێکی زۆرە بە هێزی چەک لە مەودایەکی جوگرافی ـ سیاسیدا، جێگەی خۆیان کردووەتەوە و هەر یەکەیان بە پەیوەندی لەگەڵ هێزە داگیرکەرەکانی کوردستان، ناسنامەیەکی بۆخۆی بەرمهێناوە، بە هەمان چەک ئامادەن لە بەرامبەر یەکدیشدا ئەم مەودا جوگرافی ـ سیاسی و ناسنامەیە بپارێزن.

بە بڕوای من، مرۆ بە ئاسانی دەتوانێ مەسەلەی کولتووری سیاسی هێزە سیاسییەکان ببەستێتەوە بە بۆچوونی هێزە سیاسییەکان لەمەڕ مەسەلەی یەکبوون یا پارچەپارچەبوونی کوردستان و دۆزی کورد. بە مانایەکی تر، پرسیار ئەمەیە ئایا تا چ ڕادەیەک هێزە کوردستانییەکان تەحەمولی یەکتر دەکەن؟ ئەوە دەکەوێتە سەر، یەک: بوون یا نەبوونی (بێهێزی یا بەهێزیی) نەریتی دێمۆکراسی لای ئەم هێزانە؛ دوو: شێوەی دیتنی یەکتر، بەو مانایەی کە ئایا هەریەک لەم هێزانە تەنیا خزمەتی هەندێ ئامانجی سنووردار دەکا و خۆی بە هەندێ ئامانجی سنووردار و پارچە زەوییەکی دیاریکراو /ناوچەیەکی دیاریکراوەوە دەبەستێتەوە و دەناسێ یا بەپێچەوانەوە ناسنامەی خۆی بە تەواوی کوردستان و ئامانجیشی بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانەوە گرێ دەدات؟

مرۆ دەتوانێ ئەو دوو خاڵەی سەرەوە کە لە سێ شێوەی جیاجیادا خۆی دەردەبڕێ، لە هاوکێشەیەکی دینامیکیدا بە یەکەوە ببەستێتەوە و بیانخاتەڕوو، کە بە پێی کولتووری سیاسی و دیدی نەتەوەییانە یا پێچەوانەکەی (نانەتەوەییانە/ ناکوردستانییانە) پەیوەندیی هێزە سیاسییەکان لە گەڵ یەکتردا، شێوەیەکی تایبەتی لەم سێ شێوەیە دەگرنەخۆ یان دەکرێ بگرنە خۆ:

شێوەی یەکەم: حیزبی (ئا) وا دەزانێ کە هەر سەرکەوتنێکی حیزبی (ب) شکستە بۆ ئەو، شکستەکانیشی سەرکەوتنە بۆ خۆی.

شێوەی دووەم: حیزبی (ئا) وا دەزانێ نە سەرکەوتنی حیزبی (ب) بە زەرورەت شکستە بۆ ئەم، نە شکستەکەشی سەرکەوتنە بۆ خۆی.

شێوەی سێیەم: حیزبی (ئا) وادەزانێ کە هەر سەرکەوتنێکی حیزبی (ب) کە هێزێکی کوردی یە لە هەر پارچەیەکی کوردستان بێت بنچینەیەکە بۆ سەرکەوتنی کورد، شکستەکەشی شکستە بۆ کورد. واتە بە مەنتیقێکی ئەردستوویی سەرکەوتنەکانی (ب) سەرکەوتنیشە بۆ (ئا) یان بەپێچەوانەوە شکستەکانیشی شکستێ بۆ ئەم. بە مانایەکی تر، پێوەری قازانج و زیانی (ئا) و (ب) بە پەیوەندی لە گەڵ یەکتردا، بەرژەوەندی نەتەوەی کورد و دۆزی کوردستانە و هیچیتر.

دەتوانین بڵێین لاوازیی نەریتی دێمۆکراسی و یەکتر تەحەمول کردن (بەتایبەتی کە مەودای جوگرافی لە نێوانی هێزەکاندا لادەچێ یان سفرە) لە پەیوەندی هێزە سیاسییەکاندا، لە هەڵوێستیاندا بەرامبەر یەکتر، هەروەها قەبولکردنی سنوورە دابەشکەرەکانی کوردستان و لەوەش خراپتر نەریتی ناوچەگەریی تەسک و لاوزایی بیروباوەڕی نەتەوەیی وایکردووە کە شێوەی یەکەم لە هاوکێشەی پەیوەندییەکانی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بێت.

هەڵبەتە باشترین شێوەی هاوکێشەی پەیوەندییەکان، کە دەبێ بەردەوام خەباتی بۆ بکرێ، شێوەی سێیەمە کە پرەنسیپ تیایدا گیانی دێمۆکراسی و نەریتی کوردستانیبوونە. بەڵام تا هێزەکان لە پەیوەندییەکانیاندا و لە جیهانبینییەکانیاندا دەگەنە شێوەی سێیەم، پێویستە بە شێوەی دووەمدا تێپەڕ ببن، کە ئەمەش کات و وزە و خەباتی زۆری دەوێ. دیارە گەیشتن بە شێوەی دووەمیش خۆی لە خۆیدا هۆیەکی گرینگی کەمکردنەوەی گرژی یە لە پەیوەندییەکاندا.

لە ڕاستیدا کاتێ کە شێوەی یەکەم لە پەیوەندییەکان باڵادەست بێت، هێزەکان لە پەیوەندییەکانیاندا لە گەڵ یەکتردا لە شەڕێکی ساردا، گۆڕانی ئەم شەڕە لە ساردەوە بۆ گەرم تەنیا پریشکە ئاگرێکی چکۆڵەی بەسە.

وا دەزانم لە کەشوهەوایەکی سیاسیدا کە میلیتاریزم، کورتهێنانی نەریتی دێمۆکراسی، نەبوونی دیالۆگ، ڕەتکردنەوەی ئەویتر و نەبوونی چوارچێوەیەکی فراوان تیایدا باڵادەست بن، ئەوا ئەگەری بەردەوامبوونی ئەم شەڕە هەر لە ئارادا دەبێ و ڕێگەش بە شەڕی خۆکوژیی داهاتووش ناگیرێ. باشترین بنەما بۆ ئاشتییەکی کوردستانی، نەریتی دێمۆکراسی یە. زەمانیش خۆ گرێدانە بە هەندێ بەهای نەتەوەیی ـ کوردستانییەوە: یەکەمیان قەبولکردنی یەکتر، دووەمیان پرەنسیپی «شکستی هەر هێزێکی کوردستانی شکستە بۆ هێزەکانی تر و سەرکەوتنی هەر هێزێک یا پارچەیەکی کوردستان سەرکەوتنە بۆ هێزەکانی تر یا پارچەکانی تر». ئەم پەرەنسیپە زامنێکی هەرە باشە بۆ ئاشتی و هاوئاهەنگی لە هەڵوێستدا. بۆ نموونە، دەبێ پکک بگاتە ئەو بڕوایەی کە شکستی ئەزموونی باشووری کوردستان شکستە بۆ تەواوی نەتەوەی کورد. لە هەمان کاتدا دەبێ پارتی و یەکێتی یش بگەنە ئەو بڕوایەی کە ناتوانن وا بە ئاسانی پکک لە تێکچوونی ئەزموونی باشووردا گوناهبار بکەن، چونکە خۆیان بەر لە هەر هێز و لایەنێکی تر لە شکستی ئەزموونی ئەو بەشەی کوردستان بەرپەرسن.

بە مانایەکی تر، تا ئەو ڕۆژەی هێزە سیاسیەکانی کوردستان لە سەر هەندێ پرەنسیپ وەکوو هێڵی سوور (پێوەری نەتەوەیی ـ کوردستانی) ڕێکنەکەون، ئەوا دەرگای پشتبەستن بە داگیرکەر لە سەر پشت دەبێ و براکوژییش بەردەوام.

**تێبینی:** ئەم نووسینە ئەسڵی خۆی گفتوگۆیەک بووە و لە مانگی نۆکتوبەری ۲۰۰۰ لە سایەتێکی کوردیدا بڵاوکراوەتەوە.

# پەیامی مامۆستا شێخ عەزەددینی حوسێنی

## سەبارەت بە قەتڵەکانی زنجیرەیی و دادگای فەرمایشی

**بە ناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**

ماوەیەکە شانۆگەرییەک لە ئێراندا وەڕێکەوتووە و یەکێکی تر لە فەسڵەکانی جینایەتگەلی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خراوەتە بەر چاوی بیرورای گشتیی خەڵکی ئێران و جیهان. ئەوان کەسانەی فتوایان دا، قوربانییەکانیان دەستنیشان کرد، قەتڵەکانیان بەرنامەڕێژی کرد، جینایەتەکانیان بە هۆی داروودەستەگەلی خۆیان، لە بەشە جوراوجۆرەکان و لە ناو دەزگا ڕەسمی و ناڕەسمییەکاندا وەڕێخست.. وە دوای لە قاودرانی ئەوانە و ناتوانایی لە داپۆشینیان، فشاری بیرو ڕای گشتیی ناوە وە و دەرەوە و، تیمان لە حاند بوحرانە جۆراوجۆرەکان، ناچار بوون دادگایەک بۆ کاروکردەوەی ئەنجامدەرانی دەستی چەندومی ئەو قەتڵە سامناک و دژی ئینسانییانە وەڕێ بخەن.

ئاکامەکانی ئەو دادگا فەرمایشییانە هەرچی بێ، هەر ئەوەیکە ڕێژیم ناچار بووە بە ئاشکرا قەتڵی ئازادیخوازانێکی ناودار وەک «داریوش فروهەر» و خێزانەکەی «پەروانە ئەسکەندەری»، «موختاری»، «پویەندە» و ئیدیکە بە عینوانی جینایەت لە دادگایەکدا بخاتەڕوو، نیشانەی لاوازیی و کەرتبوونی ڕیزەکانی ڕێژیم و کلۆڵی لە بەرانبەر خەبات و خۆڕاگریی خەڵکی ئێرانە.

هەر ئەوجۆرەی کە جینایەتگەلە ئەنجامدراوەکان لەلایەن ئەو ڕێژیمە، دژی ئازادیخوازان تەنیا قەتڵ و تیرۆرەکان ناگرێتەوە، خودی ئەو زنجیرەیەش لە ڕاستیدا ئاڵقەکانی ئاخری زنجیرە قەتڵگەلێکە کە زۆر پێش لەوانە ئەنجام دراون؛ قەتڵی بەرهەڵستکاران و غەیرەئەندێشان لە وڵاتانە جۆربەجۆرەکان و لەوانە فەرانسە، سویس، ئوتریش(نەمسە)، ئاڵمان و.. لەڕاستیدا هەر لەو چەشنەن. قەتڵی ڕوحانیگەلی غەیرەئەندێشی سوننی مەزهەب لە بەلووچستان و کوردستان، تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێمۆکرات: **دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی** و هاوالەکانیان لە ڤیەن و بەرلین، تیرۆری **سەدیقی کەمانگەر** لە ڕێبەرانی کۆمەڵە لە کوردستان، تیرۆر و کارە تیرۆریستییەکانی دژی تێکۆشەرانی حیزبە سیاسییەکانی کوردی و ئێرانی لە کوردستانی عێراق، لە ماوەی دەساڵی ڕابردوودا، هەمووی ئەوانە لە یەک شوێن سەرچاوە دەگرن و درێژەی هەمان ڕەوت نیشان دەدەن. خەڵکی کوردستان هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە لەگەڵ ئەو ڕاستییە تاڵە ڕووبەڕووبوون کە ئەو ڕێژیمە لە تەک هەرچی ئازادیخوازیی و بەرابەرخوازیی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی یە، مەیلی شەڕی هەیە.

فتواکان هەروەک بۆ خاس و عام ڕوونە، بە فتوای جیهاد دژی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان لە هاوینی ساڵی ١٣٥٨دا دەستپێکرد و فتواگەلی دیکەشی بە دوادا هات؛ فتوا دژی هەرچییەک کە هاواری ئازادیخوازیی لە سەردایە؛ فتوا دژی هەر کوردێک کە خوازەری مافی نەتەوەیی خۆی بێ؛ فتوا دژی هەر سوننی مەزهەبێک و یان باوەڕمەندان بە هەر ئایینێک کە جیاواز یا ناکۆک لەگەڵ مەزهەبی فتوادەر بێ؛ فتوا دژی هەرکەسێک کە خوازەری جیاوازیی دین لە دەوڵەت بێ؛ فتوا دژی ئازادیی بەیان، ئازادی و حورمەتی ژنان، قەڵەم، چاپەمەنیی سەربەخۆ و.. بە کورتی ئەو ڕێژیمە لە سەر بناغەی فتواگەل و ئەنجامدانی جینایەت لەسەرپێ ڕاوەستاوە.

بێگومان ڕاپەڕینێک کە لە ئێراندا لە پێناو ویست و ئاواتگەلی جەماوەری خەڵک بۆ دێمۆکراسی و کۆمەڵگەی ئازاد وەڕێکەوتووە، زۆر بەهێزتر لەوەیە کە بکرێ پێشی بگیرێ. هەوڵی پەلەقاژانەی سەرکوتکەرانی کۆماری ئیسلامی تەنیا دوایەمین چرکەکانی ژیانی ئەوان نزیکتر دەکاتەوە.

سەید عەزەددینی حوسێنی، ١٤ی سەرماوەزی ١٣٧٩

تێبینی: ئەو پەیامە، بە زمانی فارسی نووسراوە و لەلایەن گزینگەوە کراوەتە کوردی. شایانی باسە، ئەو پەیامە سەرەڕای ئەوەی کە لە زۆربەی ڕادیۆ و چاپەمەنییەکانی دەرەوەی وڵات و هەروەها لە ئینتەرنێتدا ڕاگەیێندراوە، لە ناوەوەی ئێران و کوردستانیش بە شێوەیەکی هەراو بڵاوکراوەتەوە.

ئازاد حەمە

# ئیپۆکی پاش بنەماخوازیی

## لە میانەی خستنەڕووی بیری ژاک دریدا

(بەشی کۆتایی)

### هەڵوەشانەوەگەریی و تیۆری کردەی ئاخاوتن

دیباتی نێوان دریدا و ئۆستن، دریدا و سێرل دەکرێ بە دیباتی نێوان دوو ترادیسیۆنی فەلسەفی لەقەڵەم بدرێ. لەلایەک، ترادیسیۆنێکی فەلسەفی هەڵوەشانەوەگەریی پاش بنەماخوازیی فەرەنسی و لەلایەکی تر، ترادیسیۆنێکی فەلسەفی زمانەوانی شیکردنەوەی ئانگلۆ ـ ساکسۆنی یان قوتابخانەی ئۆکسفۆرد. سێرل (John R.Searle)، کە فەیلەسووفێکی ئەمریکی یە، قوتابیی ئۆستن ( Austin ) و ستراوسۆن (Strawson) بووە لە زانکۆی ئۆکسفۆرد. کردەکانی ئاخاوتن تیۆرێکی زمانەوانی و فەلسەفی فەیلەسووفی ئینگلیزی ئۆستن بووە کە دواتر سێرل پەرەی پێدەدا. سێرل بیرکردنەوە بنەڕەتییەکانی ئۆستن بە: ١) بیرکردنەوە زمانەوانییەکانی ڤتگنیشتین ی بەساڵاچوو و، ٢) لێکدانەوەکانی گریس (Grice) لەبارەی دیدی گەیاندن و، ٣) هەروەها تێگەیشتنەکانی چۆمسکی (Chomsky) لەبارەی کۆمپێتێنسی زمانەوانییەوە دەبەستێتەوە. سێرل بەگشتی ناوی واهاتووە کە پەرە بەتیۆرەکانی ئۆستن دەدا. ئەڵبەتە دوای ئەوەی کە سێمانتیک لە شەستەکانی ئەم سەدەیەدا گەشە زۆر دەکا ئیدی ئەمە سێرل مەجبوور دەکا گۆڕان بخاتە تێگەیشتنەکانییەوە.

بەڵام ئەوی پێوەندی بە مامۆستاکەی سێرل ەوە هەیە ئەوەیە کە مێتۆدی فەلسەفی ئەم فەیلەسووفە فینۆمینۆلۆژیای زمانەوانی یە. ئەمەش بۆ ڕۆنکردنەوەی ئەوە بەکاردەبرێ کە ئێمەی مرۆڤ چۆن زمان یان دیاردە زمانەوانییەکان بەکاردەبەین. ئۆستن وەک دامەزرێنەری تیۆری کردەی ئاخاوتن ئەوە دەستنیشاندەکا کە هەموو کردەیەکی ئاخاوتن دوو یان سێ کۆمپۆنێنت(بەش)ی هەیە: یەکەم کردەی locutionary(دەربڕاو)، دووەهەم کردەی illocutionary (بەد دەربڕاو) و سێهەم کردەی -per locutionary(جوان دەربڕاو). ئۆستن جیاوازیەک لەنێوان دووهەم و سێهەمدا دەبینێتەوە و، هەروەها ئەوی سێهەم دەکەوێتە نێوان یەکەم و دووهەمەوە. یەکەم لەسەر بناغەی پێوەندییەکی لۆژیکی و گراماتیکی دادەمەزرێ و سێهەم لەسەر بناغەیەکی ڕەوانبێژی.

پێش ئەوەی بچینە ناو دیباتە فەلسەفی و زمانەوانییەکانی دریدا و سێرل هەندێ لە بۆچوونە زمانەوانییەکانی سێرل یاددەخەینەوە تا ئەو کارەی دواتر دێینەوە سەری بۆ تێگەیشتن ساناتر بێ. ١) سێرل دژی ئەوەیە جیاوازی لەنێوان ئامانج و دەربڕین دا بکرێ، ٢) سێرل پشت بە سۆسێر دەبەستێ سەبارەت بە جیاوازیکردن لەنێوان زمان و ئاخاوتن. بۆیە سێرل بە ئاخاوتن قایل دەبێ نەک زمان.

سێرل وەک هەڵگری میراتی تیۆری کردەی ئاخاوتنی ئۆستن زۆر قەڵسە بە تێزە زمانەوانی و فەلسەفییەکانی هەڵوەشانەوەگەریی فەرەنسیی دریدا. بەشێکی سەرەکیش لە بۆچوونەکانی لەو سەروتارەدا پوخت کردۆتەوە ( ساڵی ١٩٨٣ ) کە وەک وەڵامدانەوەیەک ئاڕاستەی ڕوانگا هەڵوەشانەوەگەرییەکانی ئەدەبناسی ئەمریکی «جۆناتان کلەر»ی دەکا کە ئەمیش لەدووتۆی ئەو کتێبەدا جێگای کردۆتەوە کە بەنێوی (لە هەڵوەشانەوەگەریی) نووسیوویەتی. سێرل وای بۆدەچێ هەڵوەشانەوەگەریی شەپۆلێکی بەهێزی ناو ڕەخنەی ئەدەبی ئەمریکی یە. تیۆری ڕەخنەی هەڵوەشانەوگەریی زادەی ڕەخنەگرێکی ئەدەبیی نییە بەڵکوو فەیلەسووفێکە. ئەوی دریدا هەوڵی بۆ داوە بەپێی تێگەیشتنی سێرل ئەوەیە کە دیدە فەلسەفییەکانی مامۆستایانی (نیچە و هێدگر) لەناو تیۆری ئەدەبییدا جێگابکاتەوە. کاتێکیش سێرل پرسیار لەسەر چییەتی هەڵوەشانەوەگەریی دەکا، ئەوە ڕووندەکاتەوە هەڵوەشانەوەگەریی کە لەبواری تیۆری ئەدەبی ئەمریکی بڵاوبۆتەوە ئەوەندە لای فەیلەسووفانی ئەم٠ەریکی نەناسراوە. ئەمە و هەڵوەشانەوەگەرەکان بەوە تاوانبار دەکا کە لەلایەک بانگەشەی هەڵوەشانەوەی لۆگۆسێنتریزم دەکەن و لەلایەکی تر خۆیان لۆگۆسێنتریزم بەرهەمدێنن. لەگەڵ ڕەخنەکانیشان بۆ لۆژیک، ڕاستی، ڕاسیۆنالیتێت و پەیڤیش، کە ئەمانە ڕوخسارەکانی ترادیسیۆنی وڵاتانی ڕۆژئاوان بەڵام هەر لۆگۆسێنتریزم بەرهەمدێنن. ئەمە و هەڵوەشانەوەگەرەکان بەدووی ئەو زاراوانەدا دەگەڕێن کەلەناوڕۆکدا دەروازەن لە تێکستەکاندا بۆ چارەسەرکردنی هەمووشتێ. لەو دەروازانەش کە کلەر یادماندەخاتەوە: پارەرگۆن parergon لای کانت، فارماکۆن pharmakon لای پلاتۆن، سوپلیمێنت supplement لای ڕۆسۆ، هیمن hymen لای مالارمێ یە.

سێرل سەبارەت بەو جیاوازییەی هەڵوەشانەوەگەریی دریدا دەیکا لەنێوان نووسین و ئاخاوتن دەڵێ کە ئەگەر بەپێی ئەم جیاوازیکردنە بێ ئەوا گشت شتێک دەبێ بە نووسین. هەروەها لێکدانەوەی ئێکسێنتریسکی دریدا، بەقەولی سێرل، بۆ مێژووی فەلسەفەی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەباوڕی فەیلەسووفان بۆ بەنرخکردنێکی بەهێزی نووسین و لاوازکردنی زمانی ئاخاوتنە. ئەم لایەنە سێرل بەوە لێکیدەداتەوە کە، ئەوی ئاخاوتن لە خودی خۆیدا نووسینە جۆرە مێتۆدێکە مرۆڤ دەتوانێ بەکاریبەرێ بۆ هەموو شتێکی تر. بۆ نموونە دەوڵەمەندی لەخودی خۆیدا دەکرێ بە هەژاری خۆی دەرخا، یان ڕاستی بەدرۆ. ئەمانە وا لە سێرل دەکەن بگاتە ئەو باوەڕەی پرسیاری ئەوەبکا کە مرۆڤ لە هەڵوەشانەوەگەریی دەبێ چی چاوەڕوانبێ! چونکە هەڵوەشانەوەگەریی بەپێی تێگەیشتنی ئەم فەیلەسووفە ئەمریکییە بەدووی ڕاستی ناگەڕێ بەڵکوو بەپێچەوانەوە دەیەوێ هەمووواتای لۆگۆسێنتریزم داگیربکا. هەروەها سێرل لەشوێنێکی تر لەسەروتارەکە بێزاری بەتەواوەتی دەردەبڕێ کە هەڵوەشانەوەگەریی جۆرە



ستۆكهۆلم: ژاک دریدا و ئازاد حەمە

یارییەکە هەموو کەس دەتوانێ بیکا. بۆیە وەک گاڵتەپێکردنێک بە دریدا دەڵێ: قەیسەر کە جلی نییە چۆن خۆی لەناو تیۆریزەکەرانی ئەدەب بە دەوڵەمەند پێشاندەدا!! مەبەستی سێرل لەم پرسیارە ئەوەیە کە دریدا لە جیهانی ڕووناکبیریی ئەمڕۆدا شتێکی ئەوتۆی بەرهەم نەهێناوە کە شایانی لووتبەرزی بێ. هەروەها دەڵێ ئێمە لەسەردەمی زێڕینی فەلسەفەی زماندا دەژین. ئێمە تەنیا لەژێرسایەی سەردەمی زەبەلاحە مردووە مەزنەکان ناژین وەک: فرێج Frege، ڕوسێل Russell، ڤتگنیشتین، بەڵکوو هەروەها لەژێرسایەی سەردەمی نووسەرانی وەک: چۆمسکی Chomsky، کوین Quine، ئۆستین، تارسکی Tarski، گریس Grice، دومێت Dummett، داڤیدسۆن Davidson، کریپک Kripke، ستراوسۆن، مۆنتاگ Montague و چەندین نووسەری پلەیەکی تر دەژین.

ئەمە بەشێک بوو لە بۆچوونەکانی سێرل لەبارەی هەڵوەشانەوەگەرییەکەی دریدا، کە بە ڕێگای ڕەخنە ئاڕاستەکردنە کلەر(ساڵی ٨٣ ) دەیکا بە بابەت. بەڵام لێرەوە پتر دەگەڕێینەوە سەر بۆچوونەکانی دریدا لەبارەی تیۆری کردەی ناخاوتنی ئۆستن دوە کە سێرل پەرەپێدەریەتی.

دریدا لە ئاوگوستی ساڵی ١٩٧١ لە وتارێکدا لەژێر ناوی (ئیمزا، ڕووداو، کۆنتێکست)، بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسێ لە شاری مۆنتریال لەبارەی گەیاندنەوە، هەوڵیداوە بەشێ لەوتارەکەی تایبەت بکا بە کۆششی هوسرل لەتەک پشکنینە لۆژیکییەکان، بەڵام بەشی دووهەمی سەروتارەکەی تەرخانکردووە بۆ ئەو کێشانەی تیۆری کردەکانی ئاخاوتنی ئۆستن دروستیکردووە. کاتێکیش دریدا کتێبی پەراوێزەکانی فەلسەفە لەساڵی ١٩٧٢بەچاپدەگەیێنێ سەروتاری ناوبراو دەبێ بە بەشێک لێی. پاش چەند ساڵێ باسی ناوبراو لەژمارەی یەکی ساڵی ١٩٧٧ ی گۆڤاری Glyph بڵاودەکرێتەوە. لەگەڵ وەرگێڕاوە ئینگلیزییەکەی تێکستەکەی دریدا دا وەڵامێکی سێرل یش لەژێر ناونیشانی (دووبارەکردنەوەی جیاوازییەکان، وەڵامدانەوەی دریدا) بڵاودەکرێتەوە کە ئاڕاستەی دریدای دەکا. بەڵام دریدا لە ژمارەی دووی هەمان ساڵ و گۆڤار وەڵامێک ئاراستەی سێرل دەکا لەژێر ناوی(Limited.Inc abc...).

لێرەدا و بۆ مەبەستی بەهێزکردنی تێگەیشتنەکان لەبارەی تێزەکانی دریدا و سێرل وای بە باش دەزانین پوختەی ئەو سەروتارەی دریدا (ئیمزا، ڕووداو، کۆنتێکست) و وەڵامەکانی سێرل لای خوارەوە بەردەست بخرێ. هەروەک لەمەوبەریش گوتمان ئەو باسەی دریدا لەو کۆنفرانسەی مۆنتریال دەیخوێنێتەوە لەژێر ناوی (ئیمزا، ڕووداو، کۆنتێکست)، لەبارەی تیۆری گەیاندنەوەیە. هەر لەسەرەتاوە پرسیاری دریدا سەبارەت بە وشە یان داڵی گەیاندن ئەوەیە کە ئەگەر گەیاندن وەک وشەیەک بتوانێ ناوەڕۆکێکی دیاریکراو و مانایەکی شیاوبێ دیاریکردنی بگوێزێتەوە. دریدا بەپێویستی دەزانێ پێش گۆکردنی ئەم پرسیارە پرسیارێکی تر پێشنیار بکرێ کە ئەوەش لەبارەی مانای وشەی گەیاندنەوەیە. دریدا وای بەباش دەزانێ هەر لەسەرەتاوە گەیاندن بەوە دیاریبکا کە ئامرازی گوازتنەوەیە، یان گوازتنەوەی یان مەمەڕی مانایەک و یان یەک مانایە. ئەگەر وشەی گەیاندن گەلێ مانای هەبایە نەدەکرا گەیاندن بەوە دیاریبکرێ کە گوازتنەوەی مانایەکە. کەوابێ وشەی گەیاندن پۆلێکی سێمانتیکی دەکاتەوە کە ناکرێ لە سێمانتیک (sémantique) و یان سیمیۆتیک (sémiotique) و، نەش لە زمانەوانی (linguistique) دا گەمارۆ بدرێ. دریدا تەنانەت ئەوەش یاددەخاتەوە کە کاتێ واتای نووسین بە مانا باوەکەی پەسەنددەکەین ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە دەبێ ئەم پەسەندکردنە بە مانا سادە و سەرەتایی یان سرووشتییەکەی پەسندبکەین. بۆیە دەبێ ئەم پەسند کردنەی نووسین بە مانا باوەکەی دەبێ وەک ئامرازی گەیاندن تەماشابکرێ.

دریدا بەدەم لێکدانەوەکانی بۆ وشەی گەیاندن ئەو چوار هۆیەشمان بەردەست دەخا کە ئۆستن بە هۆیانەوە واتای گەیاندن وەک واتایەکی سیمیۆتیکی، زمانەوانی یان سمبۆلی پوخت دەتەقێنێتەوە: ١) ئۆستن بە جەختکردنی لەسەر لێکدانەوەی perlocution و illocution کردە وتارییەکان بە کردەی گەیاندن نەبێ دانانێ. ٢) ئەم جۆرە گەیاندنە تاڕادەیەک داهێنانە. هەروەها ئەم دوو واتا «ئۆستن»ییە (perlocution و illocution) گوازتنەوەی ناوەڕۆک لە ماناوە ناگەیێنن، بەڵکوو بەلای کەمەوە ڕاگەیاندنی شتێک و خولقانی کاریگەرییەک دەگەیێنن. ٣) پێرفۆڕمەتیڤ (performative) شتێ وەسف ناکا لەدەرەوەی زمان یان لەپێشیەوەبێ، بەڵکوو هەڵوێستێک بەرهەمدێنێ یان دەگوێزێتەوە. بەڵام هەرچی کۆنستەتیڤ (constatif)ەکەیە کاتێک شتێ ئەنجام دەدا یان هەڵوێستێک دەگوێزێتەوە ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە ئەمە لەبنەمای ناوخۆیدا ئامادەیە وەک ئەوەی کە لە ناوەوەی پێرفۆڕمەتیڤدا ئامادەیە. ٤) ئۆستن ناچاربووە

بۆ ئەوەی لێکدانەوەی پێرفۆڕمەتیڤ لە دەسەڵاتی بەهای ڕاستی ڕزگاریکا ئەمە بەهای هێز بگۆڕێ. ئەڵبەتە دریدا جەخت لەوەدەکا لێکدانەوەکانی ئۆستن بە بەردەوام داوای بەهایەکی چنراو(context) دەکا. لەوباوەڕەشدایە ئەو کاتەی هەوڵی جوداکردنەوە لەنێوان پێرفۆڕمەتیڤ و کۆنستەتیڤ دەدرێ ئەو کات کێشە دێتە ئاراوە. کەچی دریدا لەهەمان کاتدا ئەوەش باسدەکا کە ئەوی لە پرۆژەی ئۆستن دا جێگای سەرنجە ئەو ڕەخنەیە کە ئەو ئاراستەی ڕێبازی زمانەوانی linguisticisme و دەسەڵاتی سیمبۆلیی دەکا.

پێش ئەوەی بێینە سەر باسەکەی سێرل کە لە وەڵامدانەوەیەک پێکهاتووە بەرامبەر بەو شتانەی دریدا لەبارەی تێزەکانی ئۆستن ەوە دەیڵێ ئەوا لەلایەک، دەچینە سەر هەندێ لە بۆچوونەکانی دریدا لەبارەی مەسەلەی نیمزا و دواجاریش ئاوڕێ لە دوا ڕونکردنەوەکانی دەدەین لەبارەی گەیاندنەوە. سەبارەت بەلایەنی یەکەم بە زمانی دریداوە دەڵێین: لە کردارە گۆییە زارەکییەکان نووسەر ئەو کەسەیە کە گۆ دەکرێ (واتە سەرچاوەی گۆ). هەروەها لە کردارە گۆییە نووسراوەکاندا نووسەر ئیمزاکەی دادەنێ ( ئیمزا ئەڵبەتە گرینگە ئەگەرچی کردارە گۆییە نووسراوەکان بە چاوگەوە وابەستە نین وەک ئەوەی کە کردارە گۆییە زارەکییەکان بە چاوگەوە وابەستەن). ئەمان دەبن بە پاڵپشت بۆ ئەوەی دریدا ئەوەمان پێبڵێ کە ئیمزا یەکێکە لە شتە زۆر باوەکانی جیهان. ئەو شتەیە کە ڕوونکەرەوەی ناسنامەی خۆیەتی. دریدا لە کتێبی (دەنگ و دیاردە)دا بایەخێکی زۆر بە ئیمزا دەدا. ئیمزا وەک شتێک بەرچاو دەخا کە فیگوری زمانەوانی ناسنامەیە. سەرباری ئەم ئاوڕدانەوەیە، دریدا پاش ساڵانێکی تر لە لە دووتوێی دوو کتێبدا (Signeponge1983)، (ئۆتۆبیۆگرافی١٩٧٦) بایەخ بە پرۆبلێماتیکەکانی ئیمزا دەدا.

هەرچی گەیاندنە ئەوە دریدا سەرلەنوێ بەر باسیدەخاتەوە بەمجۆرە: ١)گەیاندن ئەگەرچی نووسینە بەڵام ئامرازی گوازتنەوەی مانا و ئاڵوگۆڕی مەبەست و خواست و ئاخاوتن و ڕاگەیاندنی هەست و ئەست نییە. بڵاوبوونەوەیەکی مێژوویی زۆر بەهێزیش بۆ نووسین بەگشتی لەئارادایە. سیستەمی ئاخاوتن و هەست و مانا و ئامادەبوون و ڕاستی هیچ نین لەوە زێتر کە پاشماوەیەکی ئەون (واتە نووسین ). بۆیە دریدا پێی باشترە کە نووسین لەم ڕوانگەیەوە لێکدرێتەوە. هەر ئەمەشە کە دریدا ناوی ناوە لۆگۆسێنتریزم ؛ ٢) ئەو ئاسۆ سێمانتیکییەی واتای گەیاندن دەباتە ڕێوە بەهاتنە ئارای نووسینەوە وابەستەیە؛ واتە بە بڵاوبوونەوەیەک کە ناگۆڕدرێتە فرە مانایەتی؛ ٣) لەگەڵ ئەوەی گۆڕانێکی گشتی هاتۆتە سەر واتای نووسینی کلاسیکی، فەلسەفی، ڕۆژئاوایی و هتد.. بەڵام وا دەردەکەوێ کە وەک شتێکی کاتی و ستراتیژی ناوە کۆنەکەی نووسین بپارێزرێ. ئەمەش داوای لۆژیکێ دەکا کە پێیدەگوترێ زانستی ناوە کۆنەکان paléonymie. بەشێوەیەکی زۆر ئاسان دەکرێ بگوترێ کە دوانەییە میتافیزیکییەکان ( ئاخاوتن / نووسین، ئامادەبوون / ئامادەنەبوون و هتد ) هەرگیز مەسەلەی بوونی دوو دەربڕین نییە بەڵکوو ڕێکخستنی وابەستەگەری یە. ئەم ڕوونکردنەوانە ئەوە دەردەخەن کە دریدا تیۆری نووسین، ئەوی لە نێوەندی فەلسەفی و ئەدەبی ڕۆژئاوا و ئەمریکا دا دریدا پێی ناسراوە، لەبری تیۆری کردەی ئاخاوتنی ئۆستن پێشنیاردەکا.

با بزانین سێرل لەو وەڵامەی کە بەناوی (دووبارەکردنەوەی جیاوازییەکان) ئاراستەی دریدای دەکا چ ڕوونکردنەوەیەک پێشنیار دەکا. ئەڵبەتە سێرل وەڵامەکەی لە چوار خاڵدا پوخت دەکاتەوە: ١) ئەو هاوتایەی دریدا لەنێوان ئاخاوتنی بێژراو و نووسین دا دەیکا؛ ٢) بەرەنگاری ئەو دیدە دەبێتەوە کە مانای گۆیەک بە مەبەستەکانی بوێژ یان نووسەر هاوتابکا؛ ٣) ناواخنەکانی واتای (توانای دووبارەکردنەوە)، ئەو دەربڕینەیە کە دریدا مەبەستی تیایدا شیاوی دووبارەکردنەوەی دەربڕینەکانە لە کۆنتێکستی جیاواز دا؛ ٤) ڕەخنەی لە چارەسەرەکانی ئۆستن بۆ کردەکانی ئاخاوتنە ورێنەییەکان کە مشەخۆری کردەکانی ئاخاوتنە ناورێنەییەکانن.

وەڵامی سێرل تاڕادەیەکی زۆر تەرخانکراوە بۆ وەڵامدانەوەی ڕەخنەی دریدا لە واتای نووسینی تەقلیدی (کە گوایە ڕاگەیاندنی مەبەستە). سێرل ئەو ئارگومێنتەی دریدا پووچەدەکاتەوە کە دەڵێ: لەگەڵ ئەوەشدا کە نووسین دەتوانێ و پێویستە بتوانێ لەکاتی ونبوونی تەواوەتی نێرەر و وەرگر و کۆنتێکستی بەرهەمهێنان کاربکا، بەڵام ناتوانێ مەبەستی نێرەر بە وەرگر ڕاگەیێنێ. جا، سێرل وەڵامی ئەم تێگەیشتنەی دریدا بەمجۆرە دەداتەوە: ئەوە توانای دووبارەبوونەوە و شیاوی دووبارەکردنەوەی ڕەگەزە زمانەوانییەکان نییە کە نووسین لە ئاخاوتنی سەرزارەکی جیادەکاتەوە، وەک ئەوەی دریدا بۆی دەچێ، بەڵکوو بەردەوامی ئاخاوتنی ڕێژەیی یە. سێرل باوەڕی بەوەیە کە هەموو سیستەمێکی تەسویری وابەستەیە بە ڕێساوە، جا ئەمە ڕێسای نووسین بێ یان سەرزارەکی، پێویستە شایانی دووبارەکردنەوە بێ. چونکە لەحاڵەتی پێچەوانەدا ڕێساکان بواری پراکتیکیان نابێ. سەرباری ئەوە، وتاری نووسراو لەئاخاوتن جوداناکرێتەوە بە ونبوونی ئەو کەسەی کە وەریدەگرێ لەو کەسەی کە دەینێرێ.

لەهەمان کاتدا سێرل پێیوایە، دیاردەی مانەوەی تێکست دیاردەی توانای دووبارەکردنی خۆی نییە، چونکە خودی تێکست دەکرێ چەند خوێندنەوەیەکی جیاواز دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر بەسەر مەرگی نووسەر بخوێنرێتەوە، هەروەها دیاردەی بەردەوامبوونی تێکست ئەوەیە کە ڕێگا بە جیاکردنەوەی گۆ لە سەرچاوەکەی دەدا، کە ئەمەش ئاخاوتنی نووسینی لە ئاخاوتنی سەرزارەکی جودادەکاتەوە. ئەوە لەوەوبەر ڕونبووەوە کە هاوشێوەکردنی ئاخاوتن بە نووسین کاری دریدا یە و سێرل ڕەخنەی ئاراستە دەکا.

ئەڵبەتە، ئەو ڕێگایەی بەکاردەبرێ بۆ جوداکردنەوەی تێکستێ نووسراو لە سەرچاوەکەی جوداوازە لەو ڕێگایەی بەکاردەبرێ بۆ جوداکردنەوەی گشت دەربڕینێ لە ماناکەی لە میانەی شێوەی توانای دووبارەکردنەوەدا.

سێرل لەشوێنێکی تردا ڕەخنە لەو بۆچوونەی دریدا دەگرێ کە پێیوایە ئاخاوتنی نووسراو پێویست دەکا لە مەبەستەکانی نووسەر بەتایبەت یان مەبەستگەریی بەگشتی جوداکرێتەوە. بەڵام تایبەت بەم بۆچوونە سێرل پێچەوانەکەی پێ ڕاستە. واتە نووسین کە توانای کاری هەبێ لە کاتی ئامادەنەبوونی نووسەر و وەرگر و کۆنتێکستی بەرهەمهێنانیش. لێرەدا سێرل وای بۆ دەچێ کە ئەوی نووسەر مەبەستییەتی بیڵێ ئەوەیە کە دواجار تێکست گوزارەی لێدەکا. واتە تێکست گوزارە لە مەبەستی نووسەر دەکا. ئەوی لێرەدا بە مەبەستگەرییەوە تایبەتە هەمان ئەو هەڵوێستەیە کە تایبەت بە ئاخاوتنی نووسراو و ئاخاوتنی سەرزارەکی لەئارادایە. تێگەیشتنیش لە گۆ بەدانهێنان بە مەبەستەکانی نووسەر وابەستەیە. ئەم مەبەستانەش، مەبەستەکانی نووسەر، بەهۆی وشەی گوتراو، نووسراو یان سەرزارەکییەکان دێتەدی.

ســەبارەت بە بۆچوونەکــانی دریدا ش لەبارەی نۆستن دوە، ســێــرل وای بۆدەچێ دریدا ئەوە دەشــێــوێنێ کــە نۆستن ئەنجــامی داوە. بەڵام لەبارەی دوورخستنەوەی شێوەکانی وتاریی مشەخۆری لە کردەکانی ئاخاوتن سێرل لێرەدا پێیــوایە نۆستن شێــوەکانی وتاریی مشــەخۆری (Parasitis) لە تێڕامــانەکــان بە دوورگرتووە. ئەمــەش هۆیەکــەی بە زۆری بۆ ســتــراتیــژی توێژینەوەکەی دەگەڕێتەوە وەک لەوەی مەبەست تیایا دوورخستنەوەیەکی میــتافــیزیکی بێ. چونکە ئەوەیان سێرل وتەنی پتر مەبەستی دریدا یە، کە پێیوایە ئەم دوورخستنەوەیە هۆکاری میتافیزیکی لە پاڵە.

هەروەها دریدا، بەباوەڕی ســێرل، هەڵەدەکــا کــاتێ جــەخت لەوەدەکــا کــە نۆستن بە بەکاربردنی گۆی (مشــەخۆر) ویــستبێتی شتێ خراپ یان ڕیزپەڕ یان نارەوشــتی لەم وتارەدا جــێگابکاتەوە. ئەوی نۆستن ویســـتــوویەتی جەختی لێبکا تەنیا دەستنیشانکردنی پێوەندییەکی وابەستەیی لۆژیکی یە. بەبێ ئەوەی ئەمە پێوەندی بە حوکمی ڕەوشتییەوە هەبێ و، بێگومان بەبێ ئەوەی ئەمە ئەوە بگەیێنێ کە مشــەخۆر بەشێوەیەک لە شێوەکان بە ڕێگایەکی نارەوشتی دەژی. هەروەها دریدا هەڵەدەکا بە پێی تێگەیشتنی سێرل کاتێ وا باوەڕکا کە نۆستن دەستی کردووە بە لێکدانەوەی کردارە ئاخاوتنییەکان پێش ئەوەی تێڕامان لە حاڵەتە مشەخۆرییەکان بکا.

بەپێی تێگەیشتنی سێرل، دریدا دەیەوێ ئەوە بڵێ کە ئاخاوتنی نووسراو (ناسەرزارەکی) لەســەر ئاخــاوتنی سەرزارەکی مــشــەخۆرە. بەومــانایەی وڕێنە مشەخۆرە لەسەر وتاری ناوڕێناوی. بەڵام بەپێی دیتنی سێرل لێرەدا ئێـمـە بەرەورووی دوو حاڵەتی جوداواز دەبینەوە پێوەندی نێوان وڕێنەو ناوڕێنە پێـوەندییــەکی وابەســتــەیی لۆژیکی یە. کــەچی وابەســتــەیەتی ئاخاوتنی نووسراو بۆ ئاخاوتنی سەرزارەکی پتر مەسەلەیەکە پێوەندی بە مــێژووی زمــانە مرۆڤــایەتیــیەکانەوە هەیە نەک ئەوەی کــە ڕاســتیــیــەکی لۆژیکی یە لەبارەی ڕواڵەتی ئاخاوتنەوە.

سێرل وا هەســتــدەکا گریمانی دریدا بەرەو ئەو بۆچوونە دەچێ کە توانای دووبارەکردنەوەی دارشتنە زمانەوانییەکان پێچەوانەی ئەو بۆ چوونەیە کە دەڵێ: مەبەست هەڵگەڕانەوەی مانا و گەیاندنە. جا سێرل بەگشتی لە وەڵامــدانەوەی دریدا، دەگــاتە ئەو دیدەی کــە توانای دووبارەکردنەوە بەو جــۆرە نیــیــە کــە دریدا پێــیــوایە کــە لەگــەڵ مــەبەســتگەریی کــردارە ئاخاوتنیــەکاندا ناکۆکە، جا ئەوە چ نووسراو بێ یان گوتراو. بەڵکوو توانای دووبارەکــردنەوە ســەڵمــێنەیەکی پێــویســتــە بۆ ئەو شــێــوانەی مەبەستگەریی وەریدەگرێ.

## هەڵوەشانەوەگەریی، پاش بنەماخوازی، پۆست مۆدێرنیتێ و، ڕۆڵی فێمینیزم لەیەک گرتنەوەی ئەمانە

لێــرەدا و لەم ڕووبەرە بەرتەسکەی تەرخــانمان کــردووە بۆ دوان لەبارەی بابەتی فێــمــینیــزم هەر لەســەرەتاوە دەمانەوێ ئەوە بڵێین بەسەرکردنەوەی تیۆرەکانی پاش بنەماخوازیی و هەڵوەشانەوەگەریی و پۆست مۆدێرنیتێ بۆ ئەوە نیــیــە کــە بەهۆیانەوە بمانەوێ باس لە درووســتکردنی ئەو جــۆرە فێمینیزمە ئێپستیمۆلۆژییە بکەین کە ئەمڕۆ لەئارادایە. چونکە ئەوەیان خوێندنەوەی تێکڕای ئەو تیۆرانە دەگرێتەوە کە تێزەکانی فــێمــینیزمیــان دەوڵەمــەندکــردووە. لەهەمــانکاتیــشــدا ناکــرێ نکوڵی لەوە بکرێ کــە تێندێنسە ناودارەکانی ناو فــێمــینیزمی ئەمڕۆ بەرهەمی ئەم سێ کوچکەیە (هەڵوەشانەوەگەریی، پاش بنەماخوازیی، پۆست مۆدێرنیتێ) نەبێ و ئەو فرەگەرییەش کە لە بۆچوونی فــێمــینیــستەکاندا هەیە ئاکامی تیۆرەکانی ڕابەڕانی فکریی ئەو سێ کــوچکــەیە نەبێ. نووســەر و ڕووناکــبیــرانی پاش بنەماخوازیی و پاش تازەگەرییش لەژێر کاریگەریی بیری نیچە توانیویانە فــەلســەفــەیەک تایبــەت بە ئافــرەت یان فــەلســەفــەیەکی فــێــمــینیــســتــانە دروستبکەن کە بناغەکەی گومانخوایی و دژگەرایی ڕاستی بێ.

سەبارەت بە هەڵوەشانەوەگەریی یان ڕوانگاکــانی دریدا تایبــەت بە دۆزی ئافــرەت و زەبرووزەنگ لە کۆمەڵگەی نێردا، گەلێ ڕوانگای جۆراوجۆر لەئارادایە. هەندێ کــەس لێکدانەوەکــانی دریدا بەوە لەقــەڵەم دەدەن کــە ئافــرەت وەک مــۆدێلێ بۆ وتاری هەڵوەشــانەوەگــەریی بەکــاردەبا. بەڵام بەشــێکی زۆر لە تیــۆریزەکــەرانی فــێــمــینیــزم بۆ بەهێــزکــردنی پرۆژەی سیاسییان یان لەکاتی بەسیاسەتکردنی تیۆری ڕەخنەی ئەدەبی، تیۆری هەڵوەشــانەوەگەریی دریدا بەکاردەبەن. ئەڵبــەتە تیــۆری زمــانەوانی پاش بنەماخوازییش، کە هەر لەژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی دریدا یە بۆ زمان و نیشــانە، یارمەتییەکی زۆری فــێمــینیــســتــەکانی داوە بۆ هەڵوەشانەوەی تێکســتە مــێژوویی و کۆمــەڵایەتییــەکان. ئەمــە و گەڕانەوەیەکی زۆریش لەلایەن مێژووکردە فــێمــینیــستــەکانیش بۆ تێکســتــەکانی فۆکۆ، گرینگی خۆیانیــان لە ژێر پرســیــارخــستنی مــێژووی ئافــرەت هەبووە. دیارە لەژێر کــاریگــەریی لێکدانەوەکــانی پاش بنەمــاخــواز و پاش تازەگــەرەکــان؛ یان بەتایبــەت دریدا و فــۆکــۆ ؛ کــەمــتر فــێــمــینیــســتــەکــان خۆیان وابەســتــەی جیــهــانبینیی مــارکــســیــســتی و پۆزەتیــڤیــســتی و شیــکردنەوەی دەروونی دەکەن. ماوەیەکی زۆر فــێمــینیــســتــە پاش تازەگەر و پاش بنەماخوازەکان خــۆیان خــەریک کــردووە بە ڕەخنەگــرتن: ١) لە دەروونناسی فــرۆید، کــە ئافــرەت وەک ئوبژێکتێ تەمــاشــا دەکــا، ٢) لە دیدی مــارکــســیــســتی بۆ ئافرەت، ٣) لە ڕوانگای بنەماخوازە فەرەنسییەکان بۆ ئافرەت، کە ئافرەت تەنیا لە نیشانەیەکی زمانەوانی زێتر هیچی تر نییە، کە ئەمەش سەرچاوە لە کارەکانی باوکی زانستی نیشانەی فرانکفۆنی سۆسێر دەوە هەڵدەگرێ و دواجار لەکارەکانی بۆ نموونە لیڤی ـ ستروس ی ئێتنۆلۆگی فــەرەنسی بە جــۆرێکی پاتریارکــانە ڕەنگدەداتەوە، ٤) لە دیدی مــاهیــەتگەریی (essentalism)ەوە، ٥) لە و ژینگە ڕووناکــبیــرییــەی فــەلســەفــەی ڕۆشنگەریی هێناوەتە دونیــاوە و ئەو زانینەی ئەم فــەلســەفــەیە، لەبارەی ڕاستی، جەستــە، دەسەڵات، خود و عەقڵ، لەناو ترادیسیۆنی فەلسەفی ڕۆژئاوا بەرجەستــەی کردووە. کەوابێ ئەو جیــاوازییــەی کەتۆتە نێو دیدی فێمینیستەکانەوە هەر سەرچاوە لەم فرەگەرییە مێتۆدییەوە هەڵدەگرێ کە لە دوای ساڵانی هەفتــاکــانەوە سەریهــەڵداوە و بەتایبــەت لە فــەرەنســا.

ئەڵبــەتە گــەیشــتنە ئەمــریکای هەڵوەشــانەوەگــەریی و گــەڕانەوەی بەرەو فەرەنسا جارێکی تر و، بەڵام ئەم جارەیان لەژێر ناوی پاش بنەماخوازیی و کــارکــردنی دواجــار، چ لەناوەوەی فــەرەنســا و چ لەدەرەوەی فــەرەنســا و بەتایبــەت لە ئەمــریکا، لەتەک دیاردەی پۆست مــۆدێرنیــتێ لە پشت هاتنەکایەوەی گەلێ گرووپی فــێمــینیــستی جوداواز دا بووە. بەشێــوەیەکی گشــتیش گرووپە فــێمــینیــســتییــەکانی ئەمریکا، ئەگەرچی چالاک ترن، جیــاوازییــان لەگــەڵ گرووپە کــانی وڵاتانی ڕۆژئاوا دا هەیە. فــێمــینیزم لە ڕۆژئاوا هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە خۆی وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی و بوارێکی ڕووناکبیری دەرخستووە. بەڵام بەگشتی ئەوانەی لە ئەمریکا بایەخ بە ئەدەبی فــێمــینیــستی دەدەن بەشــێکی زۆریان لە ژێر کــاریگەریی فــێمــینیــزمی فــەرەنسی دان. ئەڵبــەتە ئەوانە ئەو گــرووپە دەگــرێتــەوە کە لەژێرکاریگەریی ئەنستیتووتە فەرەنسییەکانی زانکۆ ئەمریکییەکان بوون. واتە ئەوانەی وابەســتــەی ڕوانگاکــانی هەڵوەشــانەوەگــەریی و پاش

بنەماخوازیی بوون. جا، ئەوانە دەکرێ بەدوو جۆر جوداکرێنەوە لەلایەک ئەوانەی ڕەخنە لە وتاری فالۆگۆسێنتریزم (phallogocentrism) دەگرن و لەلایەکی تر، ئەوانەی هەوڵی خوڵقانی نووسینی ئافرەتانەی تایبەت دەدەن (écriture féminine). سەبارەت بە خاڵی یەکەم دەتوانین ئەوە بڵێین کە دریدا لە لێکدانەوەکانی لەبارەی نیچە و ئافرەت ڕەخنە لە دیاردەی فالۆگۆسێنتریزم دەگرێ. بەڵام ئەوی پێوەندی بە خاڵی دووهەمەوە هەیە ئەوەیە کە لەم ساڵانەی دواییدا گەلێ لە نووسەرانی فێمینیزم گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە ئەدەبێکی فێینیزمی دروستکرێ کە خوڵقێنەرانی ئافرەت بن نەک پیاو. واتە بۆنموونە نەک فۆکۆ و دریدا و هتد.. لە پیاوان سەرچاوەبن. بەڵکوو نووسەرانی ژن بۆ نموونە کریستیڤا، توریل موا، هێلێن سیکسۆ(Hélène Cixous)، تێرێسە دۆ لۆرێتیس (Teresa de Lauretis) و.. هتد. جا ئەمڕۆ ئەم دوو شەپۆلە بنەچەی کولتووری گەلێ لە قووتابخانە فێمینیستییەکانن.

لێرەدا و بۆ بەرینکردنی ڕوانگاکان تایبەت بە تیۆرە جۆراوجۆرەکانی فێمینیزم دەچینە سەر تێگەیشتنەکانی تیۆریکاری فێمینیستی ئەمریکیی بە بنەچە ئیتالی «تێریسە دۆ لۆرێتیس» کە ئەمڕۆ سەرچاوەیە بۆ گەلێ لەوانەی ڕەخنە ئاراستەی دیدی هەڵوەشانەوەگەر و پاش بنەاخوازەکان دەکەن. ئەم نووسەرە فێمینیستە ئافرتە ئەمریکییە، سەرچاوەکانی ڕوانینی فەلسەفەی زمانی ئێکۆ (Eco)، پێرس (Pierce) و پۆست فرۆیدییەکانە ـ لەوانە لاکان و کریستیڤا (لێرەدا قسە لەسەر ئەوە ناکەین کە لە گەلێ لە سەرچاوەکاندا قسە لەسەر پاش بنەماخوازیی ئێکۆ، کریستیڤا و لاکان لەئارادایە). کێشەکە بۆ دۆ لۆرێتیس خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە زمان دامەزرێنەری پارادۆکسە لە بواری تیۆری فێمینیزم. ئەمەش وای لێدەکا باوەڕی بەوە هەبێ زمانێ لەدەرەوەی سیستەمی سێمیۆلۆژی پیاوان و پاتریارکییەوە بەرهەمبهێنێ. واتە گفتوگۆکردنی ئافرەت بەبێ ئافرەت بۆ ئەم نووسەرە شیاو نییە، هەربۆیەشە پرسیارە سەرەکییەکە لای ئەم ئەوەیە کە چۆن دەکرێ ئێمە ئافرەت وەک سوبژێکت تەماشابکەین لە کولتوورێکدا کە ئوبژێکتڤێرەی ئافرەت دەکا.

لەگەڵ هەموو ڕەخنەکانی لە بۆچوونەکانی دریدا و فۆکۆ، کەڵک لە دەربڕینێکی فۆکۆ وەردەگرێ کە بەم شێوەیەیە: زەبروزەنگی ڕەوانبێژی. کە ناوبراو پێیوایە هەمانشت لای دریدا و فۆکۆدا دەبینێتەوە. ئەم فێمینیستە ئەنتی پۆست مۆدێرن و ئەنتی هەڵوەشانەوەگەرە لەو باوەڕەدایە کە زەبروزەنگی ڕەوانبێژی هەمیشە لە نوێنەرایەتی ژێندەر (gender kön genussex) ئامادەیە. بەڵام دریدا لە لێکدانەوەیەک دا بەنێوی (زەبروزەنگی پیت لە لیڤی ـ ستراوس دەوە بۆ ڕۆسۆ) ڕەخنەی زۆر لەو ترادیسیۆنە دەگرێ کە نووسەری ئەمریکی پێی قەڵسە. هەچ پارادۆکسێک لە تێگەیشتنەکانی ئەم نووسەرەدا بەدی بکرێ، کە لەڕاستیدا خۆی دژ بە پارادۆکسەکان لەبواری فێمینیزمدا دەنووسێ، ئەوە ئاکامی ئەو کۆمەڵگە مولتی کولتوورەیە کە ئەمڕۆ ژێندەری ئافرەت تێیدا دەژی. ئەگەر نا ئەوە ژان فلێکس (Jane Flex) وتەنی پاش بنەماخوازیی ئەو دیدە بە فێمینیزم دەدا کە پێوستیەتی. لەبەرئەوەی پاش بنەماخوازیی و فێمینیزم هەردوو ڕەخنە لەیەک فرەگەریی و یەک دیدی مێژوویی دەگرن کە نوێنەرەکەی پیاوە سپییەکەیە.

**دریدا، مارکس**

دریدا بەدوو شێوازی جیا ئاوڕدانەوەی بۆ مارکس هەبووە. یەکێکیان لەسەرەتای هەفتاکان (تەمووزی ١٩٧١) لە لێدوانێکدا لەتەک ژان لوی هۆدۆبێن و ئەویتر لە ساڵی ١٩٩٣ لە کتێبێکدا کە تایبەتی کردووە بە مارکس بەنێوی (تارماییەکانی مارکس).

لەوی یەکەمدا، دریدا کە ئەوکات خۆی لەبابەتە نێودەوڵەتییەکان نەدەدا، پتر قسە لەسەر چوارچێوەی فەلسەفیی تێکستی مارکس دەکا. بۆ ئەم بیریارە هەڵوەشێنەرەوە فەڕەنسییە، دیاریکردنی سەرچاوە ڕووناکبیرییەکانی مارکس گرینگە. بەڵام باوەڕی بەوە نییە ئەگەر ڕێڕەوی هێرمێنۆتیکی لەتوانایدا بێ تێگەیشتنمان لەبارەی تێکستی ناوبراوەوە بداتێ. لێرەدا ئایەوێ ئەو لێکدانەوەیە بێ بەها بکا کە بنەماخوازیی مارکسیستی فەڕەنسی «ئەلتۆسێر»لە (لەپێناوی مارکس ١٩٦٥، خوێندنەوەی سەرمایە ١٩٦٨، ئەڵبەتە ئەمەیان شانبەشانی ئێتین بالیبار نووسراوە) ئەنجامیداوە. تێکستی مارکس کە بۆ ئەم هاوتانییە هەر بەهەمان شێوە داوای ناهاوتایەتی دەکا لەکاتی خوێندنەوەیدا. چونکە مارکسیش لە خوێندنەوەکانیدا بۆ هێگل ئاوا ناهاوتابووە. هەروەها پێوەندی مارکس بە هێگل دوە ناکرێ لە کۆنتێکستی مێژوویی و سیاسی و تیۆریەکەی دوورخرێتەوە. ئەمە و هەر لەو دەمو وەختەدا دریدا باوەڕی بەوەبوو کە گەشەی هەندێ لە زانستەکان، وەک فەلسەفە، زمانەوانی، شیکردنەوەی دەروونی، سێمیۆلۆژی، دەتوانن ڕوونکردنەوەیەکی زۆرترمان لەبارەی مارکس بدەنێ.

کەچی دوای ساڵانێکی زۆر (پایزی ١٩٩٣) دریدا دەگەڕێتەوە سەر مارکس. ئەم گەڕانەوەیەش لەبارودۆخێکدا دەبێ کە دوو ڕووناکبیری تری فەڕەنسی، مارکس بەر خوێندنەوە دەخەن یەکێکیان بەنێوی (فەلسەفە و مارکس) لەلایەن چەپخوازێکی شەستەکانەوە نووسراوە. ئیتین بالیبار(Etinne Balibar)، کە پێشتر لەتەک ئەلتۆسێر دا مارکسی بەر خوێندنەوە خستووە، ئەوی تر ئەو خوێندنەوەیە کە نیچەخوازی فەڕەنسی «دۆلۆز» بەنێوی (زەبەلاحیی مارکس) ئەنجامیداوە. بەڵام خوێندنەوەکەی دریدا لەوی ئەوان جیاوازتر دەبێ و تەنانەت لە بۆچوونەکانی لەوە بەری خۆشی. ئەمەش لەبەرئەوەی دریدا ئەم خوێندنەوەیە لەگەڵ خوێندنەوەی باری نێودەوڵەتیدا هاوتادەکا. بەدەم خوێندنەوەی مارکس هەردوو کتێبی ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی و سەرمایە بەر خوێندنەوەی نوێ دەخا. ئەم خوێندنەوەی دریدا لە ئەدەبەوە دەستپێدەکا بە سیاسەت کۆتایی پێدێ. ئەمەش مارکس و شێکسپێر دەگرێتەوە. ئەم دووانەش دریدا پێی باشە لە ڕوانگەی out of joint لێکدرێتەوە. ئەم دەربڕینەش تەنیا وەک پەرچەکردارێکی دیاریکراو کارناکا، بەڵکوو وەک جیهانێکی تارمایی، جیهانی دووبارەکردنەوە و دیاردە. ناوبراو تەنیا زەمینە نییە بۆ ئەوی کە هەیە، بەڵکوو بۆ ئەوی کە دێتیش، بەم جۆرە ئەمە وەک زەمینەی هەڵوەشانەوە تەماشادەکرێ. لێرەدا دریدا داوامان لێدەکا کە تێگەیشتنمان لەبارەی ئەوی ناوی برد بە ئەوی دێ لە بیرکردنەوەی ئاینی و تیۆلۆژی بەدووربگرین. بۆنموونە کۆمۆنیزم ئەوی دێیە. شانبەشانی تارمایی مارکس باس لە هەندێ تارمای دیش دەکا وەک تارمایی کۆمۆنیزم، تارمایی سۆسیالیزم. تارماییەکان لەزیادبووندان، گرفتی تارماییەکان ئەوەیە کە هەڵناوەشێنەوە. ئەمە ماف و یاساش دەگرێتەوە. لەپاڵ تارماییەکان قسەلەسەر ئینتەرناسیۆنالیتێتی نوێ دەکا. بەڵام ئەم جیهانە لە جیهانی سۆسیالیستی پێشوو جودادەکاتەوە. چونکە پێیوایە جیهانی ئینتەرناسیۆنالیتێتی نوێی ئەمڕۆ جیهانێکی هێمن و سۆلیداریتێت ترە. هەروەها جیهانی ناوبراو بێ

دامووده‌زگایه و له‌وی ئه‌مڕۆش کاریگه‌ر تره. ئه‌و گفتوگۆیانه‌ی دریدا له‌سه‌ر بابه‌تی ئینته‌رناسیۆنالیزم ده‌یکا زۆرتر له‌ ڕووی سیاسی و کۆمه‌لایه‌تی و ئابوورییه‌وه‌یه. به‌ ئاوڕدانه‌وه‌مان له‌ په‌ڕه‌گرافی دواتر پتر له‌ بۆچوونه‌ سیاسییه‌کانی دریدا و ئه‌م جیهانه‌ نوێیه‌ ده‌گه‌ین.

## کۆنتێکسته‌ سیاسییه‌کانی هه‌ڵوه‌شانه‌وه‌گه‌ریی

له‌سالانی ئه‌وه‌ته‌وه‌ دریدا زۆرتر له‌هه‌موو کاتێ قسه‌ له‌سه‌ر دیارده‌ سیاسییه‌کان ده‌کا. ئه‌وه‌ته‌کان بۆ دریدا، به‌ پێچه‌وانه‌ی شه‌سته‌کان که‌ زۆرتر ته‌رخان کرابوو بۆ خوێندنه‌وه‌ی سه‌رچاوه‌ فکرییه‌کانی، مانای سیاسی هه‌یه‌ وه‌ک له‌ فه‌لسه‌فیی. ئه‌وه‌ته‌کان واته‌ چرکه‌ی په‌یڤین له‌سه‌ر ئه‌وروپای نوێ. ئه‌و ئه‌وروپایه‌ی که‌ به‌رماوه‌ی ڕووخانی دیواری به‌رلین و کۆتایی جه‌نگی سارده. له‌م ئه‌وروپایه‌دا کولتوور خۆی له‌ خۆیدا ماهیه‌تی نییه. به‌ڵکوو ماهیه‌تی له‌ پرۆسه‌یه‌کی کۆمۆنیکه‌تیڤ دایه. به‌واتایه‌کی تر، ئه‌وی دریدا له‌م سالانه‌دا دێباتی له‌سه‌رده‌کا زۆرتر ناوه‌ڕۆکی سیاسییان هه‌یه. گه‌شه‌ی سیاسی له‌ ئه‌وروپا یان ئاینده‌ی سیاسی ئه‌وروپا، ناسنامه‌ی ئه‌وروپایی و کێشه‌ی دیموکراسی، به‌رپرسیاری، ماف، ئازادی، یاسا، دۆزی ولاتانی EU، باری ڕووناکبیرانی جه‌زائیر، کێشه‌ی ئیتنی له‌ جنوبینه‌فریقا، کۆمه‌ڵگه‌ی مه‌ده‌نی ئه‌مڕۆ، باری منداڵ و ئافره‌ت له‌م کۆمه‌ڵگه‌یه‌دا، ڕۆڵی په‌رله‌مانه‌ ئه‌وروپاییه‌کان، ستاتۆسی ڕۆناکبیریی له‌ ئه‌وروپا، ڕۆڵی ڕووناکبیرانی کۆمه‌ڵگه‌ی ناوبراو و، چه‌ندین دیارده‌ی تر که‌ دواتر دێینه‌وه‌ سه‌ری.

سه‌ردتای ئه‌وه‌ته‌کان له‌ دووتۆی به‌رهه‌مێکدا به‌نێوی (Cap) کاپێکی تر، به‌ئاشکرا به‌دووی بردنه‌ڕێوه‌یه‌کی تر، یان به‌دووی ئاڕاسته‌کردنێکی تر دا وێڵه. دریدا ئه‌م ڕوانگایه‌شی دوای ڕووخانی دیواری ئایدیۆلۆژی به‌رلین له‌ سالی ١٩٨٩ و ئه‌مجار بانگه‌وازی هه‌ڵوه‌شانه‌وه‌ی ئه‌وروپای خۆرهه‌لات تیا دروست ده‌بێ. هه‌ر له‌م ماوه‌یه‌شدا ڕووناکبیری ئه‌مریکی، به‌ بنه‌چه‌ یابانی، فرانسێس فوکۆیاما (Francis Fukuyama) تێمای کۆتایی مێژوویی به‌جۆرێکی زۆر سیاسییانه‌ به‌رباس خستووه‌ و دێباتێکی زۆری له‌نێو ڕووناکبیرانی کۆمه‌ڵگه‌ی کۆتایی مێژوو هێنایه‌کایه‌وه‌ و، دریدا یه‌کێک بوو له‌وانه‌ی هاته‌ قسه‌کردن له‌سه‌ر بۆکۆتایی مێژوو؟ و، ناوه‌ڕۆکی ئه‌و سیسته‌مه‌ نێوده‌وڵه‌تییه‌ ڕێکوپێکه‌ی فوکۆیاماش باسیده‌کا به‌م چه‌ند خاڵه‌ پووچده‌کا و، له‌ هه‌مان کاتیشدا ئه‌و خالانه‌ به‌کارده‌با بۆ قسه‌کردن له‌سه‌ر نایه‌کسانی کۆمه‌لایه‌تی ئه‌مڕۆ: ١) بێکاری ٢) جه‌نگی وێرانسازیی ئابووری نێوان ئه‌مریکا، یابان و EU ٣) بێتوانایی بازاڕی لیبراڵی و زیادبوونی ناکۆکییه‌کانی بازاڕ ٤) به‌رزبوونه‌وه‌یه‌کی خێرای قه‌رزی ده‌وڵه‌تی ٥) بازرگانی چه‌ک و چه‌ک درووستکردن ٦) جه‌نگی ئیتنی ٧) بلاوبوونه‌وه‌ی مافیا له‌ناو ده‌سه‌لاتی ده‌وڵه‌تدا ٨) ڕووله‌خوارده‌وه‌نانی مافی ئینته‌رناسیۆنال ٩) وێرانسازیی ژینگه‌ ١٠) زیادبوونی دانیشتووان ١١) شه‌پۆلی په‌نابه‌نده‌یه‌تی ١٢) بلاوبوونه‌وه‌ی ئه‌تۆم.

دریدا به‌مه‌وه‌ ناوه‌ستێ به‌ڵکوو پاش هه‌ردوو کتێبی (تارماییه‌کانی مارکس، بردنه‌ڕێوه‌یه‌کی تر) له‌ چه‌ند لێدوانێکدا به‌ وردی ده‌چێته‌ ناو هه‌ندێ دیارده‌ی تر که‌ که‌متر ده‌وروبه‌ره‌که‌ی خۆیانی لێده‌ده‌ن. ئه‌وه‌تا له‌ لێدوانێکدا له‌م دوادوایه‌دا له‌گه‌ڵ ڕۆژنامه‌ی (Die Zeit)ی ئه‌ڵمانی ڕه‌خنه‌یه‌کی زۆر له‌ ڕه‌وانبێژی ئۆفیسیالی سیاسی ئه‌مڕۆ ده‌گرێ، له‌ شوێنه‌ نێوده‌وڵه‌تییه‌ نوێیه‌کان، له‌ قاره‌مانه‌کانی مافی مرۆڤ، له‌ ڕووناکبیر و شوێنه‌ ئۆفیسیال و ده‌زگا نێوده‌وڵه‌تییه‌ ناوداره‌کان و ماس مێدیای جیهانی که‌ زیاد له‌ پێویست له‌ ڕووداوه‌کان بێده‌نگن یان ئه‌وی باسی لێوه‌ده‌که‌ن زۆر له‌وه‌ که‌متره‌ که‌ ڕووده‌دا. لێره‌ش چه‌ند نموونه‌یه‌کمان له‌سه‌ر ئه‌و ڕووداوانه‌ بۆ دێنێته‌وه‌ وه‌ک: ١) ئه‌و ملیۆنه‌ها مندالانه‌ی که‌ هه‌موو سالێ له‌به‌ر که‌می ئاو ده‌مرن، ٢) ئه‌و ملیۆنه‌ها ئافره‌تانه‌ی که‌ هه‌موو سالێ په‌لاماره‌درێن، ٣) ئه‌و چه‌ند ملیۆنه‌ ئافره‌ته‌ی که‌ گشت سالێ ونده‌بن، (٦٠ ملیۆن) و ئه‌و کچانه‌ی سه‌رنگوم ده‌کرێن (٣٠ ملیۆن)، ٤) ئه‌و ملیۆنه‌ها خه‌ڵکه‌ی دوچاری نه‌خۆشی ئایدز بوون (٢٣ملیۆن) و زۆربه‌شیان له‌ئه‌فریقا ده‌ژین (له‌سه‌دا نه‌وه‌ت)، ٥) ئه‌و مندالانه‌ی که‌ تا ئه‌مڕۆ له‌ هیندستان بۆ نموونه، کاری قورس ده‌که‌ن و ئه‌و منداڵه‌ زۆره‌ی که‌ ساڵه‌ها توانای چوونه‌ قوتابخانه‌یان نییه، ٦) هه‌روه‌ها بیر له‌ سزای مه‌رگ ده‌که‌مه‌وه‌ که‌ چۆن له‌ ئه‌مریکا به‌ ڕێوه‌ده‌چێ. ئه‌م کێشانه‌ داوامان لێده‌که‌ن سۆلێداریتێتیکی ئینته‌رناسیۆنال له‌ئارادابێ بۆ چاره‌سه‌رکردنیان. تائێستا هیچ حیزب و ده‌وڵه‌ت و سه‌ندیکایه‌ک له‌م کێشانه‌ی نه‌کۆڵیوه‌ته‌وه. بۆئه‌وه‌ی شتێکی جدی بۆ جێبه‌جێکردنی ئه‌م کێشانه‌ بکرێ دریدا داواده‌کا سیاسه‌ت و ئیتیک و یاسا پێویسته‌ پێکه‌وه‌ کارکه‌ن، به‌مه‌رجێ که‌ گوێ به‌وه‌ نه‌درێ ئه‌م کێشانه‌ سه‌ر به‌چ نه‌ته‌وه‌ یان هاولاتییه‌کن. هه‌میشه‌ باسه‌کان ده‌باته‌وه‌ سه‌ر ماس مێدیا و ڕۆڵی له‌ فه‌رامۆشکردنی کێشه‌کان. ئه‌ڵبه‌ته‌ باوه‌ڕیش ناکا ماس مێدیای ئه‌مڕۆ له‌توانایدا بێ شتێکی گرینگ فۆرمولێره‌ بکا. ئه‌وه‌ش ده‌درکێنێ که‌ ڕووناکبیرانی ڕۆژئاوا توانیویانه‌ ته‌کنه‌لۆژیای گه‌یاندنی نوێ و ماس مێدیای هاوچه‌رخ بۆ مه‌به‌ستی خۆیان به‌کاربه‌رن و به‌هۆیه‌وه‌ ناو و ده‌سه‌لاتیان دروست بکه‌ن. بۆیه‌ دریدا هیچ کاتێ مه‌رج و ئاکسیلێره‌شنی ماس مێدیای جیهانی په‌سند ناکا. ئاوڕدانه‌وه‌کانی دریدا له‌ کێشه‌کانی کۆمه‌ڵگای زیاد له‌پێویست پێشکه‌وتووی ئه‌مڕۆی ئه‌وروپا له‌ گه‌شه‌کردندایه‌ و، له‌لایه‌ک داوای وتارێکی تایبه‌ت به‌ باری په‌نابه‌نده‌یه‌تی ئه‌مڕۆ ده‌کا و له‌لایه‌کی تر، خۆی له‌ کێشه‌ی ڕه‌گه‌زپه‌رستی (apartheid) ده‌دا و ڕه‌هه‌ندی جیاوازیشی تیا به‌دی ده‌کا. له‌ باسێکدا که‌ له‌ سالی ١٩٨٣نووسیویه‌تی به‌نێوی (دوا وشه‌ی ڕاسیزم) واتای ئاپارتاید به‌ چاکی هه‌ڵده‌وه‌شێنێته‌وه‌ و شوێنی له‌ناو ترادیسیۆنی ئایدیۆلۆژی ڕۆژئاوادا دیارده‌کا. ئه‌و ناکۆکییه‌ش دیارده‌کا سه‌باره‌ت به‌ ولاتانی ڕۆژئاوا که‌ له‌لایه‌ک ئابرووی ئاپارتاید ده‌به‌ن و له‌لایه‌کی تر پێوه‌ندی ئابووری له‌گه‌ڵ ئه‌فریقای جنوبیدا ده‌به‌ستن. ئاپارتید له‌ لێکدانه‌وه‌کانی دریدا له‌سه‌رێکه‌وه‌ ده‌ربڕینه‌ له‌ ترادیسیۆنی ئه‌وروپای و له‌سه‌رێکی تره‌وه‌ ناکۆکییه‌کانی ده‌روونی ئه‌وروپای ئاشکراده‌کا. به‌لام له‌ هه‌مان کاتیشدا دریدا جه‌خت له‌وه‌ده‌کا دارمانی دیارده‌ی ئاپارتاید ده‌ربڕینه‌ له‌ گه‌شه‌ی مرۆڤایه‌تی و یه‌کێکیشه‌ له‌ پێداویستییه‌ مرۆییه‌کان. له‌م باسه‌ و له‌و سه‌روتاره‌ی دریدا له‌سالی (٨٦)دا له‌سه‌ر نیلسۆن ماندێلا نووسیویه‌تی جنوبی ئه‌فریقامان وه‌ک نموونه‌یه‌ک بۆ دێنێته‌وه‌ له‌سه‌ر چه‌وسانه‌وه‌ی ئه‌ویتر..ئه‌وه‌ش ڕونده‌کاته‌وه‌ که، ئه‌م دیارده‌یه‌ میراتێکی ئه‌وروپایی یه. ده‌کرێ لێره‌دا چه‌ند نموونه‌یه‌کیش له‌سه‌ر ئه‌م میراته‌ بهێنرێته‌وه‌ وه‌ک: نازییه‌کان و ڕه‌فتاریان به‌رامبه‌ر به‌ جووه‌کان، یان خودی دریدا وه‌ک جوو و سپی پێستێک له‌ جه‌زائیر، یاخود په‌نابه‌نده‌کانی جیهانی سێ له‌ ولاتانی ڕۆژئاوا، یان به‌گشتی ڕاسیزمی نێوده‌وڵه‌تی به‌رامبه‌ر به‌ دانیشتووانی کۆمه‌ڵگه‌ په‌راوێز و لاپه‌ڕه‌کان. به‌کورتی، ئایدیۆلۆژیای ئاپارتاید وه‌ک ڕاسیزمی ده‌وڵه‌تی ده‌ربڕینێکی

توندڕەوانەیە لە ترادیسیۆنی شارستانیی ئەوروپا. ئەوەش ئاشارێتەوە کە شارستانیی ناوبراو توانای ئەوەی هەیە کە هەموو دیاردە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکان لەناو وتاری خۆیدا وەرگێڕێ. ڕووخسارە دیارەکانی سەردەمی سیاسی ئەمڕۆی ئەوروپا بە ئابووریخوازی، مۆنێتاریزم(Monetarisme) و توانای بازاڕ لە پێشبڕکێ لەقەڵەمدەدا. هەروەها بەچاکی دەزانێ دژ بە دۆگما هەنووکەییەکانی نیۆ-لیبڕالیزم، لۆژیکی سیاسی تر دابنرێ.

پێدەچێ بایەخدانی دریدا بە ئەفریقای جنوبی بەشێک بێ لە پشکنینەکانی لە ناسیۆنالیزم. ئەڵبەتە لێرەدا ناسیۆنالیزم وەک واتایەکی فەلسەفی و سیاسی بەکاردەبا. بۆ دریداش وتاری ئەڵمانی توانیویەتی شێوە بە واتای ناسیۆنالزم بدا و، خۆشی ناسیۆنالیزم لە مێژووی ئەڵمانیدا گرینگی خۆی هەیە. کاتێکیش سەرچاوەکانی ئاپارتاید دەگەڕێنێتەوە بۆ نازیزمی ئەوروپای پتر جەخت لە کێشەکانی ناسیۆنالیزم بەگشتی و ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی بەتایبەت دەکا. بەمجۆرە و هەر وەک لەسەرەتاشەوە ئاماژەمان پێکرد دریدا لە ساڵانی نەوەتەکان بەولاوە تیۆری ڕەخنەییەکەی خۆی لە ئاکتوێڵیسێرەکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆنکرێتدا دیووەتەوەو فەلسەفەشی تێکەڵ بە بواری سیاسی کردووە. ئەوەتا لە کارێکیدا قسە لەسەر ترادیسیۆنی کۆسمۆپۆلیتیکی لە بیری ئەوروپایی، هەر لە ستۆیسیزم( Stoicism) و سیسێرۆ(Cicero) تادەگاتە مەسیحیەتی پۆلۆس (Paulus) و ڕۆشنگەریی و شۆڕشی فەڕەنسی و کانت، دەکا. لەهەمان کاتیشدا دان بەوەدا دەنێ کە تازەگەریی ئەوروپایی لە پشت مەڵبەندگەریی ئەوروپاییەوەیە و، ئەمەش لەسەرێکی ترەوە دەکرێ بگوترێ کە لەسەر بناغەی مەڵبەندگەریی دەنگ دروست بووە. هەڵەکانی لۆگۆسێنتریزم و ئیرۆسێنتریزم وەک زۆربەی ڕووناکبیرانی فەلسەفەی جیاوازی بە هێرشێکی گەورە دەزانێ بەرامبەر بە کولتووری ئەویتر. لە بیری دریدا دا هەمیشە ڕووبەرێک تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لەسەر ئەوی تر و لەم ڕووەشەوە سەرچاوەی بیری «لیڤانس»ە. تەماشاکردنەکانی دریدا بۆ ئەوی تر لە گەڵێ کەسی تر جوداوازە. چونکە دریدا تەماشای ئەوی تر دەکا وەک ئەوی تر. واتە وەک ئەوەی کە خۆی هەیە.

### دریدا و مێژووخوازیی

دریدا لە زۆر شوێن لە لێکدانەوە فەلسەفی و ئەدەبییەکانیدا بەرپەچی ئەوە دەداتەوە کە دژی مێژوو بێ و، ئەوەشی بەلایەوە گرینگە ئەویە کە ئەوی پێیدەگوترێ مێژوو دەبێ لە یاد نەکرێ. بەڵام ئەوی کە بەرپەچی دەداتەوە ئەوە میتافیزیکی مێژووە کە بیری مێژوویی داگیرکردووە و ئەمەش لەلای ئایدیالیستەکان، بۆ نموونە هێگل، و لەلای ماتریالیستەکان، بۆ نموونە مارکس، گەیشتۆتە ترۆپک. ئالێرەدا دریدا دەیەوێ ئەوەمان پێبڵێ کە مێژوو شوێنی کۆکردنەوەی میتافیزیکە و ئەوی کە پێویستە لێی بەدووربین واتای میتافیزیکی یە بۆ مێژوو. ئەم مێژووەش بریتی یە لە مێژووی مانا، ئەڵبەتە ئەو مانایەی کە بەشێوەیەکی بازنەیی و ڕێک گەشەدەکا. وەکی تریش مێژووی ڕووناکبیریی ئەوروپایی وەک مێژوویەک لەبارەی ئاپۆکالیپسی ئێسکاتۆلۆگی لە قەڵەم دەدا.

تێگەیشتنەکانی دریدا لەمەڕ مێژوو بۆ ئەوەیە کە لەتوانامانداا بێ واتایەکی تر بۆ مێژوو بەرهەمبهێنین، واتە واتایەک جوداواز لەوی بەرهەم هاتووە. ئەمەش بە خولقانی مێژوویەکی ناکۆک و ناکرۆنۆلۆژی دێتەدی.

ئەو مێژووەی لۆژیکێکی نوێ تایبەت بە دووبارەکردنەوە و خوێندنەوەی پاشماوە پێشنیاردەکا. ئەو واتا نوێیە دەبێ ئەو واتایە بێ کە لەناخی خۆیدا شتێکی ئەوتۆ لەخۆبگرێ کە لەمەوبەر ڕەخنەی ئاڕاستەکرابێ. بۆیە ئەم کارە بە باوەڕی دریدا ناکرێ ببێ بەکارێکی تیۆری یان وتارێکی پوخت. مەبەستی دریدا ئەوەیە ئەم کارە، واتە کاری بەرهەمهێنانی واتایەکی نوێ بۆ مێژوو، ناشێ ببێ بە کارێ وابەستە یاخود هەندێ چەمکی وەک جەوهەر، مانا، ڕاستی، ویستی گوتن، ئاگایی، ئایدیالیزم و هتد.. دەسەڵاتی بەسەرەوە هەبێ. دریدا بەلایەوە گرینگە ئێمە پرسیار نەک هەر تەنیا لەسەر جەوهەری مێژوو و مێژووگەریی مێژوو بکەین، بەڵکوو گرینگە پرسیارەکان ئاڕاستەی مێژووی خودی جەوهەر بکەین. دریدا هەر لەسەر ئەم شێوازە بەردەوام دەبێ تا دەگاتە ئەوەی پێشنیاری واتایەکی نوێ بۆ مێژوو و مەسەلەی جەوهەری مێژوو و مێژووی جەوهەر و هەروەها مێژووی واتا و مانای بوون دەکا.

لەسەرێکی ترەوە دریدا داوای ئەوەش دەکا کە بتوانین جیاوازی لەنێوان مێژووی گشتی و مێژوو وەک واتایەکی گشتیدا بکەین. لەمبارەیەشەوە ئەوەمان یاددەخاتەوە کە ئەو ڕەخنانەی ئالتۆسێر ئاڕاستەی تێگەیشتنی هێگلی کردووە لەمەڕ مێژوو تیایدا ئامانجی ئەوەبووە کە مێژووی گشتی بوونی نییە بەڵکوو لەبری ئەوە ئەوی هەیە تەنیا چەند مێژوویەکی جیاوازە، جیاواز لە ڕیتم و جۆر. بەگشتیش ئالتۆسێر خۆی وا دەردەخا کە لەگەڵ ئەم جۆرە تێزانەدایە. بۆچوونەکانی دریدا لەمەڕ مێژوو زۆر جوداوازە لە بۆچوونی پۆست مۆدێرنەکان و بەتایبەت ئەو توێژانەی کە لەبارەی مەرگی مێژووە خستوویانەتەڕوو.

### دریدا لە یاری بیردا، لەبری دوا پەیڤ

بەپێی جیهانبینی ئانترۆپۆلۆگی ئەمریکی ئالان مێگل (A.Megil) دریدا بیریارێکی ئیرۆنی ڕادیکالی یە. بەڵام ئەم ئیرۆنییە بووە بە بزاڤێ بۆ وەستان لەسەر شتەکان نەک گەمەکردن بە دیاردەکان و ڕووداوەکانی ڕۆژانە کە بۆ گەلێ بیریاری تر ئەو دیاردە و ڕووداوانە هەنووکە نین. زۆربەی ئەو شتانەش کە دریدا گوزارەی لێدەکا لە ناواخنی خۆیدا بۆ گوزارەکردنە لە نیهیلیزم و گومانخوازیی لەلایەک و، لەلایەکی تر کارکردنن بۆ ڕەخنەگرتن لە ئایدیالیزم. دریدا بەکارەکانیدا دیارە کە بەرهەمی ژیانی ئەکادیمی فەڕەنسی یە، نەک وەک هەندێ لە ڕووناکبیرانی تری فەڕەنسا، بۆ نموونە سارتەر، کە بەرهەمی ژیانی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی ئێپۆکی خۆیانن. دریدا هەر زوو ستاتۆی بیری خۆی دیاریکرد بەوەی کە دژ بە گشت فۆڕمێک لە ڕەخنەی ڕاسیۆنالی کەوتە نووسین و، هەروەها خۆی بە پەراوێزەکانی ناو فەلسەفەی ڕۆژئاوا سەرقاڵکرد. هەردوو کتێبی (نووسین و جیاوازی، لەمەڕ گراماتۆلۆژی) ئەو دوو دەستپێکردە سەرەتاییانەن کە ئەرکی ڕەخنە ئاڕاستەکردنە عەقڵی ڕۆژئاوایان ـ ئەڵبەتە ئەم ڕەخنەیە لەناوەوە ئاڕاستەی ئەم عەقڵە کراوە نەک لەدەرەوە وەک فۆکۆ ـ لەئەستۆ گرتووە. بایەخدانی دریدا بە بابەتی ئێتیک، کە لە ڕاستییدا لە ژێر کاریگەریی «لیڤانس» بووە، هەوڵدانێکی تر بووە لەماوەی ساڵانی هەشتاکانەوە بۆ قسەکردن لەسەر یاری ژیان و مەرگ وەک کردەیەکی بیر. سەیر لەوەدایە کە دریدا پێیوایە میتافیزیکی ڕۆژئاوا هەوڵێکە بۆ ڕزگاربوون لە مەرگ. بەڵام دریدا بەشێوەیەکی زۆر فەلسەفی دیاردەی مەرگ لە ناو ژیان دێنێتە دەرێ و لەتەک چێژدا ڕادیکالیسێرەی دەکا. ئەم جۆرە یارییەی دریدا لەتەک بیر دا دەیکا بریتی

یە لە جۆرێک لە ئینتەرتێکستوالیتێتی نووسین کە ئەمەش بەبێ هیچ گومانێک بریتی یە لە یارییەکی ئازاد و نیشانەیەکی بێ ڕێفرێنس. پاشان جۆراوجۆری ڕووناکبیریی دریدا (جگە لە ڕەچەڵەکە جووە ـ جەزائیر ـ پاریسییەکەی، سەرچاوە فکرییەکەشی گرینگی خۆی هەیە: نیچە، هۆسرل، سۆسێر، فرۆید و هێدگر) لەپشت ئەوەوەیە کە تەنێ خۆی بە پرسیارە کولتوورییەکانەوە سەرقاڵ نەکا.

هەر زوو فەلسەفەی دریدا خۆی وەک فەلسەفەیەکی ڕادیکالی شێوە ئەنتی سیستەماتیک دەرخست بەپێچەوانەی شەپۆلی فەلسەفەی بنەماخوازیی کە دەیویست زانینێکی نوبژێکتیڤی بخولقێنێ. کاتێکیش دریدا بەدووی ڕێگایەک دەگەڕێ بۆ هەڵوەشانەوەی بنەچەی میتافیزیکی دەربڕینی ڕۆژئاوا، ئەوا لەبری سیستەمی میتافیزیک واتای جیاوازی پێشنیار دەکا. ئەمە ئەگەر لەخانەی ئەشیاوەکانیشدا دانرێ بەڵام گرینگییەکە لەوەدایە کە ئەشیاو لە لێکسیکۆنی فەلسەفی دریدا دا شتێکی یۆتۆپی نییە.

ئەوی لەبارەی موغامەراتە فکرییەکانی دریدا وە دەکرێ بگوترێ ئەوەیە کە ئەو جۆرە فکرەی دریدا هەڵگریەتی لەلایەک تێماتیسێرەی وتاری زمانەوانی پاش بنەماخوازیی دەکا و لەلایەکی تر، پردێک لەنێوان پاش ـ بنەماخوازیی و پاش ـ تازەگەرییدا بونیاد دەنێ. ئەم پردەش پتر فەلسەفی یە. چونکە هەر زوو هەندێ لە لێکۆڵەرەوان لەبارەی تێگەیشتنی فەلسەفی دریدا باوەڕیان بەوە هێنا کە ئەو ڕەخنانەی دریدا ئاراستەی ئاگایی کرد لە هەردوو لەو کتێبەی لەبارەی هۆسرل ەوە نووسی سەرچاوەن بۆ دروست بوونی پاش ـ بنەماخوازیی. بۆیە خوێندنەوەی بیری پاش ـ بنەماخوازیی بەبێ خوێندنەوەی بیری دریدا لەگرفتدا دەبێ. بەڵام فەلسەفەکردنی دریدا بەسەر زمانەوە ڕوخسارێکی جیاوازی هەیە و لەژێر کاریگەریی نیچەشدا کاتێ کە بایەخ بە ڕەوانبێژی دەدا شێوازێکی تایبەت لە نووسین بەرهەمدێنێ. لای دریدا خودی نووسین هەروەک خودی خود گرینگی خۆی هەی. نووسین هەر ئەمە نییە، بەڵکوو داواشمان لێدەکا کە بۆ نووسین بچەمێینەوە. ئەمە سەرچاوە لە ئامۆژگارییەکی نیچەوە هەڵدەگرێ کە داوامان لێدەکا توانای سەماکردنمان بە چاو و بیر و وشە هەبێ. لە پێشەکی کتێبی (پۆست کارت) یشدا بە پرسیاری کێ بۆ کێ دەنووسێ؟ ئەوەمان بۆ یەکلادەکاتەوە کە تایبەتە بە مەسەلەی نووسین و کردەی گەیاندنی.

بەپێی ئەوی لەمەوبەر لەبارەی بیر یان بیریاریی دریداوە گوترا دەکرێ ئەوەی بخرێتە سەر کە بیری فەلسەفیی ئەم هەڵوەشێنەرە بنەمایەکی ڕەوانبێژی هەیە. ئەوەشی کردووە کە شیکردنەوە بۆ فەلسەفە ئەنجام بدا تا فەلسەفە لەسەر دەستی ئەبێ بەپیشەیەک بۆ خوێندنەوەی مێژووی خۆی. بەڵام لەگەڵ گشت ئەو هەوڵانەدا پێی ئاسان نییە بتوانین لەو پرسیارە دەربازبین کە بەم جۆرە دەست پێدەکا: لەکوێوە و لەگەڵ دەنگی کێ، زانین قسە دەکا؟

ستۆکهۆلم، دیسەمبەری ١٩٩٨

***

**سەرچاوەکان:**


1-Fredrik Nilsson, Ur sprickarna i spegelen: dekonstruktion Derrida och arkitektur, Arkus 1996.

2- Anders Olsson, Den okända texten Bonniers, Stockhom 1987.

3-Peter Kemp, Döden och maskinen. En introduktion till Jacques Derrida; Över: Ulf Eriksson Sympission, Stockholm 1987.

4-Vincent Descombes, Modern fransk filosofi 1932- 1978; Över: Gustaf Gimda, Röda Bokförlaget Göteberg 1987.

5- de Saussure, F: Kurs i allmän lingvistik, Lund 1970.

6-Giani Vattimo, Fredrich Nietzsche; Över: William Fovet, Daidalos 1997.

7-Zygmunt Bauman, Postmodern etik; Över: Sven - Erik Torhell, Daidalos 1995.

8-Hans - George Gadamer, Saningen och Metod; Över: Arne Melberg, Daidalos 1997.

9-Paul Ricoeur, Från text till handling Symposion, Stockholm 1988.

10-Paul Celan, Dikter, Ellerström 1985.

11-Paul Celan, Dikter, Fib 1972.

12-Carl G. Liungman, Semiotik Strukturalism, Simiologi Fria akademin 1981.

13-Mats Alvesson & Kaj Sköldberg, Tolkning och reflektion, Student litteratur 1994.

14- Göran Therborn, Frankfurt skolan; Över: Gunnar Sandin, Arkiv Göteborg 1976.

15-Jacques Derrida "Parergon", Res Publica 1989: 4.

16-Jacques Derrida "Brev till en japansk vän", ORD & BILD 1987: 2.

17-Jacques Derrida "Gensenslag", Kris 1982: 16.

18-En Intervju med Jacques Derrida, ORD & BILD 1998: 3.

19-Roland Barthes "Från verk till text", Kris 1984: 28.

20- Cornel West "Etik och handling, Fredric Jamesons marxistiska hermeneutik", Zenit 1987: 1-2.

21-Fredric Jameson "Eftertankar om Den plitiska omedvetna", Res Publica 1993: 24.

22- En Intervju med Fredric Jameson, Res Publica 1993: 24.

23- Jurgen Habermas "Retorikens regim", ORD & BILD 1987: 2.

24-En Intervju med Richard Rorty, Res Publica 1993: 24.

25-Luc Ferry "De tre epokerna, den moderne filosofi", ORD & BILD 1994: 1-2.

26-Claes Wahlim "Derrida, repris", Aftonbladet 04 12 1990.

27-Horace Engdahl "En,ntervju med Jacques Derrida", Expressen 24 02 1981.

28-Gunnar Brandell "Jacques Derrida och Sprikspelet", Svenska Dagbladet 2 03 1987.

29-Kjell Jonsson "Hundra år av hemlöshet - Nietzsche Heidegger Foucault Derrida - "i DN 17071986.

30-Anders Mortensen "Richard Rorty", Res Publica 1993: 24.

31-Anders Cullhed "Paul Celan, askans tecken", DN 22 11 1990.

32-Magnus Röhl "Derrida, Kris"i Tidskrift för littieratur 1985: 3.

33- Arne Melberg "Derridas språkologi", ORD & BILD 1994: 1/2.

34-Fredrik Agell "Derrida och talhandlings teorin", Fenix 1988:3/4.

35-Michael Randa "Derrida och tolknings rationalitet", Filosofisk Tidskrift 1993: 3.

36-Richard Beardsworth "Derrida and the political", ORD & BILD 1998: 6.

37-Catherine Sandbach - Dahlström "Dekonstruktion och Feminism", Häften för Kritiska Studier 1988:1.

38-Johen Dahlbäck "Dekonstruktion och Demokrti", Res Publica 1992. 21.

39- Daniel Birnbaum "Tankar om jaget efter Dekonstruktionen", ORD & BILD 1992: 2.

40-Mikael Van Reis "Tidens tecken - Modernitetens dekonstruktion", Res Publica 1987: 8.

41-Soren Schou "Fra 68 - oproret till decunstruction", Tidskrift för litteraturvetenskap 1990: 4.

42-Walter Benjamin "Översättarens uppgift", Res Publica 1989: 12 / 13.

43-Karl Eric Lagerlöf "Paul Celan och Derrida", DN 28 01 1988.

44-Erik Van der Heeg"Derridas Parergon. Kant och det sublima", Res Publica 1989:14.

45-Leo Gulbring "Konstruktion - Dekonstruktion - Rekonstruktion", SDS 21 08

# قەڵەم و شمشێر

حەمە سەعید حەسەن

**کۆنەقین**

هەمــوو ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگاداری بەســەرهاتەکانی کوردســتانن و تێیاندا ژیاون، سەرنجی خۆیان بە هەر شێوەیەک لەسەر بیرەوەرییەکانی نەوشــیروان مــســتەفــا ئەمین دەربڕیبێ، لەســەر ئەوە کۆک و تەبان، دەستپاکانە مامەڵەی لەتەک ڕووداوەکاندا نەکردووە، کە دێتە سەر باسی نووسەری ئەم دێڕانەیش هەر هەمــان ڕێســای ڕاســتیی نەگوتنی ڕەچاو کردووە.

نووسەر دەڵێ: «حەمەسەعید حەسەن خۆی بە نووسەر و شاعیر و ڕەخنەگر دائەنا.(١)

لە کۆتایی ســاڵی ١٩٨٢ دا، نامــەیەکی نەوشــیروانم لە ڕێی شــێرکــۆ عــەبدوڵلاوە کە لە سەروەختی ئەنفالەکاندا شەهید بوو، پێ گەیشت، تێــیــدا بۆی نووســیــبــووم: (چالاکــیــیــەکــانی تۆ لە شــاردا ئەگــەر لە چالاکییەکانی پێشمەرگە شۆڕشگێڕانەتر نەبن، ئەوا لای کەم لە هەمان ئاســتــدان.... من و برایانی تری مــەکــتــەبی ســیــاسی ی. ن. ک، نووســینەکــەتمان: «پاڵەوان و ڕووداو لە چیــرۆکی کــوردیدا» لە گــۆڤــاری ***کاروان***دا خــوێندەوە، گــەلێ شــتی لێــوە فــێــر بووین.) بەهاری ١٩٨٣ یش پێی گوتم: «ئێمە هەرگیز ئەوەمان لە یاد ناچێ، کە تۆ لە شارەوە شیعرت بۆ شەهید ئارام گوتووە و بە ناوی خۆیشتەوە بڵاوت کردۆتەوە».

کە «مام جەلال»یشم بینی، گوتی: «ئێمە لەم شاخە هەستمان بە تەنیایی دەکــرد، تۆ بەو هۆنراوەیەی لە سلێــمــانی بەهاری ١٩٧٩ لە مــیــهــرەجانی دووەمی شیعری کوردیدا خوێندتەوە، تەمی تەنیاییت ڕەواندینەوە و وردت بەرز کردینەوە».

دەزگــای ڕاگــەیاندنی ینــک «چاپخــانەی شــەهیــد ئیــبراهیم عــەزۆ» ســاڵی ١٩٨٣ لە ماوەی چوار مانگدا ئەم دوو کتێبەی: یەکێتی نووسەرانی کورد چی بەســەرهات؟ و ئایا شــێــوە لە ناوەڕۆک گــرینگتــرە؟ بۆ چاپ کــردم. لە ســەرەتای ١٩٨٤ دا چەند نووســەرێــک: «مــحــەمــەد حــەمەباقی، شــێــرکــۆ بێکەس، مســتــەفــا ساڵح کــەریم، تایەر ساڵح ســەعــیــد، عــەبدوڵلا عــەزیز خــالد، ڕەئووف بێگەرد و مــحــەمــەد نووری تۆفــیــق» کــتــێــبــێکیــان بە ناونیشــانی: «یەکێتی نووسەرانی کورد لە نێوان ڕاستی و درۆنامەدا» لە وەڵامی مندا کە نەوشیروان پێشەکی بۆ نووسیبوو، بڵاو کردەوە. کە نە نووسەر بووم و نە هیچ، ئەدی ئەو گەلەکۆمەکێیەی بۆ چی بوو؟

پێشــەکــیــەکــەی لەســەر خــواست و بۆ بەرژەوەندیی ئەو نووســەرانە، دژی نووســەری ئەم باسە نووسیبــوو. لەوساوە وەڵامم داوەتەوە، زێتــر غــەزەبی لێ گــرتووم. ئاخر ئەو چونکە هەزاران چەکــداری بە دواوە بوو، چاوەڕێی ئەوەی نەدەکــرد، ملمــلانێی لەگــەڵدا بکەم، پێی وابوو، لە بەری هەڵدێم.(٢)

جیــاوازیی نێــوان من و ئەو نووســەرانە ئەوە بوو: ئەوان پێــویســتیــان بە پشــتگیــریی سکرتێــری کۆمــەڵە هەبوو، وەڵێ بنووسی ئەم باسە چونکە هەڵوێســتی لاواز نەبوو، پێــویســتی بە هێــزی کــەس نەبوو. کە وەڵامی ئەو کــتــێــبــەی ئەو چەند نووســەرەم دایەوە، نەوشــیــروان پێی گــوتم: چونکە ڕەخنەت لە منــیش گـــرتووە، دژی ئەوەم ینــک بــۆت چاپ بکــا. دواتر فەرەیدوون عەبدولقادر بە ناوی مەکتەبی سیاسی «ینک»دوە نامەیەکی بۆ هەناردم، کــە تێــیــدا دەڵــێ: «لەم قــۆناغــە ناسکەدا کــە لەشکری تورکــیــا هاتۆتە کوردستانی عێراقەوە، گرینگ دابینکردنی تەبایی ڕیزەکانی گەلە و کــتــێــبــەکــەی تۆش خــزمــەت بەو ئامــانجــە ناکــا». ینک کــە هەر لە سەرهەڵدانییەوە تا ئەو وەختــە، هەر خەریکی دووبەرەکی نانەوە بوو، لە بەختی کەچی ئەو کتێبەی من، کەوتە لێدانی باڵۆرەی یەکێتی ڕیزەکانی گەل!

کە سەبارەت بە سی و یەکی ئاب، بە ساتیریک هاتمە وەڵام، لە ئۆرگانی یەکێتیدا، پێیان گوتم: «حەمەسەعید حەسەن ڕووناکبیرێکی بە توانایە، مــەعــدەنی پاکــە ... خــاوەنی شــیــعــری جــوان و هەڵوێســتی نیشتمانپەروەرانەیە. خۆزیا هەموو ڕووناکبیرانی کورد ئاوا جوامێر و بە هەڵوێستبوونایە».(٣)

لە ٤/ ١٠/ ٢٠٠٠ دا لە کــورتەنووســینێکدا، بە ناونیــشــانی: تاوان و تابوو، بە «ینک»م گوت: «کە پێمیمی لایەنێکی دیکە دەکوژن، لای کەم بە لاشەی لە گۆڕەپانی شەڕدا بەجێماوی مەڵێن: کەلاک، ئاخر کەلاک بۆ جەســتــەی مــردارەوەبووی ئاژەڵ بە کــار دێ». هەر کــە ئەو نووســینەیان پێگەیشت، لە ٥/ ١٠/ ٢٠٠٠ ەوە وازیان لە بەکــارهێنانی ئەو دەربڕینە هێنا، ئەگــەرچی بیــســت ســاڵێ بوو، هەر «کــەلاک»یان بە تەرمی پێشمەرگەی نەیاریان دەگوت.

کە ئەمانە هەڵوێست و بیروڕای خودی نەوشیــروان و جەلال تاڵەبانی و ئۆرگانی یەکێتی بن بەرامبەرم و تەنانەت فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی



حەمە سەعید حەسەن

ینک، لەبەر ڕۆشنایی قسەی مندا چۆنێتی دارشتنی بەلاغەکانی بگۆڕێ، نیدی ئەگەر نووسەر نیم، ئەوە چییە وای لەوان کردووە، پەسنم بدەن و ڕێز لە قسەم بگرن.

٢٣ی ئەپریلی ١٩٩٦ ، ینک، «عەباس شوان»ی سەرنووسەری گۆڤاری *ئەدەبی کرێکاری*ی لەسەر نووسێنکم، کە بلاوی کردبووەوە، لە «ئەمنە سەوزەکە» توند کرد و دوازدە ڕۆژ لە زینداندا هێشتییەوە.(٤)

لە ١٩٩٦/٧/١٥ دا ئاسایشی ینک، «یەکێتی کرێکارانی کۆمۆنیست»ی ناچار کرد، بەیاننامەیەک دژم بلاو بکاتەوە و تێیدا لەژێر گوشاردا بنووسێ: «حەمەسەعید حەسەن لەسەر حیسابی برسیکردنی سەدان هەزار کرێکاری کوردستان، دۆلار لە بانکەکانی ئەورووپادا کەڵەکە دەکا». ئەگەرچی بژێوی خۆم بە «وەو وەو وەو»(٥) پەیدا دەکەم. ئەگەر ڕەخنەم «ینک»ی تووشی ژانەسەر نەدەکرد، ئەو پەرچەکردارانەی لە چی؟

ئەوە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی گشتیی یەکێتیی نووسەرانی کورد بوون، کە نووسەری ئەم دێڕانە یەکێکیان بوو، بڕیاریان دەدا، کێ بە ئەندامی نووسەران وەربگیرێ و کێ نا. بەرنامەی «ئەدەبی بەرگری»یش کە لە ڕادیۆی «ینک»ەوە پەخش دەکرا و زمانحاڵی نووسەرانی چیا بوو، نووسەری ئەم باسە دەینووسی. بە ڕاست نەوشیروان مافی ئەوەی هەیە ناسنامەی نووسەربوون بەم بدات و لەوی وەربگرێتەوە؟

نووسەر لە کتێبی میرایەتی باباندا، کە دێتە سەر لێکدانەوەی شیعرەکانی سالم، دەبێژێ: «من لە لایەنی ئەدەبی نادوێم».(٦) ئەوێک کە شارەزای ئەدەب نییە و نکارێ لێی بدوێ، چاکتر وابوو قسە لە ئەدیببوون یان نەبوونی ئەم و ئەو نەکا. ئەم نەشارەزاییەی ئەو لە ئەدەبدا، وامان لێ دەکا، گومان لەو قسەیەشی بکەین کە دەڵێ: «فەرهاد شاکەلی داوای لێ کردم، پێشەکی بۆ دیوانی بنووسم».(٧)

نووسەر کە دێتە سەر باسی «ئاژاوەی ناو ئەدیبان»یش،(٨) هیچی ڕاست ناڵێ. لەوەدا کە نووسەرانی کورد ببنە ئەندامی نووسەرانی بەعس یان نا، ینک نووسەرانی نەک هەر سەرپشک نەکردبوو، بەڵکوو ڕێکخراوی سلێمانیی یەکێتی سەرو هەڕەشەنامەی مۆرکراوی کردە سەر هەموو ئەو نووسەرانەی سەریان بۆ بەعس نەوی نەکردبوو، تێیدا داوای لێ دەکردن ببنە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی عێراق.

ئەرسەلان بایێز کە بەرپرسی ڕاگەیاندن بوو، بە ئامادەیی جەبار فەرمان لە هەڵەدن، هاوینی ١٩٨٣ پێی گوتم: «کتێبەکەت: یەکێتی نووسەرانی کورد چی بەسەر هات؟ لە ژێر چاپدا بوو، لەسەر داوای نەوشیروان ڕامانگرت». نیدی کە چەند ڕۆژێ دواتر لە خەتێ جەلال تاڵەبانیم بینی، نامەیەکی بۆ ئەرسەلان بایێز نووسی و پێی گوتم: «بڕۆ هەر ئێستا ئەم نامەیەی لە بێتەلی مەڵبەندی چوارەوە بۆ بخوێنەوە، بۆ ئەوەی تا دەگەیتەوە هەڵەدن کتێبەکەت چاپ کرابێ». نامەکەم بە ئامادەیی د. کەمال خۆشناو بە بێتەل بۆ ئەرسەلان خوێندەوە، کە گەیشتمەوە هەڵەدن، کتێبەکە چاپ کرابوو. ئەو چیرۆکەی نەوشیروان لە بارەی چاپی ئەو کتێبەوە، دەگێڕێتەوە،(٩) بەرهەمی خەیاڵی خۆیەتی. ئەوەیشی گوایە (لە ڕێی «حشع»ەوە خۆم گەیاندۆتە سوێد،)(١٠) فڕی بەسەر ڕاستییەوە نییە و ئەگەر خۆی هەڵینەبەستبێ، ئەوا بە هەڵەیاندا بردووە.(١١)

ئەگەرچی نەوشیروان جنێوی پێ داوم،(١٢) وەلێ من ئەو هەلومەرجە دژوارەی ئەوی پێدا تێپەڕیوە، ڕەچاو دەکەم و وەڵامی جنێوەکانی نادەمەوە، چونکە دڵنیام ئەویش لە بنەڕەتەوە مرۆڤێکی چاک بووە، ئەوە بارودۆخە خراپەکانە، خراپ کاریان تێکردووە. من هیچی تایبەتیم لەگەڵ ئەودا نییە و ڕێزیشم بۆ هەموو ماندووبووان و خۆبەختکردووە دڵسۆز و ڕابردوو خاوێنەکانی ڕیزەکانی ینک، ئەوانەی دەستیان نەچۆتە خوێنی تێکۆشەرانی لایەنەکانی دیکە، هەیە. دەڵێن جەلال تاڵەبانی بە یەکێ لە هاوکارەکانی گوتووە، کە لەگەڵ مندا بەم لا و بەو لادا دێی، بیرت نەچی پێشەکی هەندێ بەرد بخە گیرفانەکانتەوە. خۆزگە بە نەوشیروانیشی گوتبا: زارت خاوێن بکەوە، ئەوسا بنووسە.

## ئەهلی شمشێر

لە بزووتنەوەی کوردیدا، گەلێ میرغەزەب هەڵکەوتوون، بەڵام هیچیان بە تۆزی پێی نەوشیرواندا نەگەیشتوون. ئەوە ئەو بوو لە ئایاری ١٩٨٣ دا، قەسابخانەی بۆ لایەنەکانی «جود» ساز کرد. کە داوای لە چەکدارەکانی دەکرد، پەرێزیان خاوێن بێ، مەبەستی ئەوە بوو: دیلەکانیش بکوژن!(١٣) نەوشیروان زۆر بەوە نیگەران بوو، کە ئەو خۆی سەری «جود»ی پان کردەوە، وەلێ مەلا بەختیار پەڕ و باڵی نەکردن، هەر لەبەر ئەم هۆکارەیش بوو، غەزەبی لێ گرت.

جەمالی ئەحە خورشە، برای هونەرمەند جەلال کۆچەر، کە بە فەرمانی ئەو، ئاداری ١٩٧٠ نارنجۆکێکی فڕێدایە ناو ئاهەنگی کچانی دواناوەندیی سلێمانییەوە و پێنجی لێ بریندار کردن، لە سەنتەری سلێمانی لە سێدارە درا و نەوشیروانیش لە بەغداوە، وەک بەرزەکی بانان، لە ڕێی نازم گزاری بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتییەوە، بەرەو قاهیرە و دواتر نەمسا بۆی دەرچوو.(١٤) وریای وەهابی نەقشار، بە نامەی ئەو، لە سلێمانی چەند کەسێکی تیرۆر کرد، وەک نووری حەمە عەلی و عەبدوولی سۆران، هەوڵی تیرۆرکردنی بێستوونی مەلا عومەریشی دابوو، بەڵام بۆی جێبەجێ نەکرا. وریا لە شاخ بە بێستوونی گوتبوو: «ئەوە من بووم لەسەر خواستی سکرتێری کۆمەڵە تەقەم لێ کردی، نەک ئاسایشی ڕژێم، وەک بۆی چوو بووی».

نەوشیروان بۆ ئەوەی دەستەکەی بە تەواوی نەکەوێتە ڕوو، پاییزی ١٩٨٣ ڕایسپارد وریایان تێرۆر کرد و لە کۆنفرانسی سێی کۆمەڵەیشدا گوتی: «وریا نهێنییەکانی کۆمەڵەی بە دوژمنانی ئێمە داوە، ئەگەر زیندوویش

ببینتەوە، سەد جاری تری دەتۆپێنمەوە».(15)

نووسەر داوای لە وریا کردبوو، فوئادی مەجید میسری ش تیرۆر بکا، ئەویش بە فوئادی گوتبوو: من ناتکوژم، بەڵام یەکێکی تری دەست دەکەوێ، دەستی تێت بچێ. ئەمەیش یەکێ بوو لەو نهێنییانەی کۆمەڵە کە وریا درکاندبووی. فوئاد ناچار نامەیەکی لە ڕێی نووسەری ئەم دێڕانەوە، بەو مەبەستەی لە خۆڕایی نەیکوژن، بۆ نەوشیروان نارد.

بەهاری ١٩٨٣ کە جەمال تایەرم بینی و ئەو باسەم لەگەڵدا کردەوە، گوتی: «ڕاستە ئێمە نیازی کوشتنی فوئادمان هەبووە، باش بوو، زوو زانیمان بە هەڵەدا چوو بووین، ئەگەرنا هەنووکە کوژرا بوو». بەڵام نەوشیروان خۆی پێی گوتم: «ئێمە هەرگیز دەستمان ناچێتە خوێنی هیچ نووسەرێ، ئەگەرچی فوئاد، لە هەلومەرجێکی زۆر ناسکیشدا بەجێی هێشتین».

من وریام دەناسی، هەفتەیەک پێش ئەوەی تیرۆر بکرێ، لە (سەرگەڵوو) کە ئەو ڕۆژە پێشمەرگەی زۆر لێ بوو، بینیم، دوای چاک و چۆنی یەکسەر پێی گوتم: «چی زووترە، برۆ و لەم ناوە مەوەستە». نازانم دەیویست لەگەڵ ئەودا نەمبینن، یان لەوە دەترسا، هەر لەوێدا پەلاماری بدەن و منیش بەر بکەوم. ئاخر هیچ گومانی لەوە نەبوو، کە دەیکوژن. کە وریایان لەتوپەت کرد، براکەیشیان کە پێشمەرگەی یەکێتی بوو، فڕێ دایە ئەو زیندانەی (بەرگەڵوو)ەوە، کە نەوشیروان وا بە شان و باڵیدا هەڵدەدا، دەڵێی باسی ئوتێلی پێنج ئەستێرە دەکا.(16)

## ناپاکی دێرین و کۆنەشیوعی

نەوشیروان دەنووسێ: «مەلا مستەفا چەند نەریتێکی دزێوی لە جوڵانەوەی کوردا داهێنا، وەکوو:

ـ پەنا بردن بۆ چەک بۆ بەلادا خستنی ناکۆکی سیاسی.
ـ پەنا بردن بۆ دوژمن بۆ بەلادا خستنی ململانێی دەسەڵات.
ـ کوشتنی نەیاری سیاسی.
ـ لە باتی گفتوگۆی سیاسی، شەڕە جنێوی ناشیرین».(17)

نووسەر خۆی لە هەموو ئەو بوارە دزێوانەدا، هێندە زێدەڕۆیی کردووە، ئەوەندە داهێنانی تۆمار کردووە، مەلا مستەفا لە چاو ئەودا، بە حەوت ئاو شۆردراوەتەوە.

بەشی هەرە گرینگی دیرۆکی یەکێتی بریتی یە لە: شەڕی براکوژی، هانا بردن بۆ دوژمنان و داگیرکەرانی هەموو پارچەکانی کوردستان، بە مەبەستی یەکلاییکردنەوەی کێشەکان لەگەڵ لایەنە کوردییەکاندا، تیرۆرکردنی نەیارە سیاسی و تەنانەت دوژمنە تایبەتییەکانیش. لە بواری شەڕەجنێویشدا، یەکێتی ڕووی هەموو لایەنەکانی سپی کردۆتەوە و خودی نەوشیروان داهێنەری زۆربەی جنێوە باوەکانی نێو میدیای یەکێتی یە. هەرچی نەریتی دزێوی نێو بزووتنەوەی کوردە، جەلالی دایهناوە و یەکێتی پەرەی پێداوە.

ئەحمەد بانیخێلانی دەڵێ: «ینک داهێنەر و پەرەپێدەری زمانێکی بازاڕیی نزم و چرووکە، زمانێ کە نەوەیەکی جنێوفرۆش و دەمشڕ بەرهەم دێنێت».(18)

نەوشیروان لە وەڵامی بانیخێلانیدا دەنووسێ: «کۆنە شیوعی بۆی نییە دەم لە کوردایەتییەوە بدات».(19)

وا پێ دەچێ خۆی بە سەرۆکی دەزگای کوردایەتی بزانێ و پێی وابێ مافی ئەوەی هەیە، بۆ باس لە کوردایەتی کردن، ڕێ بە فلان بدات و بە فیساری نەدات، بەڵام شتێکی ڕوون نەکردۆتەوە، ئایا ناپاکی دێرین دەتوانێ بە لفکەی قسەی زل ڕابردووی پۆخڵ خاوێن بکاتەوە؟

لە ڕوانگەی نەوشیروانەوە، یەکێ لە خەوشەکانی بانیخێلانی ئەوەیە: «چەکی بۆ ڕژێم هەڵگرتووە».(20)

حشع، یەکساڵ(١٩٧٤ـ ١٩٧٥) چەکی بۆ یەک ڕژێم هەڵگرت، بەڵام ئەو باڵەی بزووتنەوەی کوردایەتی کە بە جەلالی بەناوبانگە، چەند ساڵێک چەکی بۆ چەند ڕژێمێک هەڵگرتووە! حشع هاوپەیمانی بەعس بوو، وەلێ جەلالییەکان لای ڕژێم غەیرەنیزامی بوون. سەید کاکە دەڵێ: «جەلالییەکانی بەکرەجۆیش وەک جاشەکانی چەرمەگا، تفەنگی پەڕەشووتیان وەرگرت».(21)

نەوشیروان خەریکی نووسینەوەی مێژووە و کەچی دیرۆکی ژیانی خۆی لە بیر چۆتەوە! وێڕای ئەمانە، هەر خۆی دەبێژێ: «جاش و موستەشاری کۆن لە ناو یەکێتیدا هەیە».(22) حشع کە تاقە ساڵێ دژی مەلایی چەکی هەڵگرت، دەبوو لە کن نەوشیروانی جەلالی، ئەو هەڵوێستە جێگەی ئافەرین بێ، نەک سەرکۆنە. ئەدی لە بیری نەماوە، هەر خودی خۆی ساڵی ١٩٦٩ لە ***ڕزگاری***دا داوای لە حشع دەکرد، سەنگەری مەلایی بەجێ بهێڵن و سەنگەری بەعس هەڵبژێرن.

کە حشع لە شۆڕشی ئەیلوولدا هاوسەنگەری بارزانی بوو، نووسەر لە سەنگەری ڕژێمەوە، لە گۆڤاری ***ڕزگاری***دا ئەم قەوانەی لێ دەدا: «لێنین فەرزی کردووە کە حشع خەبات دژی بزووتنەوە عەشائیرییەکەی بارزانی بکات، کە نۆکەر و بەکرێگیراوی ئیمپریالیزمە».(23) سەبارەت بەوەیشی کە ١٩٧٤ حشع کەوتە سەنگەری دژایەتیکردنی بزووتنەوەکەی بارزانییەوە، نووسەر تاوانی چەک بۆ ڕژێم هەڵگرتن دەداتە پاڵ ئەو حیزبە! حشع دۆستی بارزانی بێ، ئەو ڕازی نییە. دوژمنیشی بێ هەر قایل نییە! ئەدی چار چییە! ئایا لە پای چی خۆی بۆی هەیە چەک دژی بارزانی هەڵبگرێ، وەلێ خەڵکی دیکە بۆیان نییە؟

## ماڵ لە شووشە

ینک خاوەنی ڕابردوویەکی هێندە تەڵخە، لە هەر بوارێکدا، سەرکۆنەی هەر کەس و لایەنێ بکا، دووچاری هەمان وەڵام دەبێتەوە: «ینک دوا لایەنە خۆی لەو باسە بدات». کە ینک ویستی خۆپیشاندانی خەڵکی زاخۆ بقۆزێتەوە، پارتی پێی گوت: «لایەنێ لە سەنتەری زاخۆدا و لە ناو ئاپۆرەی خەڵکدا، تی ئێن تی تەقاندبێتەوە، مافی ئەوەی نییە، فرمێسکی درۆزنانە بۆ خەڵکی زاخۆ بباڕێنێ».(24)

لە بواری چەک بۆ داگیرکەر هەڵگرتندا، هیچ لایەنێ هێندەی یەکێتی پەرێزی پۆخڵ نییە. لە شەڕی کوردکوژیدا، هیچ حیزبێ، هێندەی یەکێتی دەستی خوێناوی نییە. لە هانا بۆ دوژمن برندا، هیچ گرووپێ هێندەی یەکێتی دیرۆکی ڕەش نییە. لە هەردوو بواری تیرۆری سیاسی و دیل کوشتندا، بە هەموو لایەنە کوردییەکان، نیو هێندەی یەکێتییان نەکردووە.

لە بواری شەللاتی و سەرسەری لە دەوری خۆ خڕکردنەوەیشدا، شانی هیچ لایەنێ ناگاتە داوێنی یەکێتی، هەر بۆیە لە مێژە ینک تاکە شاسواری بێ ڕیڤالی[1] گۆڕەپانی شەڕەجنێوە و داڵی تازەترین جنێویش هەمیشە لە میدیای یەکێتییەوە لە شەقەقەی باڵی داوە. نەوشیروان دەنووسێ: «لایەنەکانی جود لە ئێرانەوە ئەودڕین».(25) یان: «ئاڵای شۆڕش دووڕوویی و دووزمانییان کردبوو بە پیشە[2]»(26)، کەچی مەلا مستەفای

پێ جنێوفرۆشه.

نووسەر دەڵێ: «محەمەدی مەلا قادر، کابرایەکی کوێرەمووشەی چاو کوتوکوێر بوو». (٢٧) جا چ قەیدی، خۆ تەها حسێن نابینا بوو، کەچی بەرچاوی خەڵکی ڕۆشن دەکردەوە. هیتلەریش هەرچی کەمئەندام بووایە، بە ئینسانی نەدەزانی.

بۆیە بۆ ئەوی ماڵ لە شووشە، وا چاکترە، چی زووترە، قۆچەقانی دابنێ و لەبری بیرەوەریی نووسینەوە، وەک ئەو سەربازە ئەمریکاییانەی بەشداری قەلاچۆکردنی ڤێتنامییەکانیان کردبوو، بۆ سڕکردنی ئازاری ویژدانی، پەنا بۆ بادانی سەری شووشە ببات.[٣]

خەڵکی بۆیان نییە چەک بۆ ڕژێم هەڵبگرن، بەڵام ئەوشیروان بۆی هەیە. خەڵکی دەبێ زاریان خاوێن بێ، وەلێ ئەو دەتوانێ جنێو ببەخشێتەوە. ئەوەی نوێ دەبێ، پەند لە ئەزموونی تاڵی ڕابردوو وەربگرێ، (٢٨) بەڵام خۆی بۆی هەیە قارەمانی بێوێنەی شەڕی براکوژی بێ. بە ڕاست ئەمە چ لۆگیکێکە!

نووسەر بە بانیخێلانی دەڵێ: تازەکی بەم ئاخری پیرییەوە باسی کوردایەتی دەکەی؟ «تازە دەچی بۆ بەسرە؟» (٢٩)

هەندێ لە سەماکەرە میسرییەکان، تا بینەریان هەبێ، سمت و کەفەڵ با دەدەن، کە لەشکری چرچ و لۆچ ڕووخساری داگیر کردن، با دەدەنەوە و ڕوو دەکەنە قاپیی یەزدان. ئەوشیروانیش تا گوڕی تێدا بوو، تا توانای شکاندنی هەر چوار پەنجەکەی تری هەبوو، تا یەکێتی باڵادەست بوو، شاسواری گۆڕەپانی براکوژی بوو، ئێستا کە پەکی کەوتووە، دژی براکوژی دەپەیڤێ. تازە دەچێ بۆ بەسرە!

نووسەر پێی وایە «کوردی ئەورووپا جنێوفرۆشن»، (٣٠) پیرەمێرد کە وەفدی کوردستان بە «میللەت فرۆشان» لە قەڵەم دەدات و «گۆران»یش کە وەک «دەنی و قازانج پەرست» ناویان دەبا، ئایا ئەو دوو شاعیرە جنێوفرۆش بوون، یان وەفدەکە میللەت و خۆفرۆش بوون؟ خۆزگە سەرانی شۆڕشی نوێیش جنێوفرۆش دەبوون، نەک ولاتفرۆش. بریا ئەوشیروانیش تەنیا خوای جنێو با، نەک قارەمانی شەڕی براکوژییش. بریا ئەویش تیرووپڕ جنێوی بە دیلەکان دابا و نەیکوشتبان. ئاخۆ بە لای کەسێکەوە کە بە ناڕەوا ژیانی لە دەیان کەس زەوت کردبێ، جنێو دەکەوێتە خانەی سووک سەرنجدانی ئینسانەوە؟ گەورەترین سووکایەتی بە ئینسان بکرێ، زەوتکردنی مافی ژیانە لێی. بریا ئەویش سەرو نامەی پڕ جنێوی بۆ قوربانییەکانی ناردبا و نەیکوشتبان. ئایا دیلکوژ، تیرۆریست، ڕەشەکوژ و براکوژ مافی ئەوەی هەیە ڕەخنە لە زبریی زمانی نووسین بگرێ؟ بریا ئەویش هەر زمانی جوێناوی با، نەک دەستیشی خوێناوی.

جنێوفرۆشە هەرە بەناوبانگەکانی نێوان کوردی ئەورووپا، کادرە هەرە چالاکەکانی یەکێتین. ینک لە ستۆکهۆڵم ڕادیۆیەکی هەیە، هەفتەی دوو سەعاتە. لەو ئێزگەیەوە کە خۆشبەختانە تەنیا دەگاتە هەندێ گەڕەکی ئەو شارە، هێندە جنێو بلاوکراوەتەوە، ئەگەر کۆ بکرێنەوە، بارێکن. بریا کادرانی ئەورووپای ینک هەر جنێویان دابا، ئاخر لە بواری جڕت لێدانیشدا شای جڕتلێدەران بە سەپان ڕاناگرن. کە فازیل جاف، ١٩٨٧ شانۆگەریی «گێژەن»ی لە سوێد پێشکەش کرد، ڕێکخراوی ینک لە سوێد وێڕای ئەوەی سێپتەمبەری ١٩٨٧ جنێونامەیەکیان لە دژی، بە ناوی کۆمەڵەی خوێندکاران، «ئەکسا»وە بلاوکردەوە، لە ڕێی تەلەفۆنەوە کەوتنە جڕت لێدانیش بۆ ئەو هونەرمەندە.

یەکێتی لەو بەیانەیدا ئەم جنێوانەی بەو هونەرمەندانەی بەشداری ئەو شانۆگەرییەیان کردبوو، داوە: «جاش هونەرمەند، بەرەڵا، بەعسی، خۆفرۆش، چڵکاوخۆری ڕژێم، خائین و قارەمانەکانی ینک بە پێڵاوەکانیان سەری هەزارەها خۆفرۆشی وەک فازیل جاف دەشێلن».

فازیل جاف دەڵێ: «دوو سێ ڕۆژ پێش ئەوەی شانۆگەرییەکە، لە ئوپسالا بۆ جاری دووەم پێشکەش بکەین، ڕەسووڵ ناوێک، بە ناوی کۆمیتەی ڕێکخستنی ینکەوە لە سوێد، بە هەڕەشەوە پێی گوتین: ئەگەر شانۆگەرییەکەتان بە هەمان ناوەڕۆکەوە پێشکەش بکەنەوە، ڕەنگە شەڕەچەقۆی تێدا بەرپا ببێت». (٣١)

لە دیسەمبەری ١٩٩٤دا، کاتێ ڕادیۆی ئاشتی لە ستۆکهۆڵم، چاوپێکەوتنی لەتەک نووسەری ئەم باسەدا دەکرد، ئەندامێکی چالاکی یەکێتی، کە گوێگران پێیان وابوو سەرمای بووە ـ ئاخر زستانەکەی زۆر سەخت بوو ـ، بە تەلەفۆن هاتە سەر ئەنێتن و جڕتێکی لێ دا. لە ڕوانگەی فازیل جافەوە ئەم جڕت بۆ خەڵکی لێدانە، پێوەندی بە ئاووهەوای سوێدەوە نییە، بەڵکوو «شێوازێکی نوێیە لە شێوازەکانی خەباتی سیاسی و یەکێتی دایهێناوە». (٣٢)

کۆمیتەی ڕێکخستنی سوێدی ینک لە بەهاری ١٩٩٧ دا ڕادیۆی «پەنجەرە»ی دایە بەر ڕێژنەی جنێو و لە بەهاری ١٩٩٨ یشدا پەلاماری دوکتۆر «مەحموود عوسمان»ی دا، ئەگەرچی ئەو زاتە گەلێ جار وەک هەوادارێکی ینک دەپەیڤێ.

بەردەوام لە میدیای یەکێتییەوە جنێو بلاو دەکرێتەوە. ینک بە خۆی ڕەوا دەبینێ جنێو بە نەیارانی بدات، وەلێ کە نەیارانی ڕەخنەی لێ دەگرن، بە جنێوفرۆشیان نێوزەد دەکا. «مامۆستای هونەری خۆ چەمانەوەن». (٣٣)

سیسارکە کەچەڵەی ئەم جنێوە لە زاری «بەختیار عەلی»ی ڕۆشنبیردوە هەڵفڕیوە و لە ئۆرگانی یەکێتییەوە، بە هەندێ نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەوانی داوە. ئاخۆ جنێوی چەقۆکێشەکانی نێو یەکێتی چەند مزرتر بێ! دیارە ئەوشیروان وەک بەرخانەقاپییەک[٤] لە مەبەستی دیوی ناوەوەی چەمانەوە، باش تێدەگات. بریا ئەوی خۆی بە حەکیم دەزانێ، سەرەتا سەری خۆی تیمار دەکرد.

***ڕۆژنامەنووس***، کە یەکێکە لە بلاوکراوەکانی ینک و لە سلێمانی دەردەچێ، تایبەتە بە شەڕەجنێو. غەیری جنێو هیچ بابەتێکی دیکە بلاو ناکاتەوە. تەنانەت ئەو شەللاتییانەشی کە پێستی ڕوویان قایشە، بە خوێندنەوەی، زەنگۆڵ زەنگۆڵ عارەقی شەرمەزاری بە ڕووخساریاندا دێتە خوارەوە. ئەوەندە نزمە، نە ناوی ڕاستەقینەی دەستەی جنێوفرۆشانی پێوەیە، نە هیچ کام لە جنێونووسەکانی لە ڕوویان هەڵدێت، ناوی ڕاستەقینەی خۆیان ئاشکرا بکەن.

ئەم شەڕی براکوژییەی کە ئێمە بە تاوان و ناپاکیی دەزانین، لای یەکێتی مێژوویەکی پرشنگدارە و جێگەی شانازی یە. مەلا بەختیار کە باسی شەڕی نێوان خۆیان و حسک دەکا، بە شانازی و خۆهەڵکێشانەوە دەڵێ: «دوو مەیتمان لێ خستن و قووچاندیان.» (٣٤) ئایا قووچاندیان، دەربڕینێکی باوی نێوان چەقۆکێشەکان نییە؟ یان دەبێژێ: «مەسعوود بارزانی تاو نا تاوێ لا دەدا و بای دەدا». (٣٥) ئایا لادان و بادان، لە فەرمایشتی فەرماندەی سیاسی دەچێ، یان لە قسەی سەر زاری هامشۆکەرانی هەمیشەیی گەڕەکی بەزم؟[٥] مەلا بەختیار چەندین ساڵە، لە چەندین بواردا، دەیەوێ ئەوشیروان بۆڕ بدات، بەڵام لەو ڕکەبەرایەتییە درێژخایەنە فرەلایەنییەدا، هێشتا لە هیچ بوارێکیاندا، پێشی نەکەوتووە، تەنانەت لە شەڕەجنێویشدا، هەمیشە زاری ئەم لە هی ئەو خاوێنتر بووە.

شەوکەتی حاجی موشیر، هاوینی ١٩٩٤ سەبارەت بە شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی، دەڵێ: «جێی شانازیە کە ینک ئەو شەرەفەی پێ دام، بەشداری لەو شەڕەدا بکەم».[٣٦] مەلا بەختیار و مام ڕۆستەمیش هەر هەمان هەستیان هەبوو. ئایا خەڵکی کورد بە هەڵەدا نەچوو بوو، کە ئومێدی بە پەرلەمانێ هەبوو، بەشێکی گرینگ لە ئەندامەکانی لەم جۆرە شەڕخوازانە پێکهاتبوو؟ نەوشیروان لە هەمووان زێتر شەیدای شەڕی براکوژی بوو. زۆر بەوە نیگەران بوو کە شەڕ زوو نەگەیشتە هەولێر و دەیگوت: «بە ڕاست هەولێر کوێی پیرۆزە، بۆچی دەستبەجێ شەڕەکە نەگاتە ئەوێش؟»

کاوە جەلال دەڵێ: «شەقاوە و شەڵلاتی هەمیشە لە بزووتنەوەی کوردی باشووردا، خۆ نوێن بوون. خەباتی چیا بۆ شەقاوە و شەڵلاتییە شارییەکان هەمیشە ڕاکێشەر بووە و تەنانەت لە بزووتنەوەکەدا پایەی بەرزیشیان سەندووە. یەکێتی ئەگەر فیکریشی هەبووبێ، ئەوا لە خزمەتی شەقاوەکاندا بووە».[٣٧]

هەر کەسێ ڕەخنەی لە ینک هەبێ، نووسەر وای بۆ دەچێ، بەراوەژوو کەڵکی لە ئازادی وەرگرتووە. بەشێکی گرینگ لە کوردی ئەورووپا، ئاوارەی دەستی «ینک»ن، لە بەهەشتی قەڵەمڕەوی نەوشیروانەوە هەڵاتوون، کەچی لە ئەورووپایش لێیان ناگەڕێ و ئەرک و مافیان بۆ دیاری دەکات. تۆ بڵێی کەسانێ لە جەنگەڵی کوردستاندا، فەرمانی ئەویان پشتگوێ خستبێ، هەنووکە لە ئەورووپا گوێ بدەنە پێشنیاری؟

تا ئێستا چەندین کەس لە ئەورووپاوە، ڕەخنەیان لە نووسەر گرتووە، وەلێ زۆربەیان لە ترسی گیانی کەسوکاری کوردستانیان، زاتی ئەوەیان نەکردووە، ناوی ڕاستەقینەی خۆیان ئاشکرا بکەن. ئایا ئەم حاڵەتە هیچ پرسیارێکی لە کن ناورووژێنێ؟ ئایا کەسێک خەڵکی زەندەقیان لێی چووبێ، مافی ئەوەی هەیە باس لە ئازادی و مافی مرۆڤ بکا؟[٣٨]

محەمەدی حاجی مەحموود کە سکرتێری حیزبێکە و سەدان چەکداری لە پشتە، لەسەر ئەو نهێنییانەی لە بیرەوەرییەکانیدا ئاشکرای کردوون، هەوڵی کوشتنی دراوە،[٣٩] ئیدی خەڵکی تەنیاباڵ مەگەر لە ژیانی ببوورێ، ئەگەرنا مەحاڵە بوێرێ بە ناوی ئاشکرای خۆیەوە، ڕەخنە لە نەوشیروان بگرێ؟

## قارەمانێکی بەستەزمان

کە نووسەر لای حسک دیل بوو، حشع هەوڵێکی زۆری بۆ ئازادکردنی دا، ئەوسا قسەی سووکی ناڕاستەی شیوعییەکان نەدەکرد، بەڵکوو لێیان دەپاڕایەوە و دەیگوت: «کاک قادر گیان تکاتان لێ دەکەم ئەگەر بەریان نەدام، مەڕۆنەوە، ئاخر لەوانەیە بمکوژن».[٤٠]

نەوشیروان لە سەروەختی بەهێزیدا، کەسێکی قسەڕەق و ڕووشکێنە. کە لێی دەقەومێ، مرۆڤێکی هێمن، شەرمن، ئاشتیخواز و کەساسە. کە ڕق لە کەسێ هەڵبگرێ، ئەگەر بتوانێ دەنێرێ بیدەنە بەر شەستەبارانی گوللە، ئەگەرنا دەیداتە بەر ڕێژنەی جنێو. «لە بەیانییەوە تا نیوەڕۆ ڕقم لە خۆمە، لە نیوەڕۆ بە دواوە ڕقم لە خۆم و لە خەڵکیشە». ئەمە ئەستەقترین قسەیەتی.

بەهاری ١٩٨٣ بە فەرمانی ئەو، دیلە شیوعییەکان کوژران. لەسەر خواستی ئەو، هەڵۆ سوورەکانی یەکێتی دیلە حسکەکانیان، لە لووتکەی چیای قەندیلەوە هەڵداشت. بە دەستی خۆی عەولا سووری بە دیلکراوی کوشت، بەڵام کە ١٩٧٩ لە گوندی چنگیان لێی قەوما، لە ترسدا هەڵدەلەرزی. کە لای حسک دیل بوو، بە دەم هەنسک و قوڕگی پڕ گریانەوە دەهاتە گۆ و دەتگوت کۆتری ئاشتی و مەڕی پێغەمبەرە.

کە حسک بۆ گرتنی نەوشیروانی قارەمانی شەڕی براکوژی و دیلکوشتن دێن، وای بۆ دەچن تا دوا فیشەک شەڕ دەکات و ئاخر گوللەیش بە تەختی تەوێڵی خۆیەوە دەنێ، کەچی بێ تەقە تەسلیم دەبێت و سەنگەر یان ڕاستتر کادێن چۆڵ دەکات، ئاخر لەو شارەزوورە پان و بەرینەدا، لە کادانەکەی ماڵی حاجی عەلیی «قەویلە»دا خۆی حەشار دابوو.

محەمەدی حاجی مەحموود دەڵێ: «نەوشیروان بە تاهیری عەلی والی بەگی گوت: بەرم بدەن، وەعد بێت، لە کوردستان دانەنیشم و بچمە دەرەوە. دڵی زۆر پڕ ببوو، هەر ئەوەی مابوو، لە پرمەی گریان بدات. کاک تاهیر ڕەحمی جووڵا و گوتی: با بەری بدەین، گوناحە».[٤١] چونکە هەموو جەللادێ ترسنۆکە، ئەویش ئەگەر دەست دوژمنی ڕاستەقینەی خۆی کەوتبا، وا دەڕووخا، هەنووکە خەڵکی شای ترسنۆکانیان لە چاو ئەودا پێ قارەمان دەبوو.

نەوشیروان لە کۆتایی شەستەکاندا، لە سلێمانی، شەوێکیان بە ئومێدی ڕاوە پێشمەرگە، لە بۆسەدا دەبێ، لە شەڕی نەبوو، بە جۆرێ زراوی دەچێ، بە غەدداڕە ژەنگنەکەی، خۆی بریندار دەکا.ساڵی ١٩٧٧ کە لە سووریاوە بەرەو کوردستان بە ڕێ دەکەوێ، گوێی لە تەقەیەکی دوور دەبێ، بە جۆرێ دەشڵەژێ و هەڵدێ، تەنانەت یەکەمین مۆری «ینک»یشی لێ بەجێدەمێنێ. ئایا لێ بەجێمانی یەکەمین مۆری شۆڕشی نوێ، شیاوی ئەوە نەبوو، لە بیرەوەرییەکانیدا تۆماری بکا؟ ئەگەر نا، ئەدی بۆچی لەسەر بزربوونی مۆرێ، «کە دواتر لای عەلیی ئامەخانەوە سەری هەڵدایەوە»، هێندەی نەمابوو ڕەوانی «ئەبوو شەهاب» بە دۆزەخی سزای ڕەوای گەل شاد بکات!

ساڵی ١٩٧٩ بە ئامادەبوونی جەباری حاجی عوسمان، بە کامەران عارف پێنجوێنی و دوکتۆر قادر «کە دوو کادری کۆمەڵە بوون لە شارەزوور»، دەڵێ: «گلەیی لە ڕەوتاری ئەم کادری عەسکەری و ئەو فەرماندەی پێشمەرگە مەکەن، لە شەڕدا لە پشتەوە بیانکەن بە قوربانی یەک دوو گوللە، نیتر خوێندنەوەی دوو سێ دێڕی لە پرۆگرامی کاروانی شەهیداندا، بە دەم مۆسیقایەکی خەمناکەوە، بۆ ئێمە تێدەچێ».

نووسەر ناحەزەکانی خۆی ئەگەر لە شار بوونایە، «وەک ستاری سەعید خەڵەف»، لە شاخەوە خەڵکی بۆ کوشتنیان دەنارد. ئەگەر لە شاخ بوونایە، «وەک ئیسماعیل گەورەدێیی»، پێمیمی ڕادەسپارد، لە کاتی شەڕدا لە دواوە بیانکوژن.[٤٢] دواتر کە کاری بەوانەی خەڵکی پێ کوشتبوون نەدەما، بۆ ئەوەی تاوانەکانی بشارێتەوە، بە مەقاشی تازە ئەوانیشی دەکوشت، وەک: وریای وەهابی ئەققاڕ.

نووسەر دەڵێ: «ئێمە شۆڕش بۆ ئەو خەڵکە دەکەین، ئێمە خوێن دەدەین، دەبێ ئەوانیش پارە بدەن. ئەوی داوای پارەی لێ بکەین و نەیدا، دەیکوژین».[٤٣] سەددامیش هەر هەمان بۆچوونی هەبوو، بەڵام سەروەختێ کە دراوی پێویست نەبوو، ڕاستەخۆ داوای خوێنی دەکرد.[٦] نەوشیروان بۆیە بلەی حەمەخورشەی کوشت، چونکە ئەم داوای پەنجا هەزار دیناری لێ کردبوو، ئەویش تەنیا دە هەزاری ناردبوو.[٤٤]

## شیعری براکوژی

نووسەر هەر لە نیوەی دووەمی شەستەکانەوە و دواتر لە ڕێی گۆڤاری *ڕزگاری*یەوە، یەکێک بووە لە چالاکترین ئاگرخۆشکەرانی شەڕی نێوخۆ. لە

شۆڕشی نوێشدا، بە گوڕ و تینێکی بێ وێنەوە درێژەی بەو کۆششەی دا و بەردەوام بە نووسینەکانی بۆ ڕادیۆی ینک و بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە و ینک، بەنزینی بە ئاگری شەڕی کوردکوژیدا دەکرد. نامیلکەی «قیادەی مودقەتە لە چ بەرەیەکدایە؟» هەوڵێکی بەرچاوی ئەوە لە گوڕەپانی خۆشکردنی شەڕی براکوژیدا.

نووسەر کە بە نووسین و بە کردەوە، چالاکترین براکوژە، گلەیی ئەوەی لە «هەژاری موکریانی» هەیە، کە «بە شیعر خەڵکی بۆ شەڕی براکوژی هان داوە».[٤٥] ئەگەرچی بەرهەمی هەژار ناکەوێتە خانەی ئەو شیعرانەوە کە بۆ خۆشکردنی ئاگری شەڕی براکوژی گوتراون، چونکە ئەو لە سەنگەری پێشمەرگەوە، شیعری دژی جاش نووسیوە. ئەوە شێرکۆ بێکەسە کە بە هۆنراوە چالاکانە بەشداری لە شەڕی براکوژیدا کردووە و نەوشیروانیش بۆ نووسینی ئەو شیعرانەی لاوانی کورد بۆ براکوژی بانگ دەکەن، یەکەمین هاندەری بووە.[٤٦]

نووسەر لە بواری ئەدەبدا هێندە دەست و پێ سپی یە، جیاوازی لە نێوان جنێو و ڕەخنەدا ناکات و دەنووسێ: «سالم جنێو بەو کوردانە دەدا کە هاوکاری داگیرکەریان کردوە».[٤٧] هەژاری موکریانیش شوێن پێی خانی و حاجی و سالمی هەڵگرتووە، ئەویش تیری شیعری ئاڕاستەی ئەو کوردانە کردووە، کە لە سەنگەری داگیرکەردا بوون. لای نووسەر ئەوی بۆ سالم ڕەوایە، بۆ هەژار ناڕەوایە.

جۆرج ئۆروێل، نووسەری (١٩٨٤) و (کێڵگەی گیانداران)، کە بە دژایەتیکردنی ستالینیزم ناوبانگی دەرکردووە، لە کۆتایی ساڵانی ١٩٤٠دا، سیخوڕی حکوومەتی بەریتانیا بووە و ڕاپۆرتی دژی بەرنارد شۆ، شارلی شاپلن و ستیڤن سپێندەر نووسیوە و تاوانی کۆمۆنیست بوون و دۆستایەتیکردنی ڕووسیای داوەتە پاڵیان.[٤٨] ئەم خەسڵەتەی جۆرج ئۆروێل لە شێرکۆ بێکەسیشدا هەیە و ئەویش ڕاپۆرتی دژی نووسەرانی کورد دەنووسی و جاسووسێتی بۆ چەکدارانی ینک دەکرد.[٤٩] نەوشیروان ڕەخنەی ئەوە لە هەژار دەگرێ، کە زمانی لە خەڵکییەوە داوە، کەچی هەمان گلەیی لە شێرکۆی دەسکەوڵی ناکا.

کە سیروان ڕەحیم لێی دەپرسێ: هۆی ئەوە چییە شەڕی هەموو لایەنە کوردییەکانتان کردووە، دەڵێ: «تەنیا شەڕی یەک لایەنمان کردووە، ئەویش جود بوو. شەڕی یەکێتی و جود، شەڕی نێوان تازە و کۆن بوو».[٥٠]

جود، بریتی بوو لە: پدک، حشع، حسک و پاسۆک، ئایا بێجگە لەو چوار حیزبە هیچ لایەنێکی تر، لە گۆڕەپانەکەدا هەبوو، تا یەکێتی شەڕی ئەویش بکا؟ بزووتنەوە باڵێکی گرینگی نێو یەکێتی بوو، هەر کە لە یەکێتی جوێ بووەوە و خۆی ناو نا حسیک، ئیدی لە دیدی یەکێتییەوە، کەوتە خانەی کۆنەپارێزانەوە! نەوشیروان بە درێژایی مێژووی تێکۆشانی، لە یەک شەڕی دژی ڕژێمی بەغدادا بەشداری کردووە، «١٠ ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٦ فەتحی یەک» لەویشدا وەک کوردێکی ماتۆڕسواری موسڵمان، چاوساغی پاسداران بووە.

## سەبر و زەبر

نووسەر فێرە بەوانەوە بدا کە گەرمیان کردۆتەوە. لە چنگیان، «خەلیفە» کە فەرماندەی دەستەیەکی حسک بوو، ئەوی لە مردن ڕزگار کرد، کەچی کە کەریمی برای خەلیفە، عومەری ڕەشە جووتەی کوشت و بۆ لای ڕژێم هەڵات، بە فەرمانی نەوشیروان خەلیفەیان لە بری کەریم کوشت.

مامۆستا حەیدەر کە چەندین ساڵ بوو لە ڕاگەیاندنی ینک بەوپەڕی دڵسۆزییەوە کاری دەکرد و نموونەی مرۆڤی تێکۆشەر بوو، کە براکەی هەوڵی تیرۆرکردنی نەوشیروانی دا و هەڵات، دەستبەجێ ئەویان لە جێی براکەی کوشت. شەهید حەیدەر تا گیانی دەرچوو، هەر دەیگوت: بژی کۆمەڵە، بژی شۆڕش.

«شوان»، کە لەوەختی وتوویژ نوێنەری ینک بوو لە کەرکووک، دەکوژرێ و بکوژ هەڵدێ. پێمیمەکانی نەوشیروان بیست و دوو کەس لە خزمەکانی کابرای بکوژ کە دۆستی شۆڕش دەبن، دەستگیر دەکەن و لە تۆڵەی شواندا حەوتیان ئیعدامی شۆڕشگێڕانە دەکەن!

«لە ناوەڕاستی ساڵانی ٦٠دا، نەوشیروان کە لێی قەوما، هانای بۆ ماڵە کاژیکێک برد»،[٥١] کەچی کارێکی بە کاژیک کردووە، با بە دەواری شڕی ناکا. نووسەر دەڵێ: «کاژیک تاوانی گەورەیان دژی شیوعییەکان کرد».[٥٢] پێ دەچێ وەک چۆن دژایەتیکردنی بارزانی تەنیا بە ئەرکی سەر شانی خۆی دەزانێ، قەڵاچۆکردنی شیوعییەکانیشی قۆرخ کردبێ!

لە کێشە و ململانێکانی نێوان باڵەکانی کۆمەڵەدا، فەرەیدوون عەبدولقادر هەمیشە لایەنی نەوشیروانی دەگرت، کەچی کە مەلا ئەحمەدە ڕیشە دوای برینداربوونی گوتبووی: «ئەوانەی خەڵکیان بۆ کوشتنم ناردووە، مەرد نین». نووسەر لە بەردەم نوێنەرانی حدکا و کۆمەڵەی ئێراندا گوتبووی: «مەلا ئەحمەد تەنیا مەبەستی فەرەیدوونە». لە کۆنفرانسی سێی کۆمەڵەدا، کە ساڵی ١٩٨٤ بەسترا، مەلا بەختیار ئەم نهێنییەی درکاند.

لە کاتێکدا، لە کۆنفرانسی سێدا، کۆمیتەیەکی هەڵبژێردراو خەریکی لێکۆڵینەوە دەبن لە گەڵ ئەو دەستەیەی تاوانی لەتکردنی ڕیزەکانی کۆمەڵەیان درابووە پاڵ، نووسەر هاوار دەکا: «لێکۆڵینەوەی ناوێ، بیاندەنە دەست من، هەر یەکەیان لەژێر پۆستەری شەهیدێکدا دەکوژم».

## بیر و ڕای جیاواز

هێرش سەبارەت بە «لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ» دەڵێ: «کتێبێکی بەتام و شیرینە».[٥٣] خواردنێکی خۆش هەیە، لە شیر و ئاردەبرنج دروست دەکرێ، فرنی پێ دەڵێن، ئەم هەڵسەنگاندنە زێتر بۆ فرنی دەست دەدا، وەک بۆ کتێب.

هەمان کتێب بە لای «ج. ئاکۆیان»ەوە، کە ناوێکی وەهمی یە، «فشەنامە، درۆنامە، تاواننامە و تەنانەت بێ شەرەفینامەیشە». نووسەری کتێبەکەیش لە ڕوانگەی ئەم بنووسەوە، «خوردەجەللاد، پیاوکوژ، خوێنڕێژ، دڵڕەش، ژێرکەوتوو، کەر، قرژاڵ و ترسنۆکیشە».٧

هێرش چونکە بە باشی لە «کەناری دانوبەوە..»ی هەڵسەنگاندووە، بە لای ج. ئاکۆیانەوە، ئەویش پیاوێکی «هەرچی و پەرچی، بێ ئابڕوو، چیرەدرێژ، خوانەناس و مسقۆف و کۆنە توودەییە». عەلی کەریمیش چونکە ئەرکی لە چاپدانی کتێبەکەی لە ئەستۆ گرتووە، لای ج. ئاکۆیان، «بازرگانێکی فێڵباز، چاوچنۆک، دەستبڕ و تەمەنێ باوکێتی و یەکێتیش دایکی».[٥٤]

لە کەناری دانوبەوە تا خڕی ناوزەنگ، لە ڕوانگەی عەتا قەرەداغییەوە، «لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی کۆمەڵایەتی سایکۆلۆژی کۆمەڵگەی کوردەوارییە و بەهایەکی زانستی گەورەی هەیە. نووسەرەکەیشی: پیاوێکی ئازا، سەریح، ڕووناکبیر، مێژوونووس، خاوەنقەڵەم، بوێر، خاوەن جورئەت، سەرکردەی شۆڕش، خاوەن عەقڵ و تێڕوانین و حیسی

مەوسووعی، ڕاستگۆ، وردبین و پاراونووسیشە.[٥٥]
وەک دەردەکەوێ عەتا لە بری خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی کتێبەکە، سەرقاڵی بژێوی دابینکردنە. سەبارەت بەو کتێبەی بە لای ئەمەوە لێکۆڵینەوەی زانستی یە، ئەوشیروان خۆی لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ: «ڕووداوەکانم بە شێوەی ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەوان نووسیونەتەوە». یان دەڵێ: «بە شێوەی لێکۆڵینەوەی ئاکادیمی نەمنووسیوە، بە شێوەی ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەوانی نووسیومە».[٥٦] کاوە جەلالیش دەڵێ: «ئەوشیروان یادەوەرییەکانی وەک ڕیپۆرتاژ دارشتووە، نەک بە فۆرمێکی زانستییانە».[٥٧] ئیدی ئاهەقمە ئەگەر بە عەتا قەرەداغی بڵێم: کوچک لە ئاگر گەرمترە.

ئەو «زمانەی»ی ئەوشیروان پێی دەنووسێ، نەک هەر پاراو نییە، بەڵکوو زمانی کوردیش نییە، دیالێکتی ئەوانەیە کە بە بنەچە خەڵکی شاری سلێمانین. ئەمجەد شاکەلی دەڵێ: «زۆربەی هەرە زۆری ڕێنووسی ئەوشیروان مستەفا هەڵەیە. ئەو ڕێنووسەی ئەو پێڕەوی دەکات، هی سالانی پەنجا و شێستەکانی ئەم سەدەیەن».[٥٨] ئەوشیروان کە خۆی بە بەرپرسی کوردایەتی دەزانێ، دەبوو هەوڵی فێربوونی زمانی ستانداردی کوردی دابا. ئەو کوردییەی پێی دەنووسێ تەنیا عەرەبیزانی بە بنەچە خەڵکی شاری سلێمانی لێی تێدەگا، ئاخر نووسینەکانی پڕن لە وشە و ڕستە و پەرەگراف و لاپەڕەی عەرەبی. ئەگەر وەک کۆمەڵە دەیگوت، «مەسەلەی کورد، تەنیا هەر یەک مەسەلەیە»، ئەدی بۆچی سکرتێرەکەی کە دەنووسێ، هیچ نەبێ کوردی ئێران کە عەرەبی نازانن، لەبەرچاو ناگرێ؟

چونکە نووسەر، زمانی نووسین و ڕێنووسی سەردەمی حوکمدارێتی شێخ مەحموود ڕەچاو دەکات و وەک نموونە: توور و تۆڕ، کەر و کەڕ، گول و گۆڵ، شیر و شێر، وەک یەک دەنووسێ، هەندێ جار بۆ ئەوەی خوێنەر لێم حاڵی ببێ، دەستکاری ڕێنووسەکەیم کردووە.

فازیل کەریم ئەحمەد لە وەڵامی قسە بێ بەڵگەکانی ئەوشیرواندا «کتێبێکی ٢٠٨ لاپەڕەیی نووسیوە، وەڵێ لە سۆنگەی ئەوەوە، گەلی کورد بە قۆناغێکی ناسکدا تێدەپەڕێ، بلاوی ناکاتەوە».[٥٩] «جا کورد هەرگیز بە قۆناغێکی ناناسکدا تێپەڕیوە!» پێم وایە بۆ گوتنی ڕاستی، هیچ وەختێ نەگونجاو نییە. پاساوی ناسکەقۆناغ، ڕەنگدانەوەی قازانجی تایبەتی ڕەچاوکردنە، نەک بەرژەوەندیی کورد. فازیل لە نزیکەوە ئاگاداری تاوانەکانی نووسەرە و وای بۆ دەچم بێدەنگی، چونکە چاوپۆشیکردنە لە تاوان و داکۆکیکردنە لە دەسەڵاتی دیلکوژان، ویژدانی ئازار دەدات.

## تەکنیکی نووسین

پەنجەکان یەکتر دەشکێنن، زێتر لە کەشکۆڵ دەچێ، وەک لە کتێب. نووسەر لە هەر بوارێکدا هەرچی زانیبێ، لەسەر یەکی کەڵەکە کردوون، بێ ئەوەی هیچ نەبێ سەلیقەی ئەوەی هەبووبێ، پۆلێنیان بکا. مێژوو، جوگرافیا، کشتوکاڵ، دابونەریت، بیرەوەری، زمانەوانی، ئایین، فۆلکلۆر و قۆشمەی وەک چێشتی مجێور تێکەڵ کردووە. حەوسەڵەی ئەوەی نەبووە، دەقە عەرەبی و فارسییەکان(مەبەستم بەڵگەنامەکان نییە) بکاتە کوردی، ئەم کتێبە لەم بوارەدا ڕچەشکێنە! تەنانەت کە باس لە پێکهاتنی موشیر ـ بارزانی دەکا، ل ٧٣ خاڵی یەکەمی ڕێککەوتنەکەی بە عەرەبی و هەشت خاڵەکەی تری بە کوردی نووسیوە. یان لە باسی «حدکا»وە دەچێتە سەر هاڕینی گەنم. لە بێتەڵەوە دەچێتە سەر قورئان. لە جوددوە دەچێتە سەر هەنگ.

ئەم نووسەرەی بە لای حوسێن محەمەد عەزیزەوە «ڕۆشنبیرێکی گەورەی گەلەکەمانە»،[٦٠] سەرەتاییترین تەکنیکی نووسین بەڵەد نییە. تا هەنووکە جیاوازیی نێوان سەرچاوە و پەراوێزی دەرک پێ نەکردووە. سەرنجی هەر یەکێ لە کتێبەکانی بدەی: کورد و عەجەم، حکومەتی کوردستان، میرایەتی بابان و سەردەمی قەڵەم»، لەبری «سەرچاوەکان»، هەمیشە «پەراوێزەکان»ی نووسیوە! لێرەدا داوای لێبوردن لە خوێنەر دەکەم و جیاوازی نێوان سەرچاوە و پەراوێز بۆ نووسەر ڕوون دەکەمەوە.

سەرچاوە: Source تەنیا ئەو شوێنە نییە کە ئاوی لێوە هەڵدەقوڵێ، ئەو شوێنەیشە کە زانیاریی لێوە وەردەگرین. پەراوێزیش: Margin ئەو زانیارییانەیە، کە سەرنجی خوێنەر بۆ مەسەلەیەک ڕادەکێشن، یان بەرچاوی ڕوونتر دەکەنەوە و لە داوێنی لاپەڕەکەوە دەنووسرێن. بۆ ئەوەی نووسەر باشتر حاڵیی ببێ، دەڵێم: کتێبەکانی عەبدولڕەززاق ئەلحەسەنی، سەرچاوەن، نەک پەراوێز.

نووسەر لە هیچ کتێبێکیدا تەنانەت، سەلیقەی ئەوەی نەبووە، ناوی سەرچاوەکان بە شێوەیەکی وا بنووسێ، کە خوێنەر بتوانێ، بە ئاسانی بچێتەوە سەریان. ئەم هەڵەیەی سەدبارە کردۆتەوە. هەموو نووسەرێ کە ڕاستەوخۆ بۆ نموونە، دوو سێ دێڕی لە سەرچاوەیەکەوە، گواستەوە، دەبێ ئەو دوو سێ دێڕە بخاتە نێوان دوو کەوانەوە و دەستبەجێ سەرچاوەکە دیاری بکا. ئەگەر دە دوازدە دێڕی لە سەرچاوەیەکەوە هێنا، ئەوا وێڕای دەست نیشانکردنی ژێدەرەکە، دەبێ بە حەرفی وردتر بیاننووسێ، یان «بۆ کوردی»، لە لای ڕاستی لاپەڕەکەوە، بە درێژای ئەو دێڕانە دوو سێ سانتیمەتر بەجێبهێڵێ، واتا لە لاکێشەیەکی تەسکتردا دێڕە خوازراوەکان بنووسێ.

ئەوشیروان نەک هەر ئەم ڕێسایانە ڕەچاو ناکا، بەڵکوو کە کەوانێ دەکاتەوە، لە بیری دەچێ، دایبخاتەوە. یان بێ ئەوەی کەوانێکی کردبێتەوە، ڕێ دەکەوێ بە درێژایی چەندین لاپەڕە، خوێنەر تووشی دێڕێ نابێ، کە بەرهەمی قەڵەمی ئەم نووسەرە بێ. هەر بۆیە بێجگە لە بیرەوەرییەکانی، سەرجەمی کتێبەکانی دیکەی، ئەگەر نەڵێم دزین، ئەوا لە باشترین حاڵەتدا، مۆنتاژکردنێکی ناهونەرییانەن. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیش سەبارەت بە نێوەڕۆکی ئەو «کتێبانەی» تاقە سەرنجێکیش دەرنابڕم. شیاوی گوتنە تەنانەت لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانیشدا، بەرهەمی کۆششی گەلێ کەسی تالان کردووە، شۆڕش حاجی، کە دەربارەی ئەنفال کاری باشی کردووە، یەکێکە لە قوربانییەکان. پشکۆ نەجمەدین تەنانەت سەبارەت بە بەشی دووەمی بیرەوەرییەکانیشی دەڵێ: «خوێنەر ناتوانێ جیاوازی لە نێوان تێکستی گوێزراوە و قسەکانی خودی نووسەردا بکا».[٦١]

بۆ «کتێب»ی **سەردەمی قەڵەم و موراجەعات**، ئەرکی کۆ کردنەوەیشی نەکێشاوە، ئاخر سەرجەمی کتێبەکە، بریتی یە لە کەشکۆڵێکی مستەفا دەلۆیی، کە هاوینی ١٩٩٥ دەست ئەوشیروان کەوتووە.[٦٢] ئەگەر بۆ «کتێبەکانی» دیکەی هەندێ سەرچاوەی خوێندبێتەوە، ئەوا بۆ ئەمەیان ئەو زەحمەتەیشی نەکێشاوە.

نووسەر چونکە مێژوو دەنووسێتەوە، زوو زوو پێویستی بە تۆمارکردنی ڕۆژ و مانگ و ساڵی ڕووداوەکان دەبێت، ئەمەیش گەورەترین سەرئێشەی بۆ دروست کردووە. ئەو چونکە تەنیا زانیاری کۆپی دەکا، تەنانەت ئەو ئەرکەیش ناکێشێ، ساڵە هەتاوییەکان بکاتە زایینی: «ڕۆژی ٢١ی مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٣١٦ هێزێکی ئاڵمانی چوە ناو خاکی

ئەمساوە».[٦٣] شەڕی جیهانی دووەم لە ئەورووپا هەڵگیرساوە، کەچی ئەو دیرۆکی ڕووداوەکانی بە مانگی کوردی و ساڵی هەتاوی تۆمار کردووە! ئای بۆ حەزرەتی سەجادی جێی ئەم قۆشمەیە لە ڕشتەی مرواریدا بکاتەوە. لە هەمان کتێب و زۆر جار لە هەمان لاپەڕەدا مێژووی ڕووداوەکانی جارێ بە ساڵی هەتاوی و جارێ بە زایینی نووسیوە. ماڵی کەمال ڕەئووف محەممەد ئاوا بێ، لە «میرایەتی بابان»دا فریای کەوتووە و مێژووی ڕووداوەکانی بۆ کردووە بە زایینی.

«ئەو کتێبانەی بێلایەنییان لە دەست داوە، بۆ ئەوە ناشێن بکرێنە سەرچاوەی لێکۆڵینەوەی زانستی».[٦٤]

ئەمە بۆچوونی ساڵی ١٩٨٨ی نووسەرە، کەچی لە ١٩٩٧ دا دەنووسێ: «ڕووداوەکانم لە ڕوانگەی خۆمەوە گێڕاوەتەوە و ناتوانم بێ لایەن بم».[٦٥] کە نووسەر مێژوو دەگێڕێتەوە و ناتوانێ بێلایەن بێ، ئێمە چۆن بتوانین متمانە بە قسەی بکەین؟

لە (کورد و عەجەم)دا،[٨] لە ٣٧ لاپەڕەدا، یەک تێبینیم بۆ دۆزرایەوە، بەرهەمی بیری نووسەر بێ، ئەویش هەڵە بوو. د. نوانی دەڵێ: «کوردەکان ورمێیان داگیر کرد». ئەوشیروان لە نێوان دوو کەواندا نووسیوێتی: «ورمێ: ڕضائیەی ئێستایە».[٦٦] ڕاستییەکەی ڕەزائییە، ئێستا ورمێ یە. بە ڕووخانی ڕژێمی شا، ڕەزائییەیش بووەوە بە ورمێ.

## مێژوویەکی گومانلێکراو

مەلا بەختیار وەک خۆی نووسیوێتی، بە پێی بڕیاری مەکتەبی سیاسی ینک، جەمالی عەلی باپیری بۆ چەککردنی شێرکۆی شێخ عەلی ناردووە،[٦٧] کەچی ئەوشیروان دەیەوێ بڕوا بەوە بکەین «جەمال کە سەردانی شێرکۆی کردووە، نیازی خاوێن بووە».[٦٨] ئەگەرچی خودی خۆی بە مەبەستی چەککردن، یان ڕاستتر کوشتنی شێرکۆ، مەلا بەختیاری بۆ جافایەتی ڕەوانە کردووە. ئاخر شێرکۆ کە بوێرترین فەرماندەی هەرێمی حسک بوو، کەی ڕێی تێ دەچێ، سەری بڵندی بۆ جەمال نەوی بکات و بە ئاسانی لێ بگەڕێ، چەکی لە شان داماڵن؟[٩]

بیرەوەرییەکانی نووسەر چونکە لە ژێر گوشاری ئازاری ویژداندا بە مەبەستی خاوێنکردنەوەی پەرێزی خۆی و ینک نووسراون و تەنانەت تاقە ڕووداوێکیشیان بە دەستپاکییەوە تێدا نەگێڕدراوەتەوە، بۆیە هیچ بەهایەکی مێژووییان نییە. پشکۆ نەجمەدین دەبێژێ: «ئەوشیروان چۆنی پێ خۆش بووە، ئاوا مەسەلەکانی شێواندووە». یان: «ڕاستییەکانی ئەوشیروان بە کۆڵی کەری شەل دەگەڕێن». یان: «بۆ تەنیا جارێکیش مێژووی «ینک»ی بە چاک و خراپەوە تۆمار نەکردووە».[٦٩]

نووسەر دەڵێ: «کە بە ناوی خواستراوەوە، وتاری «هەژاری موکریانی شایەری دەرباری بارزانی»م، کە لێکۆڵینەوەیەک بوو لەسەر چاپی یەکەمی دیوانی «بۆ کوردستان»ی هەژار، لە «ڕزگاری»دا بڵاو کردەوە، هەژار وای زانیبوو، ئیبراهیم ئەحمەد نووسیوێتی، لەسەر ئەوە چەند شیعرێکی هەجووی بۆ داناوە».[٧٠]

* هەرچی سووکە ئاشنایەتییەکی لەگەڵ ئەدەبدا هەبووبێ، زانیوێتی ئەو نووسینە بەرهەمی خامەی ئەوشیروانە. هەژار خۆیشی هەر لە کۆتایی ١٩٦٩ دا، لە پێشەکیی چاپی دووەمی دیوانەکەیدا، بە نووسینی «گەجەر و گوجەرەکانی دەوروبەری ئیبراهیم ئەحمەدی لە قەڵەم داوە».

* ١٩٦٦ کە «بۆ کوردستان»ی هەژار، بڵاو بووەوە، گەلێ شیعری دژی بلە تێدا بوو.

* ١٥ی ئەپریلی ١٩٦٩ یەکەم ژمارەی گۆڤاری **ڕزگاری** بڵاو بۆتەوە. «لێکۆڵینەوەکەی!» ئەوشیروان سێ ساڵ دوای «بۆ کوردستان»ی هەژار نووسراوە.

* کەواتە نووسینەکە بە دوای شیعرەکانی هەژاردا هاتووە، نەک بە پێچەوانەوە. هەژار سەبارەت بە نووسینەکەی ئەوشیروان، دەڵێ: «کە نووکی قەڵەمی منیان وەک ئەقیزە تێراچوو، جووتەیان لە ئاسمان دا».[٧١]

* بە هۆی ناونیشانی باسەکەوە، خوێنەر لە ڕاستگۆیی نووسەر دەکەوێتە گومانەوە، ئاخر ئەگەر هەژار شیعری دژی ئیبراهیم ئەحمەد نەنووسیبا، ئەم ناتۆرەی شایەری دەرباری بارزانی، لێ نەدەنا. ئەگەرچی کەس نییە، مێژووی نوێی کوردی نووسیبێتەوە و هێندەی ئەوشیروان شێواندبێتی، کەچی هێشتا ئەو دەڵێ: «هەندێ کۆلکە خوێندەوار ڕابردوی گەلەکەیان و ناوی هەندێ لە چالاکەکانی بزووتنەوەکەی دەشێوێنن».[٧٢] جا لە بزووتنەوەی گەلەکەماندا کەس لە بارزانی چالاکتر بووە، کە ئەو بۆ زڕاندنی ناوی و شێواندنی مێژووی خەباتی، دژوارترین و بێهوودەترین هەوڵی داوە؟ ناهەقمە بڵێم: ئای بۆ حاڵی ئەوەی ئەمروود بە کافری بزانێ.

## تاوان و بیانوو

مەسعوود بارزانی دەڵێ: «جێبەجێ نەبوونی ڕێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠ بە شێوەیەکی بنەڕەتی هەڵەی ڕژێم بوو، بەڵام کەمێ هەڵەی کوردیشی تێدا بوو».[٧٣] ڕەسووڵ مەمەند، هاوینی ١٩٨٩ دەڵێ: «ئێمە (مەبەستی بەرەی کوردستانی یە، کە خۆی یەکێک بوو لە سەرانی) هیچمان بۆ کورد نەکردووە، تووشی کیمیاوی و ئەنفالیشمان کردووە».[٧٤] ئەوشیروان بە هێندەی نووکەدەرزییەک ڕەخنە لە هیچ هەڵوێستێکی ینک قایل نییە. بە لای ئەوەوە هەرچی گلەیی لە ینک هەبێ، نە ڕۆشنبیرە و نە نیشتمانپەوەر.[٧٥] ئاخر لە کن ئەو ڕەخنە: جنێوە و ڕەخنەگریش: جنێوفرۆش!

من بەعس بە دڕندەترین ڕژێمی جیهان دەزانم، پێویستیشم بەوە نییە پاساو بۆ ڕەوتارەکانی بهێنمەوە، بەڵام تا پدک بەرەو (حاجی هۆمەران) پێش لەشکری ئێران نەکەوت، بەعس بارزانییەکانی (قوشتەپە)ی ئەنفال نەکرد. تا ئەوشیروان ئێرانی نەگەیاندە بیرە نەوتەکانی کەرکووک، بەعس گەرمیانی ئەنفال نەکرد. تا هالیکۆپتەری ئێران لە (بەرگەڵوو) نەنیشتەوە، هێرشی ڕژێم بەرەو دۆڵی جافەتی دەستی پێ نەکرد. تا ینک ئێرانی نەگەیاندە هەڵەبجە، بەعس کیمیابارانی شارەکەی نەکرد. تا ینک پاسداری نەهێنایە کۆیە، بەعس پەلاماری هەولێری نەدا. تەنانەت ئەوشیروان خۆیشی پێی وایە وتووێژی ١٩٨٤ی ینک و ڕژێم بۆ ئەوە بوو، «تا عێراق هاوکاری نێوان کورد و ئێران، نەکاتە بەهانە بۆ لە ناوبردنی کورد».[٧٦] جا کە ساڵی ١٩٨٤ دەرکتان بەم ڕاستییە کردبوو، بۆچی دواتر ئەو بیانووەتان دایە دەست ڕژێم؟

بەعس هەر وەختێ بیەوێ، دەتوانێ ئەرکی سەرکوتکردنی خەڵکی کورد بە یەکێتی بسپێرێ. ینک هەرگیز نەیتوانیوە، دەسەڵاتی بەعس بخاتە ژێر مەترسییەکی ڕاستەقینەوە، هەر بۆیە تا لەشکری ئێرانی بە کێش نەکردبێ، زەبری کوشندەی لێ نەداوە. یەکێتی ئەگەر دروشمی ڕووخاندنی بەعسیشی هەڵگرتبێ، تەنیا بۆ فریودانی خەڵکی بووە. کە پارتیش چارەنووسی خۆی بە ئێرانەوە بەستەوە، سەددام بە مەبەستی شکاندنی

شکۆی مستەفا بارزانی، سەری بۆ شای ئێران نەوی کرد.
بەهاری ١٩٨٨ کە ئێران شارەزووری داگیر کرد، حسک و پارتی خەڵکی خورماڵ و سیروانیان لە نێوان مانەوە و هەڵاتندا سەرپشک کرد، هەر بۆیە فرۆکەوانەکانی ڕژێم کە هەستیان کرد ئەو دوو شارۆچکەیە چۆڵ کراون، نزیکەی هەرچی بۆمبیان پێ بوو، بەسەر هەڵەبجەیاندا باراند، کە یەکێتی ڕێگای دەرچوونی لە خەڵکەکەی گرتبوو. ١٩٨٨/٣/١٤ شەوکەتی حاجی موشیر لە بڵندگۆی مزگەوتی گەورەوە بە خەڵکی هەڵەبجەی گوت: «نابێ شار چۆڵ بکەن. ترستان نەبێ، دەستی ڕژێمتان ناگاتێ».[77]
ئەوی دەیویست شار بەجێ بهێڵێ، پێشمەرگەی یەکێتی پێی دەگوت: «شەرم ناکەی لە سەردەمی دەسەڵاتی عەسکەر و جاشی ڕژێمدا، ئەم شارەت جێنەهێشتووە، ئێستا کە پێشمەرگە ئازادی کردووە، لێی هەڵدێی؟» یەکێتی وەک نەیدەتوانی ڕێ لە بای مەرگ بگرێ، خۆ دەیتوانی ڕێ لە هەڵاتنی خەڵکی نەگرێ. هەر بۆیە لە کارەساتەکەی هەڵەبجەدا، بەعس تاوانباری یەکەمە و یەکێتیش دووەم.
«لەشکری ئێران، بە هاوکاری ئێوە بگاتە هەر شوێنێ، ئێمە ئەو جێیە کیمیاباران دەکەین». دەڵێن لایەنە کوردییەکان ئەم ئاگادارییەیان لە ڕژێمەوە پێگەیشتبوو. تۆ بڵێی یەکێتی بەو پەڕی هۆشیارییەوە ڕێی لە هەڵاتنی خەڵکی هەڵەبجە گرتبێ، تا کەڵک لە کارەساتەکە وەربگرێ و کێشەی ڕەوای گەلەکەمان بە جیهان بناسێنێ! «ئازادکردنی» هەڵەبجە و بای مەرگ لای کەم دەستبەجێ یەک قازانجی بۆ یەکێتی تێدا بوو، کە تالانکردنی شارەکە بوو.
سەددام حسێن بە نامە، لە ڕێی «موکەڕەم تاڵەبانی»یەوە، ١٩٨٨/٢/٢٢ داوای وتووێژی لە لایەنە کوردییەکان کرد بوو،[78] بەڵام بە جۆرێ وابەستەی ئێران بوون، بە بەشداریکردن لە هێرشی سەر هەڵەبجەدا «فەجری دە» کە بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ ئێران و بە کارەساتێکی مەزن بۆ کورد دوایی هات، وەڵامیان دایەوە. هەر کاتێ ڕژێم لە ڕێی هەر کوێخایەکەوە، داوای وتووێژی لە هەر لایەنێکی کوردی کردبێ، لەسەر پێ بووە، لە بەختی ڕەشی کورد ئەوە یەکەمین جار بوو، زوو بە دەم داوای ڕژێمەوە نەچن.
لە سەروەختی کۆڕەوەکەدا، کە سۆزی دنیا لەگەڵ گەلەکەماندا بوو، هەر کە سەددامی ناوبژیوان فیکەیەکی بۆ لێدان، ئەو هەلە مێژووییەیان لە کیسی کورد دا و تا قارەمانی کیمیاباران و ئەنفالیان ڕانەمووسی ئۆقرەیان نەگرت! کەچی ئەو تاقە جارەی کە پێویست بوو بە پیر داوای ڕژێمەوە بچن و کورد لە ئەنفال و بای مەرگ بپارێزن، نەچوون.
چەکدارانی ینک، پارتی، حسک و ئیسلامی کە لەو هێرشەدا پاشکۆی ئێران بوون، پێشەکی دەمامک و دەرزیی دژی گازی ژاراوییان وەرگرتبوو. محەمەدی حاجی مەحموود کە لەو هێرشەدا فەرماندەی هێزەکانی حسک بوو، دەڵێ:
«١٩٨٨/٣/١٥ گوتم، کەس لە خوارەوە نەمێنێتەوە، با سەر بکەوین بۆ لای ئەحمەدئاوا، عێراق سبەینێ بە کیمیاوی لێمان دەدات. خەڵکی دەیویست لە شار دەربچێت، بەڵام ینک ڕێگەی لە چوونە دەرەوەی خەڵکەکە گرتبوو».[79]
پێشمەرگەی یەکێتی دەمامک و دەرزیی دژی گازی ژاراوی پێ بووە و ڕێگەی لە هەڵاتنی خەڵکی سڤیلی بێ هیچ کەرەسەیەکی داکۆکی لە خۆ کردن، گرتووە. ئایا ئەم هەڵوێستە جێی گومان نییە؟
کافانی دەڵێ:

چ قەرتاج، یان ڕۆما
هەر کامیان سەرکەون
ئێمە هەر بندەستین.[80]

ئێران، ١٩٨٨/٣/١٩ «ڕەزائی» دەکاتە فەرمانداری هەڵەبجە و ڕێ نادا هیچ لایەنێکی کوردی بارەگا لە هەڵەبجەدا بکاتەوە. تەنانەت بێ پسوولەی فەرمانداری، ڕێ بە هیچ بەرپرسێکی لایەنە هاوهێرشەکانیشی نادا، سەردانی هەڵەبجە بکەن. مەلا عەلی ناچار دەبێ بڵێ: «جاران بە عەرەبی داوای ناسنامەیان لێ دەکردین، ئێستا بە فارسی».[81]
ڕەوتارەکانی ڕژێم کاردانەوەی کارەکانی ینک نەبوون. پێش ئەوەی یەکێتیش لە دایک ببێ، ڕژێم هەر فاشست بوو. بەعس ئەو سەردەمەی «جەلالی»یش فورسان Mercenary بوون لە کنی، هەر فاشست بوو. ئەگەر یەکێتی ئەم ڕاستییەی لەبەر چاو گرتبا، هێندە زوو زوو بیانووی لەناوبردنی کوردی نەدەدایە دەستی و گەلەکەمانی لە گەلێ کارەسات دەپاراست.

## ویژدانی حەساوە

یەکێتی حیزبێکی سادۆماسوشی یە، وەک چۆن چێژ وخۆشی لە دیلکوشتن و قەلاچۆکردنی پێشمەرگەی لایەنەکانی دیکە دەبینێ، هەروایش خۆی بە بڵندیی ژمارەی شەهیدەکانییەوە با دەدا. نەوشیروان دەڵێ: «لە ئەنفالی یەکدا، ئەو هێزانەی بەرگرییان لە ناوچەکە دەکرد، زیاتر لە ٦٠٠ پێشمەرگەی لێ کوژرا و بریندار بوو».[82] جا کە تەرازووی هێز هێندە بە لای دوژمندا سەنگین بوو، هەر لە سەرەتاوە پاشەکشەتان کردبا، چاکتر نەبوو؟
ئەگەرچی هیچ لایەنێ هێندەی ینک زیانی بە خەڵکی کورد نەگەیاندووە، کەچی نووسەر بێباکانە دەبێژێ: «یەکێتی هەمیشە قازانجی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی لەبەرچاو گرتووە».[83] «منداڵەکان بۆ گاڵتە بەردیان دەگرتە بۆقەکان. بۆقەکان بە ڕاستی دەمردن». ینک زۆر جار کوردی بە بۆق زانیوە. نووسەر دوای ڕووبارێ خوێن، دوای تێپەڕبوونی بیست ساڵ بەسەر هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشدا، دەنووسێ: «ئێستایش دڵنیا نیم لەوەی دەستپێکردنەوەی شۆڕش، کارێکی گەوجانە بوو، یان عاقڵانە؟».[84]
سەیرە هێشتا هیچ جەنەڕاڵێکی کورد لەسەر شێوازی «هاراکیری» خۆی نەکوشتووە! ئەندازیارێکی ژاپۆنی کە هەست دەکا لە ئەنجامی هەڵەی ئەوەوە، فرۆکەیەک کەوتۆتە خوارەوە و سەرنشینەکانی گیانیان لە دەست داوە، دەستبەجێ خۆی دەکوژێ و ئەم نامە کورتە لە دوای خۆیەوە جێدەهێڵێ: «داوای لێ بووردنتان لێ دەکەم و ژیانمتان پێشکەش دەکەم».[11]
سلاڤکۆ دۆکمانۆڤیچ سەرب بوو، پارێزگاری شاری ڤۆکۆڤاری کرواتیا بوو، بە تاوانی ڕەشەکوژی لای UN زیندانی بوو. پێش ئەوەی دادگایی بکرێ، ١٩٩٨/٦/٢٩ خۆی کوشت. نووسەریش کە دەستی لە کوشتنی دەیان کەسی سەر بە لایەنە نەیارەکانی یەکێتیدا هەیە و قارەمانی بێ وێنەی بواری دیل کوشتنیشە، ئەگەر پەنا بۆ هەمان چارەسەر ببا، بەوە:
- بە یەکجاری لە ئازاری ویژدان ڕزگاری دەبێ.
- خزمەتێکی بەرچاوی ئازادی و دیموکراتی لە کوردستاندا دەکا.
- بە کردەوە نەفرەت لە شەڕی براکوژی دەکا.
- جوانترین دەرسی دەسەڵاتدارانی ئێستای کوردستان و نەوەکانی داهاتوو

دادەدات، فێریان دەکا، سڵ لە براکوژی و دیلکوشتن بکەنەوە و خوێن و خەباتی کورد بە فیڕۆ نەدەن.

### بارزانی

بارزانی لە ڕوانگەی نەوشیروانەوە، نەخوێندەوارێکی جنێوفرۆش بووە. ئەم بۆچوونە پێش ئەوەی سووکایەتی کردن بێ بەو پیاوە، سووک سەرنجدانی جەلالی یە، ئاخر مەلا مستەفا چەندین گۆڵی مێژوویی لە جەلالییەکان کرد، وەک:

- بۆ ئێرانی هەڵبڕین.
- بۆ باوەشی ڕژێمی عێراقی ڕاو نان.
- هەڵیوەشاندنەوە.
- دوو جار لێیان خۆشبوو.
- بە کێشی کردنەوە بۆ ناو پارتی.

بارزانی بەوەی کە چەندین پردی لە نێوان بزووتنەوەی کورد و وڵاتانی زلهێز و دوور و دراوسێدا ڕۆنابوو، کە هاوزەمان پێوەندیی خۆی لەتەک سۆڤییەت و ئەمریکا، عەرەب و جوولەکەدا پاراستبوو، ئەوانە گەواهی لەسەر زیرەکی ئەو لە بواری دیپلۆماتیدا دەدەن. نووسەر ئەو لێهاتوویەی مەلا مستەفا بە لاوازی ئێوزەد دەکات،(٨٥) کەچی کە جەلال تاڵەبانی سەددامان لێ دەکا بە ناوبژیوان، بە لای نووسەرەوە ئەوە: «جۆرێکە لە دیپلۆماسییەتی زیرەکانە».(٨٦)

بە پێی قسەی بێ بەڵگەی نووسەر، بارزانی بە حکوومەتی گوتووە: «داخوازی من تەنیا ئەوەیە ئاشتی هەبێ و بچمەوە بارزان خەریکی شوانی بم».(٨٧) گریمان مەلا مستەفا تەنیا شوێن بەرژەوندیی خۆی کەوتووە، کێ بڕوا بەوە دەکا، ئەوێ لە ١٩٤٦ دا جەنەراڵ بووبێ، دوای فێربوونی زمانێکی تازە، خوێندن، ئەزموونی دوازدەساڵی سۆڤییەت و شۆڕشێکی نوێ، لە ١٩٦٤ دا بە شوانی قایل ببێ! چونکە پەتی ناڕاستی قرچۆکە، دوای سی لاپەڕە لە هەمان کتێبدا دەنووسێ: «مەلا مستەفا لەگەڵ هیچ حکوومەتێکدا ڕێک نەئەکەوت».(٨٨)

نووسەر دەڵێ: «من دژی شەڕ لەگەڵ بارزانی و دژی هاوکاری لەگەڵ بەعس بوم».(٨٩) بە مەرجێ باس لە سەردەمێک دەکا، کە خاوەنی ئیمتیازی ***ڕزگاری*** «ئۆرگانی جەلالی» و بەرپرسی لیژنەی ناوچەی سلێمانی بووە! ئەم قسانەی نووسەر تەواو لەوە دەچێ، کەسێ بڵێ: نە بڕوام بە تاق و تەنیایی خودا هەیە، نە بە پێغەمبەریی محەمەد، وەلێ موسڵمانیشم. بە ڕاست جەلالیبوون، بێجگە لە شەڕ لەگەڵ بارزانی و هاوکاری لەگەڵ بەعس، چی دیکە بوو؟ کە ئەو دوو مەرجەی تێدا نەبوو، ئەدی چی ئەوی گەیاندبووە نێو ڕیزەکانیان؟ تۆ بڵێی هێڵی لاری Dou-bleagent مەلایی بووبێ لە نێو جەلالیدا؟ قوڵپی غەزەب و قینی نەوشیروان تەنیا بەوە دانەدەمرکایەوە، کە هەر ڕاستەوخۆ بە کوردی دژی بارزانی لە ***ڕزگاری***دا بنووسێ، بەڵکوو ئەوی بە عەرەبیش لە «النور»دا دژی ئەو دەنووسرا، دەیکردە کوردییەکی لاواز و «کە من لێرەدا بۆم جوان کردووە»، لە ڕزگاریدا بڵاوی دەکردەوە. ئەوە ئەو بوو بە بارزانی دەگوت: «چەتە، نۆکەر، کۆنەپەرست و بەکرێگیراوە و دەیەوێ بە هاوکاریی ئیمپریالیزم، حکوومەتی پێشکەوتنخوازی بەعس بڕووخێنێ».(٩٠) کەسێ بارزانی بە چەتە و بەعس بە پێشکەوتنخواز بزانێ، ئیدی چۆن دوژمنی بارزانی و دۆستی بەعس نەبووە!

وەک چۆن نوقمبوو هانا بۆ پووش دەبات، نووسەریش لە ***ڕزگاری***یەکەیدا، بۆ دژایەتیکردنی بارزانی تەنانەت هانای بۆ ئەو قسانەی «عەزیز ئەلحاج»یش دەبرد کە بەستەزمانە لە ژێر گوشاری بەعسدا و لە ترسی گیانی خۆی لە تەلەڤیزیۆنی عێراقەوە لە دژی شۆڕشی ئەیلوول کردبوونی.(٩١)

«نجفقلی پسیان» نیو سەدە لەمەوبەر کتێبێکی بە ناونیشانی: «از مهاباد خونین تا کرانەهای ارس»ەوە بڵاو کردۆتەوە، کە بە کوردی دەبێتە: لە مەهابادی خوێنینەوە تا کەنارەکانی ئاراس. نەوشیروان کە لە بواری سووک سەرنجدانی بارزانیدا، فازیل براک (نەک بەڕڕاک، وەک ئەو بۆی چووە)،(٩٢) بە نۆکەر ڕاناگرێ، نەدەبوو ناوی بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانی: «لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ»، لە ناوی کتێبێکەوە بخوازێ، کە باسی خەباتی بارزانی دەکا.

### قوشقی

نەوشیروان دەڵێ: «جەمال ئەوەندە وت بوی: بە دیموکراتی دابەشی ئەکەین، ناویان نا جەمال دیموکرات».(٩٣)

«مام ساڵح چونکە بە کۆیەتەری ئەوت ڕۆحە، ناومان نابو، ڕۆحە».(٩٤)

«مام ئەحمەد چونکە وانێکی زۆر بەکار ئەهێنا، ناویان نا، مام وانێک».(٩٥)

«ئەمیری قازی ئەوەندەی وتبو، ئامادە نین لە ژێر یەک «سەقف»دا لەگەڵ لایەنگرانی بارزانیدا دابنیشین، ناویان نابو: ئاغای سەقفی».(٩٦)

ئەو کە ئەم ڕاستییانە دەزانێ، نەدەبوو وا زوو زوو «قوشقی» بخاتە ڕستەوە:

«مامۆستا جەعفەر قوشقی بوبو، دابویە شاخ».(٩٧)

«فەرهاد شاکەلی قوشقی بو».(٩٨)

«حەمەسەعید حەسەن خۆی قوشقی کرد».(٩٩)

دەبوو ترسی ئەوەی هەبێ، کە دەشێ ئەویش ناو بنێن: ئاغای قوشقی. وەلێ ئەوی هیچی نەمابێ، بترسێ لە کیسی بچێ، بە نزمترین شێواز هەوڵی زڕاندنی ناوی ئەم و ئەو دەدات.

### کوردستانێکی ئازاد

محەمەدی حاجی مەحموود دەڵێ: «سەرانی کورد هاوینی ١٩٩٠ لەگەڵ عێراق ڕێک دەکەوتن، بە مەرجێ تۆزێک لە تەسلیم بوونەوە باشتر بووایە».(١٠٠) کە سەرانی کورد لە پرسەی «خومەینی»دا، سەردانی دەسەڵاتدارانی ئێران دەکەن:

- لەسەر ئەوەی کێ لە پێشەوە بچێتە ژوورەوە دەبێ بە فڕکان فڕکان.
- مام جەلال ڕیشی هێشتبووەوە، تا «موسەوی» لەوە دڵنیا بێ، کە ئەمیش پرسەی بۆ خومەینی داناوە.
- مەلا عوسمان هێندە قایم خۆی دەدا بە مێزە شووشەکەی بەردەمی «موحتەشەمی»دا، لە تاو ژانی ڕەقەڵەی قاچی لوول دەبێ.
- کاک مەسعوود بە وەزیری ناوخۆی ئێران دەڵێ: ئێمە خۆمان بە سەربازی پاراستنی مەرزی کۆماری ئیسلامی ئێران دەزانین.
- نەوشیروان مستەفا و ڕەسوول مەمەند، کە ١٩٩١ بۆ سەندنی مافی کورد لە بەغدا دەبن، لەسەر ئەوەی کامیان لە پێشەوە بڕوات، دەست دەدەنە یەخەی یەکدی.
- ڕەسووڵ مەمەند، کە بە دڵشکاوییەوە بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە، جانتا دیپلۆماتییەکەی لە بەغدا بە بەڵگەنامە و مۆری حیزبەوە، لێ

بەجێدەمێنێ، دواتر ئاسایش بۆی دەهێنێتەوە».(١٠١)
١٩٧٩ وەفدێکی حسک بە دزییەوە، بە مەبەستی وتووێژ ڕوو دەکاتە بەغدا. کە هەواڵی ئەم سەردانە بڵاو دەبێتەوە و لایەنەکانی دیکە ڕەخنەی توند لەم هەڵوێستەی حسک دەگرن، دوکتۆر مەحموود عوسمان پێیان دەڵێ: ببوورن کوتوپڕ ئاگادار کراین کە لە بەغداوە داوامان دەکەن، پێ ڕانەگەیشتین هیچ لایەنێ ئاگادار بکەین.(١٠٢)
سەرانی لایەنە کوردییەکان، هەر کامێکیان دەگری، زێتر لە کلاون دەچێ وەک لە سەرکردە، هەر بۆیە درەختی ئازادی، وێڕای ئەو هەموو خوێنە، تا هەنووکە بێبەر بووە.[١٢]

٢٠٠٠/١١/٢٥

* * *

**سەرچاوەکان:**


(١) **نەوشیروان مستەفا ئەمین**، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل ٣٠٩ بەرلین ١٩٩٧
(٢) **حەمەسەعید حەسەن**، یەکێتی نووسەرانی کورد چی بەسەر هات؟ ل ٣٤ تا ٤٣ چ ٢ ئاپێک ١٩٩٤ ستۆکهۆلم.
(٣) **ئەکبەر ئەحمەد**، باری سەرنج، کوردستانی نوێ، کۆتایی ئاياری ١٩٩٧.
(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەباس شوان دا، **عەبدولڕەحمان کاکل**، گوڵان، ژ: ٨٠ هەولێر ١٩٩٦/٧/٢١.
(٥) بابەتی «زەردە زەردە وا ڕاوەی ئەلفوبێیەکەی باڵدار.
(٦) **نەوشیروان مستەفا ئەمین**، میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا، ل ٢٠٩، ١٩٩٨ سلێمانی.
(٧) **نەوشیروان مستەفا ئەمین**، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، ل ١٢٨، بەرلین ١٩٩٧.
(٨) پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل ٣٠٩.
(٩) پەنجەکان...،ل ٣١٠.
(١٠) پەنجەکان...،ل ٣١٠.
(١١) **ئەحمەد بانیخێلانی**، بیرەوەرییەکانم، ل ٥٥٦ و ٥٥٧، ستۆکهۆلم ١٩٩٧.
(١٢) پەنجەکان...،ل٣٠٩.
(١٣) **سەعد عەبدوللا**، نەوشیروان مستەفا لە شیری هەتا پیری، ل ٦٤، هەولێر ١٩٨٨ چاپخانەی ڕۆشنبیری.
(١٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨؛ «نیدی ناتوانین بێ دەنگ بین»، *ئاڵای شۆڕش* ١٩٨٦ سوێد؛ *برایەتی* ١٩٩٦/٩/٣.
(١٥) **پشکۆ ئەجمەدین**، لە سێبەری دیوی ناوەوەی ڕووداوەکاندا، ل ٥٦، سوێد ١٩٩٧.
(١٦) پەنجەکان...،ل ١٦٥.
(١٧) پەنجەکان...،ل ٨٤.
(١٨) **ئەحمەد بانیخێلانی**، دەربارەی دوو کتێبەکە...ی نەوشیروان مستەفا، *پەیام* ژ: ٦ لەندەن ١٩٩٨.
(١٩) **نەوشیروان مستەفا**، تازە ئەچێ بۆ بەسرا، کوردستانی نوێ ژ: ٤٧ ڕۆژی ١٩٩٨/٢/٢٠ لەندەن
(٢٠) سەرچاوەی پێشوو.
(٢١) **سەید کاکە**، بیرەوەریی پێشمەرگەیەک، ل ٣٢ هەولێر.
(٢٢) **کەمال میراودەلی**، چاوپێکەوتنێک لەگەڵ نەوشیروان مستەفادا، *هەتاو* ژ: ١٧ و ١٨ هاوینی ١٩٩٥ لەندەن.
(٢٣) هەڵسەنگاندنێکی هەڵوێستی کۆمیتەی ناوەندیی حشع لە بزووتنەوەکەی مەلا بارزانی لەبەر تیشکی بیروباوەڕی مارکسیزم لینینزمدا، *ڕزگاری*، ل ٤٤، سلێمانی ١٩٦٩.
(٢٤) *برایەتی*، ژ: ٣٢٠٥ ڕۆژی ٢٠٠٠/١٠/١١، هەولێر.
(٢٥) **نەوشیروان مستەفا ئەمین**، خولانەوە لە ناو بازنەدا، ل ٦٤، مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان ١٩٩٩، بەرلین.
(٢٦) سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٨.
(٢٧) لە کەناری دانوبەوە...، ل ٢٢٨.
(٢٨) میرایەتی بابان ... ل ١١
(٢٩) تازە ئەچێ بۆ بەسرا، کوردستانی نوێ ژ: ٤٧ لەندەن.
(٣٠) نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە بارەی بڵاوکراوە کوردییەکانی ئەورووپاوە، پەیام ژ: ٨ یولیی ١٩٩٨ لەندەن.
(٣١) فازیل جاف، شانۆگەریی گێژەن، لەدایکبوون، ژ: ٤ مای ١٩٨٨ ئوپسالا.
(٣٢) سەرچاوەی پێشوو.
(٣٣) کوردستانی نوێ، ڕۆژی ٢٠٠٠/٦/١٤ سلێمانی.
(٣٤) **مەلا بەختیار**، یاخی بوون لە مێژوو، ل ٢٢٦، چاپخانەی داناز ١٩٩٨ سلێمانی.
(٣٥) **مەلا بەختیار**، پارتی، ئاستێکی نزم، ئاستەنگێکی دژوار، ل ٤؛ کوردستانی نوێ ژ ٤٧ ٢٨ی نۆڤەمبەری ١٩٩٧ لەندەن.
(٣٦) **گوڵان** ١٩٩٤/٧/٢١، هەولێر.
(٣٧) **کاوە جەلال**، داڕزانی کولتووری، *هەتاو*، ژ: ١٥ و ١٦ ئابی ١٩٩٧ لەندەن.
(٣٨) باوکی ڕاستی، چەند سەرنجێ لەسەر وتارەکەی نەوشیروان مستەفا، *پەیام*، ژ: ١٠ سێپتەمبەری ١٩٩٨.
(٣٩) **محەممەدی حاجی مەحموود**، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک (پێشەکییەکەی)، بەرگی سێیەم (هێشتا چاپ نەکراوە).
(٤٠) **قادر ڕەشید**، پشتناشان لە نێوان ئازار و بێدەنگیدا، ل: ٧٢ و ٧٣، ستۆکهۆلم ١٩٩٨ چاپخانەی مەدیا.
(٤١) **محەممەدی حاجی مەحموود**، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی یەکەم ل ٤٠٢، سلێمانی ١٩٩٩ چاپخانەی بێساراني.
(٤٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥.
(٤٣) ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی یەکەم، ل ٦٦.
(٤٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢.
(٤٥) میرایەتی بابان...، ل ٩.
(٤٦) پەنجەکان...، ل ٣١٠.
(٤٧) میرایەتی...، ل ٢١٠.
(48) Daily Telegraph 22 june 1998 London.
(٤٩) یەکێتی نووسەرانی کورد چی بەسەر هات؟ ل ٧٠.
(٥٠) مەد تیڤی، پرۆگرامی کاروان، دیدار لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، ئامادەکردنی سیروان ڕەحیم ١٩٩٧/٣/٤.
(٥١) **مژدە تاهیر**، بۆ/ لە کەناری دانوبەوە...، *کوردنامە* ژ: / ١٩٩٧٧/٢٥لەندەن.
(٥٢) لە کەناری دانوبەوە...، ل ٢٢١.
(٥٣) **س. چ. هێرش**، ڕانانی کتێب، **گزینگ** هاوینی ١٩٩٧ سوێد، ل ٦٦.
(٥٤) **ج. ئاکۆیان**، بەینی خۆمان بێت، *بارزان*، سێپتێمبەری ١٩٩٧ ئەمریکا.
(٥٥) **عەتا قەرەداغی**، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، *کوردستانی نوێ*، ٢٠٠٠/٢/٦ و ٢٠٠٠/٢/١٢ سلێمانی.
(٥٦) مەد تیڤی، پرۆگرامی کاروان، سیروان ڕەحیم ١٩٩٧/ ٣/٤.
(٥٧) **کاوە جەلال**، سەرنج دەربارەی یادەوەرییە سیاسییەکانی نەوشیروان مستەفا، *هەتاو*، ژ ١٨ و ١٩ دیسەمبەری ١٩٩٧ لەندەن.
(٥٨) **ئەمجەد شاکەلی**، سەرەتایەک بۆ خوێندنەوەی نوێی مێژووی چەپی کوردی، *پەیام*، ژ: ١٩ و ٢٠ لەندەن ١٩٩٩.
(٥٩) **فازیل کەریم ئەحمەد**، کتێبی میرایەتی بابان بە وردی ئەنووسراوە، *پەیام*، ژ: ١٠ سێپتەمبەری ١٩٩٨ لەندەن.
(٦٠) **حوسێن محەممەد عەزیز**، نامەیەکی درێژ بۆ نەوشیروان مستەفا، ل ٣٥، چاپخانەی بابان ١٩٩٥سوێد.
(٦١) **پشکۆ ئەجمەدین**، لە سێبەری دیوی ناوەوەی ڕووداوەکاندا، ل ٣٦.
(٦٢) **نەوشیروان مستەفا ئەمین**، سەردەمی قەڵەم و موراجەعات، ل ٨، مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان ٢٠٠٠بەرلین.
(٦٣) **نەوشیروان مستەفا ئەمین**، حکومەتی کوردستان، ل ٢٥، هەولێر ١٩٩٣، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.
(٦٤) میرایەتی بابان...، ل ٢٩.
(٦٥) لە کەناری دانوبەوە...، ل ٥.
(٦٦) **نەوشیروان مستەفا ئەمین**، کورد و عەجەم، ١٩٩٢.
(٦٧) **مەلا بەختیار**، یاخی بوون لە مێژوو، ل ٢٨٦ و ٢٨٧.
(٦٨) پەنجەکان...، ل ٢١٠.
(٦٩) **پشکۆ ئەجمەدین**، لە سێبەری دیوی ناوەوەی ڕووداوەکاندا، ل ٣١ و ٥٣ و ٣٦.
(٧٠) پەنجەکان...، ل٩٨.
(٧١) **هەژار**، بۆ کوردستان، ل ١١، چاپی سێهەم، تاران ١٩٨٦.
(٧٢) **نەوشیروان مستەفا ئەمین**، سەردەمی قەڵەم و موراجەعات، ل ٦، مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان ٢٠٠٠، بەرلین.
(٧٣) *الحیاه* ٢٠٠٠/١٠/٢٨ لندن.
(٧٤) **محەممەدی حاجی مەحموود**، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی سێیەم.
(٧٥) **نەوشیروان مستەفا ئەمین**، خولانەوە لە ناو بازنەدا، ل ١٤٨.
(٧٦) خولانەوە...، ل ٦٧.
(٧٧) ڕاپۆرتی پارتی کۆمۆنیستی عێراق بۆ ناوخۆی ڕێکخراوەکەی ١٩٩٨/٤/٣.
(٧٨) **محەممەدی حاجی مەحموود**، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی سێیەم.
(٧٩) سەرچاوەی پێشوو.
(٨٠) **ج. باورسوک**، کافافی الجدید، ترجمە: رفعت سلام، *الثقافە العالمیە*، عدد ٧٩، الکویت ١٩٩٦.
(٨١) ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی ٣.
(٨٢) خولانەوە...، ل ١٥٠.
(٨٣) خولانەوە...، ل ٦٤.
(٨٤) لە کەناری دانوبەوە...، ل ٦١.
(٨٥) پەنجەکان...، ل ١١٠.
(٨٦) خولانەوە...، ل٧٧.
(٨٧) پەنجەکان...، ل٧٤.
(٨٨) پەنجەکان...، ل ١٠٣.
(٨٩) پەنجەکان...، ل٩٨.
(٩٠) ... بزووتنەوە بەکرێگیراوەکەی بارزانی...، *ڕزگاری*، هاوینی ١٩٦٩ ل٤٤ و ٤٥
(٩١) سەرچاوەی پێشوو.
(٩٢) خولانەوە...، ل ٢٢.
(٩٣) پەنجەکان...، ل٢١٨.
(٩٤) پەنجەکان...، ل٢٩١.
(٩٥) پەنجەکان...، ل٣٢٨.
(٩٦) لە کەناری دانوبەوە...، ل٥٤.
(٩٧) لە کەناری دانوبەوە...، ل ٣٢٤.
(٩٨) لە کەناری دانوبەوە...، ل ١٢٨.
(٩٩) پەنجەکان...، ل ٣١٠.
(١٠٠) ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی ٣.
(١٠١) سەرچاوەی پێشوو.
(١٠٢) **فاتح رسول**، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان، بەرگی ١، ل ٢٢٨، چاپخانەی هەڵەبجە ١٩٩١ سوێد.


**پەراوێزەکان:**

١- ڕکەبەر، موناڤیس.
٢- ڕێنووسم بۆ نووسەر چاک کردووە.
٣- شەوانە هاونشینی جامی بـــادەم
بە بادە با پەژارە و غەم بەبـــادەم
کە دەستی ڕۆژگـــار بایدا سەری من
سەری شووشەی شەراب وا چاکەبادەم
«هێمن»
٤- گەڕەکێکە لە شاری سلێمانی.
٥- حی الطرب، دەربڕینێکی عێراقی یە، بۆ ئەو ئاوەدانییانەی تایبەتن بە کڕین و فرۆشتنی سێکس.
٦- الدم لا الدولار ایها السادە، ناونیشانی سەروتارێکی ڕۆژنامەی *الشورە* بوو.
٧- هەر ئەم «ج. ئاکۆیان»ە، بە ناوی خوازراوی «هەژار تاڵەبانی»یەوە، ئەندامی زاووزێی خۆشی خستبووە ڕستەوە و زۆر جنێوی پیسی بە ئیبراهیم ئەحمەد، گەلاوێژ خان، مام جەلال و هێرۆ خان دابوو. بەوەدا لە بواری جنێو بەخشینەوەدا هێندە دەستڕەنگینە، پێ دەچێ پەروەردەی پەیانگای باڵای ئینک بێ.
٨- نووسەر ئەم کتێبەی بە ناوی «صالح محمد امین»ەوە بڵاو کردۆتەوە.
٩- لە سەر کێلی گۆڕەکەی شێرکۆ کە لە بەرگەڵوو نێژراوە، نووسراوە:
ئەوی تۆی کوشت، کوژرایەوە
شادی بۆ دڵ گەڕایـــەوە
١٠- «ویل لمن کفره نمرود!»
١١- نامەکە بە عەرەبی: اقدم اعتذاری مع حیاتی.
١٢- داری ئازادی بە خوێن ئاو ئەدرێ قەت بەر ناگرێ
سەربەخۆیی بێ فیداکـــاری ئەبەد سەرناگرێ
«بێکەس»

# کورتەیەک
# لەسەر مێژووی مۆسیقای کوردی

ناسری ڕەزازی

❑ ئەو نووسراوەیە لە کۆڕێکی کولتووریی شاری لەندەن(بریتانیا) لە لایەن نووسەرەوە پێشکەش کراوە.

میوانە بەڕێزەکان، ئێوە کە لێرە دانیشتوون و گوێ لەم گوتارە دەگرن، کەم تا زۆر، ئاگاتان لە پرسگرێکی کورد و ئەو زوڵموزۆرەی کە لێی دەکرێ، هەیە. ئیتر پێویست ناکا، من باسی مێژووی سیاسی کوردستانتان بۆ بکەم!

جیاواز لە خەبات و تێکۆشان بۆ رزگاریی کوردستان، تەنیا شتێک کە نەیهێشتووە نێوی کورد بمرێ و لەراستیدا نێوی ئێمەی زیندوو راگرتووە، فۆلکلۆری کوردیی و بەتایبەت گۆرانی یە! هەر گۆرانییشە کە زمانەکەمانی زیندوو ڕاگرتووە. چونکە زۆر ڕووداوی گەورەی مێژوویيمان هەیە، کە لە گۆرانییدا بۆمان ماوەتەوە!

زمانی کوردی زمانێکە کە زاراوەی زۆرە و هەر زاراوەیەکیش خاوەن مۆسیقای تایبەت بە خۆیەتی! وەکوو: کرمانجی، سۆرانیی، هەورامی، کەلهوڕی. «خاچاتوور ئەبوویان»، وێژەناسی گەورەی ئەرمەنیی، دەڵێ: فۆلکلۆری کوردیی، ئەوەندە پڕ و بەرز و خێرۆمەندە، کە کاری کردۆتە سەر فۆلکلۆری گەلانی دیکەی هاوسێی کوردیش.

زۆر کەس لە زانایانی کورد و ناکورد، گوتوویانە کورد لە سەرەتادا موسوڵمان نەبووە و ئاگرپەرەس بووە. واتە پەیرەوی ئایینی زەردەشت بووە و، نوور یان زەری لەلا پیرۆز بووە! هەورامان تا ٤٠٠ ساڵ دوای هێرشی عەرەب بۆ سەر کوردستان، هەر لەسەر ئایینی زەردەشت ماوەتەوە. لەراستیشدا شوێنەواری ئەو ئایینە لەو ناوچەیەدا هەر ماوە.

لە ئێران دوو کتێب بە نێوەکانی (جغرافیای غرب ایران، یا کوهھای ناشناختە اوستا) و، (ترجمەای بر فروردین یشت اوستا)، یان (زەردەشتی کورد)، دەرچوونە کە هەردووکیان رۆحی شاد «مامۆستا عمادالدین دەوڵەتشاهی» نووسیونی، کە کورد و خەڵکی کرماشان بوو. ئەم ئینسانە زەحمەتێکی بێوێنەی کێشاوە و لە کتێبی یەکەم، نێوی ئەو کێوانەی کە لە ئاوێستادا هاتوون، هەمووی دەرهێناون و جێگاکانی دەسنیشان کردوون کە لە کوردستانن. لە کتێبەکەی دیکەشیدا کە ئازیەتیگرتنی رۆستەمە بۆ زۆراو، سەلماندوویەتی کە رۆستەم کورد بووە. کارەکەی دەوڵەتشاهی لەو کتێبەدا ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە: زەردەشت ئەگەریش لە کوردستان لە دایک نەبووبێ و لە کوردستانیش نەمردبێ، لانیکەم بۆ ماوەیەکی زۆر ئەم ئایینەی خۆی لە کوردستان بڕو پێداوە و بەڵگەشی بۆ سەلماندنی ئەم بانگاشەیە، هەیە!

بە پێی لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییانە، گاتاکان کوردیین، یانِ بە کوردییەوە نزیکن! نێوی زەردەشت، لە بنەرەتدا: (زەرەتا وەشتەرای)یە، کە لە دوو وشەی (زەرەتا) واتە ((نوور)) و (وەشتەرای) واتە ((داباری)) پێکهاتووە و واژەکان کوردیین! گاتاکانیش کە زەردەشت نووسیونی، زۆربەی وشەکانی لە زاراوەی (کەلهوڕیی)یەوە نزیکن!

ئەم گاتاگەلە، ئەگەر کوردییش نەبن، لانیکەم دەتوانین لە ١٠٠٠ وشە، زۆرتر لە ٦٠٠ وشەی کوردیی تێدا دەربێنین کە لە زمانی کوردیدا هەن و ماون! چونکە لە چەند بنزاراوە بۆ نووسینی ئەم گاتاگەلە کەڵک وەرگیراوە! پاشماوەی ئایینی زەردەشتیش لە کوردستان، ئیزەدییەکان و بەشێک لە یارسانەکانن کە کتێبی ئایینیی ئەمانەش، کوردیین. بەهەرحاڵ ئەوەندەی کە پێوەندی بە ئێمەی کوردەوە هەبێ لە کۆن و ئێستادا، ئەو شیعرە مێژووییانەن کە لە دو توێی کتێبگەلێکی وەکوو گاتاکانی زەردەشت و ئایینەکانی یارسان و ئیزەدیی و هەورامان و شوێنانی دیکەدا ماونەتەوە. (گات، یان گاتا)، وشەیەکی ئاڤێستایی یە، کە لە پالەوی کۆندا (گاث)یان پێگوتووە!

وشەی (هات)، کە بەندبەندی گاتاکان پێک دێن و، وشەی (گات)یش، هەر دووکیان ئەمرۆ لە کوردیدا ماونەتەوە. (هات) کە لە چاوگی (هاتن) وەرگیراوە، چەند واتا دەدا. یەکەم، هات: واتە هاتن. دووهەم، هات: یانێ بەخت و شانس، سێهەم: هات بە مانا ئایینییەکەی واتە: ئەدا، بانگێک کە لە ئاسمانەوە دێتە سەر پێغەمبەران! (گات)یش بە کوردیی کۆن و ئێستاش یەکەم، واتە: بانگکردن و چڕین! کە لە ناوچەی هەولێر و کۆیە و رەواندز و موکوریان، بەکار دەبرێ، وەکوو: شیلانم بۆ گاز کە. یانێ شیلانم بۆ قاو، یان بانگ کە! دووهەم گات: واتە سکالا و بانگ و هاوار و نزا، بەتایبەت لە ستاییش و مەراسمی ئایینیدا.

گاتا لە کۆندا، نێوی ئەو سروودانە بووە، کە لە ستاییشی ئایینی زەردەشتدا خوێندراون! سروودیش دیارە بە هەڵبەستی بڕگەیی دەگوترێ نەک پەخشان. گاتاکان بە شیعری بیست بڕگەیی کە ئەمرۆ لە کوردستاندا

شوێنەواری ماوەتەوە گوتراوە. هێرۆدۆت دەڵێ: لە ئێرانی کۆندا، موغەکان، لە کاتی نوێژ و سپاسی یەزداندا و لە کاتی قوربانیکردندا، سازیان ژەندووە و ئاوازیان چڕیوە! واتە لە ئایینی زەردەشتدا هەموو پەرستنێک بە ئاوازەوە ئەنجام دراوە. ئەمەش راستە چونکە لە ئاڤێستادا بۆ خوێندنەوەی گاتاکان، ئاماژە بە چڕینی ئاواز کراوە! هەندێ زاناش پێیان وایە کە وشەی قەتار کە لە گۆرانیی کوردیدا هەیە، لە گاتا وەرگیراوە! لە زمانی سانسکریتیشدا گات بە واتای چڕین و گوتنی ئاواز دێت. لە کتێبگەلی بوداییشدا گات بەو چامە و مەنزوومەگەلە دەگوترێ کە لە شێوەی پەخشانن.

من لێرەدا بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە دوو بەند لە بەندەکانی گاتاکانی زەردەشت بە نموونە دێنمەوە کە کوردیین و لە ئێراندا لە ژێر ناوی (زبان پهلوی)، کە لەسەتا سەت، بە کوردییەوە نزیکە، وەرگێڕدراوەتە سەر فارسی، لە کاتێکدا وشەکان زۆرتری کوردیین و لە زمانی کوردییشدا شوێنەواریان ماوەتەوە! زمانی پالەویش وەک دەرکەوتووە، بە زاراوەی کەلهوڕییەوە نزیکە، هەتا فارسیی. شیعرەکەش ئەمەیە:

**ئەشاڤۆ فرەدسای ئەسپەرێزەتا**

**تواڤانەش مەزدا ئەهوورا یەدا**

ئەمە هاتی ٣١ی، بەندی ١٦یە لە گاتاکانی زەردەشت. واتای شیعرەکەش ئەمەیە:

شاهۆ هەتا دەگاتە ئەسپەرێز، ئەمبەر و ئەوبەر، زنجیرە چیایە، چەمی دووئاوانیش کە لە نێوانیانەوە دەڕوا، ئەهوورامەزدا پێی بەخشیوین. شاهۆ چیایەکە لە کێوەکانی زاگرۆس لە هەورامان. ئەسپەرێزیش گوندێکە سەر بە ناوچەی هەورامان، کە لەوبەری دووئاو بەرانبەر بە چیای شاهۆ هەڵکەوتووە.

ئەوەی کە ئەمڕۆ لەبەرچاو و لەبەردەست بێ، چوار (مێلۆدی)، یان (هەوا)مان لە گۆرانیی کوردیدا هەیە، کە زۆر کۆنن. ئەو هەواگەلەش: (هۆرە و سیاچەمانە و لاوک و حەیران)ن، کە دەمبەدەم و سینەبەسینە، ماونەتەوە. ئەم هەواگەلە، بەتایبەت (هۆرە)، کە بە کەلهوڕی و جافیی، دەگوترێ و زۆر کۆنە، هەم بە پێی نێوەکەی، هەمیش کۆنبوونی مێلۆدییەکە و هەروەها لەبەر ئەوەی کە لەناو یارسانەکانیشدا باوە و وەکوو کەلام دیچڕن، وا دەردەکەوێ هەر ئەو مێلۆدییە بێ کە سەردەمی زەردەشت وەکوو سروودی ئایینی لە مەراسم و نیاییشەکاندا گوتراوە!

گزنفۆنی یۆنانی کە ساڵی ٤٠١ی بەر لە زایین بە بانگهێشتنی کوورۆشی کوڕی کەمبوجیا، هاتۆتە وڵاتی ئێرانی ئەو سەردەمە، لە کاتی گەڕانەوەی ١٢٠٠٠سووارەکەیدا بۆ یۆنان، لە کوردستان (٣٥٥ تا ٤٣٠ی زایینی)، تووشی شەڕ دەبن! گزنفۆن دەڵێ: کوردەکان کە ویستیان هێرش بکەنە سەرمان، جۆرێک سروودی پڕجۆش و خرۆشیان دەگوت کە ریتم و میزانی نەبوو. ئەو سرووده پڕجۆش وخورۆشە، رەنگە هەر ئەم هۆرەیە بووبێ کە ئەمڕۆ ماوەتەوە و ریتمی نییە و ئازاد دەگوترێ!

هۆرە زۆرتر بێ مۆسیقادەگوترێ، بەڵام هەندێ جار لەگەڵ تەموورە و بلوێریش گوتراوە! ئەم هەوایە وەک گوتم، ریتم و میزانی نییە و لە گوتندا ئازادە و بە ئارەناری پچڕپچڕ دەگوترێ. هۆرە زۆرتر بە قوڕگ دەگوترێ و هۆرەوێژ، دەستێکی، یان هەردوو دەستی لە پشتگوێ دەنێ و هەواکەی پێدەچڕێ! لە باری زانستی مۆسیقاوە، یەک پەردەیە و ئەگەر لە سۆلەوە دەس پێبکا، هەر بە سۆل کۆتایی پێدێ! وشەی (هۆرە)، لەبەر ئەوەی کە بۆ ستاییشی ئەهوورامەزدا گوتراوە، لە واژەی (ئەهوورا) وەرگیراوە و، هەر بەو شێوەیەی کە لە کۆندا گوتراوە، لە ناو دەروێشانی ئایینی ئیسلام و پەیڕەوانی ئایینی یارساندا دەگوترێتەوە. هۆرە لەکاتی مردنی کەسێک، یان روودانی کارەساتێک، بە هەوایەکی خەمگین، دەگوترێ.

شیعرەکانی هۆرە لە کۆندا هەڵگری گوتەپیرۆز و ئاسمانییەکانی ئاڤێستا بووە. بەڵام لەوکاتەوە کە ئایینی ئیسلام لەناو کورددا جێگەی گرتووە، هۆرە لە لایەن دەروێشەکانی کوردستانەوە، شێوەی ئایینیی گرتۆتە خۆی و بە شیعری عیرفانیش دەگوترێ. جگەلەمە، بە شیعری دڵداریش دەگوترێ و، هۆرە بەگشتی هەم لە شایی، هەمیش لە پرسەدا دەیچڕن. هۆرە وەکوو گاتاکان، بە شیعری بیست بڕگەیی دەخوێنرێت.

هۆرە لە ناوچەکانی گۆران، سەنجابی، قەڵخانی، زەهاو، کرماشان، ئیلام و لوڕستاندا باوە و دەگوترێ. هۆرە ئەوەندە بە سۆزە کە لەو ناوچەیە (کزە)یشی پێدەڵێن! هۆرە بەیانگەری داستانگەلی قارەمانانە و ئاشقی و حەماسی یە. بەنێوبانگترین و کۆنترین هۆرە، هۆرەی (عەزیز و تەکش)ە، کە داستانێکی حەماسی یە! جۆرەکانی هۆرە بریتین لە: (گولەخاک، لوڕیچڕ، سوارانە، قەڵوەزیچڕ، قاچاخچیچڕ، دوودەنگی (دووقۆڵیی)، غەریبیچڕ، ئەکبەرخانیی، کلاودڕ، یەکدەنگیی، ئەرکەوازیچڕ، هەی سوار هەی سوار، گڵەوەدەر، یۆسۆکلاوزەڕ، باندەسانیی، شاحوسێنیی، سارۆخانیی، جڵەوشایی، تەرز، مەجنوون، سەحەری، باریە، دۆباڵا، غەریویی، بانبنەیی و پاوەمووری). جۆرێکی دیکەی هۆرەشمان هەیە کە پێیدەگوترێ: موور، واتە شیوەن و زارییە کە زۆرتر ژنان دەیڵێن و لە هەندێ ناوچەش پیاوان دیچڕن! جۆرێکی دیکەی هۆرەمان هەیە کە لە کۆندا کاتی شەڕ لەگەڵ دوژمن، هۆرەوێژان چڕیویانە!

وەستای هۆرە لە کوردستان، لە ساڵانی پێش ئێستا لەناو جافەکاندا: کۆچکردوو (**عەلی نەزەر**) و لەناو کەلهوڕیشدا: کۆچکردوو (**دارا خان**) و، ئێستاش (**عەلی کەرەمینەژاد**) کە بە حاجی تووتی ناسراوە و هەروەها (**سەی قولی**) خەڵکی شاهاوا، یان مەندەلی کۆن بوونە. لە کۆنیشدا وێژەرانی هۆرە، ئەم مامۆستایانەن کە لە خوارەوە نێویان هاتووە: (**بارامبەگی وەلەدبەگی**)، کە بە (**سەردار ئەکرەم**) بەنێوبانگ بووە؛ هونەرمەندی ئەمر (**سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی**)، (**خەلیفە حەمەمومین بەگ**)، (**مەحمووی عەیزەت بەگ**)، (**عەلی ئەشرەفی حسەین بەگ پاشای گۆران**)، (**عەلی ئەزەری کرندی**) و، (**ئەجات و بەساتی عوسمانوەند**). لە سەردەمی ساسانییەکانیشدا ئەکیسا جگە لەوەی کە بەیتبێژ، یان هۆنیاواچێکی زەبەردەست بووە، باشترین هۆرەچڕی دەرباری ساسانییش بووە!

## سیاچەمانە

هەوا، یان مێلۆدییەکی دیکەشمان لە کوردیدا هەیە کە پێی دەگوترێ: سیاچەمانە. ئەم هەوایەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی زەردەشت و وێدەچێ هەر سەر بەو پێنج فەرزە عیبادەتە بێ کە زەردەشت دایناوە و ئەم هەوایەش لە مێژوودا بە (لەحنی ئەورامەن) نێوی هاتووە! سیاچەمانە بە

زاراوەی هەورامیی دەگوترێ. زاراوەی هەورامیی، هەتا ئەو کاتەی کە دوایین میرنشینی کورد، واتە ئەردەڵانەکان، لە دەسەڵات کەوتوون، زمانی شیعریی شاعیرانی کۆنی کوردستان بووە لە بەشی ئەم قەڵەمڕەوەدا!

بەڵگەی دروست کە روونی دەکاتەوە هەورامان سەر بە ئایینی زەردەشت بووە، کتێبەکەی (پیر شالیاری هەورامیی)یە کە مامۆستا قانع ئاماژەی پێکردووە و دەڵێ: پیر شالیار، یەکێ لە رێبەرانی ئایینی زەردەشت بووە کە لە هەورامان ژیاوە و، کتێبێکی نووسیوە بە نێوی (ماریفەتو پیر شالیار)، کە بە کۆنترین کتێبی کوردی دادەنرێ و لەم شیعرەدا ئاوەها باسی دەکا:

**ماریفەتو پیر، وتەی شالیارە**
**کە بە پیر شالیار لە گشت دیارە**

هەورامان هەرێمێکی شاخاویی و بەرینە، کە سنووری دەستکردی ئێران و عێراق کردوویە بە دوو بەش، بەشی گەورەی لە کوردستانی بندەستی ئێرانە و داگری چەند شار و شارۆچکەی گەورە و بچووکە و بەشەکەی دیکەشی لە کوردستانی بندەستی عێراقە کە هەر هەموویان بە زاراوەی هەورامیی قسە دەکەن. هەورامان لە دوو وشە پێک هاتووە: (هۆرا) و (مان)، کە بە کوردی (هۆرا) واتە (ئەهوورا) و (مان)یش واتا: (ماڵ و بنەماڵە). سا واتای هەورامان دەبێتە: (بنەماڵەی ئەهوورایییەکان). هەورامان مانای دیکەش دەگرێتەوە کە دەبێتە (هۆرنامان)، واتە (جێگای هەڵاتنی خۆر)، چونکە وەک گوتمان هەورامان بەرز و شاخاوییە! «دوکتۆر موعین» خاوەنی (فەرهەنگی موعین) لە قامووسەکەیدا دەڵێ: (فەهلەوییە)، عەرەبییە و لە بنەمادا (پەهلەوی)یە! پەهلەویش شیعرێکە کە بە یەکێ لە زمانە ناوچەیییەکانی ئێران ( واتە زمانی غەیرە ئەدەبی و رەسمی!!)، لەسەر وەزنەکانی عەرووز یا وەزنی هیجایی دانراون و بەشێکیان لە قاڵبی (دووبەیتی)دان. دیارە (د. معین)، ئاماژەی بەوە نەکردووە کە نێوی ئەم زاراوەیە، چییە و هی چ ناوچەیەکە؟!، لەکاتێکدا کوردی یە و باسی نەکردووە. فەهلەوی یا فەهلەویات بە هەوای تایبەتی وەکوو گۆرانی خوێندراوەتەوە و ئەو هەوایە جاروبار هەر (پەهلەوی) و هەندێ جاریش (ئۆرامە، ئۆرامەن و ئۆرامەنان)یان پێ گوتووە و (ئۆرامەن، یان ئۆرامەنان) هەوایەکی کۆنی مۆسیقایە.

تا دەگاتە ئەو جێگایەی کە دەڵێ: فەهلەویات بە هەوای تایبەتی وەکوو گۆرانی خوێندراوە، دروستە. بەڵام ئەوەی کە دەڵێ: هەندێ جاریش ئەورامەنانیان پێگوتووە دروست نییە چونکە فەهلەویات هەر ئەو زاراوەیەیە کە کوردی ئیلام و کەلهوڕ قسەی پێدەکەن و پالەوی یە و هەورامیی نییە. بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەم باسە، ئاماژەیەک بە وشەی فەیلی دەکەم.

وشەی فەیلی لەراستیدا بەم شێوەیەی کە لە خوارەوە باسی دەکەم، بەسەر ئەو بەشە لە کورددا داسەپاوە! تەواوی خاکی ئیلام خواروژووری بگەڕێی، جگە لە گوندێک نەبێ لە دووڕێیانی سۆمار، شوێنێکی دیکە شک نابەی کە خەڵکێکی لێ هەبێ بە نێوی فەیلی! ئەو گوندەش نێوی (زەڕنە)یە کە ١٥٠ ماڵن. چەند سەد ساڵ لەمەوبەر، حاکمێک بە نێوی حوسێن خانی عەباسی عەلەوی، کە لە شیعەکانی نەجەف بووە، لە ئیلام حوکمی کردووە و بەم حوکوومەتەیان گوتووە: **فێئەت عەلی**، واتە **(جەماعەتی عەلی، یان، پەیڕەوانی عەلی)**. ئەم حاکمە باسی خۆی وەکوو شەجەرە لە سەر بەردێک لە (دەرەشار) هەڵکەندووە و گوتوویەتی: ئێمە عەرەبین و لە شیعەکانی نەجەف و خەڵکی ئەوێین! فێئەتعەلییەکان، دوای چەند ساڵ دەسەڵات لەوێ، ساڵی ١٩٢٨ لە شەڕی (رنوو)دا شکست دەخۆن. دوای ئەو شکستە ئیلام بە جێ دێڵن و دەچنەوە نەجەف. لەو کۆچەشدا زۆر لە کوردەکانی ئیلام رەگەڵیان دەکەون و دەچنە کووت و بەغدا. حوسێن خان دەمرێ و قەبری لە نەجەفە . ئەمانە کە بە فێئەت عەلی نێویان دەڕوا، لە بەغدا دەس دەکەن بە بازرگانی و دەوڵەمەند دەبن. کوردە شیعەکانی ئیلامیش کە خۆیان بە پەیڕەوی فێئەت عەلی دەزانن، پاڵیان پێوە دەدەن و زۆربەی شوێنەکانی بەغدا و کووت دەخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. ئەم کوردانەش کە خەڵکی ئیلامن و شیعەن و کوردی رەسەنن، لە بەغدا نادییەک دەکەنەوە و لە کاروباری دەوڵەتدا زۆر دەستیان دەڕوا. وابوو کە دیالێکتی ئەم کوردانە، کاری کردە سەر زمانی عەرەبی و تەنانەت مۆسیقا و فەرهەنگی عەرەبییش. لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم و لە شۆڕشی بارزانی و زۆر تێکۆشانی دیکەدا دەوریان هەبووە. زمانی پالەوی وەک گوتمان بە زاراوەی فەیلییەوە نزیکە و فەهلەویاتیش بەم زاراوەیە دانراوە؛ بەڵام حوکوومەتی عێراق، ساڵی ١٩٤٥، نادییەکەیانی داخست و زەربەی قورس و گەورەی لێدان و ئێستاش بە سەدان کەسیان لە زیندانەکانی عێراقدا بێسەروشوێنن و مێژوویەکی پڕ لە کارەساتیان هەیە و زوڵموستەمێکی زۆریان لێکراوە لەبەر ئەوەی کە شیعەن.

دیسان «دوکتۆر موعین» دەڵێ: کۆنترین بەڵگەی نووسراوی کوردیش، کە بەم تیرەیەوە بەستراوەتەوە، چوارینەکانی (بابا تایەری عوریان)ە کە لەسەرەتای چەرخی یازدەهەمی عیسایی لە (هەمەدان)ی ئێستا (هەگمەتانا)ی پایتەختی مادەکان دایناون و ئەویش هەر پەیڕەوی ئەم ئایینە بووە. (بابا تاهیر) چوارینەکانی بە شێوەی ئەو چوارینە فۆلکلۆرییانەی کە لەو سەردەمەدا بە نێوی (فەهلەویات = پەهلەوی) ناسراون، داناوە.

شەمسی کوڕی موحەممەدی کوڕی قەیسی رازیی، ساڵی ٦١٧ هەتاوی لە کتێبی (المعجم فی معابیر اشعارالعجم)دا، ئاماژەی بە سیاچەمانە کردووە، لە قاڵبی (لەحنی ئەورامن)دا، نێوبراو دەڵێ: خۆشترین وەزنی فەهلەویاتە کە پێیدەگوترێ: ئەورامەن یان ئەورامەنان و گۆرانییەکە لە مۆسیقای کۆن کە جاران فەهلەویاتیان پێ دەچڕی و نیشانەی گۆرانییەکانی خەڵکی هەورامانی سەرزەوینی کوردستانە، کە بە زاراوەی گۆرانی قسە دەکەن!!

لێرەدا پێویستە شتێک روون بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە کە:

وشەی (گۆران، یان گۆرانی) بە واتای زمان، یان زاراوە نییە، بەڵکوو نێوە بۆ تیرەی (گۆران) کە کوردن و زۆریش مێژوویان کۆنە و پەیڕەوی ئایینی ئەلحەق، یان یارسانن، کە (کاکەیی)شیان پێدەڵێن. بەڵام کۆمەڵ یان تیرەیەک لە کورد لەلای کەرکووک دەژین، کە یارسانن و بە بنزاراوەی هەورامیی قسە دەکەن و پێیان دەڵێن: خێڵی ماچۆ! لەم رووەوە ئەم ناوەی گۆران بە هەورامیی دادەنرێ، لەکاتێکدا هەورامیی زاراوەیە بەڵام گۆران، زاراوە نییە و تیرەیەکە لە کورد کە بەشی هەرەزۆریان بە کەلهوڕی قسە دەکەن. فەهلەویاتیش هیچ پێوەندیی بە هەورامییەوە نییە و بە زاراوەی

کەلهوڕی کە وشەی فەیلیشیان بەسەریدا بڕیوە، نزیکە و زۆر دوورە لە هەورامیی.

وشەی گۆرانیی کە ئەمڕۆ لەناو کوردی زاراوە سۆران بەگشتی و تەنانەت لە دووبەشی کوردستانی بندەستی ئێران و عێراق بەکار دەبرێ، لە نێوی ئەم تیرەیە کەوتۆتەوە. تیرەی گۆران لە کوردستان یەکەمین تیرەی کورد بوونە کە کشتوکاڵیان کردووە و نیشتەجێ بوونە. وشەی گۆران لە وشەی (گەبر، یان گەور)، کە مانای نائیسلام دەدا کەوتۆتەوە. ئەم وشەیە لە سەرەتای دەسپێکی سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام کەوتۆتە سەرزاران! لە بنەڕەتدا، (کفر) بووە کە بووە بە (گبر) و دوایی کراوە بە (گەور!)، پاشان پاشگری (ان)ی لەبەر کۆی وشەکە پێ زیاد بووە کە بووە بە گەوران. دوای لەناو چوونی ئایینی زەردەشت، لەبەرئەوەی کە تیرەی (گۆران)، سروودەکانی یارسانییان بە (ئاواز) چڕیوە، هەروەها هەر شیعر و هەڵبەستێکیش، کە بە ئاواز گوترابێ، لە لایەن لایەنگرانی ئیسلامەوە وشەی (گۆرانی) بەسەردا براوە و (گۆرانی) جێگەی گرتووە و بووە بە باو! لە راستیدا هەر سروود و ئاوازێک کە ستاییشی ئیسلامی تێدا نەبووبێ، بە گۆرانیی نێو براوە!

لە کۆتاییدا سیاچەمانە وەک گوتمان، وەکوو گشت عیبادەتی زەردەشتییەکان، بە هەوایەکی تایبەتی گوتراوە و پێیان گوتووە: نوێژ یا عیبادەتی (هۆرنامانان). ئاشکراشە کە پاش بڵاوبوونەوەی ئیسلامەتی (دوعا) و (عیبادەت)ەکە هەردووکیان لە باو کەوتوون، بەڵام (هەوا)کە لە ناو خەڵکدا هەر ماوە و کەمکەمە بۆتە هەوای گۆرانی و وشەی (سیاچەمانە)ی بەسەردا براوە. سیاچەمانە یەکێکە لە هەواکۆنەکانی گۆرانیی کوردی، کە لە مێژووی ئێران و بەر لە سەردەمی ساسانییەکان، بە لەحنی ئەورامەن نێوی هاتووە و بۆ ئێمەی کورد ماوەتەوە! هەندێ نووسەر پێیان وایە کە، سیاچەمانە، لە بنەمادا (سیاجامە)یە. چونکە (سیا) یانێ رەش و (جامە)یش، واتە لیباس، کە بەسەر یەکەوە دەبێتە سیاجامەیی. بۆیەش بە سیاجامەی دەزانن چونکە موغەکانی زەردەشتیی، جامە، یان کراسی رەشی درێژیان لەبەر کردووە! بەڵام هەندێ دیتنی دیکە دەڵێن: سیاچەمانە لە بنەڕەتدا واتە چاوڕەشانە! سیا یانێ رەش و چەمیش واتە چاو و ئەم گۆرانییەش هێمایە بە کچ یان ژنی چاوڕەش! سیاچەمانەش چەندین جۆری جیاوازی هەیە. سیاچەمانەی (بووکهێنان)، (بەزموکێلای)، (شیوەن)، (سەحەریی)، (هەرەوەز یان گەل)، بۆ دروێنە کاری دیکەی بەکۆمەڵ. (شێخانە)، (رانەبێرە)، (کاتی شەڕ) و مانگگیران و خۆرگیران و هیدیکە! سیاچەمانە بە هاتنی ئیسلام، لە لایەن سۆفییەکانی کوردستانەوە، حاڵەتی سۆفیانە و عیرفانی گرتە خۆی.

## گۆسان، خونیاگەر!

پێشینەی بەیت دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەر لە مادەکان. چونکە ئەو داستانانەی کە لە کۆندا گوتراون، لە وێنەی وەیس و رامین و هی دیکە لە سەردەمی ساسانییەکان بەرەونەمەلا نووسراونەتەوە! لە کوردستانی ئەو سەردەمە و تەنانەت دەروجیرانانیش بە بوێژەکانی بەیت گوتراوە: گۆسان.
خاتوو ماری بۆیس، دەڵێ: وشەی گۆسان، دوو کەرەت لە ئەدەبیاتی فارسیدا دەرکەوتووە، کە هەر دووجارەکەی لە چیرۆک، یان بەیتی (وەیس و رامین)دا دەرکەوتووە. (مینۆرسکی)یش گوتوویە: ریشەی پارتی هەیە. پاتکانۆف دەڵێ: وشەی (گۆسەن)ی ئەرمەنی، لەم وشەیە وەرگیراوە. ئێستکێلبێرگ یش دەڵێ وشەی (مەگۆسەن)ی گورجیش لەوانەیە لەم وشەیە کەوتبێتەوە. لێرەدا دەبێ بڵێم: ئەگەر (گۆسان)یش وشەیەکی فارسی نێوەڕاست بێ، فارسی نێوەڕاست پالەوی یە و، پالەویش هیچ شکی تێدا نییە کە بە زاراوەی کوردیی کەلهوڕییەوە نزیکە.

لە (مجمع التواریخ) دا کە (ملک الشعرا) ویراستەی کردووە، وشەی (گۆسان) بە خونیاگەر، یان بەرانبەر بە خونیاگەر دانراوە، ئەویش لە زمانی پالەویدا. گۆسانەکان هەم سازیان زانیوە هەمیش بەیت و باویشیان هۆنیوەتەوە. لە ناو گەلانی دراوسێی وەکوو: (ئەرمەنی و ئازەری و گورجی)یشدا هەبوونە و شوێنەواریشیان ماوەتەوە. جیاوازییەک کە گۆسان لەگەڵ بەیتبێژ هەیبووە، ئەوە بووە کە گۆسانەکان لە پرسە و ئازیەتیشدا، چ لە مالان و چ لە سەر گڵکۆ، مردوویان لاواندۆتەوە. نموونەی ئەم مردوولاواندنەوە ئێستاش لە کوردستان هەر ماوە! بۆ نموونە مەنیج حەیران و فاتەڕەشی لاچینی کە خەڵکی ناوچەی موکوریان بوون، جیاواز لە گۆرانیگوتن، مردووشیان دەلاوەندەوە. دیارە مردوو لاواندنەوە، زۆرتر بۆ کچ و کوڕی گەنج و لاو، کە لە شەڕدا گیان بەخت دەکەن، یان بە نەخۆشی دەڕۆن باوە!

خاتوو ماری بۆیس دیسان دەڵێ: بۆ دەورانی ساسانی، جیا لە درێژەپێدانی سوننەتی گۆسانەکان لە باکوور، لە درەوشانەوەی خونیاگەری لە (ئێرانی گەورە!) دا شایەت و بەڵگەی زۆر بەدەستەوەیە.

ئەوەی کە خاتوو ماری بۆیس دەڵێ: سوننەتی گۆسانگەری تەنیا لە باکوور بووە، ئەوەش نیشانەیەکە لەوە کە کورد خاوەنی ئەم هونەرە بووە!

بەهەرحاڵ با بزانین هۆنیا یانێ چی، چونکە خاتوو ماری بۆیس، بۆی ساق نەبۆتەوە کە هۆنیاواز، یان هونیواز لە ریشەی چ زمانێکە!

(خونیا)، لە بنەڕەتدا (هۆنیا) بووە و، تیپی یەکەمی کە (ه)ێ یە، کراوە بە (خ)ێ و کردوویانە بە (خۆنیا)! (هۆنیاواز)یش کە لەو چاخەدا بۆ (بەیتبێژ) بەکار براوە، وشەیەکی کۆنی پالەوی یە، کە دوور نییە دوای لەناوچوونی دەسەڵاتی ساسانییەکان، کرابێ بە (خونیاگەر!). وشەی خۆنیا لە فارسیدا بە سروود و نەغمە و ئاواز مانا کراوەتەوە، لە کاتێکدا (هوون Hun)، یان (خون Xun) لە زمانی پالەویدا یانێ: خۆش و باش. (واز)یش وشەی (واچ)ە، کە هەورامی یە و دوو مانا دەدا، (گوتن) و هەروەها (ئاواز). (هونیاگەر Huniyagar، یان هونیواز Huniwaz)یش کە لەو سەردەمەدا کراوە بە: ( خونیاگەر Xuniya-gar) یانێ: ئاوازی خۆش. ئەگەریش لە سەرچاوەی هۆنینەوەوە هاتبێ، بەمانای ئەو کەسەیە کە هەڵبەست دەهۆنێتەوە و بە ئاواز دەیچڕێ! بەڵام ئەوەی کە زۆر گرینگە، خاتوو «ماری بۆیس» (Mary Boyce) لە پەراوێزدا دەڵێ: خونیاگەری دواتر لە لایەن قەومگەلێکی وەکوو (ئەفغانی و کورد)ەوە هەروەها پارێزراوە. هەمووومان دەزانین کە ئەک دواتر، بەڵکوو کورد هەر لە سەرەتاوە خاوەنی هونەری بەیتبێژیی بووە و، نەک هەر شوێنەوار، بەڵکوو (بەیت) لە کوردیدا هەیە و تا ئەم دواییانەش باشترین بەیتنێژمان لە کوردستان هەبووە و ئێستاش هەر هەیە.

### بەیت

لە زمانی کوردیدا بەو چیرۆک و داستانگەلەی کە لە کۆندا سینەبەسینە ماونەتەوە و زۆرتر داستانی حەماسی و کۆمەلآیەتین و بە ئاواز دەگوترێن، دەڵێن: (بەیت). وشـەی بەیت هیچ پێـوەندییـەکی بەسـەر (بێت)ی عەرەبییەوە نییە و لە ریشەی (پۆیێت Poet)ی لاتینی کە دەبێتە شاعیر کەوتۆتەوە. هەروەها بەیت دەبێ لە (Pad پاد)ی ئاڤێستایی کە مانای شـیعـر دەدا کـەوتبێـتـەوە! دووریش نیـیـە، بەیت لەگـەڵ (بەیات) کـە هەوایەکی مۆسیقایی یە و لە ئێراندا بە شوور نێوی دەهێنن، هەر یەک سـەرچاوە و ریشـەیان هەبێ. لە زمـانەکـانی ئوروپاییـشـدا، (پۆیێت Poet)، کـە مـانای شـاعـیـر دەدا هەر لەو ریشـەیەیە! بەیت بەشێـوەی هەڵبـەست و پەخـشـان دەهۆندرێتـەوە و زۆرتر باسی دڵداری و رووداوی مێژوویی و ئەو بەسەرهاتانە دەکات کە لە کوردستان روویان داوە! وەکوو داستانی شەڕ و چیرۆکی دڵداری و کۆمەلآیەتی! بەیتبێژ هەم دەنگخۆشە هەمیش شاعیر. بەیت لە رووی کۆمەڵناسی و جوغرافیا و مێژوودوە، گرینگە. حەیران و لاوک و حەیرانۆک، سەر بە بەیتن. یان دەتوانین بڵێین کە: بەیت بە حەیران و لاوک و حەیرانۆک دەگوترێ! بەیت جۆری جیاوازی هەیە، هەروەک لە ناوەڕۆکدا تەواو کوردی یە، لە قاڵبیشدا وەهایە.

بەیت زۆرتر لە مەقامی (شوور، یان بەیات) و لە قاڵبی لاوکدا دەگوترێ. لە بەیتدا مۆسیقای کەلام و ئاهەنگی وشە گرینگە و بەس. بەیت باسی جوغرافیای ناوچەکە و شەڕ و شۆڕ و ئەو کارەسات و رووداوانە دەکا کە لەوێ روویان داوە. بەگشتی بەیت، باسی ئاوات و راز و نیازی دڵداری و ناکامی و شکست و سەرکەوتنەکانی کۆمەڵگای کوردەواری دەکا و باسی ژیانی رابردووی گەلی کوردی تێدا وێنەنوێنە. بەیت وەکوو ئوپێرا، زۆرتر حاڵەتی ئاوازی فرەترە هەتا بەکارهێنانی شێوە و رستە. لە بەیتدا کورت و درێژیی میسراع، یان رازاندنەوەی رواڵەت کە لە شیعری عەرووزیدا هەیە، لەبەرچاو نییە و بە گرینگ دانانرێ.

بە شیعری بەیت دەگوترێ: (شیعری وتاریی). بەیت لە ژیانی ئاژەڵداریی کـوردەوارییـەوە دەس پێـدەکـا، هەتا دەگـاتە پەیدا بوونی مـیـر و ئەشـرافـەکـوردەکـان! بەیتی (لەشکری)، باسی سـیـاسـەتی ئێـران و ئیـمـپراتۆری رووس و عوسـمـانی دەکا! بەیتی کەڵ و شێر، بە هێرشی (هولاکۆی مەغۆل)دا بۆ سەر کوردستان هەڵبەسراوە. جۆرەکانی بەیت، بەم شێوەیەی خوارەوەیە: بەیتی مەم و زین و خورشید و خاوەر، ئاشقانە. بەیتی قەلآی دمدم و قەلآی رەواندز و کەڵ و شێر، حەماسی. بەیتی ئەسپی رەش و زەمبیل فرۆش، عیرفانی. بەیت فرەتر لە باکوور و باشووری کوردستان دەگوترێ و لەوێ شوێنەواری ماوەتەوە. لە کۆندا لە رۆژهەلآتیش هەبووە، بەلآم کـەمکەم لەبیـر کـراوە و نەمـاوە! ئەوەش بەسراوەتەوە بە گەشەی پیشەسازی و هۆکاری دیکەوە!

بەڵگە بە دەستەوەیە کە نیشان دەدا خونیاگەری یان هۆنینەوەی شیعر بە گۆرانی کـە هەمـان بەیتە لە کـوردیدا، پیشـەیەک بووە لە ئێرانی بەر لە دەورانی ئەشکانییەکان. ئەمەش نموونەیەک لە بەیتبێژێکی سەردەمی ماد:

(ئانگارێس) بەیتـبێـژی سـەردەمی مـاد و لە دیوەخـان، یان بارەگـای (ئەژدەهاک)دا بووە! ئەم بەیتـبێـژە بـانگ دەکـرێ بۆ بەزمی دیوەخـانی ئەژدەهاکی پاشای ماد. لەو کاتەدا کوورۆشی پارسی، لە پلوپای ئەوەدا دەبێ کە ئەژدەهاک لەناو بەرێ. لە دیوەخاندا ئانگارێس، دوای خوێندنی چەند گـۆرانیی سـادە، بە بەیتـێـک بە ئەژدەهاک دەڵێ: (دڕندەیەکی خوێنرێژی لە یەکانە وەحشیتر، لە گەنکاوەوە سەری هەڵێناوە! ئەگەر بێت و بگاتە ئێـرە و لەم قـەڵەمـڕەوە دەسـەلآت بگرێتـە دەست، بە بێ هیچ کۆسپێک، بەسەر هەموو چین و توێژێکدا زاڵ دەبێ). کاتێک ئەژدەهاک دەپرسێ ئەو دڕندەیە چییە و کێیە؟، (ئانگارێس)ی بەیتبێژ لە وەلآمدا دەڵێ: (کوورۆشی پارسی)یە. ئەمە نموونەیەکە بۆ بەیتبێژیی لەسەردەمی مـاددا، بەلآم وەک مێـژوو نیـشـانی دەدا، پارتەکـان بەیتبێـژیان نەبووە، چونکە لەو سەردەمـە و دواتریش و لە سـەردەمی سـاسـانییـەکـانیشـدا و تەنانەت ئەورۆکەش، هیچ شوێنەوارێک لەناو ئەدەب و مۆسیقای فارسیدا لە بەیت بەرچاو نـاکـەوێ. ئەوەش کـە لەو کـاتەدا هەبووە، هی مـادەکـان بووە، کە کاری کردۆتە سەر گەلانی دەروجیرانی وەکوو ئەرمەنی و گورجی و هی دیکەی ئەو سەردەمە. هەر ئەو بەیتزانینەش بۆتە هۆ، کە لە نێوان (نەکیـسـا)ی کـورد و (باربەد)ی فـارسـدا دژایەتی روو بدا! مـەقـامی خەسرەوانی، پالیـزبان، چەکاوەک و جامـەدڕان، کـە تـەنیـا چەکـاوەک و جـامـەدڕانی لە ناو مـووزیکی ئێـرانیـدا مـاوەتەوە، لە بەرهەمـەکـانی (نەکیسا)ن.

ئەفسـانەکـانی سـەکـایی رۆسـەمـیش، رەنگە لەم دەسـتـەیە بن، کە وەکـوو تانوپۆیەکی تەسک، لە بەشی مۆسیـقـای سـەردەمی سـاسـانییـەکـاندا، هەبووە! ئەمـەش ئەقـڵـێـک لە نموونەی زەبەردەسـتـیی نەکـیـسـا، لە بەیتبێژییدا:

نەکیسا بە ریشە کورد و، بەیتبێژ و مووزیکارێکی گەورەی سەردەمی سـاسـانییـەکـان بووە، کـە ئەقڵی بەیتی (شـەودێز)ی لێـدەگـێـڕنەوە! خەسرەوپەرویزی پاشای ساسانییەکان، ئەسپێکی هەبووە کە نێوی شەودێز بووە. ئەم ئەسـپـە لەلای خـەسـرەوشـا، زۆر خـۆشـەویست بووە، چونکە ئەسـپـێـکی تاک و نادر بووە لەو کـاتەدا. بە هەر هۆیەک بووە، ئەسپ دەتۆپێ، بەلآم کەس ناوێرێ خەبەرەکـە بدا بە خـەسرەو شـا، تا ئەوەی کـە نەکیـسـا بە بەیت خەسرەوشـا تێدەگەیێنێ کە شـەودێز تۆپیوە و نەماوە! خـەسـرەو دەسـتـوور دەدا کـە پەیکەری سـەری ئەم ئەسـپـە لەسـەر بەرد هەڵکۆڵن. وشەی (دێز) کوردی یە و واتای رەنگی تۆخ دەدا. شەودێز: لە زمانی کوردیدا، واتە تارمایی لە شەودا! هەروەها بە ئەسپێک کە رەش بێ و پنۆکی سپی بێ، دەڵێن: شەودێز! نەکیسا لە بەیتبێژییدا ئەوەندە زەبەردەس بووە کـە باربەد حـەسـوودیی پێ بردووە. لەبەر ئەم هۆیەش، لەنێوان ئەو و باربەددا هەمیشە دژایەتی و ململانێ هەبووە!

لە کـتێـبی (ئەلتـاج)دا گـوتراوە: بۆ ئەو (چیـرۆکـبێـژ و ژەنیـاران) ەی کـە بەسراونەتەوە بە دەرباری ساسانییەوە، مەسـەلەی بنە و بنەچە، یان تۆرە و سۆلان، گرینگ نەبووە. مەسعوودیش لە (مروج الذهب)دا، ئاماژەی بەم مەسـەلەیە کردووە. بەلآم هەر بەو دژایەتییانەی نێوان نەکیسا و باربەددا، دەردەکـەوێ کـە، لە دەرباری سـاسـانیـانی بە ریشـە کـورددا، لە نێـوان گۆرانیبێژ و چیرۆکبێژ و مووزیککاراندا پرسگرێکی زمان، پرسگرێکێکی گرینگ بووە.

لەندەن ۲۰۰۰/٤/۱۲

عەلی نانەوازادە

تێپەڕینی سەلام
بە بن گوێم دا
وەردەچەرخێنێ سەر بەرەو نیگایەک
کە شین بوو.
شین بووم لە ئاوێنەی چاوەکانت دا.

ڕەنگە
بەم لەچکە نارنجی و عەبا ڕەشتەوە
نەمناسیبایەوە

ئەگەر
مانگی ڕوخسارت
لە گۆماویی مەندی من دا
نەلەراباوە.

وەردەچەرخێنم
ـ سەلام!
زەمان دەوەستێ
لە ئامێزی ساتەکان دا.

لاپەڕەی سبەی
لە شەقامەکانی تاران هەڵدەدەینەوە
نەکا
لەچکە نارنجی گوڵ سپییەکەت
بە سەر دانەدەی و نەتناسمەوە
دە نێو ئەم خەڵکە عەبا ڕەشەدا.

## یەقین

ئەنوەر سولتانی

ئەو دەسماڵە سێ گۆشەیەی
چوار مێردەزمە
لە چوار لاوە
دەستی چەپەڵی پێ دەسڕن
لە ئاوریشمی ڕۆحی باپیرم چنراوە،
باوکم ئارەقی ماندوویی
سەدە و ساڵی پێ سڕیوە و
کوڕم دەیەوێ بیکاتە
چارۆکەی شانی کچەکەی.

چوار جرجەکە،
یەک دەیبڕێ
یەک دەیدڕوێ
یەک تیتۆڵی لێ دادەدڕێ
یەکیان هەر بۆخۆی هەڵدەگرێ!

هۆ خاکەکەم!
هۆ برینی بە تەشەنی مێژووەکەم!
لە قووڵایی گیرفانی هەر جرجێک،
لە تیژایی چنگوڕی هەر گورگێک،
لە ڕەشایی
ناودڵی هەر دوژمنێکدای،
تۆ، مێژووی شکی باپیرە و
ڕاستەقینەی بێ گومانی
کوڕەکەمی!
تۆ، ئەو خەونە دووردەستەی
ئۆقرەی شەوت لێ بڕیوم
بەڵام لە بێداریی ڕۆژێک
لێم دێیە دی!

بە خێر بێی خەونە ڕاستەکەم!

لەندەن ۲۰۰۰

## غەریب هاتووم و . .

سارا ژوان

لە نێو تراویلکەی زەماندا
غەریب هاتووم و..
غەریب دەڕۆم
میوانی کاتم و
لە نێو شەبەنگدا
تنۆک تنۆک
بێ چرپە ڕێدەکەم
ڕۆژگاری مناڵیم بێهۆدە ڕۆیی،
لق و پۆپی ئارەزووەکانم
وەک وەرزی گەڵاڕێزان هەڵوەرین
دڵم کۆڵانێکی بێ ڕێبوارە
کەس سیلە نیگایەکی نەخوێندمەوە
چاوم
هەڵوەدای ئەستێرەیەکی پڕشنگدارە و
نایدۆزمەوە.

گوێسوانەی سینەم
هێلانەی
سەدان چۆلەکەی خۆشەویستی بوو
ئێستا هەیوانێکی ڕووخاوە..

ڕووخسارم بزرکاو و کەزیەم ئاڵۆزکاوە
تاکێکی پێڵاوەکانم ئاوێنەیە و
تاکێکی شانە
سێبەری بێدەنگیم
لە ژێر دیواری تەنیایی دۆش داماوە.

لە نێو تراویلکەی زەماندا
غەریب هاتووم و..
غەریب دەڕۆم،
بڵێی ژیان دەنگ هەڵبڕێ و
بە ناوی ژوان بانگم کات...

## گۆرانی دەریای نقوم بووک

نەسعەد رەشیدی (زاگرۆس)

... کە بەهار هات
تەرمی ئاخرین ماسییەک لە دەریا دەخرێت
ـ بۆنی خۆڵەمێش و خوێ
ئاوێتەی ئارەقە و بەستێنی بە پەڵە
بەجێهێشتراو
بۆنی سووتانی مانگ و
قرچەقرچی ئێسکی شەو
بۆنی ئاوی شەومەنە و کافوور
بۆنی یادێک
کە لە پڕدا بە بیر دێتەوە و
لە ناکاو
لە گێژاوی جنوندا ون دەبێ
بۆنی سەوزەڵانی و چیمەنی وشک
بۆنی خۆرەتاوی مردوو
کە ڕاستەوخۆ لە سەر شانی تۆدا ئاوا دەبێ
بۆنی نمی فرمێسک
بە سەر کولمەی خەمباری کیژۆڵێک
کە هەزاران ساڵە ئاشقە و
لە کەنار ڕووبارێکی بێ شەپۆلدا
لە تینوێتیدا پیر دەبێت
بۆنی پلوورێکی گریاو
لە دووی نۆتە سەرگەردانەکانیدا
بۆنی باران و
تاسەیەک کە لە ئامێزێکدا دەشکێت
بۆنی ئاشنای تەنیایی
لە هەزار لایەنی داڵانی بێ دەنگیدا
بۆنی هەناسەی شەونم
لە سەر ڕوومەتی باخ
کە کێژدێک برینداری دەکات
بۆنی تەمای گرگرتووی خاک و
ئاسمانێکی قسر
بۆنی کزری دڵتەنگییەکانی من و
هەناسەیەکی کورت:
«کە، ئەها.. دەریا
نوقوم بوو،
نوقوم دەبێت لە تەمدا
چکۆڵەتر
لە سەرە سووژنێ
کە تۆڕی مەرگی پێ ئەدووڕگێتەوە».

ئاهەنگی شلپەشلپی سەوڵەکان
بە سەر شەپۆلە خەواڵووەکاندا دەڕوات
تا دوور، تادووره دەست
ماسیگیرە شەکەتەکان
ئاوادەبنەوە بەرەو بەستێن
بە دەم خۆیانەوە دەڵێن:
«تا بەهارێکی تر،
دەرفەتی دەریا چووغان دەبێ
ئایا».

٢٠٠٠/١٠/٥

## وشەی داتاشراو

د. عەزیز ژیان

ئەو شێعرەی تۆ هۆندووتەوە
وەک گوڵێکی تازەپشکوو
بۆنی دەکەم
زۆر دڵنیا دەیخوێنمەوە و
تێی دەڕوانم
بەڵام چی بکەم بەداخەوە
هەرچی دەکەم
هەستی جوان و وەڵامی تۆ نادۆزمەوە
ڕێگەی مانا و مەبەستی تۆ پێ نازانم

نازانم بۆ؟
وشەی جوانی
سەر زاری خەڵکی شار و دێ
دە شێعرتدا ناگونجێنی!
نازانم بۆ؟
سەرچاوەی ئاوی زوڵاڵی شێعری کوردی
بە چەند وشەی داتاشراوی ناناشنا
دەشێوێنی!
نەدی خەڵکی شار و لادێ
چۆن بزانن هۆنراوەی تۆ
باسی گەلە...، باسی ژینە؟
ئاواتی وەدی نەهاتووی شاعیرێکی ئەویندارە؟
چیرۆکی دەسۆتێنەکراوی
هەزار فەرهاد و شیرینە؟

جا کەوابوو، تۆ خوا وەرە
لە باخچەی ڕازاوەی زمان
چەپکە گوڵێ لە وشەی جوان
هەڵبژێرە و بەکاربێنە
چیدی بە وشەی داتاشراو
زمانی خۆت مەشێوێنە.

مادرید ٢٠٠٠

# ئاوێنەی شکاو

## لێکۆڵینەوەیەک لە بابەت شیعری وەفایی

ناصر حسامی

■ دیوانی وەفایی، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپی دووهەم، بەغدا، ١٩٨٤

بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی ئەم دیوانە ئاڵۆزییەکی بەرچاویان پێوە دیارە، بە جۆرێک کە خوێنەر هەرچەندی لێیان وردەبێتەوە ناتوانێ تێیان بگا، یان هەست بەوەدەکا هەڵەیان تێدایە. من هەوڵم دا شیعرەکان بە شێوەیەکی دیکە بخوێنمەوە، بۆ نموونە:

١- جێ گۆڕکێم بە نیشانەی (،)، (؟)؛ (.) و... کرد.

٢- ئەو پیتانەی کە شکڵ و شێوەیان لە یەکتر دەچێ (د، ذ، ر، ز/ص، ض، ط، ظ/ف، ق، ب، پ، ت، ث و...) و لەوانەیە بە هۆی کۆن بوونی نوسخەکە، نووسەر بە هەڵەی خوێندبنەوە، جێگۆڕکێم پێکردن.

٣- نووسەری دەسخەتەکان لە هەندێک جێگا، دانانی خاڵ یان نووسینی پیتێک یان وشەیەکیان لەبیرچووە و نووسەر (قەرەداغی) نەیتوانیوە ساغیان بکاتەوە و تووشی هەڵەیەکی گەورەتر بووە. هەوڵم دا ئەوانە ڕاست بکەمەوە.

٤- لە ڕێنووسی کۆندا زۆر وشە بە جۆرێک دەنووسرێن کە چەند جۆر خوێندنەوە هەڵدەگرن کە مانای جیاوازیان هەیە و نووسەر بە هەڵەی خوێندوونەتەوە. من ئەوانەم بە شێوەیەکی دیکە خوێندەوە.

ئەنجامی کارەکە لە زۆر جێگادا بوو بەوە کە شیعرەکان مانای ڕاستەقینەی خۆیان دەدۆزنەوە و دەچنەوە سەر جێگای خۆیان بۆ نموونە:

ئەمن کەوتووم لە بەر گریان، دەڵێ دەستی من و دامان
صەبا گەر بوویە خوێن دامانی یار، مەگری لە باتی من

کە من هەرچەندی بیرم لە ماناکەی کردەوە چم وەدەست نەکەوت، هەتا ئاوام خوێندەوە:

ئەمن کەوتووم لە بەر گریان، دڵە! دەستی من و دامان
صبەی گەر بوویە خوێن، دامانی یار بگری لە باتی من

کاتێک لە چەند نموونەیەکدا، سوودبەخش بوونی ئەم شێوە خوێندنەوەیەم بۆ دەرکەوت، سەر لە بەری دیوانەکەم بەو چاوە خوێندەوە و لە زۆر جێگا کارساز بوو. ئەگەرچی لە هەندێک جێگاش بە ئەنجامی دڵخواز نەگەیشتم. هێشتا زۆر شیعری ئاڵۆز لە دیوانەکەدا هەن کە مەسخکراوی شیعری «وەفایی»ن.

### بۆچی وای لێهاتووە؟

ئەم هەموو هەڵەیە بۆچی کەوتووەتە ناو شیعری وەفایی؟ محەمەد عەلی قەرەداغی (لەمەودوا لە هەموو جێیەک بە کورتی قەرەداغی دەنووسرێ) کەڵکی لە چەند سەرچاوە وەرگرتووە کە ئەمانەن:

- نوسخە دەسخەتەکان
- دیوانی وەفایی، چاپی گیوی موکریانی، هەولێر
- دیوانی وەفایی چاپی محمدامین سیدیان، مهاباد

١- دەسخەتەکان کە هیچکامیان هی وەفایی خۆی نین و هەر بۆیە جێگەی متمانەی تەواو نین و لە هەموو نوسخە لەبەرهەڵگرتنەوەیەکدا ئیمکانی بە هەڵەنووسین و وشەکەوتن هەیە.

بێجگە لەوەش نوسخەکان بە ڕێنووسی کۆن نووسراون کە خوێندنەوەی جۆراوجۆر هەڵدەگرن. قەرەداغی لەم بابەتەوە دەڵێ: "بۆ نموونە ئەگەر لە شوێنێکدا بنووسرێ (کل) هەڵ ئەگرێ «گوڵ، گڵ، گەل، کل، کول، کەڵ، کوڵ. کڵ» ئەوەندە بارەی لێ بدۆزرێتەوە ئەوسا یەکێکیان هەڵ بژێرێ." (دیوان، ل شازدە). ئەوەش لە کاتێکدا کە قەرەداغی خۆی دەڵێ: «خۆم فارسی باش نازانم و شارەزایی یەکی ئەوتۆم لە ئەدەبی فارسی دا نیە»و هەروەها شارەزای شێوەدوانی موکریانی وەفایی ش نییە، لە زۆر جێگادا تووشی هەڵەی کردووە. سەرباری ئەوەش دەسخەتی سەرەکی ـ وەک نووسەر دەڵێ ــ جێ جێ لە بەر تەڕبوون و دڵۆپەلێدراوی شلوێ بووە و باش ناخوێندرێتەوە.

٢- چاپی گیوی موکریانی: گیو وەک خۆی گۆیا لە لای مامۆستا هێمنی شاعیر باسی کردووە، نوسخەی نووسراوی لە بەر دەست نەبووە و شیعرەکانی لە زمان کەسێک بیستووە.

قەرەداغی دەڵێ هێمنم ڕاسپاردە لای گیو کە دەسخەتەکانم بۆ بنێرێ. «دوای ئەوەش کە مامۆستا هێمن مەبەستەکەی بۆ شی کردبوەوە و داوای دەسخەتەکانی لێ کردبوو بەم جۆرە وەڵامی دابوەوە: کە دەسخەتی وەفایی هیچ نیە و نەبوە، ئەوەندە هەیە کاتی خۆی شیعرەکانی (وەفایی)ی لە دەمی بووکێکی وەفایی بیستوە کە ئەو بووکە هاتوەتە هەولێر و هەموو دیوانی وەفایی لە بەر بوە!...» (دیوان، ل هەژدە). بێجگە لەوەش گیو قسەی ئەوەی لە سەر بووە گۆیا خۆی شیعرەکانی دەسکاری کردووە. قەرەداغی دەڵێ بۆ مامۆستاگیوم نووسی: «مامۆستا! تۆ خۆت دەزانی گەلێک کەس باسی جەنابت وا دەکەن کە دەسکاری ی شیعری شاعیران بکەیت و گەلێ شت بگۆڕی...» (دیوان، ل حەڤدە).

٣- چاپی سیدیان: کە دیسان وەک قەرەداغی باس دەکا، لە زۆر جێگا کە شیعرەکانی وەفایی بۆ ساغ نەکراوەتەوە، سیدیان خۆی بۆشاییەکانی پڕکردووەتەوە و کارەکەی جێگای متمانە نییە.

**لە کاتی خوێندنەوەی بابەتەکەدا، ئەم نیشانانە دەبینی:**

■ شیعرەکە بەوجۆرەی لە دیوانەکە چاپ کراوە.
□ شیعرەکە بەو جۆرەی من دەیخوێنمەوە.
ـــ ئەو وشەیە یان ئەو دەستەواژەیە کە لە لای راستی ئەم نیشانەیە نووسراون لە روانگەی منەوە هەڵەیە. پێشنیارەکانی من لە لای چەپی ئەو نیشانەیە نووسراون.
لە وتارەکەدا، لەو جێیانە کە بە پێویست زانراون، شیعری شاعیرانی دیکەش بە نموونە هێنراونەتەوە و ناوی شاعیرەکە دەست نیشان کراوە. هەر نموونەیەک ناوی شاعیری لە لا نەنووسراون، شیعری وەفایی یە.

■ فغان و گریه* دل از غم روی تو در زلفت
دەڵێی بۆ گوڵ دەناڵێ شەو لە نیو بولبول لە سەحرادا

(لە نیو بولبول لە سەحرادا) مانا نابەخشێ، پێموایە ئاوایە:
□ دەڵێی بۆ گوڵ دەناڵێ نێوە شەو بولبول لە سەحرادا
گومانم لە راستبوونی پێشنیارەکەی خۆم هەیە، بەڵام (لە نیو بولبول لە سەحرادا) بێگومان هەڵەیە.

■ درۆت فەرمووی حەزم بێ نایەڵم، گەر راست دەڵێ سا دەی
فەرەنگی قەومی دەججال، ئەی مەسیحا، دەوری کەعبەی دا
درۆت ـــ برۆت
حەزم ـــ خەتم
دەڵێی ـــ دەڵێ
□ برۆت فەرمووی «خەتم بێ نایەڵم» ،گەر راست دەڵێ سا دەی
فەرەنگی قەومی دەججال، ئەی مەسیحا، دەوری کەعبەی دا
نووسەر لە پەراوێزدا نووسیویەتی: «فەرمووی: فەرموو راستترە» (دیوان، ل٤٠). بەڵام هەم بە پێی ئەوە کە لە نوسخەی سەرچاوەدا «فەرمووی» نووسراوە و هەم بە پێی مانای شیعرەکە و بەتایبەت لە بەر ئەوەی کەعبە لە میصرەعی دووهەم دا هەمان برۆیە، «برۆت» راستە و «درۆت» هەڵەیە. لە شیعری وەفایی دا برۆ زۆر جار بە کەعبە، قیبلە و میحراب باسی کراوە:

چیم لە ئەبرۆت داوە، من پابەندی زولفم لێم گەڕێ
کافری عیشقم، بە قیبلەی خۆت موسوڵمانم مەکە
طاقی پەیوەستی برۆت را بوو بە قیبلەی خاص و عام
کەعبە گەر بۆ خۆی بزانێ پشتی میحرابی شکا

عیبادەتخانە بەرهەم بوو بە ئەشنەی قیبلەکەی ئەبرۆت
لە سایەی چاوەکانت ماڵی کەعبەش بوو بە مەیخانە

لە شیعرەکەدا وەفایی «خەت»ی هەم بە مانای خەتی روخسار بە کارهێناوە و هەم بە مانای دەسخەت. بڕوانە:
زولفت لە پێ کەوت و خەط هات بە تەمای قەتڵی دڵ
ئاخر بە دەستخەطی خۆت گرتت بە کوشتت دا
زولف و روخ و لەب، عاریض و خەط، ذایقە بەخشن
وەک زوهرە لەشەو، مەی لە قەدەح، گوڵ لە چەمەندا
من دەڵێم یاقووت و ریحان خەططی کامیان خۆشترە
ئەو بە عەیاری نیشارەی لەعلی خەندانم دەکا

■ ئەوید ئەی عاشقانی دڵ نیگار یار هاتە سەر خەندە
صەدایی بولبولان دیسا درەختی گوڵ بەری هێنا
دڵ نیگار ـــ دڵ فگار (= دڵ بریندار)
صەدایی بولبولان دیسا ـــ صەلا ئەی بولبولان دیسا
□ ئەوید ئەی عاشقانی دڵ فگار! یار هاتە سەر خەندە
صەلا ئەی بولبولان! دیسا درەختی گوڵ بەری هێنا
وەفایی موژدە بە عاشقانی دڵ بریندار دەدا کە یار هاتووەتە سەر خەندە و، لە میصرەعی دووهەمدا هەمان موژدە بەیان دەکاتەوە: موژدەتان لێ بێ ئەی بولبولانی عاشق پیشە! دار و درەخت گوڵیان کرد. بەراوردێک بکەن لە نێوان:
عاشقانی دڵ فگار=بولبولان، یار=درەختی گوڵ، خەندە=بەرهێنانی درەختی گوڵ؛ ئەوید= صەلا
«صەلا»، لە قاموسەکاندا (معین، غیاث الدین، لغت نامه دهخدا) و لە شەرحی شیعری شاعیراندا (شەرحی غەنی لە سەر حافظ، شەرحی مەسنەوی شەریف) ئامرازی ندایە بۆ بانگکردن بۆ سەر خوان و هەروەها بە مەبەستی موژدەپێدان و خەڵاتکردن و بارپووکردن، بەڵام بۆ جاڕدان و موتڵەقی بانگکردنیش بە کاردێ، بە مانای: ئەی! ئەرێ هۆ! حافظ دەڵێ:

صلاح از ما چه می جویی که مستان را صلا گفتیم
(بە تەمای چاکە و پاکی من مەبە، من ئەو کەسەم کە جاڕم داوە سەرخۆشان کۆ ببنەوە).

نشسته پیر و صلایی به شیخ و شاب زده
پیر (=رابەر و مورشید) دانیشتووە و پیر(=بەتەمەن) و گەنج بانگ دەکا لە دەوری کۆببنەوە.

نوای چنگ بدان سان زند صلای صبوح
که پیر صومعه راه در مغان گیرد
نەوای چەنگ بە جۆرێک بانگەواز بۆ مەیخواردنەوەی بەرەبەیان دەکا کە پیری خانەقاش روو دەکاتە درگای دێری موغان.

■ لە نێو بەزمی وەنەوشە و جۆ و کەناران لالە پەیدا بوو
بە تاریکی خضر بۆ چەشمەی شای ئەسکەندەری هێنا
وەنەوشە و جۆ و کەناران ـــ وەنەوشەی جۆ کەناران (کەناری جۆگە)
□ لە نێو بەزمی وەنەوشەی جۆکەناران لالە پەیدا بوو
بە تاریکی خضر بۆ چەشمەی شای ئەسکەندەری هێنا

■ لە شایی دارەگوڵ مەسنەدنشین بوو هاتە پشکووتن
چەمەن تەختی زومەڕڕەد، (طل) لە یاقووت ئەفسەری هێنا
لە شایی دارە گوڵ ـــ کە شاهی دارە گوڵ
(طل) یاقووت ـــ گوڵ لە یاقووت
□ کە شاهی دارەگوڵ مەسنەدنشین بوو هاتە پشکووتن
چەمەن تەختی زومەڕڕەد، گوڵ لە یاقووت ئەفسەری هێنا

مـاناکـەی ئاشکرایە: کـاتێک شـای دارەگـوڵ چووە سـەر مـەسنەدی پاشایەتی، چەمەن تەختێکی لە زومەڕڕەد (زوموڕڕود) بە دیاری بۆ هێنا و، گـوڵ لە یاقـووت ئەفـسـەر(=تاج)ی بۆ بە دیاری هێنا. نووسـەر لە پەراوێزدا نووسیویەتی لە یەکێک لە نوسخەکاندا «لە جیاتی (طل) نووسراوە گوڵ لە. ئەم نیوە بەیتەم بۆ ڕاست نەکرایەوە.» (دیوان، ل١٨).
ئەوە یەکێک لە نموونەکانی شێوەی کـاری نووسـەرە لە نووسینەوە و ساغکردنەوەی دیوانەکەدا کە لە پاڵ گەلێک نموونەی دیکەی لەم بابەتە دەری دەخا نووسـەر تەنیا سـەرنجی خستووەتە سەر ڕواڵەت و شکڵی پیتەکان و وشەکان و، ئەوەی بە شێوە کاری خۆی دانەناوە کە هەوڵ بدا ساغی بکاتەوە ئەو وشە و پیتانە کە سەرجەم ڕستە پێکدێن، لە لای یەکتر چ مانایەک دەبەخشن. هەوڵدان بۆ ساغکردنەوەی مانا، دەیتوانی گەلێک یارمەتی نووسەر بدا بۆ خوێندنەوەی دروستی وشە و پیتەکانیش.

■ تەشنە لەب دێوانە بووم، سـەرگـەشـتـەیی ظولماتی غـەم
دولبـــــەری بالابڵاوم، ئابی حــــەیوانم نەهات
دولبەری بالابڵاوم ـــ دوو لەبی ئاڵی بە ئاوم
☐ تەشنە لەب دێوانە بووم، سـەرگـەشـتـەیی ظولماتی غـەم
دوو لـەبی ئـاڵی بە ئـاوم، ئـاوی حــــەیوانم نەهات
وەفـایی لە هیچ جێگایەک لە شیعرەکانیدا «بالا»ی بە «بڵاو» وەسف نەکردووە، بێجگە لەوەش لە شیعرەکەدا قسە لە سەر ئابی حەیوان و تەشنە لەب دەکرێ و پێموایە وەفایی لە کاتێکی وادا دەرفەتی باسکردنی لێوی یار و لەعلی ئابدار لە دەست نادا و ناچێتە سـەر باسی بالا و ئەویش بالای بڵاو! لەگەڵ ئاوی حەیات و ئاوی حەیوان و کەوثەر، وەفایی هەمیشە باسی لەب و لێو دەکا:
زەدەی چاوم لە لێوی خـۆت شـفـام دە، بەس بە ڕق داچۆ
بە قـەطرێک ئابی حـەیوانت نەخـۆشی خـۆت مـەسـووتێنە
بە هەوپای خـاڵی لێـوت کـەوتمە داوی ظولـمـەتی زولفت
ئیـلاهی! ڕەهبـەری ئابی بەقـام خـضـری پەیەمـبـەر بێ
لەوێ ڕۆژێ کـە دەسـتم دا لە ڕووت سـیـڕڕی دەمم زانی
بە قورئان سوێند دەخۆم کەوثەر ئەگەر وەک لەعلی دولبەر بێ
لەلایێ شـەککەرسـتـانە، لە لایێ ئابی حـەیوانە
ئەگـەر گـوڵ بێ، ئەگـەر غـونچـە، دەم و لێـوی شـەکـەربارت

■ سـەرم ناوێ ئەگـەر نەیخـەم بە حـەلقـەی پەرچەم و چاوت
دڵ ناوێ ئەگـەر نەیکەم بە فـیـدیەی چاوی عـەییـارت
ئەسـیـری زولفی خـاوی تۆم، شـەهیـدی ڕەمـزی چاوی تۆم
ئەمن گـیـراوی داوی تۆم، بە صـەد جێ دڵ بریندارت
پەرچەم و چاوت ـــ پەرچەمی خاوت
☐ سـەرم ناوێ ئەگـەر نەیخـەم بە حـەلقـەی پەرچەمی خاوت
بڕواننە دارشتنی شیعرەکە: لە میصرەعی یەکەمدا باسی پەرچەم دەکرێ و حەلقەی پەرچەم، لە میصرەعی دووهەمدا باسی چاو دەکرێ و لە بەیتی دواتردا باسی زولف و چاو پەرەی پێـدەدرێ. بۆیە ڕێی تێناچێ لە میصرەعی یەکەمدا «پەرچەم و چاوت» دروست بێ.

■ دیسـان بە نەغـمـەی زیر و بەم، بولبـول دڵی بە دەرد و غـەم
لە تاوی غونچەی گوڵ بەدەم، ساز و سەمتوور و تاری گرت
بولبول دڵی بە دەردوغەم ـــ بولبولی دڵ بە دەردوغەم
غونچەی گوڵ بەدەم، ـــ غونچەی گوڵ، بە دەم
☐ دیسـان بە نەغـمـەی زیر و بەم، بولبـولی دڵ بە دەرد و غـەم
لە تاوی غونچەی گوڵ، بەدەم ساز و سەمتوور و تاری گرت
پێمـوایە دانانی نیشـانەی (،) لە دوای «بەدەم» کە وادەکا تەعبـیری نەشیاوی «غونچەی گوڵ بەدەم» دروست ببێ، هەڵەیە. مەبەستی شاعیر ئەوەیە: بولبـولی دڵ پڕ لە دەرد و غـەم لە تاوی غـونچـەی گـوڵ، سـاز و سەمـتوور و تاری بە دەمەوە گرت، بۆیە دانانی نیشـانەی (،) لە دوای «گـوڵ» ڕاستترە، ئەگەرچی لە کـاتی خوێندنەوەدا نیشـانەکە لەبەرچاو ناگیرێ.
نووسـەر لە پەراوێزدا نووسیویەتی «زیر و بەم: ئامێرێکی مۆسـیـقـایە» (دیوان، ل٢٥). زیر و بەم نەمبیستووە ناوی ئامێری مۆسیقا بێ. زیر و بەم کەیفییەتی دەنگە لە مۆسیقا و غەیری ئەوەدا.

■ زولفت خـەطاکـار بوو، چاوت برۆی داخـست
با بچین ماچ کەین دەستی شـای چین و مـاچینت
چاوت برۆی داخست ـــ چاوت بە ڕووی داخست (=شەرمەزاری کرد، بە خۆیداشکاندەوە، هەروەها خستیەسەر ڕوخسارت).
☐ زولفت خـەطاکـار بوو، چاوت بە ڕووی داخـست
با بچین مـاچ کەین دەستی شـای چین و مـاچینت
ماناکەی: زولفت خەطاکار بوو، چاوت لۆمەی کرد و وای لێکرد بە ڕوودا بکەوێ و شـەرم بیگرێ «بە ڕووی داخـست» هەروەک گـوتمان ئیـهـامی تێدایە و هاوکات دو مانا دەبەخشێ: ١) بە شەرمی داخست، ٢) بە سەر ڕوخسار دا بڵاوی کردەوە.

■ دەمـــێکی دڵ بڵاوە، بەو زولفـــە پێ بە داوە
یاخـودا برۆت کـشـابێ غـەریبی دوور وڵاتم
دەمێکی ـــ دەمێکە
یا خودا برۆت کشابێ ـــ یاخودا بە ڕووت کشابێ
☐ دەمـــێکە دڵ بڵاوە، بەو زولفـــە پێ بە داوە
یا خـودا بە ڕووت کـشـابێ غـەریبی دوور وڵاتم
شاعـیر دەڵێ دەمێکە دڵم وەک زولفت بڵاو و شێواوە و گیرۆدەی داوی زولفتە و نیشتەجێی نێو زولفەکانتە. یاخودا زولفت بە سەر ڕووت کشابێ و دڵی غـەریبی دوور وڵاتیشم بەدیدارت شادبێ. وەفـایی لە شیـعـری دیکەشدا بە دڵی خۆی دەڵێ «دەربەدەر» و «غەریبی دووروڵات»:
دڵم جەزبی نیگاهت خستیە زولفان، ئەی خودا ڕوحمێ
بە بەندی جـادوان دا کـەوت غـەریبی دوور وڵاتی من

زولفت کـە وەکـوو شـامی غـەریبـانە، لەوێدا
حـاڵی چییـە داخـۆ دڵەکـەی دەربەدەری من
هەروەها لە شیـعـری دیکەشـدا وەفـایی شوکـرانەی ئەوە دەکا کـە دڵ لە دۆزەخی زولف ڕزگـار بووە و بە سـەر ڕووی یاردا کشـاوە و بە بەهەشتی (ڕوو) شادبووە:
زولفی لەرزاند کەوتنە سەر ڕوو شادمان فەوجی دڵان
قـەت لە دۆزەخـدا ئەبەد نین، جـەننەتین ئەو ئۆممەتە
هەروەها لە بابەت «بە سەر ڕوو دا کشان» بڕواننە:

وەک شەو کشا بە سەر مەهی ڕوخساریا خەتی
گیرا ئەم ئافتابە کە قەت بەر نەبێتەوە
مەحوی

■ نیشانەی قاتیلی نامیهرەبانم ظاهیرە، یەعنی:
فەرەنگی خەط و، زەنگی زولف و، هیندوو خاڵ و، دڵدارم
دڵدارم ـــ دڵ دارم
□ نیشانەی قاتیلی نامیهرەبانم ظاهیرە، یەعنی:
فەرەنگی خەط و، زەنگی زولف و، هیندوو خاڵ و، دڵ دارم

وەفایی لە خەط و زولف و خاڵی یارەکەیدا خاسییەتی نامیهرەبانی و شەڕەنگێزی بەدی دەکا و بە «فەرەنگی» و «زەنگی» و «هیندوو»یان وەسف دەکا کە ئەمانە لە شیعری کلاسیکی کوردی و فارسیدا نیشانە و ڕەمزی دڵڕەقی و بێ مرووەتین. کەسێک کە هەموو ئازای ڕوخساری ئاوا نیشانەی نامیهرەبانییان پێوە دیار بێ، ئایا دەتوانێ «دڵدار» و دڵنەرم و عاشق پیشە بێ؟ نا! بێگومان کەسێکی ئاوا دڵی لە «دار»ە. مەبەستی وەفایی ئەوەیە کە دڵی یارەکەی لە «دار»ە. ئەگەر کێش و سەروا مەودایان پێدابا و ئامادەش بوایە لە ئیهامی نێوان «دڵدار» و «دڵ دار» چاوپۆشی بکا، دەیتوانی بڵێ «دڵ بەرد». بڕواننە نالی:

ئەو ئیهالی قەدی تۆ عەرعەرە، دڵخواهی منە
ڕاستە دڵ دارە، وەلێ حەیفە کەوا بێ ثەمەرە

مەحوی یش دەڵی یار بە توێکڵی دارینەی بادام ئاودەبا:

بە حیرەت لەو گوڵنەندامەم کەوا بادامی یە چاوی
دڵی نازک وەکوو گوڵ، هەم ڕەقە وەک توێکڵی بادام

هەروەها مەحوی:

چلۆن ئەو دێتە چاوی من کە یەکسەر عونصوری ئاوە
مەحاڵە من کە بچمە دڵیەوە، دڵ کیشوەری بەردە

■ هەر ڕەگەم تارێکە ناڵەی دێ لە شەوقی ڕوویی تۆ
عەندەلیبم، موطریبم، خۆشخوان، گوڵ، ڕامشگەرم
خوشخوان، گوڵ ـــ خۆشخوانی گوڵ
□ هەر ڕەگەم تارێکە ناڵەی دێ لە شەوقی ڕوویی تۆ
عەندەلیبم، موطریبم، خۆشخوانی گوڵ، ڕامشگەرم

بۆ خۆشخوانی گوڵ بڕواننە:

خۆشخوانی مەجلیسی گوڵ! بێنەوە جۆش ڕوح و دڵ
بێ حاڵە زۆر وەفایی، فیدای دەنگ و صەداتم

■ نە داغی جەرگی خۆم زانی، نە مایەی بەرگی خوێنینم
شەهیدی دەشتی عیشقم، لالە ڕەنگم من کەڕولاڵم

«لالەی کەڕ و لاڵ» تەعبیرێکی سەیرە و میصرەعی یەکەمیش ئاڵۆز و بێ مانا دیارە. جارێ با لە میصرەعی دووهەمەوە دەست پێ بکەین: هیچ گومانی تێدا نییە «کەڕولاڵم» نادروستە. باس، باسی لالەیە و ڕەنگی لالە؛ لالەیەکی داغدار و شەهیدی عیشق. ئەو لالەیە، ڕەنگی ئاڵە.
کەڕولاڵم ـــ کە ڕووئاڵم
□ شەهیدی دەشتی عیشقم، لالەڕەنگم من کە ڕووئاڵم

ئێستا با بگەڕێینەوە بۆ میسرەعی یەکەم: ئەوەی زانیویەتی شەهیدی عیشقە، دەزانێ جەرگی بە چی داغدارە و مایەی بەرگی خوێنینی چییە. کەوا بوو هەرتک «نە» لە میصرەعی یەکەمدا قەڵبکراوی وشەی دیکەن:
نە داغی ـــ لە داغی
نە مایەی ـــ بە مایەی
□ لە داغی جەرگی خۆم زانی، بە مایەی بەرگی خوێنینم
شەهیدی دەشتی عیشقم، لالەڕەنگم من کە ڕووئاڵم

جەرگم داغدارە و دەزانم هەر ئەوە بووەتە مایەی خوێناوی بوونی بەرگم. من شەهیدی عیشقم، بۆیە بە ڕەنگی لالە سوور و ئاڵم. ئێستا ئایا «شەهیدی دەشتی عیشقم» یان «شەهیدی دەستی عیشقم» کامیان دروستە، ئەوەیان جێگای بیر لێکردنەوەیە.
هاتنە گۆڕی باسی لالە، «دەشت» لە یاد نزیک دەکاتەوە و هەروەها دەنگی «ش» لە شەهید و دەشت و عیشقدا هارمونییەکی خۆش ساز دەکا، بەڵام لەبەر ئەوەی باس لە «مایە» و سەبەبکار و هۆیە، «شەهیدی دەستی عیشقم» مانایەکی قووڵتر بە شیعرەکە دەبەخشێ.
لەبابەت لالەی ڕووسوور یان ڕوو ئاڵ لە شیعری وەفایی دا بڕواننە؛

حاشا مەکە قوربان لە کوژاوی خەط و خاڵت
نیشباتی شەهیدیم ئەوەتا پەنجەیی ئاڵت

هەروەها مەحوی:

لالە ڕوخسارم لە سایەی ئەشکی خوێنین ڕەنگەوە
چونکە ڕووسوورم لە قاپی عەین و شین و قاف و تێ

■ بە تیغی غەمزە ئەمن و تورکی ڕووی تۆ قەت مەڵێ، قوربان،
ئەگەر قیمەم بکەن هەر ڕۆژپەرستم، هەر بە یەک حاڵم
تورکی ڕووی تۆ ـــ تەرکی ڕووی تۆ
□ بە تیغی غەمزە ئەمن و تەرکی ڕووی تۆ قەت؟ مەڵێ، قوربان،
ئەگەر قیمەم بکەن هەر ڕۆژپەرستم، هەر بە یەک حاڵم

من چۆن لەبەر ژانی تیغی غەمزە و نازت، واز لە ڕوخساری تۆ دێنم و تەرکی ڕووی تۆ دەکەم. ئەگەر قیمەشم بکەن واز لە ئایینی ڕۆژپەرەستی ناهێنم و هەر ڕۆژی ڕووت دەپەرستم.

■ ئەتۆ سەروێکی ڕەنگینی، بە سەرچاوان بێ شیرینی
لەبەر چاوم ئەڕۆی چاکە، حەیاتم، غارەتی دینم!
بە سەر چاوان بێ شیرینی ـــ لە سەر چاوان بی شیرینی
□ ئەتۆ سەروێکی ڕەنگینی، لە سەرچاوان بی شیرینی
لەبەر چاوم ئەڕۆی چاکە، حەیاتم، غارەتی دینم!

■ بە باغم گوت: بە ڕەنگ و بۆت مەنازە زەرد و سوور بووە
ئەگەر بارم هەموو سونبول بێ تایەک زولفی نابینم

بە پێی ئەوەی لە سەرەوە نووسراوە، یانی ئەگەر «بووە» ڕاست بێ، گۆیا شاعیر بە باغ دەڵێ بە ڕەنگی خۆت مەنازە کە زەرد و سوورە! لەم خوێندنەوەیەدا دوو گرفت دێتە پێش، یەکەم: لە شیعرەکەدا تەنیا باسی ڕەنگ نەکراوە بەڵکوو باسی «ڕەنگ و بۆ» کراوە و لەم حاڵەتەدا بە پێی سەنعەتی «لەفف و نەشر»سفەتی زەرد دەگەڕێتەوە بۆ «ڕەنگ» و سفەتی سوور دەگەڕێتەوە بۆ «بۆن» کە ئاشکرایە «بۆن» بە سوور وەسف ناکرێ و کەوایە ئەم خوێندنەوەیە هەڵەیە. دووهەم: لەم خوێندنەوەیەدا دیار نییە میصرەعی دووهەم قسەی کێیە و هەربۆیە سەرجەمی شیعرەکە مانا بە دەستەوە نادا.

زەرد و سوور بووە ـــ زەرد و سوور بۆوە
تایەک زولفی نابینم ـــ تایەک زولفی ناهێنم

□ بە باغم گوت: «بە ڕەنگ و بۆت مەنازە»، زەرد و سوور بۆوە:
ـ ئەگەر بارم هەموو سونبول بێ تایەک زولفی ناهێنم

بە باغم گوت شانازی بە ڕەنگ و بۆنی خۆت مەکە، چونکە ڕەنگ و بۆی تۆ لە حەنای یاری من شایانی باسکردن نییە. باغ بە بیستنی ئەم وتەیە، لە شەرمان زەرد و سوور هەڵگەڕا و وتی ئەگەر سەرتاپام سونبول بێ، هێشتا بایەخی تایەکی زولفی یاری تۆی نییە. دارشتنی ئەو شیعرە و ناوەرۆکەکەی، گەلێک لەم شیعرەی نالی نزیکە:

به سەروم وت کە ڕاستە سەرکەش و بەرزی، کەچی لەرزی
کە فەرقیشم بگاتە ئاسمان بەندەی قەدی یارم

لەوانەیە خوێنەر ئەوەی بۆ ببێتە پرسیار کە «نابینم» و «ناهێنم» کە دوو قافیەی جیاوازن، چۆن دەکرێ لە جێگای یەکتریان دابنێی.
وەڵامەکە ئەوەیە: هەروەک نووسەریش لە پەراوێزی شیعرەکەدا (ل٦٧) نووسیویەتی وەفایی لەو شیعرەدا دوو قافیەی جیاوازی بەکارهێناوە.[1] هەندێک لە قافیەکان بە (...ینم) تەواو دەبن، وەک: دینم، بتبینم، شاهینم، شیرینم، پەرژینم و هەندێکی دیکەیان بە (...ێنم) تەواو دەبن وەک: خوێنم، دەناڵێنم، وەرپێنم، دەستێنم (و بە بڕوای من «ناهێنم»یش).
هێمن یش لە پەراوێزدا نووسیویەتی: «ئافەرین مامۆستا [مەبەست قەرەداغی یە] منیش وەک تۆ پێم سەیرە. ئەگەر ئەو غەزەلە دەرباوێژرێ هیچ لە دیوانی وەفایی کەم نابێتەوە».
هەڵبەت من لایەنگری دەرهاویشتنی ئەو غەزەلە لە بەر لاوازیی قافیە نیم، بەتایبەت بە پێی ئەو بۆچوونەی ئێستا لە بابەت شیعر هەیە، دەزانین بایەخی شیعرێک تەنیا لە کێش و قافیەدا نییە و لە شیعری کلاسیکیشدا زۆرجار شاعیر لە پێناو گەیاندنی پەیامی خۆیدا بەربەستی قافیە دەشکێنێ.[2] لە هەر حاڵدا مەبەست ئەوەبوو «ناهێنم» کە مانا بە شیعرەکە دەبەخشێ، بە پێی قافیەکەی وەفایی ش دەگونجێ.

■ دەمێکە هەر لە تۆی ئاوری دەروون و ئاوی چاوم دام
لە دووری تۆ عەجەب ماوم؛ نە سووتاوم، نە خنکاوم

هەر لە تۆی ـــ هەر لە نێو

□ دەمێکە هەر لە نێو ئاوری دەروون و ئاوی چاوم دام
لە دووری تۆ عەجەب ماوم؛ نە سووتاوم، نە خنکاوم

پێموایە «تۆی» یان هەڵەی نوسخەکانە یان هی کاتی خوێندنەوە؛ چونکە نە ئاور «تۆی» هەیە و نە ئاو.

■ فەرمووی چ کەسی کەوتمە بەر پێی کە (وەفایی)م
قوربان چ بوو عومرێکە (کە) لات بووم و لە لات بووم؟!

(کە) لات بووم ـــ کەلەلات بووم (کەلەلا= نەخۆش، هیلاک، کەساس، ئیفتادە)
نووسەر لە پەراوێزدا نووسیویەتی: «وشەی (لات) لە دەسخەتەکەدا وەک (لەت) دەچێ. ئەکرێ (لە تۆ بووم) بێ.» (دیوان، ل٧١) بەڵام بە ئاشکرا دیارە «کەلەلات» دروستە و نووسەری دەسخەتەکە «لا»یەکی لە بیر چووە و «کەلەلات» بووەتە «کەلەت» و قەرەداغی بۆی ساغ نەکراوەتەوە،

□ فەرمووی چ کەسی کەوتمە بەرپێی کە: ـ وەفایی م
قوربان! چ بوو عومرێک کەلەلات بووم و لە لات بووم؟!

یار پرسیاری کرد تۆ کێی، کەوتمە بەر پێی و وتم قوربان چ بووە، لەوە دەچێ نەمناسیەوە، من هەر ئەو وەفایی یەم کە عومرێک کەلەلا و نەخۆش و هیلاکی تۆ بووم، چۆن ئێستا ئاوا خۆتم لێ ناشارەزا دەکەی و لە خۆتم بێبەری دەکەی؟ «لە لات بووم» بەراورد بکەن لەگەڵ «لە هەرتک لا بووم» بە مانای هەرتک لام لە کیس چوو.

■ چ خۆش ڕووی دادەهێنا زولفی ئەفشان کرد بە دڵداریم؟
ئیلاهی قەط نەکەی ڕۆژ بێ شەوی قەدر و بەراتی من

دادەهێنا ـــ واوەهێنا

□ چ خۆش ڕووی واوەهێنا زولفی ئەفشان کرد بە دڵداریم؟
ئیلاهی قەط نەکەی ڕۆژ بێ شەوی قەدر و بەراتی من

یەکەم لەبەر ئەوە کە زولف دادەهێندرێ (= بەشانە دەکرێ) نەک ڕوو، دووهەمیش لەبەر ئەوە کە پێویستە هەرتک کرداری داهێنان و ئەفشان کردن لە یەک صیغەی زەماندا بێ، یان «دادەهێنا و ئەفشان دەکرد» یان «داهێنا و ئەفشان کرد». لە کۆتایی میصرەعی یەکەمدا نیشانەی پرسیار پێویست نییە. چ خۆش بوو بە مانای «ئایا خۆش بوو؟ نییە، بە مانای «زۆر خۆش بوو»یە، یانی خەبەرە نەک ئیستیفیهام(پرسیار).

■ ئەمن کەوتووم لەبەر گریان دەڵێ: دەستی من و دامان
صەبا گەر بوویە خوێن دامانی یار، مەگری لەباتی من

ئەوەی لە سەرەوە نووسراوە ماناکەی ئەوەیە: من لە بەر گریان لە پێ کەوتووم،کەسێکی نادیار دەڵێ دەستی من و دامان (دامانی کێ)ئەگەر دامانی یار بوو بە خوێن!! صەبا تۆ لە جیاتی من مەگری. ئەوە یەکێک لە جوانترین شیعرەکانی وەفایی یە کە ئاوای بە سەر هێندراوە و لە هەموو مانایەک داتەکێندراوە. شیعرەکە دەبێ ئاوا بووبێ:

□ ئەمن کەوتووم لەبەر گریان دڵە! دەستی من و دامان!
صبەی گەر بوویە خوێن، دامانی یار بگری لەباتی من

من لە بەر گریان لە پێ کەوتووم، بەڵام ئەی دڵ! دەستی من و داوێنی تۆ! سبەی ئەگەر بووی بە دڵۆپ دڵۆپی خوێن و لە چاوم ڕژایتەخوار، لە باتی من داوێنی یار بگرە. لەم مانایەدا حافظی شیرازی دەڵێ:

ندارم دستت از دامن، مگر در خاک و آندم هم
کە بر خاکم گذار آری بگیرد دامنت گردم

هەتا ئەو ڕۆژەی دەمخەنە ژێر گڵ دەست لە داوێنت بەرنادەم و کاتێکیش کە مردم و تۆ بە لای مەزارەکەم دا تێپەڕبووی، گەرد و تۆزی خاکی مەزارم داوێنت دەگرێ. هەر لەو مانایەدا بڕوانن:

مەبزوە مەحویا لەم ڕێگەدا تا دەبیە خاکی ڕێی
ئومێدە دەستی گەردت هەر دەگا ئاخر بە داوێنی
دەستم کە گەییە دامەنی مردم لە خۆشییان
گەردم، خودا! بکەیتەوە بەو ڕوتبە سەرفەراز
مەحوی

هەروەها، دڵ بتوێتەوە و ببێتە فرمێسکی خوێن و لە بەر چاو بڕوا:

لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ ڕەنگە بێ بە ئاو و بە چاوما بکا عوبوور
نالی

ئەوی دلدار و دلبەرمە ئەوا ڕۆیی لەبەر چاوم
بە دوویا بۆچی دڵ نەتوێتەوە، نەڕوا لەبەر چاوم
مەحوی

هەروەها خوێن دامێنی یار بگرێ:

کوشتمی و ئەو دەمە خوێنم بە ئەدەب دامەنی گرت
بەسەمەلی عیشقم و کارم بە خوێنە ڕاهی
مەحوی

دست لە خونم مەدە ئالودە مەکە دامەنی پاک
خونی من ثابیتە، باطیل نیییە وەک ڕەنگی خەنە
نالی

■ هەر گوڵێ ڕەنگێکی بۆنی ڕەنگ و بۆی دولبەر دەدا
ڕەنگی بێ ڕەنگی تەماشا کەن بە چاوی ئیعتیبار

«هەر گوڵێ ڕەنگێکی بۆنی» مانا نابەخشێ.

ڕەنگێکی بۆنی ــ ڕەنگێکی بووبێ

وەفایی دەڵێ تەنیا ئەو گوڵانە کە ڕەنگیان هەیە لە یاری من دەچن. بەتایبەت لە میسرەعی دووهەمدا زیاتر دەردەکەوێ کە شاعیر مەبەستیەتی باسی ڕەنگ و بێ ڕەنگی بکا. وەفایی بێڕەنگی بە ئاوات دەخوازێ: یارێکی خاوەن پەیمان و بەڵێن کە هەر ڕۆژەی لە سەر هەوایەک نەبێ و ڕەنگ نەگۆڕێ. ڕەنگ لە شیعری کلاسیکدا زۆرجار بە مانای ڕیا و دووڕوویی و بێ بەڵێنی یە و، یەکڕەنگی بە مانای ڕاستی و وەفاداری لە بەڵێن و پەیمان دا.

پاک طینت بر نمی آید بە رنگ عارضی
از لباس رنگ عاری طبع ماچون آب بود
غلام همت آنم کە زیر چرخ کبود
زهرچە رنگ تعلق پذیرد آزاد است
دلم رمیدە لولی وشی ست شورانگیز
دروغ وعدە و قتال وضع و رنگ آمیز
غلام همت دردی کشان یکرنگم
نە آن گروە کە ازرق لباس و دل سیهند
حافظ

بۆیە پێموایە شیعرەکەی وەفایی ئاوایە:

□ هەر گوڵێ ڕەنگێکی بووبێ ڕەنگ و بۆی دولبەر دەدا
ڕەنگی بێ ڕەنگی تەماشا کەن بە چاوی ئیعتیبار

■ خەط هاتوە دەوری لەب و ڕووی داوە لە سەردا
یاخۆ حەبەشی فایەقە داغی لە جگەر دا؟
گوڵزاری دەمی پوستە و، باغی گوڵی بەر دا
یا لەشکری کێشاوە (بزەی) شیر و شەکەر دا
شەڕیانە لە سەر کەعنەیی ڕوو کافر و ئیسلام

پوستە ــ پستە

(بزەی) شیر و شەکەر دا ــ بە ڕووی شیر و شەکەردا

□ یا لەشکری کێشاوە بە ڕووی شیر و شەکەردا

شیر و شەکەر هەمان ڕوو، یان ڕوخسارە و مانای شیعرەکە ئاشکرایە: خەط و نەگریجە لەشکریان بردۆتە سەر ڕوخساری کە لە شیر و شەکر دەچێ؟ بەتایبەت بڕوانە میسرەعی یەکەم و پێنجەم کە باسی شەڕە لە نێوان کوفری زولف و ئیسلامی ڕوو لە سەر «کەعبەیی ڕوو» کە هەمان بڕۆیە و وادیارە لەشکری خەط کە سەر بە لایەنی کوفرە دەوری لەب و ڕووی داوە. ئەم بابەتە لە لاپەڕەکانی داهاتوودا زیاتر دێتە بەر باس.

■ نازک و نازەنین و شیرین، ئاوێنە ڕۆژ، ڕەنگ ئاگری

ئاوێنەڕۆژ ــ ئاوێنەڕوو

□ نازک و نازەنین و شیرین، ئاوێنە ڕوو، ڕەنگ ئاگری

■ گوتم ئەی شای دڵنەوازان، مانگ و ڕۆژن موشتەری ڕووت
دڵی چاکی پاکی بازان، پێ بە داوی زولفی جادووت

پاکی بازان ــ پاکبازان

□ گوتم ئەی شای دڵنەوازان، مانگ و ڕۆژن موشتەری ڕووت
دڵی چاکی پاکبازان، پێ بە داوی زولفی جادووت

چاک: ١) باش، ٢) درز، براو، بریندار (بەراوردی بکەن لەگەڵ: چاکی یەخە، چاکی کەوا، دڵی چاک چاک)؛ پاکبار=ئەوەی فیداکارانە هەموو شتێک دابنێ.

بڕوانە ئەم شیعرەی وەفایی کە تێیدا چاک بە هەرتک مانا بەکارهاتووە:

دەلیلی چاک و پاکیی پێدەدوێ وەصڵی ڕوخ و زولفی
خودا شادی بە شانەی دا، صەفای جەننەت بە ئاوێنە

ئەوانەی چاک و پاکن بە دیداری زولف و ڕووی شاد دەبن. بۆیە شانە کە چاکە(دابڕدابڕە) بە زولفی شاد دەبێ و ئاوێنە کە پاکە بە جەننەتی ڕووی.

■ وەکوو پەروانە دەگریم و دەسووتێم دوور لە زولفی تۆ
هەتا کەی من لە داغی تۆ حەریقی ئاو و ئاگر بم؟

حەریقی ــ غەریقی

□ وەکوو پەروانە دەگریم و دەسووتێم دوور لە زولفی تۆ
هەتا کەی من لە داغی تۆ غەریقی ئاو و ئاگر بم؟

ئاو خاسییەتی حەریقی نییە، بەڵام ئاو و ئاگر هەرتکیان خاسییەتی غەرق (نوقم کردن) یان هەیە. بڕوانە:

گا دەسووتێم، گا دەگریێم، غەرقی ئاو و ئاورم
ئاخ لە بەر بەختی سیا، نازانم ئەز بۆچ نامرم

• • •

**بەشی دووهەم و کۆتایی لە ژمارەی داهاتوو**

**پەراوێزەکان:**

١) نموونەی دوودان بوونی قافیە لە شیعری دیکەی وەفایی دا بەرچاو دەکەوێ. بڕوانە غەزەلی:

گا دەسووتێم گا دەگریێم غەرقی ئاو و ئاگرم
ئاخ لە بەر بەختی سیا، نازانم ئەز بۆچ نامرم

کە قافیەکان بەشێکیان ئاوان: ئاورم، نامرم، ئاگرم، کافرم، ڕابرم، چاترم، حازرم (...رم) و بەشێکی دیکەیان ئاوان: ڕامشگەرم، دەربەرم، مەجمەرم، شەککەرم، سەوداسەرم، مەزهەرم، دولبەرم (...ەرم).

٢) کەم نین ئەو شاعیرانەی گلەییان لەوە کردووە کە کێش و قافیە ڕێگای ئەوەیان لێدەبڕێ هەستی خۆیان بێ لەمپەر دەربڕن،

قافیە اندیشم و دلدار من
گویدم مندیش جز دیدار من (مولوی، عزلیات شمس)

(من بیر لە ڕێکخستنی قافیە دەکەمەوە و دڵدارەکەم دەڵێ بێجگە لە دیداری من بیر لە هیچ مەکەوە.

قافیە و تفعلە را گو همە سیلاب بر
(با کنش وقافیە لاقاو بیانبا)
مفتعلن مفتعلن کشت مرا(مولوی)
موفتەعیلون موفتەعیلون کوشتمی)

# عەزیز زەندی (ئەڵمانی) کێ بووە؟

**ئەحمەدی شەریفی**

بەهاری ساڵی ١٣٥١ (١٩٧٢) لە تاران دەگەڕام کارێک بە ئانەزگیی پەیدا بکەم. نیوەڕۆیان دەچوومە خەیابانی قەوامولسەڵتەنە. ئەوێ چایخانەیەکی لێبوو، نان و خواردەمەنی هەرزانی هەبوو. پڕ دەبوو، لە کەسگەلی وەک من بێ پووڵ و پارە و خولیا و شەیدای کار. لە نزیک ئەو قاوەخانەیە، کتێبفرۆشێکی لێبوو بە ناوی ئەنجومەنی کتێبی ئەسپەند (انجمن کتب مقدسه). لەوێ کتێب و نامیلکەی خۆڕاییان دەربارەی ژیان و سەربووری حەزرەتی عیسا دەبەخشیەوە. هاموشوێی وێم دەکرد و کتێب و نامیلکەی خۆڕاییم لێ وەردەگرتن و بە خوێندنەوەیان تاسەی دوورەوڵاتیم دەشکاند. لەو هاتوچۆیانەدا، لەگەڵ گەنجێکی وێندەرێ بە ناوی «سیراجی» ئاشنا بووم. کاتێ زانی کوردم چوار پاژ ئینجیلی کوردی دامێ کە بە بنزاراوەی مەهابادی بوون. لە وان ڕۆژاندا، ڕۆژێک چوومە ئیدارەی رادیۆی ئێران لە مەیدانی ئەرک بۆ خزمەت زانای گەورە مامۆستا ڕۆژبەیانی و بڕیاری پێدابووم بمباتە لای کاک مەزهەری خالەقی، هەتا کارێکم لە بەشی کوردیی ڕادیۆدا بۆ بدۆزێتەوە.

کاک مەزهەری خالەقی دەنگخۆش، ئەوکات سەرۆکی گشتیی بەرنامەکانی ئاسیا و ئەفریقای رادیۆی ئێران بوو. زۆر بە ڕووخۆشییەوە وەریگرتم و قسە وباسی لەگەڵ کردم و بڕیاریدا حەتمەن کارێکم بۆ پەیدا بکا. کاتێ زانی لە تاران بێکار و کەسوکارم، فەرموویان هەتا کارەکەتان مەیسەر دەبێ هەموو نیوەڕۆیان نەهار میوانی منن، وەرنە رەستورانی ئێرە و نانەکەتان بخۆن. سەرەنجام پاش ١٥-٢٠ ڕۆژان کار جێبەجێ کرا و دە ژێر دەستی مامۆستا ڕۆژبەیانی و خوداڵێخۆشبوو دوکتور سەدیقی موفتی زادە خەریکی وەرگێڕان و ئەزموونی نووسین بووم. لەو سەردەمەدا، لەگەڵ مێدیای زەندی ئاشنا بووم و گوتی کە ئەویش ئەسڵەن سابلاغی یە و، کچی عەزیزی زەندی مەشهور بە دوکتور ئەڵمانی یە. زۆرجاران باسی بابی وکارەکانی دەکرد و دەیگوت کە بابم ئیمجیلی لە ئینگلیسییەوە کردۆتە کوردی و لە لەندەن چاپ و بڵاوکراوەتەوە. لەوان قسە و باساندا، وەبیر چوار جڵدە ئینجیلە کوردییەکەی لای خۆم کەوتمەوە و، ڕۆژێکی نیشانم دان، گوتی ئەوە کاری باوکمن.



٣٢ بلّا یسوع شاگردانی خوی بانگ کرده کن خوی و کتی : رحمم
به او خلکی دا دی چونکه الان سی روژه که دگل امن و هیچیان
نیه که بیخون : و ناموی که اوان به برمیتی مرخص بکم : نبا ده
٣٣ ریدا له خو بینـوه • و شاگردان به ویان گت : ده چولیدا هینده نانمان
٣٤ له کوی بیی که اونده خلکی تیر بکین ? • و یسوع به وانی گت :
٣٥ چند نانو هیه ? و اوان کتیان : حوت و هیندیك ماسی چکوله • و له
٣٦ خلکی امر کرد که لسر ارضی روبنیشن • و او حوت نانانه و ماسیانی
هلگرت : شکری کرد و لتی کرد و دای به شاگرادنی و شاگردان
٣٧ به خلکی • و هموبان خواردیان و تیر بون و له لتکان که زیاد بون
٣٨ حوت زنبیلی پربان هلگرتـوه • بلّا اوانی که خواردیان چوار هزار
کس بون : بجگه له ژنان و مندالان •
٣٩ و که خلکی مرخص کردبو سواری گمی بو و هاته سرحدانی
مجدانی •

باب ١٦

١ و فرسیان و صدوقیان هاتنه پیش و طلبیان لی کرد که نیشانیکی
٢ له آسمانی به وان نیشان بدا هتاکو تجربی بکن • بلّا او جوابی دا
و به وانی گت : وختیکی ایواری بوه انگو دلّین : هـوا ساو دبی
٣ چونکه آسمان سوره • و ده صبحینیدا : اورو هوا تیکل دبی چونکه

ئەگەرچی لە سەر ئەو ئینجیلانە ئەنووسراوە کە کێ وەریگێڕاوە، بەڵام وێدەچێ قسەکەی مێدیا سەت لە سەت ڕاست بێ و پاشان دیاردی بۆ بەڵگەکەم لەم بارەشەوە دەکەم. با جارێ زۆر بە کورتی باسی هەر چوار جڵدە ئینجیلە کوردییەکی بنزاراوەی مەهابادی بکەم و بیانناسێنم:

١) ئینجیلی مەتی (مەتا): ٨٧ لاپەڕە
٢) ئینجیلی مەرقوس: ٥٣ لاپەڕە
٣) ئینجیلی لوقا: ٩٤ لاپەڕە و،
٤) ئینجیلی یوحەننا: ٧٢ لاپەڕەیە و قەوارەی هەر چوار جڵدەکە ١٧ دە ١٣ سانتیمیتر دایە و سەرجەم ٣٠٦ لاپەڕە دەبن کە هەر کام لە لاپەڕەکانیش ١٨ تا ٢٠ دێڕ پێکدێن. لە لاپەڕەی ئەوەڵی هەر چوار ئینجیلەکان بە ئینگلیزی نووسراوە:

Kurdish Matthew: ABS- 1951- 205M.

لە ئاخر لاپەڕەی هەر چوار جڵدیش نووسراوە کە لە ئەمریکا لە چاپ دراون.

شێوە زاراوەکەی کامیلەن مەهابادی یە و بۆ نموونە دیاردی بۆ چەند دێڕێک دەکەم کە تەنیا لە ڕووی ڕێنووسەوە گۆڕیومە: «بڵا یەسوع ئەوانی بانگ کردە کن خۆی* وە کوتی: ڕەحمم بە ئەو خەڵکەی دا دێ چونکە ئەلان سێ ڕۆژە کە دەگەڵ ئەمنن و هیچیان نییە کە بیخۆن* وە نامەوێ کە ئەوان بە برسێتی مەرەخەص بکەم، نەبا دە ڕێیەدا لە خۆ بینەوە* ...» (ئینجیلی مەتا، لاپەڕەی ٤٤).

ساڵگەل هاتن و تێپەڕین. ڕووخانی شا و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی زۆر بارودۆخی گۆڕی و قسە وباس لە سەر کوردان هەراوتر بوو. لە ساڵەیلی ٦٨-١٣٧١دا لە شاری سنە دەژیام و لە ڕادیۆ ئوستانی کوردستان کارم دەکرد. کوڕێکی گەنجی سنەیی بە ناوی کاک «ئەیووبی گازەرانی» کە ئەوکات خوێندکاری زانستگە بوو، هاتوچۆی ڕادیۆی دەکرد



(٢٤٤)

وەدو بو تیموتیس کەدینی کلیسای افسی بو ویکیکیش بو تیطوس بوکە دینی جزیرۀ بو ویکیکیش بو فلمون ویکیکیش بو عبرانیان

بلا دلین کە یکیک لە شاگردان وی نوسیوه وحوت رسالکان

دیکە مخصوص نین بلکە عمومین اوانش یویان اویە یکیکیان

ای یعقوبیە ودو شیان ای پطروس یە وسە شیان ای یوحنای

و یکیکیان ای یهودایە کەاویهودایش برای یعقوبیە واوی


آخری نوسراوی کلام خلای مکاشفۀ حضرت یوحنا رسولیە

کەاویش هرببب اور سولە نوسراوە کە عیسی خوشی دویت

دەاو مکاشفۀ دااورسولە بیان رویایکی دفرموی کە وختیکی

دە جزیرۀ پطمو سیدا تبعید کرابو وهروه ویدا فایقیە پادشاتی

خلای بیان دکاوها تنوۀ عیسی مسیح دهلتاوۀ تواوی عالی



(٢٤٥)

آشکرادکا ⁂

تواو بو کیتب ارشاد المذنبین ده ساوجبلاغ مکوی داده سنه ١٩٢٦

میلادی دا مطابق ٧ مانگ شوال سنه ١٣٤٤ محمدی ص ع

کە ترجمە کراو لەزبان انگلیسی بسبب فقیر عاصی میرزا

عزیز زندیه مشهور بەالمانی هرچند دە اکثر

مطالبدا مطابق توراۀ وانجیل شرح وبطیم

پی داوە لە قبیل بعضی آیات قرآنی

واشعار وغیره کە مجبور بوین

بە زیاد کردن وان بو اثبات

حقیقت او کتیبۀ هتاکو عموم

گەلەکان استفاده

و زۆرجاران باسی کتێبی کوردیمان دەکرد. هۆگرییەکی زۆری بە میرات و کەلەپووری کوردییەوە هەبوو. ڕۆژێکی گوتی کتێبێکم پەیدا کردووە بە ناوی (ارشادالمذنبین/ئیرشادولمەزنەبین) کە کابرایەکی ساباڵاغی وەریگێڕاوە و بە خەتێکی قەشەنگ چاپ کراوە. کتێبەکەی بۆ هێنام هەتا کۆپیی لێ هەڵگرمەوە. ڕووی بێ پووڵی ڕەش، نەمتوانی هەمووی کۆپی بکەم وتەنیا چەند لاپەڕەیەکم لێ کۆپی کرد. کتێبی (ئیرشادولمەزنەبین) سەرجەم ٢٤٨ لاپەڕەی ١١ دێڕی یە.

لە لاپەڕەی ٢٤٥ی کتێبەکەدا نووسراوە؛

"تەواو بوو کتێبی ئیرشادولمەزنەبین دە ساوجبلاغی موکری دا دە سەنەی ١٩٢٦ی میلادیدا موتابیقی ٧ی مانگی شەوالی سەنەی ١٣٤٤ی محەمەدی ص ع کە تەرجەمە کرا بە سەبەبی فەقیری عاصی میرزا عەزیزی زەندیە مەشهور بە ئەڵمانی..."

هەروەک لە لاپەڕەی ٢٤٤ی کتێبەکە دەردەکەوێ کە حەینەن بە خەتی خۆی چاپ دەکرێ، هەر هەمان بنزاراوەی ساباڵاغی یە کە ئینجیلەکانی پێ چاپکراواە و پێدەچێ هەردووکیان یەک کەس وەریگێڕاون و ئەویش عەزیز ئەڵمانی یە. کتێبی ئیرشادولمەزنەبین، شەرح و ڕاڤەیەکە لە سەر تەورات و ئینجیل و، لە هێندێک جێ کەڵکی لە ئایاتی قورئان و حەدیسی ئیسلامیش وەرگرتووە. لاپەڕەی ٤٦-٢٤٧ شێعرێکی کوردی و لاپەڕەی ٢٤٨یش شێعرێکی فارسی یە سەبارەت بە گەورەیی و مەزنایەتی حەزرەتی عیسا. لە لاپەڕەیەکیدا نووسراوە: چاپی ١٩٤٥.

هەڵبەت نووسینی ئەم وتارە دەگەڕێتەوە بۆ نامەیەک کە کاک عەلی کەریمی لە لەندەنەوە بۆی ناردبووم. پاش بڵاوبوونەوەی کتێبی (ژیان وبەسەرهاتی زەبیحی) نامەیەکم بۆ کاک عەلی شاند و هێندێ بیروبۆچوونم لە سەر کتێبەکەی دەربڕی، کاک عەلی لەم پاییزەدا، نامەیەکی دووروودرێژی بۆ ناردبووم و باسی هێندێ قسە وباسی کردبوو، بۆ وێنە باس وخواسی عەزیزی زەندیش لە نامەکەدا هاتبوو: «ئەم ڕۆژانە لە گەڵ مامە قالە قسەم دەکرد، یەکجار توند بە گژ ئەو کەسانەدا دەچوو کە دەڵێن عەزیز ئەڵمانی وابوو و واچوو.. دەیگوت نە سەوادی هەبووە و نە دوکتور بووە و نە هیچ...».

ئەم قسانەی مامەقالە(عەبدولقادری دەباغی) هانی دام هەتا ئەم وتارە بنووسم. وادەردەکەوێ بە پێچەوانەی فەرموودەی مامەقالە، عەزیزی زەندی نە تەنیا سەوادی هەبوو، بەڵکوو ئینگلیزی و ئەڵمانی و فارسی و تورکیشی زانیوە. جگە لەوەش، دەبێ دەسەڵاتێکی باشیشی بە سەر زمانی کوردیدا هەبووبێ. چونکە لە ئینجیلەکانیدا، بە دەیان و سەدان وشە و دەمیت(اصطلاحی مەهابادی تۆمار کردوون کە ئێستا ئەماون وفەرامۆش کراون. ڕەنگە زۆربەی خوێنەرانی ئەم وتارە ناوی «عەزیزی زەندی»یان بیستبێ. زۆر قسە وباسی لە سەرن. هێندێ کەس بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی «حیزبی ئازادیخوازی کوردستان» دەزانن کە لە ساڵی ١٣٢٠(١٩٤١)دا چێ کراوە. هەروا دەڵێن ئەندامی کۆمەڵەی (ژ.ک)یش بووە. دەڵێن دوکتورای حوقوقی لە ئەڵمان وەرگرتووە و لە تاران دەفتەری وەکالەتی هەبووە. دەڵێن باسەواد وزمانزان بووە. هێندێ کەسی تر دەڵێن بێ سەواد و هیچنەزان بووە.

بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو ئەڵێن و دەڵێنانە، پێدەچێ لە دەور و چاخی خۆیدا، لە مەهابادی ٦٠ ساڵ لەوەپێش، کەسایەتییەک بووە و خەریکی نووسین و وەرگێڕان بووە.

تۆ خودا، کەسی کەسانم، وەرن لە خۆڕا کەسایەتییەکانمان هەڵنەسەنگێنین، با توێژینەوەیان لە سەر بکەین، بیانناسێنین. پێدەچێ هیچ گەلێک وەک ئێمەی کورد بە گۆترە باسی کەسایەتی خۆی ناکا.

مەهاباد شەوی شەممە ٧٩/٨/١٤ سەعات ١٢

# کارەساتی فەلستین!

## سیاسەتی ئاپارتایدی[١] نازیسم، ئەمجارە لە بەرگی سەهیۆنیزم دا[٢]

عەزیز ڕەزایی

کلیسای کاتۆلیک بەتاوانی کوشتنی عیسای مەسیح لەسەر فتوای ڕێبەرانی پلەبەرزی ئایینی جوولەکە لەسەدەی یازدەی زایینی دا، ڕای گشتی ڕێڕەوانی ئایینی مەسیحییەتی ئەوروپایی دژی جوولەکەکان هەڵخراند. جوولەکە هەڵاتووەکانی شەڕی سەلیبی و نیشتەجێی ئەورووپا، کە هەتا ئەو دەمە ژیانێکی ئارامیان هەبوو، بەپێی ئەو فتوایە کە گۆیا دەستیان بە خوێنی عیسای کوڕی خودا سوورە، تاوانبار دەکران و دەکەوتنە ژێر زەخت و هەڵاواردن لە نێو کۆمەڵگاکانی زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی و گیتونشین[٣]دەکران. لێرە دا سەرەڕای پێشێلکردنی مافە ئاسایی و دەوڵەتییەکان، لە سەریان ئەمر دەکرا کە لە چاو شارۆمەندی مەسیحی، زەکاتی پتریان لەسەر بار بکرێ و تەنانەت لە هەندێک لەو وڵاتانەی بە هەبوونی ڕەنگی زەرد لەسەر جل و بەرگیان لەنێو کۆمەڵگادا دیاری دەکران. جوولەکەکانی فەڕەنسا و ئیتالیا و پرتەقال لەژێر گوشاری دەسەڵاتی بنیاتخوازانی کلیسای کاتۆلیکدا ڕوویان کردە وڵاتانی بریتانیا و هولەندا و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و باکووری ئەفریقا و، لە سەدەی نۆزدەهەمدا بەکۆمەڵ ڕوو دەکەنە وڵاتی ئەمریکا.

سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراتیکی سەرمایەداریی وڵاتانی ئەوروپا (ئینگلیز ١٨٥٨، ئالمان١٨٧١ ) و شۆڕشی فێبریەی١٩١٧ی ڕووسیا کە پەیامی یەکسانی مرۆڤ لە بەرانبەر یاسای گشتیدا هاتە بڕیاردان، دیواری گیتوخانەی جوولەکەکانی هێنایە ڕووخان و لەو ڕەوت و ڕێڕەوەدا باری لەباری جێکەوتن و ڕێکخستنی جوولەکەکان لە نێو کۆمەڵگادا ئاسایی کرایەوە. زۆربەی خەڵکانی جوولەکە، لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە، پیشەی بازرگانییان گرتە پێش و لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕەوتی سەرمایەداریدا توانیان بەشێکی زۆری بارگە و بنەی سەرمایەداری میللی ئەو وڵاتانە بهێننە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە.

ڕەنجدەران و کرێکارانی ئەو وڵاتانە، بەبێ ئاگاداری لە چۆنیەتی میکانیزمی چەوساندنەوەی نیزامی سەرمایەداری، تاوانی چەوسانەوە و بەتاڵانچوونی دەسترەنجی ژیانی خۆیانیان دەخستە ئەستۆی جوولەکەکان. ئاپارتایدی هیتلەری لێرەدا بە کەڵک وەرگرتن لەو ئاوە لێڵە حیسییە و لە سەر زەمینەی ڕێخراوی پروپاگاندای بنیاتخوازیی کلیسای کاتۆلیک، دەستی دایە زیندووکردنەوەی یاساکانی دژی جوولەکەی سەدەی ناوەڕاست و سەرەتا بە نیشانی ڕەنگی زەرد، جل و بەرگی جوولەکەکانی هێنایە دیاریکردن و بەدوای ئەوەدا بەرنامەی ڕەگەزپەرستانە و بە کۆمەڵکوژی و تاڵان و بڕۆی بۆ ڕێکخستن و، بەو پێیە دەوری شەش ملیۆن مرۆڤی جوولەکە بە بیانوو و تاوانی جیایەتی ئایین و ڕەگەز، کران بە قوربانی ئایدیۆلۆژی نازیسم و بەڵگەیەکی ڕەشی مرۆڤکوژیی بەکۆمەڵ، لەسەر بناغەی بەرژەوەندی ماددی ئەو بیر و بۆچوونە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا تۆمار کرا.

وەک دەبینین تا بە ئەمڕۆ ڕیشەی گیاکەڵەی ئاپارتاید و بێ مافی مرۆڤ لە ئاستی جیهانیدا وشک نەبووە و هەر جارە لە ڕەنگ و ڕواڵەتێکدا هەست و ژیانی مرۆڤی کردۆتە نیشانە. بۆیە بەگوێرەی مەنتیقی مێژوویی ماددە، سەرچاوە و زەمینەی ماددی ئاپارتاید و نایەکسانی و ستەم هەر لە جێی خۆی بەردەوامە. لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە، زەمینەی ماددی شێوە پێوەندییەکانی بەرهەم لەسەر بناغەی بەرژەوەندی سەرمایە و سوود دامەزراوە و لە بەردەوامی خۆی دایە. بێگومان بەبێ ئاڵوگۆڕی ژێرخانی ئەو بیر و بۆچوونە، واتە ناسین و نەقد و چارەسەری سیستەمی سەرمایەداری، ئازارە سیاسییە مرۆڤایەتییەکانی ستەم و چەوساندنەوە و ئاپارتاید بنەبڕ ناکرێن و، ڕەنگە ئەمجارە لەبەرگی سەهیۆنیزم و جارێکی دی لە ڕەنگی ڕاسیزم دا سەر هەڵدەنەوە و ژیانی مرۆڤ بکەنە نیشانە لە نێو کۆمەڵگای مرۆڤدا. جا بۆیە، ئەم ئامرازە بەئازارە دەستی دەسەڵاتدارانی نیزامی سەرمایە و کەڵەکەی سوود، بەردەوام لە زیادبوون دایە لەپێناوی درێژەی ژیانی مشەخۆریدا. ئامێری هەمە ڕەنگی نوێ ئەتۆمی «کیمیاوی» ڕاسیزم و دەمەزەرد کردنەوەی دەزگای کلیسا و مەزهەب، لە بواری مێژوو دا، دژی ژیان و مافی مرۆڤ بەدەیان جاران بەکار هێنراون. هەربۆیە، جینایەتی بەرەی بیری نازیسم لە بڕگەیەکی مێژوویدا تێدادەچێ، بەڵام جارێکی دی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا و لەبەرگی سەهیۆنیزم دا خۆ دەگۆڕێ و کارەسات دەخوڵقێنێ.

### جووڵانەوەی سەهیۆنیزم

جووڵانەوەی سەهیۆنیزم سەرەتا لەسەر بناغەی بیری پێکهێنانی کۆمەڵگای جوولەکان لەسەر خاکی فەلستین بە گوێرەی تیۆری دەوڵەتی میللی هاتە ئاراوە، بەڵام ڕەوتی پێشوەچوونی ئەم جووڵانەوەیە لە ڕێڕەوی زەماندا تووشی گۆڕین دەبێ و بەپێی باس و ڕەوتی ڕووداوەکان، کە لە ئیدامەی ئەم نووسراوەدا ئاماژەی بۆ دەکرێ، بە لاڕێدا دەچێ و بە باری جووڵانەوەیەکی بنیاتخوازیی ڕەگەزپەرستیدا دەکەوێ و بە کەڵکوەرگرتن لە ئیمکانیاتی بێ سنووری ماڵیی جوولەکەکانی جیهان، کارەساتی مرۆڤکوژی لە میللەتی فەلستین دەقەومێنێ.

کۆتایی پێهاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی لە ١٩٤٥دا، بناغەی هێزی سوپای بەرەی فاشیزمی لەبەر یەک ترازاند، بەڵام وەک لە سەرەوە باسکرا، گەرای بیری سەهیۆنیزم لەسەر زەمینەی بنیاتخوازیی ئایینی جوولەکان بە هەڵکردنی دروشمی(خاکی مەوعود) واتە فەلستین لە سەدەی نۆزدەهەمدا هاتە گرسان. هەڵگرانی بیری سەهیۆنیزم کە نیشتەجێی وڵاتانی ئەوروپی بوون وەکوو: Teodr Hersel و «موسا

هیس» Mossa Hess یەکەمین کۆنگرەیان لە شاری Bassel ی سویس دامەزراند. کۆنگرە بە گوێرەی ئەزەراتی Hersel لەسەر سێ خاڵی سەرەکی ساخ بوونەوە:

١- پێکهاتن و دامەزرانی ناوچەگەلی جوولەکەنشین لە فەلستین بەپێی ئەسڵی کۆچ پێدانی جوولەکەکانی جیهان بۆ ئەوێ.

٢- ڕێکخستنی سەرجەمی جوولەکەکانی وڵاتانی جیهان بەپێی باری گونجاوی یاسای ئەو وڵاتانە و بەرژەوەندی جوولەکەکان.

٣ - بەهێزکردن و پێرەوکردنی بیر و بۆچوونی سەهیۆنیزم.

لەبەر ئەوەی خاکی فەلستین بەشێک لە ئیمپراتوریای عوسمانی بوو لەو کاتەدا، دەبوو بەگوێرەی ئارمانجی سەهیۆنیزم یەکەمین هەنگاو بۆ ئەو مەبەستە، بەڵێنی وەرگرتن لەو دەوڵەتە بێت ـ لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا هەر دوو ئیمپراتوریای ئەڵمان و عوسمانی لە بەرەیەک دا بوون. ئاکامی تێکشکانی بەرە و سوپای عوسمانی لەساڵی ١٩١٩دا دەبێتە دابڕانی گەلێک ناوچەی عەرەبی و کوردنشینەکانی ژێر سوڵتەی عوسمانی کە ئەنجامەکەی بوونە پەیمانی(وەرسای) و ڕێکخراوی «یەکێتی گەلان» کە لەوێدا فەلستین دەبێتە بەشێک لە کۆلۆنیالی بریتانیا ـ مانگی ژوولای ١٩٢٢وڵاتی فەلستین نیمچە سەربەخۆییەک وەردەگرێ و دەکەوێتە ژێر چاوەدێریی«یەکێتی گەلان». هەروەها لەو کاتەدا بەشێکی مەزن (باکوور و باشوور) لە ناوچەکانی کوردستان بەپێی بەندی ٢٢ی پەیمانی نێونەتەوەیی(دان پێنان بەمافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان) و بەندەکانی ٦٢ و ٦٤ی پەیمانی (سێڤەر)لەمانگی ئاگوستی ١٩٢٠دا مافی سەربەخۆیی پێ ڕادەگەیەندرێ، بەڵام بەپێی سات و سەودایەکی ژێرجلی کۆلۆنیالیی ئینگلیز و ئاتاتورک سەرۆک کۆماری تازە سەرهەڵداوی تورکیا بەگوێرەی پەیمانی لوزانی ١٩٢٢، ناوەرۆکی پەیمانی(سێڤەر)خرایە پشتگوێ.

ئێمە لێرەدا پێش ئەوەی ڕاستەوخۆ بچینە سەرباس و چۆنیەتی داسەپانی سیاسەتی سەهیۆنیزم بەسەر خەڵک و خاکی فەلستین دا، بە دروستی دەزانم کە هەندێ بار و دۆخی مرۆڤایەتی، جوغرافی فەلستین بەپێی بەڵگەی مێژوویی بخرێتە بەر سەرنجی خوێنەران. بەراوەردی ڕێژە و نیسبەتی دانیشتووان و خاکی فەلستین پاش کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٧ ئەو ڕاستییانە دەخاتە ڕوو کە : ڕووبەری خاکی فەلستین ٢٧٠٠٠کیلۆمەتری چوارگۆش و سەرجەمی دانیشتووانی ئەو وڵاتە ٧٠٠,٠٠٠ کەس بوون، کە بریتی بوون لە ٧٠,٠٠٠مەسیحی، ٥٦,٠٠٠کەس جوولەکە و باقی فەلستینیی موسوڵمان بوون. واتە لە ٨ ٪ی دانیشتوانی ئەو کاتی وڵاتی فەلستین ڕێژەی جوولەکانی دەنواند. لەو کاتەدا وەزیری دەرەوەی بریتانیا «ئارتور بالفور»[4] (Arthor Bal-four) بەناردنی نامەیەک، گەورەسەرمایەدارانی بەناوبانگ و بە ڕەچەڵەک جوولەکەی بریتانیایی Lord Roth Child ئاگادار دەکا، کە دەوڵەتی پاشایەتیی بریتانیا بۆ پێکهێنانی نیشتمانێکی میللی جوولەکەکان لەسەر خاکی فەلستین پشتیوانی دەکا. لە هەمان کات دا، تۆڕی چالاکی سیاسیی تەبلیغاتی جووڵانەوەی سەهیۆنیزم لە ئاستی جیهانی دا بڵاو دەبێتەوە و بەگوێرەی تیۆری بنیاتخوازیی موسا هیس، کە لە کتێبەکەیدا بەناوی(ڕۆم و ئورشەلیم) پەروەردە و فورمولە کرابوو، کۆچکردن بۆ فەلستین لەسەر گشت جوولەکانی جیهان دەکاتە ئەرک و ئەمر و هانیان دەدا بۆ وەڕێکەوتن.

بەو پێیە جوولەکانی دەستەنگی ماڵیی ئەمریکا و ئەوروپا وەڕێ دەکەون. ساڵی١٩٢٢ پتر لە ٨٠,٠٠٠ و ساڵی١٩٣١زیاتر لە ١٧٤,٠٠٠جوولەکە لەسەر خاکی فەلستین نیشتەجێ دەبن. کاتی دەسەڵاتی بەردی نازیسم لە ئاڵمان و ئیتالیا، ئاستی شەپۆلی کۆچی جوولەکانی ئەوروپا بۆ فەلستین بەرز دەبێتەوە و ساڵی١٩٤٨ڕێژەی جوولەکان لە ٦٥٠,٠٠٠ کەس تێدەپەڕێ. واتە لە ٣١ ٪ی سەرجەمی دانیشتووانی فەلستین جوولەکە و، ١,٤١٥,٠٠٠کەس عەرەبی مەسیحی و موسوڵمان دەگرێتەوە. دەستاودەستکردنی خاک و مەزرای عەرەبە موسوڵمان و مەسیحییەکان بۆ لای جوولەکان بە پووڵ و پارەی تەرخانکراوی بێ سنووری جوولەکانی ئەرمریکا و ئەوروپا، نیسبەتی دارابوونی خاکی فەلستین بەقازانجی جوولەکان دەگۆڕێ و داهاتووی دۆخی ژیۆپۆلێتیکی خاکی فەلستین بارەوبار دەکا. بەگوێرەی ڕووبەری خاکی فەلستین لە ١٩١٨دا لەکۆی٢,٦٣٣,٢٣١هێکتار، تەنیا لە ٢ ٪ واتە(٦٥,٧٦٤هێکتار) و لەساڵی ١٩٤٨دا نیسبەتی مالکیەتی زەویوزاری جوولەکان بۆ ٥ ٪ بەرز دەبێتەوە. مووچە و مەزرای کڕدراو، یان زەوتکراوی فەلستینییەکان بەگوێرەی بەرنامەی سیاسی سەهیۆنیزم بەشێوەی گشتی (Koloni)، کە بە زمانی عیبری (کیبووتسKibuts)[5]دەگوترا، دەکێڵرا و دەهاتە بەرهەم و هەر ئێستاش ئیدامەی هەیە. نووسینگەی جوولەکەکانی فەلستین لەکۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی لەساڵی١٩٤٥، داخوازییەکی پێنج بەندیی پێشکەشی دەوڵەتی ئینگلیز دەکا(فەلستین تا ئەوکات لەژێر سوڵتەی کۆلۆنیالیی ئینگلیزدا مابوو) و لە وێدا دەڵێ:

١- سەرجەمی خاکی فەلستین یەکپارچە لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێکی سەهیۆنیست دا ئیدارە بکرێ.

٢- نووسینگەی جوولەکەکان بەرپرس دەبێ لە ڕاگواستنی (یەک ملیۆن) جوولەکەی وڵاتانی دی بۆ نیشتەجێکردنیان لە فەلستین دا.

٣ - تەرخان و تەسلیمکردنی دەستەوامێکی جیهانی بە نووسینگەی جوولەکان بە مەبەستی تاوانی خەسارەتی کوشتاری جوولەکان و، بەرپرسی گەڕاندنەوەی ئەو دەستەوامەش دەبێ دەوڵەتی ئاڵمان بێت.

٤ - سەرجەمی دارایی و سامانی دەوڵەتی ئاڵمان لە فەلستین، دەبێ تەسلیمی نووسینگەی جوولەکان بکرێ.

٥ - گەرانتی(زەمانەت)کردنی ڕەوتی کۆچەری جوولەکەکانی جیهان بۆ فەلستین لەلایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە.

جووڵانەوەی سەهیۆنیزم لەم قۆناغەدا کە هەیبەتی دەوڵەتێکیان لە قالبی کیبووتسەکاندا پێکهێنابوو، دەست دەدەنە ڕێکخستنی هێزی چەکدار و، زنجیرە چالاکییەکی سەربازی دژی داگیرکەری سوپای بریتانیا وەڕێدەخەن، بەو مەبەستە کە پاش وەدەرنانی هێزی بریتانیا دەتوانن تەواوی خاکی فەلستین بهێننە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. مانگی فێبریەی ١٩٤٧ بەبێ ڕوونبوونەوەی چارەنووسی خەڵکانی فەلستین، دەوڵەتی بریتانیا، فەلستین بەجێ دەهێڵێ. ڕێکخراوەی نێونەتەوەیی کە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی پێکهاتبوو چارەنووسی فەلستین دەگرێتە ئەستۆ و بڕیاری لەسەر دەدا کە لە ٥٦ ٪ی خاکی فەلستین بۆ جوولەکەکان (ڕێژەی نفووسی جوولەکە لە کاتی ١٩٤٨دا لە ٣١ ٪) و لە ٤٣ ٪ی پاشماوەکەی دەبێتە بەشی خەڵکانی فەلستین بە عیسایی و موسوڵمانەوە، شاری ئورشەلیم ـ یش کە ١ ٪ی ئەو وڵاتە بوو، دەبێتە شارێکی جیهانی و لەلایەن ڕێکخراوەی نێو نەتەوەییەوە ئیدارە بکرێت.[6] جوولەکەکانی ئەمریکا کە ئێستا پتر لە شەش ملیۆن کەس دەبن، شەپۆلی چالاکی سیاسی ـ تەبلیغی لە ئاستی جیهانی دا وەڕێدەخەن. جوولەکەی بەناوبانگ «لویس براندیس» (Louis Brandis) یاسازان و دادوەری دادگاکانی فیدرالی ئەمریکا، کارتێکەرییەکی بەرچاوی دەبێ لەسەر کاربەدەستانی دەوڵەتی بریتانیا لە کاتی پێکهاتنی دەوڵەتی ئیسرائیل دا و، بێگومان بەبێ هەبوونی سەرچاوەی ماڵیی و لۆجستیکیی بێسنووری دەوڵەتی ئەمریکا دامەزرانی دەوڵەتی ئیسرائیل مومکین نەبوو. لێرەدا

بەگوێرەی ئەو سەرچاوە ڕاستییانە، دەبێ بگوترێ کە شەڕی نابەرانبەری شەش ڕۆژەی ساڵی ١٩٦٧ بە بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکایی جێگیرکراو لە پێگەکانی ئیتالیا دەبێتە هۆکاری سەرەکیی تێکشکانی هێزەکانی وڵاتانی عەرەبیی میسر، ئوردەن، سووریا و عەرەبستانی سعوودی و داگیرکردنی هەندێ لە خاکی بەشێک لەو وڵاتانە و سەرجەمی خاکی فەلستین. دەوڵەتی ئیسرائیل بە پەیشوێنکردنی ئەو شێوازە سیاسەتە جەنگییە دەبێتە سەرکەوتووی ئەو شەڕە و، ئینجا سیاسەتی ناپارتایدی ڕەگەزپەرستی بنیاتخوازیی دەوڵەتی دینی دەکاتە نامێری سەرکوت و تەفروتوناکەر و، لەسەر گەلی فەلستین بەکاری دێنێ و سیاسەتی بیناکردنی بە سەدان شار و شارۆچکەی دەستکرد، دەست پێدەکا. کۆچی زۆرەملی و دەرکردنی فەلستینییەکان بە ملیۆن ڕێدەخا و تا ئێستا سیستماتیک ئیدامەی هەیە کە لە ٧٠٪ی خاک و مەزرای عەرەبی فەلستینی داگیر دەکا. سیاسەتی ناپارتایدی ئایدیۆلۆژیی سەهیونیزم لەژێر تابلۆی وڵاتێکی ئەمن بۆ زیان لێکراوانی جوولەکەکانی ئالمانی هیتلەری هەتا ئەمڕۆ ئەمنییەتیان لەسەر خەڵک و خاکی فەلستین هەڵگرتووە. تەنانەت عەرەبانی نیشتەجێی ناوچە جوولەکەنشینەکان بە بیانووی پاراستنی ئەمنییەتی جوولەکەکان گیتۆنشین کراون.

**سەهیۆنیزم و سیاسەتی هیرارشی لە بواری فەرهەنگ و ڕەگەز دا**

چەتری سیاسەتی سەهیۆنیزمیی دەوڵەتەکانی ئیسرائیل تەنانەت گشت جوولەکەکان یەکسان ناگرێتەوە. واتە جوولەکەکانی فەرهەنگ و ڕەگەزی نایەکدەست، لە بەرانبەر یاسا و سیاسەتی دەوڵەتانی ئیسرائیل دا، نایەکسان و خوار و ژوور دادەنرێن. جوولەکەکانی دارا و بەئیمکانی کۆچەری ئەمریکایی لە ئیسرائیل، لەسەرەوە و کۆچەرانی قولەڕەشەی ئەتیۆپیایی لە خوارەوەی پیرامیدی هیرارشی کۆمەڵگای ئیسرائیلی دا جێگاگیر کراون.

**پارلەمانی ئیسرائیل Knesset**. پارلەمانی ئیسرائیل گروپ و حیزبی هەمەڕەنگی فکری پڕی دەکاتەوە، بەڵام بەگشتی لەسەر ڕێڕەوی سیاسەتی سەهیۆنیزم و بەکارهێنانی گۆپاڵی ئاپارتاید دژی گەلی فەلستین جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە.

- حیزبی شاش (Shash): هەڵگری بیر و بۆچوونێکی هەرە بنیاتخوازیی دینی یە و، ئارمانجی پێڕەو و پرۆگرامیان، وەدەرنانی تەواوی عەرەبەکانی دانیشتووی ئیسرائیل و پێکهێنانی ئیسرائیلی مەزنە. ئەم حیزبە، لەکاتی دەنگدانی پارلەمان دا دەوری دە کورسی وەدەست دێنێ.
- حیزبی میللی مەزهەبی جوولەکە: ئەم حیزبە هاوشانی حیزبی (شاش)ە. دەوری نۆ کورسی پارلەمانی هەیە.
- لیستەی یەکێتی تەورات: بەرەیەکی فیکری دینی یە و، بریتین لە کەسانی جۆراوجۆر، کە پێیان وایە ناوەرۆکی نووسراوەکانی تەورات یاسای خودایە و دەبێ ببنە حوکمی حاکم لە کۆمەڵگای ئیسرائیل دا و دەوری چوار کورسی پەرلەمان دەگرنە خۆ.
- بەرەی حیزبی لیکود: زۆربەیان مەزهەبین و گەلێک جاران بە گۆڕینی دەوڵەتەکانی ئیسرائیل لە حاکمییەت دان.
- بەرەی حیزبی «کرێکار»: هەر ئێستا بە سەرۆک وەزیریی ژەنەراڵێکی سوپای ئیسرائیل بەرپرسی دەوڵەتە و مەئمووری ئەنجامی هەمان سیاسەتە و، ئەوە دەکا کە سەرجەمی حیزب و ڕێکخراوەکانی دی لە سیاسەت و بەرنامەیان دایە.

**کاردانەوەی شەڕی عەرەب و ئیسرائیل پاش ساڵی١٩٧٤**

شەڕی وڵاتانی عەرەب و جووڵانەوەی خەباتکاریی میللی فەلستین لە١٩٧٤دا لە لایەک زەخت و سەختیی دۆخی گشتی مێدیای ئەو سەردەمەی جیهان و، لەلایەکی دی، هەندێ ئاشتی و پاشەکشەی لە هەندێ شار و شارۆچکەی داگیرکراوی وڵاتانی عەرەبی بەسەر ئیسرائیل دا سەپاند. هەرچەند مەبەستی دەوڵەتی ئیسرائیل لە چۆلکردنی دەشتی سینای میسر، پتر پێکهێنانی دووبەرەکی بوو لەنێوان ولاتانی عەرەبیدا، بۆ ئەوەی بەرزاییەکانی (گولان)ی سووریا و تەواوی شاری «بەیتەلموقەددەس» و سەرجەمی خاکی فەلستین، لە ڕێڕەوەی ئاسۆی ئیسرائیلی مەزن دا لەژێر سوڵتەی سەربازی ـ سیاسی خۆیدا بهێڵێتەوە. ئیدامەی سیاسەتی ئاپارتاید و گوشار و کوشتار لەلایەن ئیسرائیلەوە، هەروەها نەگۆڕیی هەڵوێست و سیاسەتی گوێلەمشتی ئەمریکایی دەوڵەتانی عەرەبی، بەردەوامی سیاسەتی کەڕ و کوێری جیهانی مەدەنییەت و پێشکەوتنخواز، خەڵکانی گەلی فەلستینی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە چیدی تەنیا لەبواری باس و قەراری پەیمانەکانی ڕێکخراوی نێو نەتەوەییدا چاوەڕوانی چارە نین و چارەی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان لە «**ئینیتفازە**» دا دەبیننەوە.

**ئینتیفازە** : ئینتیفازە یان ڕاپەڕینی گشتی جەماوەری گەلی فەلستین بەرهەمی سوڵتە و داگیرکەری یە و، تەنیا دەرەتانی پاراستنی سەر و ماڵ و سەربەستییان لەبەرانبەر سیاسەتی ئاپارتایدی دەوڵەتی ئیسرائیلی دایە. دەوڵەتانی یەک لە دووی یەکی ئیسرائیل بە چەپ و ڕاستەوە، بەگوێرەی پێڕەوکردنی بیری بنیاتخوازیی سەهیۆنیزم، تاکوو ئێستا بە بیناکردنی سەدان شار و شارۆچکەی دەستکرد بە وێنەی گیاکەڵە لەسەر ژینگە و ناو جەرگەی ژیانی خەڵکانی گەلی فەلستین، پتر لە ١٢٠،٠٠٠جوولەکەی کۆچەری بنیاتخوازیان نیشتەجێ کردووە. ئینتیفازەی خەڵکانی فەلستین کە پتر لاوان و منالانی دار و بەرد و قۆچەقانی بە دەستن، لە بەرانبەر گوللەبارانی عەرز و ئاسمانی سوپای سەرتاپێ چەکداری مۆدێرنی ئیسرائیلدا، تەنیا لە دەوری یەکەمی(١٩٧٢) ئینتیفازە دا، ١٥٠٠ قوربانی و دەیان هەزار بریندار کە لە دەسپێکی دەوری دووەمدا (٢٨ی سێپتەمبر)ی ئەمساڵەوە تا ئەمڕۆ(١٢-١٢-٢٠٠٠)، پتر لە ٣٤٠کەس کوژرا و هەزاران بریندار ڕاگەیەندراوە. لێرەدا ئەو پرسیارە لەگۆڕێدایە کە تاوانی قەڵاچۆکردنی منالانی فەلستینی دەبێ چ بێ؟ بڵێی تاوانیان جودابیری و مافخوازی بێ، لەسەردەمی کونوانسیۆنە ڕەنگا و ڕەنگەکانی جیهانی مافی مرۆڤدا؟! یان خۆ و بەتاوانی بێدەستەڵاتی لە بەرانبەر زۆرەملی و دەستەڵاتی باڵادەستان دا قەڵاچۆ دەکرێن؟ یان هەردووکیان؟! تراژێدیی خەڵک و خوێن و خاک لە فەلستین ئاوێنەی باڵانوێنی نیوە سەدەیەک جینایەتی دەستەڵاتی زۆرەملی یە، کە ئەمڕۆ سەرەڕای بەربڵاوی تۆڕی ئیمکانیاتی ڕۆژنامەوانی لە بواری میدیای جیهانیی بینین و بیستندا، بەڵام ئەو پرسە لە گۆڕێ دایە کە بۆچی نامێری میدیای جیهانیی مافی مرۆڤ لە حاست ئەو ڕەوتە مەینەتبارە خوێناوییەی گەلی فەلستین کەڕ و کوێر کراوە و دەبێ هۆکاری چ بێ؟ بڵێی مەسڵەحەتی بێدەنگی و بێڕەنگکردنی دەنگ و ڕەنگی گوللەبارانی مرۆڤی فەلستینی لە ئاستی میدیای جیهانیی مافی مرۆڤدا چۆن و بۆچی و لەچی دابێ؟! ئایا ئەوە مەسڵەحەتی ئۆلیگارشی بەرژەوەندیی ماڵی و سیاسیی ئیمپراتوریای سەرمایەی جیهانی یە، کە بوار و سنووری دیاردەی ماف و بێ مافی مرۆڤ دیاری دەکا ؟! ئایا ئەوە ڕەوتی بەرژەوەندی و کارتێکەریی دەستەڵاتدارانی کۆمەڵگای جوولەکەکانی ئەمریکا و ئەوروپا نییە

ناڕاستەوخۆ لەپێناوی سیاسەت و ئارمانجی سەهیۆنیزمدا دەچێتە پێشەوە؟! ئایا چیدی بێدەنگی و بێ هەڵوێستی، گومان ناخاتە سەر مەنتیقی ڕاستییەکان، لەبواری ویژدانی سیاسیی جیهانی مەدەنییەت لە سەدەی بیست و یەکەمدا؟! ئەمانە و چەندەها پرسیاری دی لەم بوارەدا لە گۆڕێ دان و تیشک دەخەنە سەر سیاسەتی خەوشداری بێدەنگی و بێ هەڵوێستیی جیهانی مەدەنییەت و شانۆگەریی لایەنگرانی ئازادی و مافی مرۆڤ لە ئاستی جیهانیدا.

یەکەمین پەیمانی ئاشتی(گەڵاڵەی پێشکەش کراوی کلینتۆن) بۆ چارەسەری کێشەی فەلستین لەشاری ئۆسلۆ ـ کە لە ساڵی١٩٩٣دا مۆرکرا و هەتا ئێستا حەوت ساڵی بەسەر دا تێدەپەڕێ، بەڵام «ئەهوودباراک» حەوت سانتیمەتری لە خاکی فەلستین چۆڵ نەکردووە ـ بەو تەعبیرە کە (ڕێحەلی هەنگاو بەهەنگاو پێش ڕێحەلی نیهایی دەگرێ)، هەر ئەمڕۆ بەبێ پەیشوێنکردنی سیاسەتی باو و تەکنیکی تەفرە، ئەهوودباراک سەرۆک وەزیری ئیسرائیل خۆی لە کار دەکێشێتەوە و مەیدانی قەڵاچۆکردنی لاوان و منداڵانی فەلستینی ئاواڵەتر دەکا. ئەمریکا و ئیسرائیل بەناوی وتووێژی ئاشتی دانیشتنەکانی کەمپدەیڤیدیان ڕێخست، بەڵام لەڕاستیدا مەبەست لەو گفتگۆیە داسەپاندنی گەڵاڵەی ئاشتی ئیسرائیلی ـ ئەمریکی بوو بەسەر یاسرعەرەفات دا. بەو پێیە، تەنیا لە ٥٠٪ی ناوچە داگیرکراوەکانی فەلستین چۆل بکرێن و ئورشەلیم بەشێک بێ لە پێتەختی ئیسرائیل و خەڵکانی عەرەبی ئەو شارە تەنیا بۆیان هەبێ سەبارەت بە جێگا پیرۆزەکانیان(مزگەوتی ئەل ئەقسا) خاوەن ڕابن و لەسەر دەوڵەتی خودموختاری فەلستین مەرج بێ کە لەبەرانبەر ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی فەلستین دا، لەگەڕاندنەوەی چوارملیۆن فەلستینی ئاوارەی هەندەران چاوپۆشی بکا. دەستەڵاتدارانی ئەمریکا و ئیسرائیل ئەو چەشنە ئاشتییە فۆرمالیزەیە دەخەنە بەردەستی عەرەفات و دەیانەوێ پاشی پەنجا و پێنج ساڵ سەرکوت و کوشتار و داگیرکردن، بەو شێوەیە سنووری مافی مرۆڤی فەلستین دیاری بکەن. هیچ گومانی تێدا نییە کە عەرەفات بۆی نییە و ناتوانێ و نایشیهەوێ بچێتە ژێر سوڵتەی ئەو شێوازە ئاشتییەی باراک و کلینتۆنەوە. سەرنەکەوتنی مەبەستی کلینتۆن لەئاشتی کەمپدەیڤید دا دەبێتە هێرشی گازندەی ئەو بۆ سەر عەرەفات و بەئاشکرا پشتیوانی خۆی لە باراک دەردەبڕێ و پاش حەوت ساڵ دەسەسەری پەیمانی ئۆسلۆ، بێلایەن نەبوونی خۆی لەبواری کێشەی فەلستین و ئیسرائیل دا دەخاتە ڕوو.

**هەڵوێستی دەوڵەتانی عەرەبی:** سەرۆکانی دەوڵەتانی عەرەبی بەگوێرەی دەستەڵاتی ئیستیبدادی و ئۆلیگارشی خێزانیی، نوێنەر و هەڵگری خواست و ئیرادەی خەڵکانی وڵاتی خۆیان نین. زۆربەی حاکمانی ئەم وڵاتانە بە ئاشکرا و بە نهێنی هەڵگر و بکێڕی سیاسەتی دەوڵەتانی زلهێزی جیهانی بەتایبەت زلهێزی ئەمریکان لەبواری بەرنامەی (ئەزمی نوێی جیهانی) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا و لەلایەکی دی بەزاندنی سنوور و ملهوڕی سەربازی هەندێ لە حاکمانی دیکتاتۆریی عەرەبی بۆ سەر وڵاتێکی تری عەرەبی، بار و دۆخێکی وەها نالەباری لەجیهانی عەرەبیدا هێناوەتە گۆڕێ کە ناتوانن ئیرادە و خواستی خەڵکانی عەرەب لە بەرەی دژی داگیرکەری سیاسەتی دەوڵەتی ئیسرائیل دا ڕێک بخەن. ئەمیران و حاکمانی دەوڵەتانی عەرەبی لە قسە و باسدا لایەنگری فەلستینییەکان و بەکردەوە گوێلەمست و ئەمرەبەری سیاسەتی ئەمریکان. لەڕاستیدا زۆربەی حاکمانی عەرەبی لەم شانۆگەرییە سیاسییە دا، لە دوو ڕواڵەتدا دەور دەگێڕن. لەلایەک بە سەرکوت و فریوی خەڵکانی زەحمەتکێشی وڵات و لەلایەکی دی بە مەبەستی پاراستنی تەخت و بەختی دەستەڵاتی خێزانی خێڵەکییان، لە ناوچەکەدا بە ئەمر و پشتیوانی دەوڵەتانی زلهێز، پاسەوانی سیاسی ـ ئابووری ئەوان دەگرنە ئەستۆی خۆ.

**گەلی فەلستین و دووڕیانی چارەنووس:** بێ وەڵام هێشتنەوەی بڕیارنامەکانی ٢٤٢و٢٣٨ی شۆڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوەی نێونەتەوەیی ساڵی ٦٨و تەنانەت پشتگوێ خستنی پەیمانی مۆرکراوی ئۆسلۆ و نەبوونی وەڵامی هیچ چەشنە سزایەکی جیهانی لە وەڵامی ملهوڕیی سەربازی و سیاسی ئیسرائیل دا، بەردەوامی نیشتەجێکردنی جوولەکە لە ناوچە عەرەبییەکان و هێرشی سەربازی بۆ سەر ژینگە و ژیانی جەماوەر و کاولکردنی گوند و شار، جەماوەری فەلستینی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە شێلگیرتر لەجاران بۆ وەدیهێنانی مافی ڕەوای سەربەخۆیی، بە پێتەختی ڕۆژهەڵاتی ئورشەلیمەوە، خۆڕاگرتر بن. هەروەها لەسەر ئەساسی سیاسەتی چەوت و نایەکڕەنگی دەوڵەتانی عەرەبی و، باری بێ هەڵوێستی و بێدەنگیی جیهانی مەدەنییەت و سەرەڕای نەبوونی هاوسەنگی هێزی سەربازی لەبەرانبەر سوپای چەکداری مۆدێرنی ئیسرائیلدا، گەلی فەلستین بە پەسندکردنی ڕێگای ئینتیفازە، کە بە ڕێگای بێزاری لەژیانی داگیرکەری و بێ مافی مرۆڤی دەزانن ناچارکران. هەرچەند لەم ڕێڕەوەدا و لە بیست و هەشتی مانگی سیپتەمبرەوە(٦ی ڕەزبەر)، ڕۆژانە سێ هەتا پێنج کەس قوربانی و بەهەزارانیش بوونەتە بەرهەمی گوللەبارانی سوپای سەربازی و چەکدارانی بنیاتخوازیی جوولەکەی شارۆچکە دەسکردەکان. لێرەدا بەگوێرەی کارەساتی ستەم و ئاپارتاید کە بەرهەمی ملهوڕی و سیاسەتی دەستەڵاتی دەوڵەتانی ئیسرائیلە، دەبێتە ئەرک لەسەر ئێمەی کەسانی کۆچەری سیاسی کە بەشێکی دوور و درێژی ژیانمان لە ڕێڕەوی خەباتی دژی ستەم، جیاوازی و نایەکسانیی مافەکانی مرۆڤدا بەخت کردووە و هەروەها بۆ ئێمەی گەلی کورد کە پتر لە سەدساڵە، زەبر و زەنگی ئاپارتاید و ژێنوسایدی کیمیاوی، سیاسی، فەرهەنگی، دەسەڵاتدارانی داگیرکەری ڕەنگاوڕەنگمان تەجروبە کردووە، دەبێتە ئەرک لە سەرمان بۆ هەڵوێست گرتن و، بێلایەن نەبوونمان لە بەرانبەر داگیرکەری و ناڕەواییدا. چونکە کێشەی گەلی فەلستین لە خەباتی مافخوازیی گەلی کورد دوور نییە و هەڵوێست نەگرتن تاوانە.

٢٠٠٠-١٢-١٢

**پەراوێزەکان:**

١. ئاپارتاید، وشەیەکی ئەفریقی یە و، بەمانای جوێ کردنەوە و ڕەچاوکردنی نایەکسانی مافەکانی مرۆڤە.

٢. سەهیۆن یا سەیۆن، ناوی کێوێکی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئورشەلیم بووە و بە پێی ڕیوایەتی باسکراو لە تەورات دا، ئەو کێوە جێگەی دانیشتنی خودا بووە.

٣. گیتۆ، وشەیەکی ئیتالیایی ـ عیبری یە، کاتی کۆچی جوولەکەکان بۆ ئیتالیا(١٣٥١)دانراوە و بە گەڕەکی جوولەکەنشینەکان دەگوترا.

٤. وەرگیراوی فارسی لە کتێبی (مێژووگرافی فەلستین)، نووسەر: سامی، بەرگی دوو.

٥. کیبووتس، وشەیەکی عیبری یە و، بەمانای گشتی و کۆمەڵ(ئیشتیراکی) هاتووە. شێوە بەرهەمهێنانێکی کشتوکاڵیی گشتی و هەرەوەزی یە لە ئیسرائیلدا. کرێکار و جەماوەری سەرقاڵ لەم مووچە و مەزرا گشتییانەدا لە ڕیزە خانوویەکی بیناکراوی هاوگەڕەکدا، کە تەنیا بۆ ئەوان تەرخان کرابوو، دەژیان و منداڵی جەماوەری کیبووتس بەشێوازێکی گشتی پەروەردە دەکران. ئەم شێوازە ژیانە بەرهەمکارییەی کیبووتس، «ستالین»ی هێنابوویە سەر ئەم باوەڕە کە بزووتنەوەی سەهیۆنیستی بە بزاوێکی سوسیالیستی دابنێ و شێوەکاری کیبووتس لەگەڵ کەڵخۆزەکانی شووڕەویدا چون یەک بەراوەرد بکات. ئەم دیتن و بۆچوونەی ستالین دەبێتە هەڵوێست و هۆکاری دەنگپێدان بۆ دابەشکردنی خاکی فەلستین و ئەنجامی پێکهاتنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە١٩٤٨، واتە بەدوای شەڕی دووەمی جیهانیدا.

٦. مێژووگرافی فەلستین، سامی ،(لاپەڕەکانی ٣١و٣٨).

# هەزار ساڵ پێوەندی لە نێوان کورد و سوێدی دا

نووسینی بە سوێدی و وەرگێڕانی بۆ سەر کوردی: س. گ. ماکوان

بەشێکی زۆر لە مێژووی کوردستان لەلایەن غەیرە کوردەکانەوە، لەوانە عەرەبەکان، ئێرانییەکان و ئوروپاییەکانەوە نووسراوە. لە نێو مێژوونووسە ئورووپاییەکاندا، یۆنانییەکان، ڕووسەکان، ئینگلیزییەکان و هەروەها ڕۆژهەڵاتناسە فەرانسەییەکان کە لە سەر کوردیان نووسیوە لە هەموان ناسراوترن. پێوەندیی مێژوویی کورد و سوێدی هەتا ئێستا بۆ ئێمەی کورد نادیار بووە. کە سوێدییەکان هاتبنە کوردستان و لە قۆناخە مێژووییەجۆراوجۆرەکاندا کوردیان دیبێ، ئەوە کوردەکان بۆخۆیان ئاگادارییەکی ئەوتۆیان لەسەر نییە. کە گەڕۆک و قەشە سوێدییەکان، بەشێک لە مێژووی کوردستان و کولتووری کوردیان تۆمار کردبێ، ئەوە شتێکی تازەیە بەر لە هەموو شت بۆ خودی کوردەکان و دوایەش بۆ سوێدییەکان، پێوەندیی مێژوویی نێوان کورد و سوێدی لە لایەن نووسەری کوردەوە **«ئالاکوم ڕۆهات»** لە کتێبێکدا بە زمانی سوێدی بە ناوی (پێوەندیی نێوان کورد و سوێدی لە ماوەی هەزار ساڵدا) ساڵی ۲۰۰۰ ئاشکرا کرا. ئالاکوم ڕۆهات، لە کتێبە بەبەڵگە دەوڵەمەندەکەیدا، پێوەندیی نێوان کورد و سوێدی هەر لە سەردەمی «وایکینگ»ەکانەوە لە هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە هەتا دەیەکانی ۱۹۵۰ی خستۆتە بەر لێکۆڵینەوە. ئەم کتێبە لە چاپەمەنی سوێددا، کەوتە بەر سەرنج و لە زۆر ڕۆژنامە و گۆڤاراندا، لە سەری نووسرا.[١]

مەبەست لەم وتارە هەڵسەنگاندنێکی مێژووناسانەیە لە ڕوانگەیەکی کوردییەوە لە سەر کتێبەکەی ئالاکوم. من لێرەدا دەمهەوێ ئەوە بسەلمێنم کە ئایا ئارشیڤی سوێدی دەتوانێ هێندێک پرسیاری بێوەڵام ماوەوە لە مێژووی کورددا، وەڵام بداتەوە.

لە کتێبەکەی ئالاکوم ڕۆهات دا، ئێمە لەگەڵ قەشە، جوگرافیزان، نیزامی، دیپلۆمات، زمانزان، نووسەر، ڕۆژنامەوان، گەڕۆک و ڕۆژهەڵاتناسە سوێدییەکان کە بە جۆرێک خۆیان لە قەرەی کورد داوە، بەرەوڕوو دەبین. دیارە، من لەم نووسینە کورتەدا ناچارم کە باسەکەم لەم چوارچێوەی خوارەوە دەرنەچێ، یەکەم: کورد و وایکینگەکان؛ دووهەم: نامەی کارلی دوازدەهەم پادشای سوێد؛ سێهەم: قەشە سوێدییەکان لە کوردستان و؛ چوارەم: کەسایەتی کورد ،شەریف پاشا لە ستۆکهۆڵم.

**وایکینگەکان و کوردەکان:** ساڵی ۹٤۳ی زایین بۆ یەکەم جار وایکینگەکان هاتوونەتە کوردستان. وایکینگەکان شاری «بەدرا» لە ئازەربایجانی ئێمڕۆیان کە لەلایەن ۱۵۰۰ سوارەوە کوردەوە پارێزگاری دەکرا، سووتاند.

ئەم شارە لە ژێر دەسەڵاتدارێتی حاکمانی کوردیی (شەدادی)دا بووە. ئەم ڕووداوە مێژووییە بە هۆی دوو سکەی کوردییەوە کە وایکینگەکان لەگەڵ خۆیان بۆ وڵاتی سوێدیان هێناوەتەوە و زۆر دواتر لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ناوچەی (گۆتلاند) دیترانەوە، سەلمێندراوە. سکەکان لە شارەکانی «بەدرا» و «ئەردەوێل»دا لە ساڵەکانی ۹۳۲ و ۹۳٦ دا لێدراون. (Alakom, 2000, S. 25 ff)

ئەوەد لە سەدی ئەو سکە کوردییانەی کە لە خاکی سوێد دیتراونەتەوە، لەلایەن دەسەڵاتدارێتی (مەروانی)یەکانەوە لێدراون. حکوومەتی کوردیی مەروانییەکان لە نێوان ساڵەکانی ۹۸٤ و ۱۰۸۵دا بووە و بەشێکی زۆر لە خاکی باکوری کوردستانی ئێستایان لە ژێر حومڕانیدا بووە. تەواوی ئەو سکە مەروانی یانە ناوی حوکمڕانە کوردییەکانیان لە سەر هەڵکەندراوە. یەکێک لە سکەکان لە شاری دیاربەکر، شارێک کە هەتا ئەمڕۆش بە پایتەختی باکووری کوردستان ناسراوە، لێدراوە. (Alakom... 31-36)

سەرچاوە ئیسلامییەکان و دوو مێژوونووسی گەورەی کورد، ئەمیر شەرەفخانی بدلیسی و محەمەد ئەمین زەکی باسی حکوومەتە کوردییەکانی شەدادی و مەروانی یان کردووە. بدلیسی دوو بەش لە کتێبی شەرەفنامەکەی (۱٥۹۷) بۆ باسی مەروانییەکان و شەدادییەکان تەرخان کردووە. هەردووی ئەوانە حکوومەتی بەهێزیان هەبووە و پارەی تایبەتی خۆیان لێداوە و بەشێکی زۆر لە خاکی ئەودەمی کوردستانیان لە ژێر دەسەڵاتدا بووە. ئەمین زەکی لە کتێبی (کورد و کوردستان)دا قسەکانی بدلیسی سەلماندووە.

ئەو سکانە کە لە خاکی سوێددا دۆزراونەتەوە و لە مۆزەکانی سوێددا پارێزراون، بوونی حکوومەتەکانی شەدادی و مەروانی لە باری مێژووییەوە زیاتر دەسەلمێنن. لە لایەکی تر، دەتوانرێ بگوترێ کە ئەو سکە دۆزراوانە دەتوانن ببن بە پاڵپشتێکی قایم بۆ ڕاستی و دروستیی مێژووی ئەمارەتەکانی شەدادی و مەروانی کە بدلیسی و زەکی هەر کامەیان بە جیاواز لە سەریان نووسیوە.

**نامەی کارلی دوازدەهەم:** کەنگێ و چۆن ناوی «کوردستان» هاتە ئاراوە؟ کێ بۆ یەکەم جار لە مێژوودا ئەم ناوەی بەکارهێنا؟ ئەوە ئەو جۆرە پرسیارانەن کە زۆر جار کوردناسەکان، لێکۆڵەرەی لەسەر دەکەن. ئەوەی کە تا ئێستا ئەوان لە سەری هاودەنگن ئەوەیە کە کاتێک سەلجووقییەکان بەشی ڕۆژئاوای ئاسیایان داگیرکرد و دەسەڵاتدارێتی خۆیان تێدا دامەزراند، ناوی «کوردستان» یان بۆ چوارچێوەیەکی جوگرافی لە ژێر حوکمڕانیی سەلجووقیدا بەکاربرد. (Ahmadzadeh, 1998,S, 22)

حەمدوڵلای مستەوفی مێژوونووسی ئێرانی کە لە سەدەی ١٤ی زاییندا ژیاوە، بۆ یەکەمجار لە مێژوودا ناوی «کوردستان»ی لە نووسیندا بەکارهێناوە. ناوبراو لە کتێبی (نزهە القلوب) کوردستانی بە شازدە ویلایەت دابەش کردووە. (زەکی، ۱۹۳۱، ل ٤۰ و دواتر)

ئەمڕۆ زانراوە کە پادشای سوێد کارلی دوازدەهەم (۱٦۸۲-۱۷۱۸) لە نامەیەکدا بۆ سوڵتانی عوسمانی، ناوی «کوردستان»ی بەکاربردووە. نامەکەی کارلی دوازدەهەم یەکێک لە کۆنترین سەرچاوە سوێدییەکانە کە وشەی کوردستان ی تێدا بە کار بردراوە. کارلی دوازدەهەم، هەروەها نامەیەکی دیکەی بۆ سوڵتانی عوسمانی ناردووە کە لەودا بێجگە لە ناوبردنی وڵاتی کوردان، باسی شارە گەورەکانی ئەودەمی کوردستانیشی

کردووه.
ئالاکوم لە کتێبەکەیدا باسی شەڕێکی گەورە دەکا کە لە ساڵی ۱۷۱۱ لە تەنیشت ڕۆباری پرووت (Prut)دا ڕوویداوە. لەو شەڕەدا کورد و تورک وێڕای پادشای سوێد، کارلی دوزدەهەم و سەربازە سوێدییەکان لە دژی لەشکری ڕووسیا بەشەڕ هاتوون. (Alakom, 2000, s. 45 ff)
نامەکانی کارلی دوزدەهەم، بێگومان دەبنە سەرچاوەی پڕ بایەخی مێژووی، بۆ ئەو مێژووناسانەی کە دەیانهەوێ لێکۆڵینەوە لە سەر ناوی کوردستان و هەروەسا شارە کۆنەکانی کوردستان بکەن.

**قەشە سوێدییەکان لە کوردستان:** ئالاکوم لە ناوەندی ئارشیوی یەکیەتی قەشەکانی سوێددا، زۆر بەڵگەی سەبارەت بە کورد کۆکردۆتەوە و لە کتێبەکەیدا تۆماری کردوون. قەشە سوێدییەکان لە ڕێگای چوون بی لای ئەرمەنییەکان لە قەوقاز تێکەڵاوییان لەگەڵ کوردەکان لە سەدەی هەژدەهەمەوە پێکهێناوە و چاوپێکەوتنەکانیان دوکۆمێنتێرا کردووە. قەشەکان لە نووسراوەکانیاندا هێندێک جار کوردەکانیان بە دڵڕەق و ڕاووڕووتکەر لە قەڵەم داوە. هەڵبەت لەو نووسراوانەدا تەنیا لەگەڵ وێنەی نێگەتیڤ بەرەوڕوو نابین، بەڵکوو زۆرجاریش بە خۆشەویستی لە سەر کورد نووسراوە. بۆنموونە ڕستەی وەک: «کوردەکان میوان خۆشەویستن» ، « کوردەکان عاشقی گەورەی گۆرانی و مۆسیقان»و هتد.. بەرچاو دەکەوێ.
ئالاکوم لەو بڕوایەدایە کە بە خراپ بیرکردنەوەی ژمارەیەک لە قەشەکان لە سەر کورد، دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی کوردەکان لە ئەرمەنی قڕانی نێوان ساڵانی ١٩١٤ هەتا ١٩١٦ کە بە فیتی حکوومەتی تورکی عوسمانی ڕوویدا. هەر لەو پێوەندییەدا بەڵگەیەکی زۆر گرینگ لەلایەن« ئالاکوم»ەوە دۆزراوەتەوە کە نەخشی کوردەکان لە کۆکوژی ئەرمەنییەکاندا باس دەکا و ئەم بەڵگەیە تاڕادەیەکی یەکجار زۆر بەرپرسایەتی کوردەکان لە ئەرمەنی قڕاندا دێنێتەخوارێ. قەشەژنێکی سوێدی بە ناوی ئالما یوهانسۆن (Alma Johansson) کە بە خۆی شاهیدی کۆکوژیی ئەرمەنییەکان بووە لە نامەیەکدا دەنووسێ کە «کوردەکان لەلایەن تورکەکانەوە فەرمانیان پێدرابوو کە ئەرمەنییەکان بکوژن و، ئەو کوردانەش کە سەرپێچییان بکردبا و فەرمانی تورکیان بەجێنەگەیاندبا، ئەوە لەلایەن تەرکەکانەوە دەکوژران».
(Alakom.. 158, 172)
بیرەوەری و بەسەرهاتی ئالما یوهانسۆن بەڵگەیەکی ئاشکرایە کە دەریدەخا چۆن کورد و ئەرمەنی کە سەدان ساڵە لە سەر خاکێکی هاوبەش بە شێوەیەکی هێمنانە و برایانە دەژیان، کرانە قوربانیی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە و مەزهەبییانەی تورکە عوسمانییەکان. لە ڕاستیدا لەگەڵ ئەوەی نکۆڵی لە دەستتێدابوونی ناڕاستەوخۆی ژمارەیەکی کەمی کوردەکان ـ ئەویش سەرۆکە ئایینییەکانی کورد ـ ناکرێ، بەڵام پیلانی ئەرمەنی قڕان[٢] ڕاستەوخۆ لە ئەستۆی تورکە عوسمانییەکان دایە.
قەشە سوێدییەکان کە شارەزای زمانی کوردی بوون، توانیویانە بە شێوەیەکی باش، زانیاری لە سەر مەزهەب، دابونەریت و کولتووری کوردەکان بگەیەننە دنیای ڕۆژئاوا. «کوردەکان و وڵاتەکەیان» کتێبێکە کە لەلایەن E. J. Larson نووسراوە. قەشەی بە ناوبانگ Nils fre-drek Höijer کە توانیویە هەم بە زمانی کوردی بناخفێ و هەمیش بنووسێ، کتێبێکی بە ناوی «کوردەکان و تابلۆیەک لە بەهەشتەوە»

نووسیوە، Maria Anholm یەکێکی دیکە لە قەشە ژنە سوێدییەکان کە ماوەیەکی زۆر لە نێو کوردە ئیزەدییەکاندا ماوەتەوە کتێبێکی بە ناوی «ئیزەدییەکان» لە ساڵی ۱۹۰۲دا نووسیوە. (Alakom... 119 ff)
بێگومان ناوەندی ئارشیفی یەکیەتی قەشەکانی سوێد و ئەو کۆنە کتێبانەی کە لە سەر کورد نووسراون و لەم ناوەندەدا پارێزگاری کراون، دەبنە ماتریاڵی پڕ بایەخ بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر مێژوو و کولتووری کورد لە سەدەی هەژدەهەم هەتا ساڵی ۱۹۵۰، ئەو کاتەی کە قەشەکان بە یەکجاریی خاکی کوردستانیان بەجێهێشت.

**کەسایەتی کورد، شەریف پاشا:** لە بەشێک لە کتێبەکەی ئالاکوم بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئەو کوردانەی کە لە قۆناخی جیاجیادا سەردانی وڵاتی سوێدیان کردووە یان بەجارێک لەو وڵاتە نیشتەجێ بوون، تەرخان کراوە. لە نێو ئەو کوردانەدا کەسایەتی گەورەی وەک دوکتور سەعیدی کوردستانی، ژەنەراڵ شەریف پاشا و محەمەد ئەمین زەکی بەگ دەبیندرێن. سەلمان ئەلەکساندر یەکەم کوردە کە لە ساڵی ۱۹۱۱ هاتووەتە وڵاتی سوێد و بۆ هەمیشە لەو وڵاتە جێگیر بووە. دوکتور سەعیدی کوردستانی ساڵی ۱۹۸۳ بە هۆی قەشەی سوێدی هۆگبەری L. E. Högberg هاتووەتە سوێد. دوکتور سەعید بە جلوبەرگی کوردییەوە شار و گوند و کڵێسەکانی سوێد گەڕاوە و پاشان چووەتە ئینگلیز. ئەمین زەکی ساڵی ١٩١٤ کاتێک وەک نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی بۆ وتووێژ لەگەڵ ڕووسیا لە سەر کێشەی سنوور چووبوە ئەو وڵاتە، لە گەڕانەوەدا سەردانی وڵاتی سوێدی کردووە. لە هەمووان بە ناوبانگتر لە نێو ئەو کوردانەدا شەریف پاشا بووە، کە لێرەدا بە کورتی دێمە سەر باسکردنی: شەریف پاشا لە پاش شەڕی یەکەمی دنیاگر وەک نوێنەری گەلی کورد لە ئورووپا دەستی بە خەباتێکی بێ وچان کرد بۆ ئەوەی کوردەکان بگەنە مافەڕەواکانیان. لە پەیمانی سێڤردا وڵاتە سەرکەوتووەکانی ئەمریکا، فەرانسە و ئینگلیز بەڵێنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیان بە کورددا، بەڵام لە ساڵی ۱۹۲۳ لە پەیماننامەی لۆزان دا ئەو بەڵێنە لەبیرکرا و، ناوێک لە کورد و کوردستان لە پەیمانەکەدا نەگونجێندرا. شەریف پاشا کە لە نێوان ساڵانی ۱۹۲۰ و ۱۹۳۳دا لە تێکۆشانێکی بەردەوامدا بوو بۆ قەبوڵاندنی حکوومەتێکی کوردی بە وڵاتە سەرکەوتووەکانی شەڕی دنیاداگری یەکەم، لەلایەن تورکیای تازە دامزراوەوە دووراودوور مەحکەمە کرا و حوکمی کاری زۆرەملی هەتاسەری بە سەردا سەپێندرا. هەر بۆیە شەریف پاشا نەیتوانی بگەڕێتەوە کوردستان و، هەتا مردنی(١٩٥١) لە میسر مایەوە. ئەوەی ئێمەی کورد لە سەر شەریف پاشای دەزانین ئەوەیە کە ناوبراو لە نێوان ساڵەکانی ۱۹۰۸ هەتا ۱۹۱۸ باڵوێزی حکوومەتی عوسمانی بووە لە سوێد، بەڵام ئەوەی کە شەریف پاشا، کەسایەتی و دیپلۆماتێکی هەرە مەزنی سەردەمی خۆی لە وڵاتی سوێددا بووە، هەتا ئێستا ئاگادارییەکی ئەوتۆمان لە دەستدا نەبوو. ئالاکوم ساڵانێکی زۆر لە ژیانی خۆی لە سوێددا، بە دوای کۆکردنەوەی بەڵگە لە سەر شەریف پاشا تەرخان کردووە و چەند ساڵێک لەمەوبەر کتێبێکی بە زمانی تورکی تایبەت بە ژیانی شەریف پاشا نووسی. ئالاکوم دەقی هەمان کتێبی پاش وەرگێڕان بۆ سەر زمانی سوێدی وەک بەشێکی سەربەخۆ لە کتێبەکەیدا گونجاندووە. ئالاکوم ژمارەیەکی زۆر وێنە، کاریکاتۆر و وتاری لە سەر شەریف پاشا لە ڕۆژنامەکانی ئەودەمی لە ئارشیفی دەوڵەمەندی سوێد دەرهێناوە و لە



کتێبەکەیدا تۆماری کردوون. شەریف پاشا هەڵسوکەوت و ئاموشۆ و دۆستایەتی لەگەڵ کەسایەتییەکانی هەرە گەورەی ئەدەبی و سیاسیی ئەودەمەی سوێددا وەک: هەیلمار برانتینگ Hjalmar Branting، ئێلێن کەی Ellen Key، یۆن فۆشێل John Forsel و هاسێ زێد Hasse Z هەبووە. کاریکاتۆریست و ڕۆژنامەوانی هەرە گەورەی سوێدی ئالبێرت ئینگستڕۆم Albert Engström دۆستی نزیکی بووە. لەگەڵ پادشای سوێد ئۆسکاری دووهەم Oskar II زۆرجار چووەتە گەشت و سەیران و ڕاوە ئاسک و گاکێوی. شەریف پاشا وەک دۆستێکی گەورەی سوێد لە ڕۆژنامەکانی سوێددا لە ماوەی دە ساڵ مانەوەی لەم وڵاتەدا ناوبردراوە و یەکێک لە دیپلۆماتە هەرە بە ناوبانگەکانی ئەودەمی ستۆکهۆڵم بووە. خێزانی شەریف پاشاش، شازادە «ئەمینە» کە ئەوەی کەسایەتی گەورە و مۆدێرنیزەخوازی میسر محەمەد عەلی بووە، بە هەمان شێوە لە سوێد ناوبەدەرەوە بووە و لە ڕۆژنامەکاندا لە سەری نووسراوە.

**کۆتایی:** دیارە مێژووی گەلی کورد هێشتا بە شێوەیەکی زانستی نەنووسراوە کە ئەمەش لە پلەی یەکەمدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کورد نەیتوانیوە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دابمەزرێنێ و ببێتە پاڵپشتێک بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوەی مێژوویی بۆ ئەو کەسانەی کە بە شێوەی تاکەکەسیی دەیانەوێ لەم بەشەدا لێکۆڵینەوە بکەن، ئەوە ئارشیفی سوێدی دەتوانێ ببێتە سەرچاوەیەکی هەرە گرینگ لەم بوارەدا. کتێبەکەی ئالاکوم، بێگومان پرسیاری نوێ، هەم لای کورد و هەمیش لای سوێدی دێنێتە ئاراوە.
بەشی هەرە گرینگ لەم کتێبەدا، باسی دۆزرانەوەی ئەو سەد سکە کوردییە لە خاکی سوێد دایە کە مێژووی ڕاستی هەزار ساڵ لەومەوبەری ئەمارەتە کوردییەکانی شەدادی و مەروانی دەسەلمێنێ. نامەکانی پادشای سوێد، کارلی دوزدەهەم، سەرچاوەیەکی گرینگی مێژوویین بۆ وەڵامدانەوە بەوانەی کە پێیانوایە وشەی «کوردستان» دیاردەیەکی تازەدەکارهێنراوەیە لەلایەن دوژمنانی تورک واتە کورد و ئورووپاییەکان.
پروپاگەندەی ژاراوی و بێ بنج و بناوانی دامودەزگاکانی عوسمانی و دواتردەوڵەتی تورکیا، لە دژی کورد کە گوایە بەرپرسایەتی ئەرمەنی قڕان دەکەوێتە ئەستۆی کوردەوە، بە هۆی ڕاپۆرتی قەشە سوێدییەکانەوە لەقاودراوە و، بەسەرهاتی ئالما یوهانسۆن نموونەیەکی ڕوون و ئاشکرایە.
کۆکردنەوەی وێنە، کاریکاتۆر و دەیان وتار لە ڕۆژنامە تۆزلێنیشتووەکانی ئارشیفی سوێد، دەتوانن ببن بە سەرچاوەیەکی گرینگ بۆ ئەوەی ژیان وبەسەرهاتی کەسایەتی گەورەی کورد، شەریف پاشا، جارێکی دیکە سەرلەنوێ بنووسرێتەوە.

**پەراوێز**

١) تا ئەو جێگەی من ئاگادار بم، لەم ڕۆژنامە و گۆڤارە سوێدییانە:
DN, Svensk dagbladet, Göteborg posten, UNT, Karavan, L&M
وتار و هەڵسەنگاندن لە سەر کتێبەکەی ئالاکوم نووسراوە.

٢) ئەمساڵ پارلمانی فەڕانسە، کۆکوژیی ئەرمەنییەکانیان لەلایەن تورکیای عوسمانیەوە، وەک «کۆکوژیی مێژوویی» ناساند.

**سەرچاوەکان**



١- **بدلیسی ئەمیرشەرەفخان**، شەرەفنامە، چاپی عیلمی، تاران، ١٩٨٤.
٢- **زەکی محەممەد ئەمین**، کورد و کوردستان، چاپی دارالسلام، بەغداد، ١٩٣١.
3- Alakom Rohat "*Svensk- Kurdiska kontakter under tusen år*", Apek AB, 2000, Stokholm.
4- Ahmedzadeh Hashem "*Kurdistan delning och den kurdiska nationalismen*", Kitab Arzan, 1998, Jönköping.


## ڕێزگرتنی هونەریی لە ناسری ڕەزازی

### (لە تەلەڤیزیۆنی مێدیا)


**پۆلا ئانەوازادەگان**


لەگەڵ سەلاح، پاش سێ چوار ساڵ لێک هەڵبڕان، لە سنە یەکترمان گرتەوە. ئەو دانیشجوو بوو و منیش سەرباز، لە «ئەسل چوار»ی سنە، ڕووبەڕووی (ئاویەر) و نزیک پادگان وەتاغێکی بەر ئاوەڵەمان لە «کاساڵە» بە کرێ گرت. یادی بەخێر فرە ماڵ خاسێک بوون. وەتاغەکە پشتی بە تەپکێکەوە بوو بە ناوی تەپکی (عەبە ساق)، پڕ لە دووپشک کە لەوێ پێیان دەگوت دەمارەکۆڵ، کە ئارا و قەراری لێهەڵگرتبووین و شەوانە لە ترسی دووپشکان لە مێشوولەبەند دەخزاین و دەخەوتین. وەتاغەکەمان هەر سواغبوو و سپیکاری نەکرابوو. بۆیە بە خەیاڵی خۆم، دەمویۆست دیکۆراسیۆنی کوردیی بۆ ساز بکەم. پڕم کردبوو لە قایش و قوریش، زەنگوڵە و گولینگە، تێر و خورجێن، ڕەشکە و مەشکە، تاوڵەمە و بەرچاوکە و بەرسینگ و لغاو و زنجیر و زین و شتومەکی ئەسپ و وڵاغ و، لە قولینچکێکیش سەماوەر و چادان و ئیستیکان و، هەرمابوو گوێدرێژێکی بێنین و لە گیزەی سەماوەر بسلەمێتەوە. لە قوژبنێکی بە تەلیسان شاخێکم ساز کردبوو و بڵیندگۆم لە سەر ڕایەڵ کردبوو و تاومان دەدا دەنگی مامۆستا تایەر توفیق، ساڵح دیلان، حەسەن جەزراوی، محەمەد عارف جەزراوی، عەلی مەردان، ڕەفیق چالاک، ماملێ، شاروخ، حەسەن زیرەک و شوان و گۆرانیبێژە بەناوبانگەکانی کورد. ئێواران کە لە پادگان دەگەڕامەوە گورج جلکی سەربازیم تووڕ هەڵدەدا و ڕانک و چۆغەم دەبەر دەکرد و پشتێند و شەدەم لێ بادەدا و کەڵاشی هەورامیم دەپێ دەکرد و لکە سۆرانیم بەردەدانەوەخوار و، دەهاتم بەرەوشار و خەیابان (شاپوور» و (مەیان ئیقباڵ) بۆ جحێلایەتی. ئەوەدەم بەرگی کوردی لە سنە زۆر باو نەبوو. بۆیە ئەمن بەو جلە کوردییانەوە زۆر بەرچاو بووم و زۆر زوو لەگەڵ جەماعەتێک لە کوڕە هەرەباشەکانی سنە بووم بە ڕەفیق و هاوڕێ و، ناسر یەکێک لەو کوڕانە بوو و ئەزقەزا جیرانە ماڵیش بووین.
پاش ڕووخانی شا و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، گەلێک لەو کوڕەباشانەی کە هاتوچۆی ئێمەیان دەکرد وەک ئەمجەد موبەسسیری و.. بە دەست کۆنەپەرستترین کۆنەپەرستانی سەدەی بیستەم «خەڵخاڵی» تیرەباران کران کە وێنەی پیاوانە ڕاوەستاو و سەری بڵیندیان لە کاتی تیرەباراندا، دنیای وە لەرزەخست.
ناسر ڕەفیق و هاوڕێی ئەو شێرەکوڕانە و هەروەک ئەوان هەڵوەدای ئازادی و سەربەستی و کوردایەتی بوو. بۆ گەیشتن بە ئاواتەپیرۆزەکانی بەتایبەت



ناسری ڕەزازی

لە بواری هونەریدا یەک تاو هەدای نەداوە. ناسـر هەر لە یەکـەم ڕۆژی دەستپێکردن و بە یەکەم بەرهەمی کاری هونەری گورزی خۆی وەشاند و جێگەی خـۆی لە دڵی خـەڵکی خـۆیدا کـردەوە و نیـشـانی دا کـە دەنگخـۆشـێکی هونەرمـەند، نوێخـواز، خـولقـێنەر و هەڵکەوتووی گەلەکەیەتی. ڕەمزی سەرکـەوتنی ناسـر ئەوەیە: حەولدان، فـێربوون و نەوەسـتـان. بیـسـت و چەند سـاڵە، لە هەر کـون و قـوژبنێکی وڵاتە لەتوێەتکراوەکەمان، زرینگەی سازێک، ورینگەی دەنگخۆشێک، هەستی شـاعـیـرێک بۆنی هونەرێکی لێـهـاتبێ، ناسر خـۆی گـەیاندوویەتێ و ئاوێکی لێ هەڵێنجاوە و بەرهەمێکی لێ خولقاندووە.
لەم ڕێگە دوور ودرێژ و پڕ لە هەوراز و نشێو و کەند وکۆسپەدا، بە شەقی زەمانە و بە تێکۆشانی بێوچانی خۆی فێری زاراوە جیاوازەکانی کوردیی بووە و، هەر کوردێکی کوردیزانی دیبێ، هەر ئەدیب و شاعیرێکی کوردی چنگ کـەوتبێ، نەیهـێـشـتـووە لە چنگی دەرباز بێ هەتا ئەقـڵـێک، مەتەڵۆکەیەک، قـسـەیەکی خۆش، بەسـەرهاتێک، شـێعرێک و تەنانەت وشەیەکی جوان و ڕەسەنی کوردی لێ فێر نەبووبێ. هەربۆیە ئێستا ناسری هونەرمـەند و دەنگخـۆش بووەتە کـوردیزانێکی تەواو و نووسـەرێکی بە توانا که بە دەیان نووسراوە و کتێب و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕاوە و تەنانەت شێـعر و هەڵبەستی جوانی کـوردیشی هەیە (لەخـوارەوە نمـەنەیەک لە شیعرەکانی پێشکێش دەکرێ). دیارە گەرچی ئەوانە بەرز ولە جێی خۆیدا جێگای ڕێزن، بەڵام دەنگەکـەی و هونەری گـۆرانیـبـێـژی و مـەقـام و سروودگوتنەکەی ئەوەندە بەرزن، کەس ئەوانی دیکەی نابینێ. خۆ ئەگەر دەفە بە دەستەوە دەگرێ و دێتە نێو گەڕی شایی، کەڵم دەوێ لە جێی خۆی ڕاوەستێ و هەڵنەبەزێ. خۆ ئەگەر بەستە بۆ دایکی شەهید دەڵێ، ئینسان جەرگی لە ئاسن و پۆڵاش بێ فرمێسکی لە چاودا ڕاناوەستێ. خۆ ئەگەر سروودی پێشمەرگە دەڵێ کوڕم دەوێ گوێی بۆ بگرێ و سینگی نەکاتە قەڵغانی دوژمنانی گەلەکەی. خۆ ئەگەر کوردستان دەلاوێنێتەوە، غەیری کوردەکەش بە دە ڕەگەز خۆی دەگەیەنێتەوە کورد، چ بگا بە کوردەکە. کێ هەیە خـۆ لە بەر ئاخ و ئۆف و دەردی دڵ و دەروونی ناسـر بگرێ و فرمێسک هەڵنەوەرێنێ.
مامۆستا هێمن لەبارەی ناسردا گوتوویەتی:
کەس وەک ناسر شێعری منی فەسیح و بێ هەڵە نەخوێندووە.
بیست و پێنج ساڵە ناسر دەناسم، لە سنە، لە مەهاباد، لە ماڵی ماملێ، لە پێشمەرگایەتی و لە شاخ، لە زیندانی دیاربەکر و لە ژیانی ئاوارەییدا و، دەساڵ جیرانەتی سوێد، قەت جارێک نەبوو بە ناسر بڵێم بیڵێ و نەیڵێ. قەت جارێک بەهانەی نەهێناوە و بڵێ دەنگم نووساوە و نەخۆشم و بۆم نایە. دەشزانێ چم دەوێ:

**ئێـسـتـە بۆ چاری خـەمم گـۆشـەیی مـەیخـانەیە جـێم**
**من کـە ڕۆژێک دەمـەویست مـیللەتەکـەم بێ خـەم کـەم**

کە ئەو شێعرەی هێمن و دەنگی ناسر و فرمێسکەکانی من، وێکڕا باڵ دەگرن و دۆڵاودۆڵ، ڕەوەز بە ڕەوەز، قەداوقەد، چیا و کەژ وکۆ و لێڕەوار و پێدەشت دەبڕن و بە سـەر چیای ئاگری و ژیلوان و هەڵگوردا دەچنە سـەر قـەندیل و قـەڵاتی شـای و خـەزایی و زاوابووکـان. دەچنە سـەر ئاربابا و ئاوێەر و چیاکانی هەورامان و بێستوون و، بە سەر زنجیرە کێوەکانی زاگرۆسدا خولدەخۆنەوە و دەڕواننە هەر گۆشە و قوژبنێکی نیشتمانە سوورهەڵگەڕاوەکەمان؛ ئەو نیشتمانەی پڕە لە خوێن، پڕە لە دایکی ڕوومەت ڕندراو، پڕە لە باوکی پشت چەماو، پڕە لە بووکی ڕەشپۆش، پڕە لە منداڵی هەتیو و بێناز، پڕە لە ناهومێدی و ناعەداڵەتی و زوڵم و زۆریی. ئەوکاتەی کە بۆکرووزی شار وگوندە سوتاوەکان تەشقی ئاسمان دادەگرن، ناسر دەفڕێتەخوار و دەچێتە نێو دڵی خەڵک و بە دەنگە خۆشە پڕ لە هەسـتـەکـەی، دەبێـتـە هاوڕێی ژیانیـان. دەبێـتـە پشت و هاوسەنگەریان، دەیان لاوێنێتەوە و دڵخۆشییان دەداتەوە، هانیان دەدا، سروودیان پێهەڵدەڵێ، بە گژ دوژمنەکانیاندا دەچێتەوە و دەبێتە شەمی شین وشایی ئەوان و لە نێو دڵیاندا دەتوێتەوە.
باڵەکانی ناسر، سنوورە دەستکردەکانی دوژمن دەبڕێ و دەمێک دەبێتە کرمانج و تاوێک سۆران و، سەردەمێک کەڵهوڕ و پاش تاوێک گۆران..
ناسر دەنگی گەلی کوردە لە هەر چوار پارچەی کوردستان، بۆ هەموو کورد گۆرانی دەڵێ و بۆ هەمووکوردێک دەسووتێ، هەربۆیە هەموومان دەبێ ئاگامان لێی بێ و ناسریش دەبێ ئاگای لە خۆی بێ کە بۆ ئێمە هەر بمێنێ و گۆرانی و سروودی خۆشی (مان و سەرکەوتن)مان بۆ بخوێنێ.
ناسر باری قورسی وێنەیەکی دەورانی سنەی منی ئێستاش کە ئێستایە هەر بە کۆڵەوەیە و لە کیفی باخەڵیدا لەگەڵ وێنەی منداڵەکانی خۆی دەگێڕێ، کە ئەوەش نیشانەی وەفاداریی و دۆستایەتی کۆن و لەمێژینەمانە.
لە کۆتاییدا، جێگەی خۆیەتی سپاسی مەرزەخانمی خێزانی ناسر بکەم کە هەر دایکی منداڵەکانی نەبووە، بەڵکوو لەو غەریبایەتییەدا، جێگەی دایکیشی بۆ خودی ناسر گرتووەتەوە و گەلێک ئەرکی گرینگی خاو و خێزانی لە سەر شان بووە و بە مێهرەبانییەوە ئەنجامی داون.

**خاکی غوربەت**

تا بەکـەی بیـرم لە کـوردسـتـان و لەش هەر لێـرە بێ
بولبـولی ڕوحم خـەمین و دیل و بەندی ئێـرە بێ
ساڵەهای سـاڵە بە تاسـەی خـاکی کـوردسـتـان دەژیم
دڵ لە بەردیش بێ دەقـەڵشێ، چەند لە کێشـە و گێرە بێ؟
زۆر دەترسم گـۆڕغـەریب بم خـاکی غـوربەت بێ بە جـێم
ئاسـمـانی خـەونەکـانم تار و بێ ئەسـتـێـرە بێ
تۆ بڵـێی ڕۆژێ ببـینم نیـشـتـمـان و زێدەکـەم
یا هەتا ئەو ڕۆژە دەمـرم جـێم دەبێ هەر ئێـرە بێ
«ناسری ڕەزازی»

# هەستی نەتەوەیی کوردی و چەند سەرنجێک

مەهاباد کوردی

دوای ئەوەی کە پێنج شەش مانگێک لە کەمپی پەنابەرانی شارۆچکەی (سوورەهامار)ی سوێد مامەوە، لە مانگی پێنجی سالی ١٩٨٧، شارەوانیی (ترۆلهێتان) منی وەرگرت و ڕووم لەو شارە کرد. هەر کە گەیشتمە ترۆلهێتان، یەکەمین شت کە بە خەیالمدا هات، ناسین و گەڕان بە دوای ئەو کوردانە بوو، کە پێش من بۆ شاری ناوبراو هاتبوون. ئیتر ئەوەبوو ڕۆژێکیان هەروا بە ڕێکەوت، لە کۆگایەکی گەورەی شارەکەدا، چاوم بە چەند برایەکی کورد کەوت. یەکێ لەو برایانە، کە کاک فەوزی بوو، لە منی پرسی: خزم و ناسیارت لێرە هەن؟ منیش لە وەرامدا بەوم گوت: ئێوە هەر هەمووتان خزم و کەس و ناسیاری منن. دیارە ئەویش، وەک ئەوەی من لە مەبەستی پرسیارەکەی تێنەگەیشتبم، گوتی: مەبەستم لە خزمی نزیکی خۆتە. بە هەر حال من بە ناسینی ئەوان شادمان بووم.

پاش ماوەیەکی کەم، لە ڕێگای قوتابخانە و شارەوانیی شارەکە و برادەرانیشەوە، ئەوەم بۆ دەرکەوت کە بە لایەنی کەمەوە پەنجا کوردێک لە ترۆلهێتان هەن. کوردەکانی ئەو شارە کۆمەلەیەکی کولتووریشیان بۆ خۆیان پێکەوە نابوو. کۆمەلەکە - کۆمەلەی کولتووریی کوردی لە ترۆلهێتان - ئەندامی - فیدراسیۆنی کۆمەلە کوردستانییەکان - ی بارەگا لە ستۆکهۆلم بوو. لە سەرەتادا تا بلێی مەرەقم بوو سەردانی بارەگای کۆمەلەکە بکەم. من کە ماوەی چەند مانگێک بوو لە پاکستانەوە ڕووم لە سوێد کردبوو، هەر خوا خوام بوو کوردێک بناسم. بە دیتنی هەر کوردێک شاگەشکە و خۆشحال دەبووم. جا بە هەر شێوەیێ بوو خۆم گەیاندە بارەگای کۆمەلەی کولتووریی کوردی و بووم بە ئەندامێکی کۆمەلەکەش. کوردی گشت پارچەکانی کوردستان و بە ڕێژەیەکی زیاتریش برایانی کوردی فەیلی(بەغدایی) ئەندامانی کۆمەلەیان پێکدێنا. ڕەنگە دوو خالی هەرە گرنگ کە سەرنجی منیان ڕاکێشابێ، سەبارەت بە کۆمەلەی ناوبراو، ئەمانەی خوارەوە بن:

یەکەم: سەرەڕای هەبوونی ئەو ژمارە بەرچاوەی کوردان دەنێو کۆمەلە و شارەکەشدا، سەیر ئەوەبوو، سەرۆکی کۆمەلەکە کابرایەکی ئەرمەنی بوو بە ناوی (ئەسپێد کوردیان). من لە لای خۆمەوە هیچ شتێکی تاکەکەسیی و تایبەتیم بەرامبەر بە کاک ئەسپێد نییە. ناوبراو لە زۆر بۆنەشدا یارمەتی من و کوردانی ئەو شارەشی داوە. ئەوەی کە جێگای پرسیار بوو بۆ من: داخوا لەناو ئەو هەموو کوردانەی وێندەرێ، کەسێکی بە ڕەگەز کورد نەبوو، تا سەرۆکایەتی کۆمەلەیەکی کولتووریی (کوردی)ی بکردایە ؟! نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێت، لەناو کوردەکانی نیشتەجێی ترۆلهێتاندا، کەسانێکی بە ئەزموون و ڕێکوپێک و بە تەمەن و سەر بە حیزبە سیاسییەکانی کوردستانیش هەبوون، کەچی نەیانتوانیبوو لەنێو خۆیاندا کەسێکی بە ڕەچەلەک کورد بۆ سەرۆکی کۆمەلەکە هەلبژێرن. ئەسپێد کوردیان کە لە بنچینەدا ئەرمەنییەکی دانیشتووی ئوردن بوو، هەر لەبەر پاشناوەکەی، زۆر جار لە لایەن کەسانێکی سوێدی لەو شارە بە کورد لە قەلەم دەدرا. دیارە ناوبراویش گەلێ بە ڕاشکاوی، لە کۆڕ و کۆبوونەواندا، دەیگوت من ئەرمەنیم و کورد نیم. هەلبەت ئەمەش مافی تەواوی خۆیەتی. من خۆم لە دانیشتنێکدا، کە زیاتر کەسانێکی سوێدی تێیدا بەشدار بوون، ئەم قسەیەم لێ بیستووە. دەبێ ئەوەش بلێین ناوهاتوو لە بیرۆی وەرگرتنی پەنابەرانی ترۆلهێتان کاری دەکرد. هەروەها لە دوای ئەسپێد کوردیان ئەم جارەیان کابرایەکی عەرەبی بەسرەیی خوارووی عێراق بە سەرۆکی کۆمەلەی کولتووریی کوردیی ترۆلهێتان هەلبژێردرا. وا دیارە ئێمەی کورد قەت پەند لە هەلە و شاشییەکانمان وەرناگرین. کابرای عەرەبی بەسرەیی، کە ئەویش مرۆڤێکی خراپ نەبوو، (حارث لەفتە) ناوێک و لە پۆلەندا ئەندازیاریی کارەبایی تەواو کردبوو. من کە ئەم دوو برادەرەم لە نزیکەوە دەناسی، ئەوەی ڕاستی بێ چ زانیارییەکی ئەوتۆیان لەمەڕ کورد و کوردستانەوە نەبوو. وەک بلێی کارەکەیان بە مل داهاتبوو و شەرمیشیان دەکرد ڕەتی بکەنەوە. هەر کەسانێکی کوردیش بوون کە زانیارییان بەم دووانە دەدا و دەشیانهێنانە پێشەوە. دووبارەی دەکەمەوە ناوهێنانی هەر کەسێک لەم وتارەدا، بە هیچ شێوەیەک بە واتای ئەوە نایەت، خوانەخواستە من بە مەبەستی شکاندن و لەکەدارکردنیان کارەکەم ئەنجام دابێت.

دووەم: جێگای داخە و بووەتە باویش، کورد لە هەر شوێنێ بن، ناکۆکی و دووبەرەکی قوڕگیان دەگرێ و ژار و لاوازیشیان دەکەن. بە داخەوە من هەر لە زووەوە هەستم بەو دیاردەیە، دەنێو کوردەکانی ترۆلهێتاندا، کرد. تەنانەت لە کۆتاییدا مەسەلەکە قوول بووەوە و دوو کۆمەلەی دژ بە یەکیشی لێ کەوتەوە، کە یەکێکیان برا کوردە فەیلییەکانمان دایانمەزراند.

سەردرای گەلێ تەنگوچەڵەمەش کۆمەڵەی کولتووریی کوردی لە ترۆلهێتان زۆر چالاکی و کاری ئەنجام داوە، کە ڕۆڵێکی چاکیان بینیوە لە ناساندن و پێناسەکردنی کورد و کولتووری ئەو میللەتە بە خەڵکی شاری ناوبراو. ئەم چالاکییانە لە بۆنە جیا جیاکانی وەکو جەژنی نەورۆز و یادی کارەساتی هەڵەبجە و سەری ساڵی زایینی و هی دیکەدا ئەنجام دراون. من خۆم، تەنیا بۆ ماوەی چەند ساڵێک، بە شێوەیەکی چالاک لە کۆمەڵەدا کارم کردووە و، خۆشحاڵیشم بە بەشداربوونم لە زۆربەی هەرە زۆری چالاکییە سەرکەوتووەکانی کۆمەڵەکەدا. جێی خۆیەتی ئەوەش بڵێم، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٣، شاری ترۆلهێتانم بەجێ هێشت و بۆ ستۆکهۆڵم بارم کرد.

ڕەنگە ئەم کورتە گێڕانەوەیە نموونەیەکی گەلێ سادە بێت لەمەڕ لاوازیی هەستی نەتەوەیی کوردان. ئەگەر لە مێژووی دوور و نزیکی گەلەکەشمان بکۆڵینەوە، گومانم لەوەدا نییە و هەمووشمان دەزانین، بە دەیان نموونەی تریش بەر چاو دەکەون. ئێمەی کورد کە وەک نەتەوەیەکی هوشیار و خەمخۆر لە دۆزە ڕەواکەمان، هێشتا پێ نەگەیشتووین و جیاوازییەکی دیار و بەرچاومان لەگەڵ گەلان و نەتەوە ئازادیخوازەکانی دیکەدا هەیە، هەمیشە بێگانەمان لە خۆمان بە پیاوتر زانیوە و قەدری کەسانێکی لێهاتوو و لێزان و لێوەشاوەی خودی میللەتەکەی خۆشمان نەگرتووە، مەگەر تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە وەها کەسانێک ماڵئاواییان لێمان کردووە و، بۆ هەتا هەتایێ جێیان هێشتووین. دیارە بۆ ئەم دیاردەیەش نموونە گەلێ زۆرە و پێویست بە باسکردنیش ناکات. بە مانایەکی تر دەتوانم بڵێم ئێمەی کورد، بە تایبەتیش سەران و ڕێبەرانمان، کاری هەرە سەرەکیمان جێبەجێکردن و ڕاپەڕاندنی فەرمانی بێگانە و دوژمنان بووە. ئەگەر نا بۆ دەبێ پاش ئەم هەموو قەومان و کارەساتە نەتەوەییە، کە یەک بە دوای یەکتردا هاتوون، هیچمان بە هیچ نەکردبێ و، کورد گوتەنی ڕووڕەشی دنیا و قیامەتیش بین؟!

بەهێزیی هەستی نەتەوەیی دەنێو ڕۆڵەکانی نەتەوەیەکی چەوساوە و ڕزگاریخوازدا، لە ئاو و هەوا و نانیش گرنگترە، بۆ بەردەوامیی ژیانی ئەو نەتەوەیە و مانەوەی لە کاروانی سەختی خەبات و ژیاندا. نەتەوە زیندوو و خەم لە خۆ خۆرەکان، هەر هەل و دەرفەتێکی لەبار کە دێتە پێشیان، لە کیس خۆ نادەن و دەیانقۆزنەوە و، لە هەمان کاتیشدا لە پێناوی بەرژەوەندی باڵای نەتەوە و داهاتووی نەوەکانی خۆیاندا بەکاریان دێنن. بە داخەوە لای ئێمەی کورد مەسەلەکە دەق بە پێچەوانەیە. ئێمەی کورد بە درێژایی چەند هەزار ساڵەماندا بە دەیان و سەدان هەل و ساتی چارەنووسسازمان لە کیس خۆ داوە و، کە دەکرا بەهۆیانەوە دەوڵەتی نەتەوەییشمان بۆ خۆمان دامەزراندبا. گەلی خەباتگێڕی ئەریتیریا لە ساڵی ١٩٩٣، لەناوچوونی ڕژێمی دیکتاتۆری مەنگستۆی لە ئەسیوپیا، بە هەل زانی و یەکسەر دەوڵەتی ئازادی ئەریتیریای ڕاگەیاند. لە باشووری کوردستانیش لە گەرمە گەرمی ڕاپەڕینە گەلێرییە شکۆدارەکەی ئاداری ١٩٩١دا، ڕۆڵەکانی گەل ناچار کران، کە ئاڵای ڕەنگینی هەڵکراوی کوردستان، بەرامبەر بە سنووری دەستکردی تورکیا بێننە خوارەوە. ئێستاش دوای دە ساڵ ئازادی، هێشتا بە شێوەیەکی کەم ئاڵای کوردستانت، لە ناوچە ئازادکراوەکانی ئەم پارچەیەی وڵات بەر چاو دەکەوێت. من پێم وایە ئەم دیاردەیە تەنیا پەیوەندی بە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەوڕۆی باشووری کوردستان و سەرانیانەوە نییە، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا بۆ کزیی ڕۆشنایی هەستی نەتەوەیی و ڕادەی خۆ بە کورد زانین و نیشتمانپەروەری و کوردستانییەوە دەگەڕێتەوە.

ئەگەر هەستی نەتەوەیی بەهێز و بیرکردنەوە لە بەرژەوەندییە چارەنووسسازەکانی کورد، لای سەرانی ئەوڕۆی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان هەبان و پاڵیان پێوەنابان بۆ خزمەتکردنی گەل و نەتەوەکەیان، تۆ بڵێی چارەنووسی کورد ئەم ڕەوشە خەفەتاوی و جەرگبڕەی ئێستای لێ بکەوتایەتەوە: شەڕی کوردکوژیی نێوخۆ، جێبەجێکردنی فەرمانی داگیرکەرانی کوردستان، تاڵانکردنی سامانی نەتەوەیی و داهاتی کوردستان، زەمینە خۆشکردن بۆ ڕاستبوونەوەی چەندین گرووپی ڕەنگاوڕەنگ و جیا جیا کە زۆربەی هەرە زۆریان، ئەوەی بیری لێ ناکەنەوە کورد و کوردستانە،...تاد.

لە باکووری کوردستان، دوای ڕفاندنە جەردەییەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆکی پ.ک.ک، بە تەنیا چەند وتەیەکی ناوبراو، مەیدانی خەباتی چەکداری چۆڵ کرا و ماڵئاواییش لە چواردە ساڵ شەڕی چەکداری کرا. لە تەلەفزیۆنی میدیاش هێشتا هەر چاومان بە پۆلیسی دڕندەی تورک دەکەوێ کە چۆن سواری سەری دایکانی جەرگسووتاوی کورد دەبن و، بەنێو شەقامەکانی ئەنقەرە و ئەستەمبووڵ ڕایان دەکێشن و، حەواڵەی زیندانەکانیان دەکەن. هەر لە هەمان تەلەفزیۆنیشدا باس لە شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان ی.ن.ک و پ.ک.ک دەکرێت و، هەواڵی سەد کوژراوی ی.ن.ک و وێنەی ماشینی سووتاو و تۆپ و دۆشکەی سەر شان و زۆری دیکەش بڵاو دەکرێنەوە. ئەمە دەبێ چەندی بە چەند بێ؟! داخوا ئەمەش هەر گرێدراو نییە بە لاوازیی هەستی نەتەوەیی لەکن هەردوو لای شەڕکەر و بەناو خۆ بە کوردستانیزانیش؟!

لەناو ئێمەی کورد هەمیشە شتە گەورەکان بە قوربانی شتە گچکەکان کراون. ئامانجە بەرزە نەتەوەییە بە نرخەکان دەقەبەڵ بەرژەوەندییە حیزبییە تەسک و تاکەکەسییە هیچ و پووچەکان کراون. داخوازییە مەزن و ڕەواکانی نەتەوە و وڵات پشت گوێ خراون و شتگەلێکی لاوەکی و ناسەرەکی جێگەیانی گرتۆتەوە. سەران و ڕێبەرانیشمان وەک هەمیشە لە خشتە براون و ڕۆڵەکانیشمان مایە پووچ و ڕەنج بە خەسار هەڵپەسێنراون. بە هەڵەدا ناچم گەر بڵێم دیرۆکی دوور و درێژی کورد دووبارەبوونەوەیەکی بەردەوام بەخۆیەوە دەبینێت. ئەم وێنەیەی کە لەم چەند دێڕەش نیشان دراوە، ڕوویەکی ئاشکرا و زەلالی سەرتاپای مێژووی نەتەوە و نیشتمانمانە.

فەلەستینییەکان لە چەند مانگێکی ڕابردوودا ڕاپەڕینێکی جەماوەری و گەورەیان لە هەمبەر دەوڵەت و سوپای ئیسرائیل بەرپا کرد. یاسر عەرەفات و دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستینی هەموو گیراوە سیاسییەکانی سەر بە هەردوو ڕێکخراوی حەماس و جیهادیان ئازاد کرد. مەبەستیش لەم کارەدا بە پلەی یەکەم بۆ ئەو شتە دەگەڕێتەوە کە فەلەستینییەکان لە کات و ساتی چارەنووسسازدا، دەیانەوێ بە دۆست و دوژمنان نیشان بدەن، کە ئەوان وەک گەلێکی ئازادیخواز یەکگرتوون و لەسەر داوا ڕەواکانی خۆشیان سوورترن. لە هەمان کاتیشدا باکیان بە کەس نییە تا بە تیرۆریست و خراپەکار ناویان بەرن و، هەموو شێوازێکی تێکۆشانیش لە دژی هێزەکانی ئیسرائیل تاقی دەکەنەوە. ئێمەی کوردیش، بە تایبەتی ڕێکخراوە سیاسییەکان و سەرانمان، لە ناسکترین و دژوارترین قۆناغی خەبات و ڕەوشی نالەباری نەتەوەکەماندا، نەک هەر لەگەڵ یەک ناکۆک و ناتەباین، بگرە یەکدیش دادەپاچین و لە دوژمنانیش خراپتر مامەڵە لەگەڵ یەکتر دەکەین. شەڕی کوردکوژیی نێوخۆی کوردستان

شتێک نییە بشاردیتەوە، کە دیسانیش باشترین بەڵگەیە لەسەر نەبوونی هەستی نەتەوەیی لای کوردان. هەروەها دەستبەرداربوون لە ئامانجە هەرە پیرۆزەکانی نەتەوە و نیشتمانمان کە ئەویش تەنیا و تەنیا ئازادی یەکجارەکی گەل و ولاتە.

جارێکیان برادەرێکی هاوشاریم میوان بوو. بە ڕێکەوت سەیری دەنگوباسی کەناڵێکی ئاسمانیی عەرەبیمان دەکرد. برادەرەکەم هەر کە چاوی بە پاشای عەرەبستانی سعوودی کەوت، بێ سێ و دوو گوتی: ئەگەر ڕۆژێ کوردستانیش ئازاد بێ، من بە یەکێکی وەکو ئەو کابرایە (شا فەهدی عەرەبستانی سعوودی) ڕازی نابم تا ببێتە سەرۆکی دەوڵەتی کوردستانی ئازاد. منیش لای خۆمەوە هەر ئەوەندەم پێ کرا پێی بڵێم: چا نییە شا فەهد و بنەماڵەکەی، ئەگەر سامانی ولاتەکەشیان بدزن، لێ هەندێکی هەر بۆ خزمەتکردن و ئاوەدانکردنەوەی نیشتمانیان دەهێڵنەوە. هەرچی سەرانی لای خۆمانن، وێڕای بە تالانبردنی سامانی نەتەوە و ولات، کەچی خەریکی کوردکوشتن و سووککردنی ناوی کورد و کوردستانیشن لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەشدا. دیارە برادەرە هاوشاری و هاوگوندییەکەشم قسەکەی منی ئەوەندە بە دڵ نەبوو، چونکە ئەوکات بە دەردی خۆی گوتەنی کەسێکی تۆخی سەر بە یەک لە حیزبە دەسەلاتدارەکانی باشووری کوردستان بوو. هەڵبەت بمانەوێ و نەمانەوێ ئەو جۆرە کەسانە، لەوانەیە تا مردنیشیان، هەر بەو شێوەیە بیر بکەنەوە و، بە چاویلکەی تەڵخی حیزبایەتی لە دۆزی ڕەوا و مەزنی نەتەوە و نیشتمان بڕوانن.

من نەهاتووم لە کورتە باسێکی وەهادا شتێکی ڕەق و وشک سەبارەت بە نەتەوە و نەتەوەپەرستی نیشان بدەم. ئەمەیان باسێکی دیکەیە و ناشتوانین لێرەدا بە گوێرەی پێویست و ئارەزووی دڵ لێی بدوێین. من قەت پێم وا نییە، وەک جارناجارێ لە ڕۆژنامە و بلاوکراوە کوردییەکان، نووسراوەی بەم جۆرە بەر چاو دەکەون، گوایە جەختکردن لەسەر کوردپەرستی و نەتەوەپەرستی، ئەنجامی خراپی لێ دەکەوێتەوە و لەوانەیشە بە زەرەر و زیان بۆ کورد تەواو بێت. نازانم دەبێ چ هەڵە یا تاوانێک لە ئارادا بێت، کاتێ کە کوردیش وەک هەر نەتەوەیەکی دیکەی سەر گۆی زەوی، بیەوێ و هەوڵ بدات لە کاروانی گەلانی تری جیهان دوا نەکەوێت، کە بە داخەوە زۆر زۆریش دوا کەوتووە و، دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆ بۆ خۆی دابمەزرێنێت. پەتای لاوازیی هەستی نەتەوەیی، نەک هەر خەڵکی ڕەشۆکی، بەڵکو ڕۆشنبیران و نووسەرانی کوردیشی گرتۆتەوە.

با زۆر دوور نەڕۆین، ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆشنبیرانی کورد لە خوارووی کوردستان، پێویستیان بە نیو سەدە و زیاتریش بوو، تا بگەن بەو ئاکامەی کە کوردانە و بۆ کورد و کوردستان خەبات بکەن، نەوەک عێراقییانە و بۆ عێراق و تا ڕادەیەکیش بۆ نەتەوەی عەرەب. دەست لە کار کێشانەوەی گەلێ لەو ڕووناکبیرە کوردانەی کە پێشتر لەناو ڕیزەکانی پارتی کۆمۆنیستیی عێراق تێدەکۆشان، بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئەم بۆچوونەم. دەبێ ئەوەش بڵێم من مەبەستم ئەوە نییە کە ئەم خوشک و برایانە دڵسۆزی گەل و نیشتمانی خۆیان نەبوون، بەلام ڕەنگە لەنێو، بۆ نموونە، پارتی کۆمۆنیستیی ئیسرائیلیدا تەنیا عەرەبێکیش نەبینیت. ئاشکراشە کە هەستی نەتەوەیی لای فەلەستینییەکان بە بەراورد لەگەڵ ئێمەی کورد، بە هەولێری گوتەنی، عەرد و عاسمانی فەرقە. ئەم خاڵەی کە باسیش کرا تەنیا پەیوەندی بە ڕۆشنبیرانی خوارووی کوردستانەوە نییە. لە پارچەکانی تری کوردستانیش هەر هەمان تاس و هەر هەمان حەمامە. هۆ بۆ نموونە خالید بەگداش، کە زەحمەتە خۆی بە چەندین کوردی لێهاتوو و سەرکردە و ڕۆشنبیریش بگۆڕێتەوە، ئەوە چەندین ساڵە سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستیی سووریایە و، خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی عەرەب دەکات. لە باکووری کوردستان، هەرچەندیش یەکەمین شۆڕشی ئازادیخوازیی کوردی و ڕێکخراوەی کوردی و گەلێ شتی دیکەش لەوێ سەریان هەڵداوە، کەچی زۆر لە سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیران و ڕێبەرانی کورد لە سەرەتادا لەنێو ڕێکخراوە چەپڕەوەکانی تورک کار و خەباتیان ئەنجام داوە. ئەمەش بۆ سەردەمێکی نزیک، نەک دوور، دەگەڕێتەوە. لە کاتێکدا کە ڕێکخراوی کوردیی نهێنیش لە گۆڕەپاندا هەبوون، بەلام لەو بەشەی کوردستانیش، هەروەک پارچەکانی تر، زۆر لە ڕۆشنبیران کەناڵێکی غەیرە کوردییان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە. گوایە بە وەها ڕێگایەکیش بە ئامانج و مەبەستەکانیان دەگەن و کورد و کوردستانیش دەحەسێننەوە. ئێستاش وا ساڵی ۲۰۰۰ ڕوو لە کۆتاییە و، لەو بەشەی کوردستان باس لە "کۆماری دیموکراتی" دەکرێت. من کاتی خۆی لە ژمارەکانی پێشووی گۆڤاری خۆشەویستی گزینگ بە ڕاشکاوی لەسەر ئەم بابەتە بیر و ڕای خۆم بلاو کردۆتەوە. هەر بۆیە لێرە نامەوێ جارێکی تر هەمان شت دووپات بکەمەوە.

نەتەوە زیندوو و هۆشمەندەکان قەت قەت ئەو تاوانانەیان لە بیر ناچێتەوە کە لە لایەن دوژمنانیانەوە دەرهەقیان ئەنجام دراون. ئەوان لە سات و دەرفەتێک دەگەڕێن کە بکوژان و جەللادانی خۆیان، ئەگەر بە لەناوبردنی جەستەییش نەبێ، هەرنا بیاندۆزنەوە و دادگاییان بکەن و ڕاستییەکانیش بۆ تەواوی جیهان ئاشکرا بکەن. ڕەنگە لەم بوارەدا جوولەکەکان باشترین نموونەی ئەم کارە بن. ئەرمەنەکانیش، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ، لەسەر بە کۆمەڵ قڕکردنەکەی ئەرمەنییانی ساڵی ۱۹۱۵ لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە، بە دوای لێکۆڵینەوە و ڕیسواکردنی تورکەکان و پشت و پەنا پەیداکردن بۆ خۆیانن. تەنانەت لەم چەند مانگانەی ڕابردوودا، مەسەلەی کۆمەڵکوژییەکەی ئەرمەنییان، لە پەرلەمانی ئەورووپا و کۆنگرێسی ئەمریکاشدا گفتوگۆ و قسەی لەسەر کرا.

نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێت لۆبی ئەرمەنییەکان، چ لە ئەورووپا و چ لە ئەمریکا، لۆبییەکی بەهێز و یەکگرتووە. هەرچی ڕێبەرانی کوردیشن، هەموومان شارەزای قسە و کردارەکانیانین. جێگای داخە سەرانی کورد نەک هەر لە کورد بوونەتە بەلا و بەس، بگرە لە هەمان کاتیشدا بوونەتە هۆی سووککردنی کورد و ناوزڕاندنی ئەو میللەتە و پاشخستنیشی لە هەنگاوەکانیدا بۆ ئازادی و سەربەخۆیی ولاتەکەی. ڕووداو و کارەساتە دڵتەزێنەکان، کە لە سایەی سەری سەرانی کوردەوە بەسەر سەری کورددا هاتوون، نە هێندە کەمن و نە ئەوەندەش گچکەن تا بشاردرێنەوە و لەبیر بکرێن.

دیارە سەبارەت بە لاوازیی هەستی نەتەوەیی دەنێو کورداندا، دەکرێ بابەتی دوور و درێژ و تێر و تەسەلتریش لەم کورتە نووسینە بنووسرێ. من لێرەدا، زۆر بە کورتی، لەسەر ئەم مەسەلەیەم نووسیوە. ئەو شتانەی کە لەم باسەدا هاتوون تەنیا چەند سەرنجێکی سەرپێیی بوون. هیوادارم ناوەڕۆکی ئەم بابەتە بە دڵی خوێنەران بێت.

ستۆکهۆلم - ناوەڕاستی مانگی ۱۲/ ۲۰۰۰

# کۆچی دوایی مەحموود باکسی

قاسم رەیانی

رۆژی پێنجشەمۆ ٤ی مانگی ژانڤییە(٢٠٠١)، تەرمی **«مەحمود باکسی»** نووسەر و دڵسۆزی کورد بە پێی وەسێتی خۆی لە گۆڕستانی "شەهیدان"ی شاری دیاربەکر بە خاک ئەسپێردرا. بە گوێرەی ئاژانسی هەواڵنێری سوێد لە رێوڕەسمی ناشتنی مەحمود باکسی دا (٧٠٠٠٠) کەس بەشدار بوو. ئەو رێوڕەسمە بە توندی لە ژێر چاوەدێری پۆلیسی تورکیادا بەڕێوەچوو و نزیک بە ١٢٠ کەس لە بەشداران گیران.

«مەحموود باکسی» لە رۆژی ١٦ی مانگی سێپتامبری سالی ١٩٤٤، لە گوندی "کوزلوز"ی کوردستانی باکوور لە دایک بوو. ئەو دەورەی مامۆستایی دیتبوو. کاتێک لە ساڵی ١٩٦٨، کە وەک نووسەر هاتە مەیدانی نووسینەوە و یەکەم کتێبی سەبارەت بە "مەسەلەی کورد" بە زمانی تورکی لە چاپ دا، لە پێشدا وەک ژۆرنالیست چالاکی نواندبوو.

لە ساڵی ١٩٧٠ پاش هەڕەشەی مەحکوم بوون بە ١٥ساڵ زیندان لە لایەن رژێمی تورکیاوە، ناچاربوو وڵات بەجێبهێڵێ و رەوانەی ئاڵمانی رۆژئاوا بێ، کە پاش یەک ساڵیش هاتە سوێد و لە ساڵی ١٩٨٢دا، بوو بە هاونیشتمان لەو وڵاتە.

مەحموود باکسی لە ماوەی ژیانی خۆیدا لە سوێد، بە زۆر کار و چالاکییەوە خەریک بووە و زۆر بەرهەمی بە کەڵکی داوەتەدەر. ئەو مامۆستایی کردووە و کتێبی بە زمانی کوردی بۆ منداڵان نووسیوە، بەرنامەی رادیۆیی و شانۆیی سازکردووە و لە بواری فیلم و مۆسیقاشدا چالاک بووە. ژمارەی بەرهەمەکانی باکسی هەتا ساڵی ١٩٩٥، نزیکەی ١٧ کتێب و نامیلکە بوون کە بە سێ زمانی کوردی، تورکی و سوێدی نووسراون. گرینگترین خاڵی ژیانی باکسی کەم یان زۆریی بەرهەمەکانی ئەو نەبووە و نییە، بەڵکوو ئەوە یە کە هەوێنی ناوەڕۆکی هەموو نووسینەکانی، لە کورد و وڵاتی کوردستان و مەسەلەی کورد مایەی وەرگرتووە. باکسی هەرگیز سرەوتن و هەدادانی نەزانیوە و هەمیشە هەوڵی داوە لە بچووکترین دەرفەت کەڵک وەرگرێ و تەنانەت سەفەر بۆ وڵاتیش بکاتەوە.

باکسی کە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە ببوو و تەنانەت بینایی چاوێکیشی لەدەستدابوو، ساڵی ١٩٩٣ دەگەڕێتەوە وڵات. بەڵام لە گەڕانەوەیدا، تورکیا وە جموجۆڵ دەکەوێ کە رێگای گەڕانەوەی سوێدی لێ ببەستێ. باکسی، لە کۆتاییدا ناچار دەبێ بە ماشێنی لۆری لە دەست رژێم دەرباز بێ و خۆ بگەیەنێتە بولگاریا.

باکسی ئەندامی یەکێتی نووسەرانی پەنابەر و، هەروەها یەکێتی ژۆرنالیستەکانی سوێد بوو. باکسی بە پارەیەکی کەمی مانگانە کە لە لایەن یەکێتی نووسەرانی سوێدەوە بۆی تەرخان کرابوو، بەڕێوە دەچوو (ئەو پارەیە، لە ساڵی ١٩٩٠، ١٢٠٠٠٠کرۆن بووە).

مەحموود باکسی لە وتووێژێکدا کە لە گەڵ رۆژنامەی سوێنسک داگ بلادێت (Svenska Dagbladet ٩٥-٤-٦) چاپی ستۆکهۆڵم دا کردبووی، وای گوتبوو:



مەحموود باکسی (١٩٤٤-٢٠٠٠)

"سوێد کارێکی یەکجار مەزنی بۆ کولتووری کوردان کردووە. لە سوێد هێندەی هەموو مێژووی پێشووی کوردان کتێب لە چاپ دراوە."

دوایین کتێبی مەحموود باکسی "خۆشکی مەحموود گیان"ە. ئەو کتێبە بە زمانی سوێدی نووسراوە و لە ساڵی ١٩٩٧ لەچاپ درا کە بیوگرافی خۆیەتی.

بە گوێرەی رەخنەگرانی سوێدی، هەمیشە مرۆڤی کورد و مەسەلەی کورد ناوەندی نووسینەکانی باکسی بوون. رۆمانی درێژی "بووکی ڤیدیۆیی" کە بە زمانی سوێدی نووسراوە، ژیانی کوردە ئاوارەکانی دانیشتووی سوێد و پێوەندی ئەوان لەگەڵ خۆ وڵاتی سوێدی باس دەکا. دیارە هەموو رووداوەکان لە دەوری پێوەندی کوڕێک و کچێکدا خول دەخۆتەوە. قارەمانی رۆمانەکە کوڕێکی پەنابەرە لە سوێد کە بە هۆی فیلمێکی ڤیدیۆیی کە لە کوردستان هەڵگیراوەتەوە وێنەی کچێک دەبینێ و پاشان دەیخوازێ و دەیکاتە هاوسەری خۆی. دیارە ئەو کارە لە لایەن دەستەیەک کورد بە قارەمانی رۆمانەکە پێشنیار دەکرێ کە شەریکەیەکی ژن هێنانیان داناوە و بە وەرگرتنی پارەیەکی زۆر کچان لە کوردستانڕا بە پەنابەری کورد لە هەندەران بە مێرد دەدەن. بەسەرهاتی ئەو کچە هەرچەند راست بوو و، لە ئاست لەقاودانی بارودۆخی نالەباری ژنان چ لە کوردستان و چ لە ئورووپا و، هەروەها هەڵویستی پیاوان سەبارەت بە ئەوان، خزمەتێکی زۆر گرانبەها بوو کە چاپەمەنی و دەزگاکانی راگەیاندنی گشتیی سوێد بە تێرو تەسەلی باسیان لێ کرد، بەڵام رەخنەگرانی بێ لایەن باری هونەریی ئەم رۆمانەیان پێ لاواز بوو.

باکسی وەک نووسەرێکی نیشتمانپەروەری کورد، زۆربەی مەودای ژیانی خۆی بۆ کورد و وڵاتەکەی تەرخان کرد. لە هیچ کۆششێک بۆ ناساندنی کوردان و بۆ پەیداکردنی دۆستانی دلسۆز و راکێشانی رای گشتی جیهان درێغی نەکرد.

**□ کۆچی دوایی نووسەری نیشتمانپەروەری کورد مەحموود باکسی، خەمێکی گەورە و گران بوو لە سەر دڵی هەمووان.. بەم بۆنەوە پرسە و سەرەخۆشی هەموو نووسەران و هاوکارانی گزینگ بە بنەماڵەی باکسی لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان ڕادەگەیێنین و هیوای هێوریی و سەبوورییان بۆ دەخوازین.**

**گۆڤاری گزینگ**

# شەنگە سوار

◗ یادێک لە نموونەی بەرزی ئازایەتی و پیاوەتی و جوامێریی کوردەواری، شەهیدی گەل کاک **«محەمەدی مەلاعەلی»**ی بێژوێیی..

کوردان کەریم

وەک هەمیشە، بە پەلەبووم زووتر لە خەڵک بگەمە شوێنی مەبەست. ئەمجارە شتێکی ئەوتۆ سووک و بچووک نەقەومابوو کە بکرایە لە خەڵکان جێ بمێنم و، عەیبەم نەیەتەوە سەر. ساوە ساوم بکردایە، عەیبەم دەهاتەوە سەر. هەر ئەوەندەم پەلە بوو، کە چەند جارانم خۆ ساز و تەیار کرد، خۆم لە دەسک و دیبەگ نا، هاتم و چووم و ڕام کردە دەر و دیسان گەڕامەوە ژوور. جارێک لە بری کراسی ڕەشی سەر شینگایان، کراسی تەواو سوورم لەبەر کردبوو. جارێک لە جیاتی جزمەی مامزەداری تایبەتی سوارکاران، پێڵاوی قەشانی کووچە و کۆڵان گەڕانانم دەپێ کردبوو. بەڵام ئاخرسەر، پاش چەندجاران هەڵاتن و گەڕانەوە و کەوتن و هەستانەوە، بابەتی ڕۆژم لەخۆم شەتەک دا و هاتمەدەر. لەدەر، لە بەر شووشەی ئەودیو تاریکی پەنجەرەکەمەوە، چاوێکی تەواوم لە بەر و بەژنی خۆم کرد و کەیفم پێی بزووت. کراسی ڕەش لە ژێر قەمسەڵەی کورتی کەوەییمەوە خاس نەخشێکی دڵگریان هەبوو لە بەرمدا. دوولنگەی بەلەک تەنگی ڕەنگ خەنەییشم باشیان لێ دەوەشایەوە؛ لە جزمەی لە دەلنگ هەڵکشاویشم هەر نەپرسن چاکە، چونکە مامزەی بریقەداریان هەر وەک دەنکە ئەڵماس دەدرەوشانەوە و ئاوی چاوی دوژمنیان دەبردم. بە بەژن و باڵا و بە ڕەخت و بەرگەوە هەر دەتگوت سوارکارێکی لاوچاکم و تازە لە تەقڵە و جلیت و ڕمبازێن گەڕاومەتەوە. هەر بەس قەمچییەکی کورتی دەسک زێڕێنی تایبەتی سوارکارانم کەم بوو کە پێی ببمە سوارکارێکی تەواو عەیار. بەڵام هەتا لەبیرمە و لەبیرم نەچووە، با ڕاستە و ڕاست پێتانی بڵێم و لێتانی نەشارمەوە کە لەوەتی لەکۆشی دایکمەوە هەڵخلیسکاوم و هاتوومەتە سەر ئەم دنیا پان و بەرینە بێ تامە، نە قەت سوارکاریم کردووە و نە قەتیشم ئەسپ و بارگین لەماڵی خۆم دا بینیوە. بگرن تەنانەت لەو دەمەوە کە فامم کردۆتەوە و بەگوێم دادراوە کە خوا لێخۆشبوو مامە قازیم بەلاسایی لە سوارکاران سوار ببوو و لە بەر نەزانینی چەمی ڕۆژگار پێی جوانەمەرگ ببوو، ئیتر دڵم لەم جۆرە کارانە بە تەواوی ڕەش ببۆوە و ترس و لەرزێکی تایبەتم لەدڵ نیشتبوو. ئەڵبەت نەک بڵێی پیاوێکی ترسنۆک بووبم و لەگوێن خالۆزا مارف لە دیتنی چاوی ئەسپ و بارگین سڵەم کردبێت و زراوم چووبێت؛ نەخێر! بەڵام هەر لەکاتی گوورانی عەقڵ و ئاوەزم، سوور و ڕوون لێم ئاشکرا دەرکەوتبوو کە خاکەخۆڵی ئەم جۆرە کارانە دەگەڵ ئاو و گڵی غیرەتم هەڵنەشێلدراوە و من بۆ ئەم کارانە نابم. هەر بۆیە خۆمم لە قەرەیان نەداوە و خۆیان لێ نادەم.

لەماڵ هاتمە دەر. بەئانقەست ڕێم لار کردەوە و ڕووم لە ڕاستە شەقامەکەی شارۆچکەکەمان کرد و شۆڕ بوومەوە. بەلای خۆمەوە دەمگوت و پێم وابوو کە هەرکە بگەمە ڕاستەی دوکانان، دوکاندار و کڕیارەکانیان لە دوو بەری شەقامەوە دەست ڕادەگرن و سات و سەوداکەیان دەوەستێنن و بە تێکڕایی بزماری چاوەکانیان دە بەژن و باڵاکەم دەکوتن. تەنانەت پێم وابوو، بە بینینی کراسی ڕەشی بەرم و جزمەی مامزەداری پێم، تەزووی پیاوەتییان بە لەشدا دەگەڕێ و دێتەوە بیریان کە ئیمڕۆ، کێ کۆچی ئاخرینی کردووە و کێ لەکوێ تەسلیم بە خاک دەکرێ و، بەعام دوکانەکانیان دادەخەن و بەشوێن مندا ڕێی گۆڕستانەکەی باوەپیر دەگرنەبەر و بەشوێنمدا دێن. بەڵام هەرکە گەیشتمە ڕاستەی شەقام، بۆم دەرکەوت کە ئەمجارەیش وەکی هەموو جارانی دی لەگەل جێماوم و من ئاخر کەسم دەگەمە شوێنی مەبەست. دوکان و بازاڕ سەرتابەخوار داخرابوون. نە کڕیار بە بەر دوکانانەوە مابوون و نە فرۆشیار لەسەر دوکانان؛ شەقام پەپووی تێدا دەخوێند و جووڵەوەر لە دەر بەدیارەوە نەبوو. سێ چوار جوێنی ئاودار و بەتامم بەخۆم گەیاند و دەخۆم ڕاخوڕیم و بەشەقامدا غارم دا. شەقامەکە بەردەڵان بوو. دەنگی ناڵچەی ژێر پێی بە پەلەم بەسەر سەنگفەڕشی شەقامەوە تامی هەوای چوارەی ئەسپی دەدا. پرمەی لووتی فشیشم هەر بەعەینی پرمەی لمبۆزی ئەسپی پڕکراو وابوو. بە دەنگی تەق و تۆقی ناڵچەی پێڵاوم و بەجرینگە و خرینگەی مامزەی پاش پانێم، ژن و ژاڵ سەریان لە ژووری هۆدان هێنایەدەر و گەلێک لەوان بەجوێن، جەرگ و هەناویان خراپ کردم و ئاب و ئەژدادیان لەگۆڕ هێنامەوە دەرێ، کە چەندە چڵمن و فس کولیوم و چۆن لەگەل جێ ماوم. تووک و جوێنی ژن و ژاڵ پڕتریان کردم و بەهەوای توندە غارێکی دی، چۆک و ڕانی ئەستوورم توندتر و بە پەلەتر بەرەو ورگ و گەدەم حەوا دا. بەڵام قاچی ماڵ کاول نەیکێشا و لە چوارە لێم بوو بە نەرمە غار و، لە نەرمە غار لێم بوو بە وێرغە و، لە وێرغەش فشم کرد و کردمەوە قەدەم. لە ئاخری شەقامەکەدا پۆلێک کچەتیوی بڵحی حەکەدار بۆیان لە بالۆرە دام و گەمەیان پێکردم و بە قەشمەری هاواریان کردمێ:

«یاخوا ئەسپە ڕەش، هەر خاوەن سوار بی
یارم بۆ کوێ بەی، بە کۆی زووخاڵ بی!»

لە حەیبەت و شەرمان و لە بەر بەیت و بالۆرەی کچان، ڕاستە ڕێم لێ گۆڕا و بەکۆڵاناندا لێ هالامەوە. لەم کۆڵان بۆ ئەوی تر، لەم گەڕەک بۆ ئەوی دی؛ ئاخر سەر خۆمم لەبەر دەرگای ماڵەکەی خۆمدا بینی و هەزار و یەک جوێنی نەشایست و نەبایستم بە خۆم گەیاند. بەمەش نەهەندرام و بە مامزەی پاش پانێم سێ چوار نەقیزەی ئەوتۆ باشم لە ژێر چۆک و بەلەکی خۆم کوتا، کە هەتا چارەگە سەعاتێک ژانم لە دڵ وەستا و عەرز و عاسمانم لەبەر چاوان ڕەش داگەڕان. پاش دامرکانەوەی ژانی بەلەک، شەڕ و کێشەم لەگەڵ خۆمدا گوژاندەوە و ئالای سپیم هەڵدا و هاتمەوە سەر هەڵاتن. بەڵام ئەمجار بۆ هەڵاتن جزمەکانم لە پێ دەرهێنا و خستمە ژێر باخەڵم و بەپشت ماڵاندا تێم قووچاند. ڕێیە پشت ماڵان خۆڵەپۆتەیەک بوو لە ئارد نەرمتر. هەرچەندە جاری کە پشتە پێی پانم بە خۆڵی وردی

ڕێدا دەدا، دەتگوت مەنسووری هەللاجم و کێو و شاخان لە پەڕڕەی کەوان دەدەم وخۆڵ بە بادەکەم. کردمە یەک تەپ و تۆز، ئەو سەری دیار نەبێ. بەشی باکووری شارم لە ژێر تۆز دا ون کرد. ڕێیە پشت مالآنم بە تەپ و تۆزەوە خستە پاش سەر و گەیشتمە ناو زەرعاتان. لە مەزرا و زەوی و زارەکانیشدا ڕێی پەرێزێکم هەڵبژارد و بە ترەختەن پێیدا هەلآتم. پەکم بە پەل و قەلچغ و دڕکی قاچ تۆقێنی ناو پەرێزەکە نەدەکەوت و بە هەڵەداوان دەڕۆیشتم. پەرێزیشم شەق کرد و کەوتمە بەیارێک. هەرکە پێم نایە ناو بەیارەکە، چەند کرتەی بە دەمارم بە ژێر پێ و پەلاندا هات و دڵم سڕ بوو. ئەوەندەش توند دەهاتم، هەتا چەندێک هەوساری خۆمم پێ ڕانەگیرا و هەروا بەکرتە کرتی ژێر پێ و بەنێسکە و بە قوڕتە، لە غار دابووم. ژان و ئێشی هەموو دنیا بە ژێر پێی پێخاوسمدا هەڵکشان و مێشکمی پێ تەزی. لە تاو ژانی ژێر پێی پێخاوسم، جزمەکانم لە ژێر باغەڵ ترازان و هەر لنگەی کەوتنە سوێیەکەوە. لە غار کەوتم و بە پەنجەی دەستەوە کەوتمە سەر هەرد. لەپی هەر دوو دەستەکانیشم کرتەیان لێهات. لەتاو دەست و پەلانم کەوتمە سەر قوون. ئەوێیشم هەزار کرتەیان لێهات و نیتر لە جووڵە کەوتم.

بەیارەکە سەرپاکی پێکوڵە بوو. پێکوڵەکان درشت و گیاندار بوون. هەر پێکوڵەیەش پێنج و شەش دڕکی تیژی لێ دەرپەڕیبوو. دڕکەکان خوار و خێج بوون و بەچەشنی قولاپی ماسیگرتن بەرەو دوا هەڵگەڕابوونەوە. سەیرێکی لەپی دەستەکانم کرد. هەر لەپی دەستەم دە و دوازدە پێکوڵەی تێ هەڵچەقیبوو. هەر پێکوڵەیەش سێ و چوار دڕکی لێ دەکار کردبووم. جزمەکانم دوور داکەوتبوون و لە توانام دانەبوو هەستمە سەرپێ و بۆیان بچم. لەو دەمەدا بیری سنگەخزە، کە بەڵکوو بە سنگەخزە بۆیان بچم و دەستم پێیان بگاتەوە، کەوتە دڵم. کەوتمە سەر سنگ و، سنگم خستە سەر هەرد. بەڵام هەرکە سنگم هەمێزی بۆ هەردی بەیار کردەوە، گوپ و گەردن و گۆنا و سنگیشم پێکوڵەڕێژ بوون. ئەمجار ئیتر بە یەکجاری جووڵەم لێ بڕا و مەلآسی بەیاری پیاوترێن بووم. باش بوو شوێنەکە دوورە شار نەبوو، ئەگینا چەقەڵ و گورگ و ڕێوی تێم دەهالآن و بە زیندی سەر لە پەنجەی پێمەوە پێمدا دەهاتن و هەتا تەوقی سەر کەولیان دەکردم و دەیان خواردم. دەیانخواردم و بەبێ مالآوایی دەڕۆیشتن. بۆ دڵدانەوە، بەخۆمم گوت «کار لەپیاوان دەقەومێ و ورە بەردانی پێ ناوێ. ئازا و بە جەرگ بە و پەڕۆیەک لە شەنگەسوار دابدڕە کە پاش هەموو پاڵەوانەتی و ئازایەتییەکانی کە دەڵێن کردبووی، هەتا ژیا، گۆیا هەر لەسەر پشتی ئەسپ ژیا و لەسەر پشتی ئەسپیش پیاوانە مرد. ئێستێ ئەوا دەچێتە سەر گۆڕی کەسێک کە دایکی زەمان شانازی پێوە دەکا. ورە بەردانی پێ ناوێ و هەرچی لەم ڕێیەدا دێتە سەرت و بە سەرت دێت، هێشتا بەنیوەی ڕەنجی یەک ڕۆژەی شەنگەسوار نابێ. ورە بەردانی پێ ناوێ! هەستە، جزمەکانت بکەرەوە پێ و خۆت بگەیەنەوە گەل؛ ئەبزووی و زوو خۆت نەگەیەنیتە سەر گۆڕستان و خۆت بەگەل نیشان نەدەیت، باسی سەرتە. ئیتر هەتا ماوی و هەتا گیانت دەبەر دایە، دەبیتە پەڕۆی شینی سەر شانان و کەس چی چاکت پێ نابێژێ...»

بە دوو لا قۆڵی قەمسەڵەکەم، ئەرمە خۆڵی پڕلە پێکوڵەی بەر سنگم لادا و تۆزێک بەرەو پێش خزیم. لنگە جزمەیەکم کەوتبوویە بەری ڕۆژهەلآت و ئەوی ترم لە لای ڕۆژئاوا دا کەوتبوو. پێشەکی بەرەو ڕۆژئاوا خزیم. لە خزین و خوشیندا وەک کیسەڵ فشەم دەهات. خزین و خوشین و هاش و هووشەکەم پتر لە سەعاتێکی خایاند. دڕکی پێکوڵە دەرهێنانەوە و جزمە لەبەر کردنەوەکەشم هەر ئەوەندەی گرت. بەڵام هەرکە جزمەکانم کردەوە پێ، بێ دەربەس بە ئازار و ژانی پێ و پەل و پەنجە و گوپ و گەردن و سنگم، هەر وەکی ئەسپی تۆڕ، ئەژنۆم بەرەو ژێرگەدەم حەوا دا و چەند جاران بەنێو بەیاری پڕ لە پێکوڵەدا شەڕناختێویم کرد و پێکوڵەم پێشێل کردن. ئەوسا بەچەشنی تیری ترازاو لە سەختەی کەوان، بەرەو گردی گۆڕستان بۆی دەرچووم.

لە داوێنی گردەکە بە پەلە پێ هەلآچووم. بەم هەلآتنە زۆر ماندوو بووم. بۆ پشوودان وچانێکم گرت و چاوێکیشم لە بەیاری حیز و پەرێزی ئەرم و زەرعاتی گەرمی پاش سەرم کرد. هیچیان شوێنەواری هەڵچۆی منیان بەسەرەوە نەمابوو. ئەوەی کە لە هەو هەوی من جێ مابوو، هەربەس تۆز و تەمی خۆڵەپۆتەی ڕێیە پشت مالآن بوو کە بەسەر باکووری شار کشابوو. هەر دەتگوت حەفتا و حەوت سوار لە دوور ولآتانەوە بۆ سەر شینگای شەنگەسوار دێن و سمی ئەسپەکانیان تۆزی وردە تۆز دەکەن.

گۆڕستانی باوەپیر بەداوێنی ئەو دیوی گردەکەوە بوو. هەستام، خۆمم تەکاند و وردە دڕکم لەقالبەندم دەرهێنا. ژێر پێ و لەپی دەست و گوپ و گەردن و سەرسنگم دەکزانەوە. دیار بوو وردە دڕکیان تێدا هەر ماوە، بەڵام گوێم نەدایە و ملی جزمەکانم هەتا سەرەوەی بەلەکم هەڵکێشا و لەگرد سەرکەوتم. کە گەیشتمە سەر ترۆپکی گردەکە، چاوم ڕەشایی پێداگەڕا و سەرەخولە دایگرتم؛ وامزانی کوێر بووم. چاوم نووقاند و تاوێک ڕاوەستام. بەترسەوە چاوم کردەوە، ئەمجارە سەریشم سووڕما. داوێنی گردەکە ڕەش داگەڕا بوو. دەریای گەل لە داوێنی گرددا پۆنگی خواردبۆوە و جێی دەرزی هەلآویشتنیش نەمابوو. گەل چ گەل! من بە بەرگ و بەری بەرمەوە، بەجزمەی ڕەشی مامزەدارمەوە و بەسازی و تەیاری بەرگی بەرمەوە، بە نۆکەری ڕووت و قووتی هەرە ناشکواکەشیان نەدەشام.

داوێنی گردەکە حەفتا و حەوت میللەتی تێدا بوو. یەک یەکی ئەم حەفتا و حەوت میللەتە، بێدەنگ و بێ سرتە و بێ چرپە بوون و سەریان دەبەر یەک نابوو؛ هەردەتگوت مەڕن. تاوێکی تەواو وەک داری چاکی بە سەر ترۆپکی گردەکە مامەوە. کەس سەرێکی هەڵنەبڕی کە لەش و لاری بەرز و بەژن و بالآی خۆش تەرزم بەسەر گردەوە ببینێ و بزانێ هەیاران هەتا بەم ترۆپکە گەیشتووم چیهام ڕەنج بەگیان کڕیوە. ناچار ڕماندم و کۆخیم و بەئانقەست بەردم لە بەرد کوتا، بەڵام کەس سەرێکی بۆ وەرنەچەرخاندم. بەنیشانەی پەژارە و خەمی گرانی دڵ، یەک بەدۆڵ ئاخم هەڵکێشا و هاواری هەی باوکەڕۆم بەرەوخوار داکێشا، کەس گوێی نەبزووت. بەخۆمم گوت «بێ و نەبێ مەلا بە تەلقینی کوردی خەڵکەکەی گێژ کردووە.» هاوارێکی ئەوتۆ سامناکم لەدڵ دەرکرد، کە دۆڵ دەنگی دایەوە. بەڵام گەل وەک دەگوێی گادا خەوتبن، هات و هاواریان بەفس نەگرتم. چاوێکم گێڕا، خڕە گابەردێکم بەسەرگردەکەوە بینی؛ خڕە گابەردێکی گرد و گۆڵی حەوت پووتی. خڕە بەردەکە ئەوەندە خڕ و خۆڵ بوو، هەر دەتگوت سەت وەستاکاری شارەزا چەکوش و قەڵەمەیان لێ دەکار کردووە و بەدانستە خڕ و لووس دایان تاشیوە و بەرەو گەل دایان مەزراندووە. بۆی چووم. دەستێکم دەبەر وەراند و لە جێم تلآند. هەرکە خڕەبەردەکە لە جێ خزی، یەک بە دۆڵ و چۆڵ گرماندم و هاوارم کرد. بەدەنگی هاوار و گرمەی من و هاژە و تەق و تۆقی گابەردەکە و خشپەی هەزاران وردە بەردی دی، گەل لەخەو ڕاچەنی. بەرد جاڵە بۆوە و دەریای پۆنگ خواردووی گەلی بۆ دوولەت بوو. هەر حاجی و ناجی بوون بەسەریەکدا دەکەوتن و جزمەی مامزە داریان لە پێ دەهاتەدەر و ڕایان دەکرد. کەس لەبیری ئازیزیدا نەما.

هەر ئازیز بوو لەشی ئازیزی دەکـــردە پردەبازی ڕێی نەجـــات و پێیـــدا دەپەڕیەوە.

خڕەبەرد دەوری هەڵگرت و یەکڕاست بەرەو دارتەرمەکـەی شـەنگەسـوار جاڵە بۆوە. هەناسەم لەسنگدا قفڵ و قەپات کرد. ڕووی پاڕانەوەم بەرەو سـەر ڕاداشت و بەسـەر گـردەوە چەشنی گـورگی برسی، ڕووی پاڕانەوەم بەرەو عـــاســمـــان ڕاداشت و لووراندم و داوای بێ بەڵابوونی تەرمی شەنگەسوارم لە خودێ کرد.

خڕە گاشە بەرد ڕۆیشت و گەیشتە حاندی تەرمی شەنگەسوار، بەڵام هەر ڕاست لە بەرەوەی دارتەرمەکە سنگی لە کەند کوتا و حەوت گەز بەسەر دارتەرمەکەدا قەڵەبەزەی کرد و بەرەو خوارگرد لاترەی بەست و ڕۆیی. گەل شڵەژا. منیش لە شڵەژانی گەل و لە ئاوی لیخنکراو کەڵکم سەند و بە شـانی چەپی گـردەکەدا خۆم لەگـەل کـوتا و تێکەڵیـان بووم. یەکـێک لە بەرەوەی خەڵکەوە هاواری کرد:

ـ خــزمـــینە ورە بەرمـــەدن، وەرن وەگـــەڕێن. کـــار، کـــاری دوژمنانی شەنگەسوارە... ورە بەرمەدەن، وەرن وەگەڕێن...»

گـەل گـەڕانەوە سـەر پەت و سنگەکـەی جارانیـان و چەناگەیان لە بەرۆک چەقاندەوە. منیش هاتم و چەناگەم قـووڵتر داگرت و هەست و خوستم لە خۆمـدا بڕی. چارەگـە سـەعـاتێک پێـچوو، چی نەبوو. نیـوسـەعـاتی تر بەسـەرچوو، هەر بەم حـاڵە مـاینەوە. مـرقـە لەدار و بەرد هات و لەگـەل نەهات. بەدڵـم داهات کە بەرەو سـەرگرد هەڵگەڕێمـەوە و خڕەگـابەردێکی تریشیـان تێ هاڵێنم، بەڵام سـەرگردی ڕووتەنی بێ داری بێ دەوەن، تەنیـا بەردێکی کە بەسەریەوە بوو، هەر بەردی خوالێخۆشبوو، بوو.

بۆ پرس و جـوابێک، ڕوویەکم لەسـمـێڵ فـشی دراوسـێی پەنا باڵـم کـرد. ئەویش وەک ئەوانی تر بێ هەست و خـــوست، چەناگـــەی گـــەزێک لە قـوولـکی بەر ئەوکی چەقـاند بوو. چاوێکم لێکرد، سـەیرێکی نەکـردم. بانگم کرد، وەڵامی نەبوو. ناچار سیخورمەیەکی ئەوتۆم لەژێر خالیگەی کـوتا، گـەز و نیـوێکم هەڵبـەزاندەوە. سـمـێڵ فش نرکـەی لێـوە هات و شریخاندی بەسەرما و گوتی:

ـ جا ئەمە سیخورمـە بوو لەژێر خالیگەی منت کوتا دین تەنەکەی باب عـاجباتی؟! خۆ دەسنوێژەکەمت بەتاڵ کرد کە هیچ، چیشی نەمابوو پڕی دەرپێم پێ هەڵڕێژێ و شەرمەزاری گەل و خودای گەلم بکەیت. جا هێستا لەم چۆڵ و بیروونە بێ ئاوە دا دەسنوێژ بە چی تازە کەمەوە مەجووسی؟»

لێـمـان بوو بەشـەڕ. دەس بە ڕیش داهێنانی ڕیش بۆزەکـانی گەل نەبوایە، شەڕ لەداوێنی گـرد دەترازا و دەبوو بەشەڕی هۆزایەتی و شـەڕی عـالەمیی لەسـەر ساز دەبوو. بەڵام شـەڕ و کێشـەکـەمان زۆر زوو گـوژایەوە و ئاڵای سپـیمـان بۆ یەکتـر هەڵدا و بووین بەبرادەرێکی گیـانی گیـانی. هەر ئەو برادەرەشم بوو کە پێی گوتم گەل بۆچی دەستی ڕاگرتووە و بۆچی هێستـا شەنگەسواریان تەسلیم بەخاک نەکردووە. گەلی بێخەبەر، بە قسەی ئەم و ئەو، دڵیان بە تەپ و تۆزەکەی بەری باکووری شار خۆش کرد بوو و پێیان وابوو کە حەفتـا و حەوت سوارکار، بە نوێنەرایەتیی سوارکارانی هەموو دنیـــا، ئەوا هەر ئێـــســـتێ لە گـــردی بەر مـــاڵانەوە خـــەریکن لاورگی ئەسپەکانیان بە مامزەی تیژی جزمەکانیان کون کون دەکەن تاکوو بەکاتی بەجێ بگەنێ و لەم تاسە دڵ پڕووکێنەدا سەر لە قوڕ بگرن.

گەل سەعـاتێکی تریش ڕاوەستـا، بەڵام سـەرەی سوارکاران سەریان لە گرد دەرنەکـەوت. بەناچار، گـەل چوار خاوەن چاوی نارده سـەر گـرد و خـاوەن چاوەکان بەهەموو سوێ و سوقاقان دا چاویان گێڕا؛ گەڕانەوە و گوتیان کە پێشەنگ و سەرقافڵەسالاری سوارکارەکان گەمژە و گێل بوونە و خێڵی سوارکارانیان لە ڕێ کل کردووە و بۆ بەرێکی تر هەڵکشاون.

مەلای گەل ڕەگی غیرەتی بزووت و بەزمانی ڕەوانی کوردی، دەنگی دلێری دە گـوێی گـەل سریواند و شـەنگەسـواری کـردە تانجی گـەوهەرداری سـەر تەپڵی سـەری هەموو شێرپیـاوانی عـالەم. حەفـتـا و حەوت هەزار کار و کردەوەی پاڵەوانانەی شەنگەسواری بە تەسـبیحەکەی دەستی ئەژمارد. دەیان ئەرکی ئەستۆی شەنگەسواری ناو برد، کە خوالێخۆشبوو هەر بەسەر پشـتی ئەسـپـەوە ڕای پەڕاندبوون. مـەلا هەر بەدەنکەکـانی تەسـبـیـحی دەسـتی، بۆ گـەلی ئەژمـارد کـە چەندەها وڵاتی مـەزنی دەور و بەر دین دوژمنی شەنگەسوار بوونە و چیـها جار ویستوویانە سەری بەگۆم داکەن. تەنانەت هەر ئێمڕۆکەش چی نەمابوو تەرمی پیرۆزی شەنگەسوار بەخڕە گابەردێک بفلیقێننەوە و ئاسەواری لێ نەهێڵن. گوتی کە شارۆچکەکەیان لەمێژ نییە لە گوندڕا بۆتە شارۆچکە و گەل چی بە هەناوەوە نییە، ئەگینا دەبوایە پەیکەرەی شەنگەسوار لە زێری سپی و سوور دا بڕێژرێت و ـ مەلا چاوێکی گێڕا و بە پەنجە، سەر ترۆپکی گردی دەسنیشان کرد ـ دەبوایە لە بان سەری ئەم گردەی بەرامبەرمان دابمەزرێت. »

چاوی گەل دەگەڵ پەنجەی مەلا بەرەو سەرگرد سووڕا و بۆ کورتە دەمێک، سەر دوندی گرد بوو بە ئامانجی تیری تیژی سەدان جووتە چاوان و بۆ ئەم کارە هەڵسەنگێندرا. چاوەکان بەسەر پشتی گرددا خوشین و ڕەشاییەکیان بەسەر دوندی گردەوە بینی. ڕەشاییش تروسکانەوەی چاوی گەلی بینی و یەک بەهەموو دۆڵ و چۆڵ گرماندی و گوتی:

«خـزمـــینە دەس ڕاگـــرن! دەس ڕاگـــرن و گـــوێ بگرنە ئاخـــر وەســـیـــەتی شـــەنگەســـوار! دەس ڕاگـــرن خـــزمـــینە... پێـــمـــە و ئەوا بۆتانی دێنم... وەسیەتی شەنگەسوار بە دەسخەت و نووسراوەی خۆی... »

مەلا گوتی:

«پیرۆزە هەر وەک پەڕی پیرۆزی کەلامی خودێ.»

ڕەشایی هات و هات و گەیشتە شانی گەل. گەل یەک بە یەک ناسیان و دەستیان لە مل دا و گوتیان:

ـ «... ئەشەمبیلا ئەمە هاشم خەنجەر قیتە. هاشم خەنجەر قیت مەیتەری بە وەفای ئەسپەکانی شەنگەسوارە... هەر ئەوە و هەر ئەو بووە کە هەموو تەمـەنی لە خزمـەتی شـەنگەسـواردا تێـپەڕ کـردووە، کـەوایە هەرچی ئەو هێنابێتی، بە لامانەوە نووسراوەیەکی پیرۆزە و باوەڕمان پێی هەیە.»

مەلا گوتی: «بەڵێ باوەڕمان پێی هەیە.»

گەل فەرمـانی خوێندنەوەی ئاخر وەسیەتی شەنگەسواری دەرکرد و مەلا خوێندییەوە:

«ئەی گەل! دەڵێن من شەنگەسوارم؟! ئوباڵی یەک یەکی ئێـوەم بە ئەستۆ، من نیم. ئێـوە لە هەمـوو تەمـەنی ژەنگاویمدا، تەویلەتان پڕی ئەسپ و بارگین کردم، خەڵات و بەراتی ساڵانەی مـەیتـەرانتـان بۆ تەرخان کردم، تفـاق و ئالیکی ساڵانەی ئەسپـەکـانتـان بۆ داخسـتم و تەنانەت نان و خوانەکـەشم هەر لە لای ئێـوەوە بۆ هات. بەڵام ئەرێ ئێـوە و خـوداکـەتان، ئایا تا بە ئیمڕۆ هیچ کامتان جارێک منتان بەسەر پشتی ئەسپەوە بینیوە گەلۆ؟ کەس لەناو ئێوە دا هەیە دەستێک لەمل بدات و بڵێ، بەڵێ من تاکە جارێک بینیومە؟ نەخێر ئەی گەل... نەخێر کەس ئەمەی نەدیتووە. ئەم ناوە، ناوێکی بێ ناوک و ناوەڕۆکە و من بەسەر خۆم هەڵکێشاوە و چاوی ئێـوەم پێ نووسـاندووە. دیارە منیش ئەمـەم نەکـردبایە، یەکێ تر دەیکرد. بەڵام خـوداکـەم بتـانگرێ بۆ لێ نەپرسـینەوەتان ئەی گـەلی

بێخەبەر... خوام تۆڵەتان لێ بستێنێتەوە بۆ بێ دەنگیتان و خواکەم چاوێکتان بکاتەوە بۆ لێک کردنەوە و هەڵاواردنێکی باش و بەدەمار. من ئیتر ئەوا چووم و ناگەڕێمەوە، بەڵام تۆ سەری باوکتان ئێوەش هۆش و بیرەکەتان بگرنەوە و چیتر مەهێڵن ئەم ئاوە بەم جۆبارە دا ڕاببری... »

مەلا کاغەزی دڕی و هاواری لێ هەستا و گوتی ئەمە مەلۆتکەی بوختانە و بە تەرمی پیرۆزی شەنگەسوار دا دەدرێت. پێچراوە و هەڵبەستراوی دەسی دوژمنانی شەنگەسوارە. ئێمە ئەمەی پێوە ڕەوا نابینین و باوەڕی پێ ناکەین...

لە نێو ئاپۆڕەی گەلدا، دەنگی کەرتۆقێنی خاڵەخوولە دۆڵی ئاخنی و یەک بەچڕ هاواری کرد:

ـ هاشم خەنجەر قیت لەمێژە مەقاش و ماشەی دەسی دوژمنانی گەلە. بەکرێگیراوە. خەفێ یە. سیخوڕە. جاسووسە. جاسووسی بێ ناموسە...» دەستی هەڵبڕی و هاواری کرد:

«خزمینە دە وەرن بەچاوی کوێرتانەوە سەیرێکی ژێر نینۆکەکانی من بکەن و بی بینن کە پاش حەوت ساڵان، هێستاش کە هێستایە زەردایی پەین و پاڵی ئەسپەکانی شەنگەسواریان تێدا هەر ماوە... من بەر لە هاشم خەنجەر قیت، نۆکەر و مەیتەری تەویلەی پڕلەئەسپی شەنگەسوار بوومە و من دەزانم کە هاشم خەنجەر قیت جاشە، جاشی ڕوو ڕەشە. سیخوڕە. خەفێ یە. بەکرێگیراوە. جاسووسە... جاسووسی بێ ناموسە. بیگرن! مەهێڵن دەرباچێ !... »

گەل سەری سووڕما و کەوتە دووڕێیانێکەوە. چی ئەما گەل دوولەت بێ و هەر لەتکەی ڕێی ڕێبازێک بگرێتە بەر، بەڵام هەر لەو دەمەدا مەلا هاودەنگ دەگەڵ خاڵەخوولە، یەک بەچڕ و هۆڵ گرماندیان:

ـ «جاشە، جاشی ڕوو ڕەشە. سیخوڕە. خەفێ یە. بەکرێگیراوە. جاسووسە... جاسووسی بێ ناموسە. بیگرن! مەهێڵن دەرباچێ!...»

هاشم خەنجەر قیت گیرا. هێنایانە بەر دەمی مەلا. مەلا خەریک بوو فەرمانەکەی بکاتە فەرمانی گەل و هەر وەک کراسی تاوان دەبەر هاشم خەنجەرقیتی هەڵبدورێ. بەڵام هاشم خەنجەر قیت هاواری کرد و گوتی:

ـ ئەی گەل! بەکێلی گۆڕ و گڵکۆی ئەم گۆڕستانەی کەوا ئەم خەڵکە بێ ناو و نیشانەی لەژێردا خەوتووە سوێند، کە نە من جاشم، نە مەلا مەلایە و نە ئەم خاوەن ناو و نیشانەش شەنگەسوارە. ئەکتان بگرێ خەڵکینە! ئەم خوالێخۆشبووەی کە وا ئێستێ لە بەر دەمتان لنگی لێ ڕاکێشاوە و فسی ئاخرینی کەندووە، شەنگەسوار نییە و وەهاب پشت پانە. وەهاب پشت پان نە قەت سوارکار بووە و نە هەرگیزیش دوولنگانەی بەسەر پشتی ئەسپ و بارگیندا کێشاوە. بەڵام خوا ناهەق بگرێ با بیڵێم و نەیبەمە ژێر گڵ، ئەی گەل، کە هەر ئەم خوالێخۆشبووەم زۆر شەوان بە دوو چاوی سەر بینیوە کە سەری لە تەویلە هەڵێناوەتەوە و کەیفی خۆی بە ماینە سپی تەخت کردووە. بەڵام، بەڵێ، تەرس و پەین و پاڵی ژێر نینۆکەکانی من و خاڵەخوولە، تەرس و پەین و پاڵی ئەسپەکانی وەهاب پشت پانە و ماف و مزەی ئەزانینمانە، دەبێ هەر بیمژین و هەر بیمژین و هەر بیمژینەوە... بەڵام تۆ سەری باوکتان ئەی گەل، ئێوەیش فامێکتان بێ و هۆشی خۆتان بگرنەوە...»

مەلا هاواری کرد: «بیگرن! بیگوژن! خوێنی حەڵاڵە!»

گەل کەللەی هاتە تەمێ و دەستیان وەشاند و جاشێکی ڕوو ڕەشیان خستە جەهەنەمەوە!!

هاوینی ١٩٩١

تەنزی کۆمەڵایەتی:

# ژیلە منداڵی دەبێ

ئاسۆ بیارەیی

«ژیلوان» ئەوە چیتە بۆ گوێم نادەیتێ؟.. دەوەرە قەیتانی پێڵاوەکانم بۆ ببەستە..!

ـ ئەی نازانی ژن کە سکی پڕ بوو خراپە خۆی بچەمێنێتەوە.. ئای ئای وا منداڵەکە خەریکی لەقە هاویشتنە، ئاو سکی بەردامەوە، بە خوا منداڵ بوون ناخۆشە..!

ڕۆژ نەبوو ئەم فیلیمە دەبارە نەبێتەوە. ڕۆژێکیان میوانتان هەبوو لەپڕ «ژیلە» هاواری لێ بەرز بووەوە ئای سکم. لە تۆ وابوو منداڵەکە لەبارچووە و میوانەکانیش حەپەسان..!

«ژیلە» هێشتا سکی چوار مانگی پڕنەکردبوو، تەواو خۆی کردبوە زەیستان. نەتدەزانی چۆن ژیان بەرێتەسەر. لە گەرمەی کاردوە تەلەفۆنی بۆ دەکردی کەوا فریای بکەوی.. تەواو هەراسانی کردبووی. لەبەر خۆتەوە دەتگوت قەیناکا یەکەم منداڵ هەروا دەبێ. لەلایەکی تریشەوە خۆ ئەگەر وا بوایە کەس تاقەتی منداڵ بوونی نەدەبوو.

بیرت لەو باجی مەریەمە دەکردەوە کە خاوەنی شەش منداڵ بوو. منداڵی حەوتەمی لە ژێر کەپری بێستانەکەیان بوو. ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی گەرمی هاوین بوو. لای ئێوارە کە باجی مەریەم ویستی بڕواتەوە بۆ ماڵ، مێردەکەی پێیگوت: ژنەکە! خۆ تۆ هەر دەڕۆیتەوە بەڵکوو هەندێ گیاش بۆ مەڕەکان لە گەڵ دەستدا بەریتەوە. بە بێ ورتە بارێ گیای لە کۆڵی بەست و بەرەوماڵ کەوتەڕێ، هەرچەندە تازەش منداڵی بووبوو...

خەریک بووی بیرت لەو ڕۆژە دەکردەوە کە «ژیلە» منداڵی دەبێ لە پڕ دیسان هاواری بەرزبووەوە و هەموو شتێکت لە بیر چووەوە. یەکسەر جاران ئاسا بە پرتاو چووی بۆ لای و کەمێ دڵت دایەوە:

ـ گوێ مەدەرێ گوڵی خۆم، بڕوام پێ بکە هەرکە بەبەکەت بوو ئازارت نامێنێ.

تۆ زۆر بە هێواشی قسەت بۆ دەکرد. هەندێ کەڕەت دەتگوت شیعری بۆ دەخوێنیتەوە، هێندە وشەی نەرم و نیانت بە کاردەهێنا «ژیلە»ش هەر نارازی بوو.

جارێکیان برادەرێکت سەردانی کردیت دوای ڕۆیشتنەوەی خانمت کردیە عاشورای کەربەلا لێت.. تۆ نازانی فلانکەس دەنگی زلە و منداڵەکەمان دەترسێنێ!.. نازانی بە بۆنی فلان مەعیدەم تێکدەچێ! نازانی منداڵەکانی فلان هارن و سبەی لە منداڵەکەمان دەدەن..!

«ژیلە» وای دەگوت بەڵا هەر کە خۆی گوێی لە دەنگی «مایکڵ جاکسۆن دەبوو، دەبوایە هێندە دەنگی بەرز بوایە کە هەموو گەڕەک بیانزانیایە کە «ژیلە» حەزی لە گۆرانی ئەورووپی یە و منداڵەکەی لە ناو سکیدا فێری ئینگلیزی دەکات.

بە هۆی نازی ژیلەوە زۆربەی برادەرەکانت هاتولۆیان بڕبڕ ڕۆژێکیان هێندە تەنگی پێ هەڵچنیت، خەریک بوو شێتت بکات. لە داخان پێتگوت:

ـ ژیلە بەسیەتی واز لەم بەزمە بهێنە خۆ تۆ لە شوێنێک لە دایک بووی بێجگە لە بۆڕەی مانگا و زەڕی کەر هیچی تری تێدا نەبوو، پێم ناڵێیت چیتە؟ خۆ سێ ساڵ نابێ لە سوێدی!؟ ئێستاش دوکەڵی پاسەڕێەکان لە لووتت دایە..

هەر ئەو ڕۆژە خۆت بە دەرکردن دا. ژیلە، تەلەفۆنی بۆ پۆلیس کرد کە تۆ ئەفسییەن ئازارت داوە و نایەوێ چیتر لەگەڵتدا بژیێت..

کورتەچیرۆک:

# بەسێ

عەلی نانەوازادە

دەڵێن تەنگانە بەریان کورتە. هەڵبەت ئەوەیان هێندە کورتیش نەبوو، دوازدە ساڵی کێشا. دوازدە ساڵ پێشمەرگەبوون؛ ئەم شاخ و ئەو شاخ کردن؛ لە ترسی فرۆکە و بۆمب و تۆپ دەگەڵ مار و مێروو لە کون و کاژێڕدا ژیان؛ دوازدە ساڵ نان و دۆ خواردن و کەشک مژتن؛ بە سەرما و گەرما لە سەر بەردی رەق خەوتن؛ دوازدە ساڵ... بە هەر حاڵ تەواو بوو و لە سوید خۆمان گرتەوە.

گێژ و وێژ لە ماڵێکی گەورە و خاوێن، بە زستان گەرم و گوڕ و بە هاوین فێنک، بە کەرەسەی پێشکەوتووی نێو ماڵ و کۆڵێک پووڵ و پارە و کابرایەکی گوێ لە مست بۆ شت کڕین، پێشوازیان لێکردین.

لە سووچێکی ژوور تەلەویزیۆنێکی گەورەی رەنگیی کە هەر لە دوورەوە کاناڵە هەزار جۆر و هەزار نەقشەکانی دەگۆڕدرا، موبلی گەرم و نەرم، دیوی خەوی بە جوێی منداڵان بە تەخت و کەرەسەی منداڵانەوە و دیوی خانم و ئاغاش بە تەختێکی لە موبلەکەمان گەرم و نەرمتر بە جوێ. هەر لە سەری درێژ دەبووین خۆ بە خۆ قدیلکەمان دەهات و سواری سەری یەک دەبووین، تەلەویزیۆنیش پتر بۆ ئەو کارەی هان دەداین. بەلەک و مەمک و سمتی رووت و لەوەش خراپتری بە مفت و بەلاش نیشانی دەداین. خێزانم هەر تف تفی بوو من هەر چەند کە شەرمم دەکرد بەڵام هەر کە خێزانم دەچوە ئاودەست یا لە دیوی دانیشتن دوور دەکەوتەوە دەست بەجێ دەمهێنا سەر کاناڵی بێ نامووسی ـ ناوێک کە خێزانم لێینابوو ـ جارجارەش شەوانە بۆی هەڵدەستامەوە و دەنگیم کز دەکرد و بە تەنیا دەمڕوانی.

وەک عادەت تولحی بەیانی هەڵدەستاین، بەڵام خۆ چ کار نەبوو، نە وڵات ئاوپڕژێن کردن و گەسک لێدان و تەپ و تۆز لە هەوا کردن، نە جێگا خڕ کردنەوە، نە دار شکاندن، نە چوونە سەر چۆم و دەراو، نە شەڕ، نە کەمین، نە جەولە، هەر هیچ.. هەموو شت لە بەر دەستان بوو تەنانەت سەماوەر پێوەنانیش نەبوو، هەر بلێی یەک و دوو بەو دەم و دەزگایانە چا ساز دەبوو و چێشت گەرم دەبۆوە. کارم ببوو بە ئاوجۆ خوادرنەوە و تەماشای تەلەویزیۆن کردن و خانمیش لە سەر هەیوانێ چاوی لە دەرێ دەکرد و منداڵەکانیش دەچوونە باخچەی منداڵان، سواری سەری یەک بوونیش دیار بوو تامی پێشووی نەمابوو.

رۆژێک کە دانیشتبووم و نم نم ئاوجۆم پێدادەکرد و سەیری تەلەویزیۆنم دەکرد، خێزانم هات و کوتی: پیاوەکە وەڕەز بووم ئەوە چەند مانگە لەو ژوورە دام و وەدەر نەکوتووم دەڵێم تاوێک بچمە بەر دەرکە دانیشم، رزیم لە ژوورێ دا. پێکەنینم هاتێ و کوتم: ئافرەت خۆ ئێرە دێ نییە، بزانە بەو جلانەت ئابڕوومان نابەی. چەند جارم پێکوتووی لە وڵاتی کوێران دەبێ دەست بە چاوت بگری، سبەی نا دوو دەبێ بچینە سەر کلاس و زمان فێر بێن هەر دەبێ ئەو جلانەت وەلا نێی. کوتی: جا چۆن من قوونم دە توورەکە نێم و پیاوی خەڵک چاوی لێکەن، دونیا عەمری نەمێنێ جا چۆن تۆ غیرەتت قەبووڵ دەکا. کوتم: کچێ ئافرەت لێرە کێ چاو لە یەکتر دەکا کە بێن چاو لە تۆ کەن. کوتی: ئەو قسانەم بە گوێ دا ناچێ پیاو هەر پیاوە، دەنا ئەو کاناڵە بێ نامووسییەیان بۆ داناوە؟کوتم: باشە هێندەی لە سەر مەڕۆ هەستە دەستی منداڵەکان بگرە و بچۆ ئەو دارستانەی پشت ماڵمان، شوێنێکی چۆلە و کەسی لێ نییە، تاوێک بۆ خۆتان بگەڕێن..

خێزانم بە منگەمنگ و بۆڵەبۆڵ دەستی منداڵانی گرت و چوونە دارستانی پشت ماڵمان. منیش دەست بە جێ هێنامە سەر کاناڵی بێ نامووسی و ئاوجۆیەکیشم هێنا و خەریکی چاو لێکردن و دەست لە خۆ وەردان بووم. لەپڕ خێزانم بە هانکەهانک گەڕاوە، کولمی سوور ببوونەوە و چاوی دەبریسکانەوە. بە پرسیارەوە چاوم لێکرد. کوتی: کوڕە نازانی دیتمەوە، دیتمەوە. وەمزانی دەبێ خەزێنە یا پارەیەکی دیتبێتەوە کوتم: کوا؟ کوتی: لە دەرێیە، ژنە کوردێکە، جیراغانە بە پەنام دا تێپەڕی و کوتی خوشکێ. هەر کوتی خوشکێ بەندی دڵم پسا و وەختا بوو لە خۆشیان شاگەشکە بم. وەمزانی فریشتەیەکە و لە ئاسمانەوە بانگم دەکا. دیارە ژنە شارستانی یە، چونکە بێ ئەدەبی نەبێ دوو لینگەی دەبەر دابوو و چاویلکەی لێ دابوو. بەڵام بە خودای من گوێم لەوەی نییە، هەر کورد بێ بۆ من بەسە. کوتی ئەوە ماڵمە جارجارە وەرە سەرم بدە.

بەدبەختی لەو رۆژەوە دەستی پێکرد، دیارە زۆر زوو خۆی نەنواند بەڵام بناغەکەی دارِشترا.

خێزانم کچە لادێییەکی بەدبەختی قوڕ بە سەر بوو کە هەموو رۆژێ بە شەقی دایکی وەخەبەر دەهات و لە بەری بەیان هەتا تاریکایی شەو خەریکی، کەمرە بڕین، تەپالە کۆ کردنەوە، قەلاغ پێوەدان، دەسکەنە، مەڕ دۆشین، دار شکاندن، نان کردن و کار و کار و کار بوو. هەڵبەت نە بلێی لێی وەڕەز یا پێی ناخۆش بوو. خوویەک بوو کە دەگەڵ شیر خواردن چوو بوو نێو خوێنییەوە. ناوی بەسێ بوو. لەو دۆڵ و شاخە ئاشق و گیرۆدەی یەک بووین و بووینە ژن و مێرد.

وردەوردە خات بەسێ دەگەڵ ئەو ژنەی جیراغان کە بێ ئەدەبی نەبێ بێوەژن بوو، بوونە دەستەخوشک، هەڵبەت ئەگەر بلێم کە بەسێ ببوو بە کلفەتی باشترە. چونکە هەر خانم تەشریفی دەهاتەوە تەلەیفوونی دەکرد و بەسێ بێ سێ و دوو لێکردن دەچوە ماڵیان و هەتا درەنگانێکی نەدەهاتەوە. لە پێشدا پێم ناخۆش نەبوو، هەم ئەو هاودەمێکی وەگیر کەوتبوو و هەم منیش وڵاتم بۆ چۆڵ دەکرا.

دوای ماوەیەکی زۆر کورت، بەسێ ئەک وردە وردە بەڵکەم لە پڕ جلی کوردی دانا. بە تەنێ دانیشتبووم کە دیتم بەسێ بە دوو لینگە و کراس و کەوش و کیفێکی سپی لە سەر شان کە مووی سەری لە پشتەوە بەستبوو، وەژوور کەوت. واقم ورما. یەکراست چوو لە سەر موبل دانیشت و لاقی هاویشتە سەر لاقی و بای دە غەبغەب گەڕاند. خۆشم لێیهات تەواو گۆڕابوو، لە ژنێکی جوانی کەم تەمەن دەچوو، هەڵبەت هەندێک داو و دەرمانیشی لە خۆی دابوو. کە دیتی بە سەرسوڕمانەوە هەر چاوی لێدەکەم لە قاقای پێکەنینێی دا و کوتی: پێت چۆنە؟ بە سەری تۆ بۆ خۆم چ رازی نەبووم ئێوا گیان بە زۆری ئەو جلانەی خۆی دامێ، هەر بۆ تاقیکردنەوە دەبەری کەم. کوتی: بزانە ئەگەر مێردەکەت پێی جوانە هەڵیگرە. کوتم:

ئافەرین زۆر جوانە زۆرت لێدێ، خۆ من پێم کوتبووی جلی کوردی دانێ بزانە بە قسەی منت نەکرد. کوتی: ئاخر لە رووم هەڵنەدەهات، ئێستاش لە رووم هەڵنایە. دەڵێی چی پێت جوانە، هەڵیگرم؟ کوتم: نا ئەوانەی بدەوە ئی نوێت بۆ دەکڕم.

هەر سبەی بەسێ بەم جلانەوە دەگەڵ ئێوا گیانەکەی چووە بازار و بە دوو سێ کیسەی زلی پڕ لە جلەوە هاتەوە. بەسێ خانم هەموو رۆژێ جلی دەگۆڕی و هەمووشی دەست بوون، داو ودەرمانی بە ناوی سەیر سەیر دەکڕی و لە خۆی هەڵدەسوو. نازانم ئەم ناوانە چ زوو فێر بوو، هەمووشی بە من نیشان دەدا و رای منیشی دەپرسی. من یا شانم هەڵدەتەکاند یا دەمکوت نازانم بۆ خۆت دەزانی.

کلاس و دەرس و دەوری زمان فێر بوون دەستی پێکرد و من بە کۆڵێک تەمەن و سمێڵەوە لە سەر کلاس دانیشتم و خێزانیشم بە جلی دەست و فەڕەنگی لە پەنام. چوونە کلاس لەمپەر و بەرگریی بە تەواوی بۆ بەسێ شکاند و تاقمێک دەستەخوشکی سەیر و سەمەرەی بۆ خۆی پەیدا کرد کە هەموویان بێوەژن بوون. من ناڕەحەت نەبووم و بە پێچەوانە پێشم خۆش بوو و پێمـوابوو شتێک لەو بێوەژنانە هەڵدەکرێنم، بەڵام کە دەهاتنە ماڵمان هەر لاشیان لێ نەدەکردمەوە و خۆیان دەچوونە دیوێک و دەیانکردە حیلکە حیلک و چەقڵەسەما و منیش وەک هەمیشە چاوم لە تەلەویزیۆن دەکرد و دەستم لە خۆم وەردەدا.

بەسێ هەر وەک جل دانانی لەپڕ ناویشی گۆڕی و کردی بە نۆسا. کە بانگم دەکرد بەسێ، نێوچاوانی تێکدەنا و بە هات و هاوار دەیکوت: بڵێ نۆسا دەنا لەوە بەدوا جوابت نادەمەوە. لە سەر ئەوە زۆرمان کێشە کرد بەڵام ئەوەندە ئەو بێوەژنە فرتۆڵانە تەلەیفوونیان کرد و کوتیان نۆسامان دەوێ و ئەوەندە لە سەر کلاس بە نۆسا بانگیان کرد هەتا منیش بەسێم لێ بوو بە نۆسا و ناوی بەسێ چوە نێو قامووسانەوە و لە مێشکی منیش دا پاک بۆوە.

رۆژێک نۆسا هاتەوە و کوتی: ئەرێ تۆ لە کێو هەزار تڕ و تۆپت لە سەر لێدەدام کە شارستانی، شار و وڵاتت تەقاندۆتەوە، ئەوەندەت دەرس خوێندوە، ناوات سیاسەت گێڕاوە، ئەو کارەت کردووە و ئەو کارە دەکەی، ئەی کوا شارستانییەکەت؟ بزانم دەزانی پیتزا چیە؟ بزانم دەزانی رستووران و دیسکۆ چن؟ کوتم: چۆن نازانم ئەوە تۆی تازە ئەو شتانە دەبینی کرمانج خانم. کوتی ئەرێ کرمانجم بەڵام چم لە تۆ کەمتر نییە و بگرە زۆریش لە سەرترم. تۆ کە ناوت پیاوە بزانم کەچە ماشێنێکت هەیە، هەر دەتوانی ماشێن لێ خوری ئاغای شارستانی، ئەوەتا هەموو ئەو ژنانەی ناوالم ماشێنیان دە بن پێی دایە و سەد شاریی وەک تۆ بە نۆکەریش ناگرن.

دمەقاڵە و شەڕ و نێوان ناخۆشی لە مێژ بوو دەستی پێکرد بوو و هەر دەهات و توندتر دەبوو. نۆسا پشتی بە حەق و حقووقی خۆی و منداڵەکان گەرم کردبوو و منیش دەست و زمانم بەسترابوو. نۆسا هەر دەهات و جوانتر دەبوو و نزیکیی شەوانەشمان لە کەمی دابوو و بە هەزار ناری عەلی ماچێکی دەدامێ یا ئیزنی دەدا کە دەستێکی چووکی لێدەم. منی شارستانی هەزار عەیب و ئیرادم لێ پەیدا ببوو، بۆنی ئارەقەم لێدەهات، زارم بۆ جگەرەی دەدا، سمێڵم بۆ روومەت و لێوی زوور بوو، ... هەموو ئەوانە ببوونە هۆی ئەوە کە ئەوەندی دیکە پتر ئالوودەی کاناڵی بێ نامووسی بم و هەست بە نزیکایەتی لەوان و دوورتر بوونەوە لە نۆسا بکەم. کێشەی هەرە سەرەکیمان شەوێک دەستی پێکرد کە خانم شەو درەنگانێکی مەست و لوول و جگەرە لە سەر لێو هاتەوە. دوو چاوم چوونە پشت سەرم و کوتم هەرچی دەبێ بابێ. هەستام تێی هەڵدەم، زاری کردوە و کوتی: دانیشە خۆت لە سەرم مەکە پیاو، ئەورۆ چوومە دادگا و داوای جوێ بوونەوەم کردووە و ئەورۆ و سبەی لەوانەیە بانگت بکەن بەڵام بەر لە جوێ بوونەوەی تەواو، هاتووم پێشنیارێکت پێبکەم. بەو قسانە وەها کاس ببووم کە مێشکم تەواو کاری نەدەکرد و زەق چاوم تێبڕیبوو. کوتی راستییەکەت دەوێ لەوەی کە ژنم ماندوو بووم، دەمەوێ جوێ بمەوە و خۆم بکەمە پیاو، هەموو دەستەخوشکەکانیشم رازین و پێیان وایە بۆ پیاوێکی تەواو دەبم، ئەوجار دەگەڵ دوکتوریش قسەم کردووە و هیچ کەم و کوورپییەکم لەم بابەتەوە نییە. بەڵام پێویستە لە پێشدا جوێ بمەوە و وەزعی ئەو منداڵانە روون کەمەوە. پێشنیارێکم هەیە ئەگەر بە قسەم بکەی ئەو ماڵ و حاڵە تێک ناچێ. ئەویش ئەوەیە کە دوای جوێ بوونەوەمان تۆش خۆت بکە بە ژن و پاشان من دەتهێنم. بەمجۆرە ئەو منداڵانە دایک و بابیان دەمێنێ و هەر تەنیا جێگایان دەگۆڕدرێ، من ئەوە رۆیشتم و خۆت بیری لێبکەوە.

نۆسا رۆیشت و من تا وەخۆ هاتمەوە وڵات رووناک ببۆوە. بیرم بۆ نەدەکراوە. نۆسا دەست بەجێ تەمای دەگرت و تەماکەشی دەبردە سەر و من لە بەرابەریدا چم پێ نەدەکرا، دەمزانی لێک جوێ دەبینەوە و خۆ دەکاتە پیاو، بەڵام ئایا من دەمتوانی ببمە ژن؟ دیارە نا! بەڵام راستەقینەی ژیان و وەزعی ماڵ و منداڵ ئەوەشی پێکردم و رەزایەتم دا کە ببمە ژن.

لە یەک جوێ بووینەوە. ئەو بوو بە پیاوێکی شووشی باڵابەرزی جوان بە ناوی ئێریک و من بووم بە ژنێکی چرچ و لۆچی مەمک داچۆڕاو بە ناوی نۆسا. زەماوەندمان کرد و بووینەوە ژن و مێرد و یەک ماڵ، بەڵام ژن و مێردی چی، ئاغا لە نێو بێوەژنان خۆی حەساندبۆوە و رۆژ بە رۆژ ژنی جوانتر و جەوانتر دەورەیان دەدا و هەر ئەوەندەش پتر لە من دەکشاوە و من وەک کڵفەتێک منداڵداریم بۆ دەکرد و میوانە بێوەژنەکانم بۆ بەڕێ دەکرد. بەوەش رازی بووم کەچی ئەوەی کە دەبا قەومابا قەوما و دیسان مەست و لوول پەیدای بۆوە و داوای جوێ بوونەوەی کرد. لە یەک جوێ بووینەوە. ئەو جوان و جەحێڵ منداڵەکانی بە سەر من دابڕی و رۆیشت و من بە بێوەژنی مامەوە کە دەزانم هەتا دونیا، دونیا بێ چ پیاوێک لام لێناکاتەوە و ئەوەی بۆم دەمێنێتەوە هەر کاناڵی بێ نامووسییەکەیە و هیچی دی.

زستانی ٩٤ ـ کارلستاد

دوو هۆنراوەی خوالێخۆشبوو:

**مەلا خدری عەبباسی**

**دەزانی چی؟ دەزانی کێم؟**

دەزانی چی؟ دەزانی کێم؟
ئەی مۆتەکەی مەودای شەوگار
قورسایی گیان
ئەی دۆڵپای سەر شانی هەژار
ڕەشایی ژیان
ئەی خەوی ئاڵۆز و بە سام،
ئەی زۆرداری بێ بەزەیی
دوژمنی ئەگریس و نەفام

دەزانی کێی؟ دەزانی چی؟
تۆی تیراوەی تیری چڵکن
تارمایی ناو شەوەزەنگی
مچوڕکی سامناکی مردن
یان چنگوڕکی هەزار چەنگی

من دەزانم
لە ئاوێنەی دنیانوێنی ڕابردووم دا چ دەبینم!
گەردەلوولی بێ دەرەتان
جستانی تووش و ئەپساوە
شەوگاری پڕ تەم و تومان
گەلانی دیل و چەوساوە
لێژی درێژ، هەڵدێری زۆر
هەوری چڵکن
تەمی مردن، تارمایی گۆڕ...
لە تۆماری تەمەنم دا چ دەبینم؟
ئەژدەهاکی مێشک خۆر و زیندانەکەی
ئەیارگەلی گەلەکەم و پیلانەکەی
ئەی تاوانبار،
تۆش دەزانی چ دەبینم؟..
مەیدانی تیر، مێشکی پژاو
بۆنی باڕووت، خوێنی ڕژاو..


دەزانی کێم؟
من ئەو بایەم
تەمی سامم ڕەواندەوە
ئەو هەتاوەم
ڕنوو بەفرم تواندەوە
ژیلەمۆی ژێر خۆڵەمێشم
بە بای باوەڕ گەشامەوە..

دەزانی کێم؟
من هەتوانم،
تیراوەی گەل تیمار دەکەم
بە خوێنی گەش سەربەستی گەل تۆمار دەکەم
گوڕ و گڕی تێکۆشانم
ڕەمزی مەردیی و نەوەستانم
من سەفینم، هێدڕێنم، ئاگری داغم
من قەندیلم..
شاهۆم..
جوودیم..
چیای بەرزی کوردستانم.
خۆت گێل ئەکەی دەزانی کێم
من ئاسۆی بەرزی وڵاتم
باوەشی خۆم گرتۆتەوە
لە لووتکەی گەل
بۆ گزینگی بەربەیانی سەربەستی گەل..

دەزانی کێم؟
نەوەی ڕەزا و شێخ سەعیدم...
گۆڕی بێ بن
بۆ تاقمەکەی ئەتاتورک هەڵدەقەنم
لە شینیاندا شایی دەکەم،
لە سەرگۆڕیان هەڵدەپەڕم، پێدەکەنم
ڕۆڵەی قازی و شێخ مەحموودم
پەتی تۆڵەم بە دەستەوە
تۆڵەی ڕۆژانی ڕابردوو
تۆڵەی سووتاو،
تۆڵەی کوژراو
تۆڵەی ڕۆڵەی لە دار دراو
تۆڵەی مردوو،
تۆڵەی زیندوو..

نانا، دوژمن! وا تێنەگەی
دەریای بێ بنی خەباتم
هەڵگری گەمیەی نەجاتم
لافاوی تۆڵەی بێ ماڵم
خشت و خاڵی زوڵم و ستەم ڕادەماڵم
هاکا هاتم
بگرە هاتم.. بگرە هاتم!
تۆی هەڵاتوو، کە من هاتم
ئەوسا مێژوو پێدەکەنێ
بە چی، بە کێ؟
بەو دیەنە ڕاستەقینە پێدەکەنێ...

• • •



مەلا خدری عەبباسی (١٩٣٦-١٩٩٧)

### نالەی بولبول

نەشـەی چاوت ئەوەندەی پەرچەم و پرچت دەبزوێنێ
بە شۆقی کۆلمەت و سیخی موژەت قەلبم دەبرژێنێ
دڵم لەو کاتەوە خونچەی دەمی تۆی دی لە گوڵزارت
وەکوو بولبول لە سەر سەروی قەدت هەروا دەناڵێنێ
نەمانی لوتفی شیرینت لە لێوی لەعلی ڕەنگینت
ستوونی بێ ستوونی تەن بە جارێک تێکدەقرمێنێ
کە تۆ شیرن کەلامی و دێتە پابۆست گەلی لەیلا
دڵی شێواو و شێتی میش بە یادت خوێن دەپرژێنێ
ئەگەر هەوری هەناسەم بێتە بارینێ لە ئەشقی تۆ
دووسەد فەرهاد و مەجنوونی بە سەریەکدا دەبارێنێ
ئەگەر جەیحوونی ئەسرینم نەبێ بۆ دۆزەخی قەلبم
لە تاوێکدا تەواوی عالەمی دنیا دەسووتێنێ
لە ئەزرەت ڕەنگی سووری پەنجەکانت، سوورە «عەبباسی»
کە دەشتی مەعرەکەی ئیشقت بە خوێنی گەش بڕەنگێنێ

• • •

☐ مامۆستا مەلا خدری عەبباسی (سارکێ) لە ساڵی ١٩٣٦ لە گوندی سێسێری ناوچەی سەردەشت لە دایک بووە. لە ساڵی ١٩٩٧ بە هۆی نەخۆشیی سەرەتان لە دوورەوڵات ماڵئاوایی لە ژیان کردووە و، تەرمەکەی لە گۆڕستانی «گاڵ گێبێرگ»ی ئوسلۆی پێتەختی نورویژ بە خاک ئەسپێردراوە. یادی بە خێر بێ و گڵکۆکەی پڕ لە شڵێر.

## دووی ڕێبەندان لە وڵاتی فینلاند (یواسکولا)

**سووکە ڕەخنەیەک لە سەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی**

**س. هاوار**

کەسایەتی پێشەوای نەمری گەلی کورد، نوختە سەرەتایەکە لە کۆماری کوردستان (١٩٤٦ز) کە دوای ٥٥ ساڵ لە تێپەڕبوونی ئەو ڕووداوە مێژووییە، ئێستاش وێنەی خۆرێکە بە تاو و تین لە ژیانی پڕ لە کارەساتی نەتەوەکەماندا. خولقێنەری ئەو ژیانە لە دەروازەی هەزارەی سێ دا، ئاسەوارێکی وای خستووەتە سەر دڵ و دەروونی هەموو مرۆڤێکی ئازادیخواز و تێکۆشەر کە هەتاهەتایە لە بیر ناکرێ و هەر زیندوو ڕادەگیرێ. دووی ڕێبەندان، هەموو ساڵێک وەک یادی کۆمار و باوەڕی «قازی موحەمەد»، لە هەندەران، لەلایەن لایەنگرانییەوە پیرۆز دەکرێ و، بە پێکهێنانی کۆڕوکەمەڵ و ساز و ئاواز، چەند سەعاتێک کێش و هەوای یادی ئەو ئەستێرە گەشەی ئاسمانی کوردەواری دەچێتە سەر شاشەی بیر و مێشکی بەشداران.[1]

دووی ڕێبەندان چقڵی چاوی دوژمنی کورد و، هیوای دوا ڕۆژی هەموو گەلی کوردە، دووی ڕێبەندان کۆرپەی ساوای لە دایکبووی ئەوینی نیشتمانە کە لە باوەشی گەرم و گوڕی چەندان میلیۆن کورد پەروەردە کرا و لە دارەدارەی مێژوو دەرچوو. دووی ڕێبەندان وەک دارێک، بە دەستی توانا و هەستی پاراوی قارەمانی گەل، شەهیدی نەمر **«قازی موحەمەد»** ئاودێرکراوە و سێبەری ئەو دارە وێڕای جێ و ڕێ و دەمارەکانی، بەری هەر چوارپارچەی کوردستانی لە سەرە و بانی ژیانی هەموو کوردێکی لە بەرە.

سەهۆڵبەندانی زستانی ژیان و سەخڵەتی سەرمای دوورەڵانی لە هەندەران، گڕ و گەرمای پڕ لە سۆزی ئەو ڕۆژانەی وەک ساڵانی پێشوو خستەوە دەروونی دەردەدار و داماوی من و، وێنەی کوردێک بە ئەرکێکی نەتەوەیی، سەروسامانی هیوام بخەمە جانتای باوەڕم و ڕەپێچەکیان دەم بۆ بەشداری لە دووی ڕێبەندانی ساڵی ٢٠٠١ لە شاری یواسکولای فینلاند.

دوای گەیشتنە شوێنی دیاریکراو و وەرگرتنی بلیت[2]، بیستم کە گۆرانیبێژی بە ناوبانگ کاک ناسری ڕەزازی ئاهەنگەکە دەڕازێنێتەوە، ئەوەندەی دیکە خەلک بە زەوق و جۆشتر چاوەڕوانی دەرکەوتنی مانگی نوێ بوون لە تاریکی ئاسمانی غەریبیدا. قەراربوو ڕێوڕەسمەکە، سەعات ٥ی ئێوارە دەست پێبکا. خوێندنەوەی سروود و وتار و هەڵپەڕکێ لە لایەن تاقمێک کیژی گەنج و کوڕی لاو بەردەوام بوو. ڕادەی بەرپرس و بەڕێوەبەر لە جەماوەر زێدەتر بوو. ئەوان دەهاتوچۆدابوون و فەرمانیان دەدا. لە هەر یەک لەوانم کە دەپرسی:

ـ ئەرێ کاک ناسر کوا؟

ـ ببوورە، لە ژێرزەمینە!

ـ کام ژێرزەمین؟

ـ نازانین .. ئەوە کارێکی نهێنی یە!!

دوای ٤ سەعات لە تێپەڕبوونی شەو، جەماوەر خەونووچکە دایگرتبوون و خەریک بوو خەو بیانباتەوە کە لە پڕ دەنگی بەرزی فەرمانی بەڕێوەبەر لە پشت میکرۆفۆن خەوی ڕاپەڕاندم و گوتی: میوانانی بەڕێز، ئێستەش نەوە ئێوە و ناسری ڕەزازی.. چەپڵە و فیتوو، قاو وقریشکە سالۆنی داگیر کرد.

ـ «من وەک هونەرمەندێک پێش هەموو شتێک شەڕی ناوخۆیی بە توندی مەحکووم دەکەم، ئەو شەڕە دوژمن پێمان دەکا، ئێمە دەبێ دەست لەو شەڕە بەردەین».

ڕێچکەی هەڵپەڕکێ گیرابوو.. چاوەکان زیت ببوونەوە کە ئاهەنگی هەڵپەڕکێ و خۆهەڵخستنەوە لێبدرێ.

«شەم سووتا و بولبول و پەروانە وەک من خەویان دێ ئەی عەجەب!»

دوای ماوەیەک هەڵپەڕکێ کە ٤٥ خولەکی خایاند، پۆ و ڕایەڵی گۆرانییەکانی ڕەزازی لە بەر یەک پچڕا و، دووبارە وێڕای چەند ئیسکۆرت ڕەوانەی ڕێرزەمین کرایەوە؛ وەک ئاوێکی ساردت بە سەرداکردبێتم، وابوو! چ زوو تەواو بوو؟

وتار و کورتەپەخشان بە کوردی و فارسی و فینلاندی بە دەنگی بڵیند و بەسۆزی کاک... هەمدیسان دەستی پێکرد، هەرچۆنێک بێ نێوئاخن لەلایەن هونەرمەندێکی دیکەوە پڕ کرایەوە و چەند گۆرانی پێشکێش کرا.

ـ کاک ناسر.. کاک ناسرمان دەوێ..

پاش ماوەیەک کاک ناسر وێڕای ئیسکۆرتەکانی لە ژێرزەمین هاتەدەرێ. گلەیی لێکرابوو کە ڕێبەندانی پار قەراربوو بێتە فینلاند، بەڵام لە ژێر قەرار دەرچووبوو! بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو کارە، داوای لێبووردنی لە بەشداران کرد و گوتی: هەرچەند ماوەمان کەم ماوە.. هیوام ئەوەیە شەوێکی تاڵتان لێ نەچووبێ.. ئێستەش چەند گۆرانی دیکەتان بۆ دەڵێم و ماڵئاواییتان لێدەکەم!!

دووی ڕێبەندان، دەبوایە لە هەندەران بە گرتنی سمینار و کۆنفرانس و کۆنگرە، عەرش و قورشی هێنابایە جۆش و ئەو ڕووداوەیان کردبا بە ڕەمزی یەکێتی بۆ هەموو خەڵکی کوردستان.

ڕەشەکان ماندێلایەکیان هەیە کردوویانە بە سۆشیانی[3] خۆیان و پێی خەنی بوون، کەچی ئێمەی کورد، هاواری ژێر سێدارەی سۆشیانەکانی خۆمان: شێخ سەعید و شێخ مەحموود و سەید ڕەزا و قازی موحەمەد و ئەمڕۆش ئاپۆ، کە هەرکام ئاوێنەی تەواونومای ئاواتە مێژووییەکانی کوردن، نابیسین و گرینگییەکی وایان پێنادەین.

دووی ڕێبەندان، کۆماری هەر چوار پارچەی کوردە. دووی ڕێبەندان پەخشانە مێژوویەکی نەخشاوی کوردە کە بە خوێنی شەهیدانی گەل نووسراوە و سوور هەڵگەڕاوە. مێژووی گەلی کورد گرێدراوی یەکترە، با دووی ڕێبەندان بە باشی بقۆزینەوە و لە چوارچێوەی بەرتەسکی باوەڕدا دەریخەین و نەیکەین بە ڕێوەڕەسمی چەند گۆرانی و هەڵپەڕکێ و پاشانیش ماڵئاوایی هەتا ساڵێکی دی.

٢٠٠١/١/٣٠

**پەراوێزەکان:**

١) ئەو ئاهەنگە، ڕێکەوتی ٢٠٠١/١/٢٧ لە لایەن کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ـ فینلاند بەڕێوەچوو.

٢) بۆ ئەوەی لە کڕینی بلیتدا، تەڵەکە و فڕوفێڵ ڕووندا هەرکەس وەژوور کەوتبا، دەبوایە دەستی مۆرکرابا!

٣) سۆشیان واتە فریشتەی نەجات کە وشەیەکی ئاڤێستایی یە.

## چاپەمەنی

ــ هەڵوەدا، گۆڤارێکی وەرزانەی گشتی یە، ژمارە١، پایزی ٢٠٠٠. ئادرێسی داواکردن:

Helweda
Liabrukollen terrasse 55
1165 Oslo- Norway
Tel / Fax: 00 47 22 28 53 76

ــ ڕوونبوونەوە (هۆنراوە): ڕەفیق سابیر، چاپی یەکەم، سوێد ٢٠٠١، بڵاوکراوەی ڕابوون. ئادرێسی داواکردن:

Rabun, Box 25161
75025 Uppsala, Sweden

ـ داستانی کوڕە و کچە، نووسینی: سیروان کاروانی، نووسینەوەی بە پیتی لاتین: مەهاباد کوردی، چاپی یەکەم، سوێد ٢٠٠١. ئادرێسی داواکردن: بڵاوکراوەی ڕابوون(ئادرێسی سەرەوە).

## دیارییەکانی مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی بۆ گزینگ:

١- بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، دانراوی محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ١٤١٩ک - ١٩٩٨ز.

٢- بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، دانراوی محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، ١٤١٩ک - ١٩٩٩ز.

٣- بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، دانراوی محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، ١٤٢١ک - ٢٠٠٠ز.

٤- اقتران النیرین فی مجمع البحرین، تەرجەمەی حەدیثەکانی موسلیم و بوخاری، دانراوی مامۆستا مەلا ڕەشید بەگی بابان، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرگی یەکەم ١٤١٥ک - ١٩٩٥ی ز.

٥- اقتران النیرین فی مجمع البحرین، تەرجەمەی حەدیثەکانی موسلیم و بوخاری، دانراوی مامۆستا مەلا ڕەشید بەگی بابان، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرگی نۆیەم ١٤١١ک ١٩٩٠ز.

٦- دیوانی ڕەنجووری «مەلا عومەری زەنگەنە» لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (آفاق عربیە)، ١٤٠٣ک - ١٩٨٣ ز، بەغدا.

٧- کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرگی چوارەم، چاپی یەکەم، بەغدا. ١٩٩٣.

٨- چەند دەرزێک لە پەروەردەی ئیسلامیدا، محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپی یەکەم، ١٤١٨ - ١٩٩٧ز.

٩- شهرزور - السلمانیە (الوا و المدنیە)، المحامی عباس الغزاوی، راجعە...: محمد علی القرەداغی، بغداد، ١٤٣٠ ه - ٢٠٠٠ م.

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine



**Adminstrator& Editor**

Solaiman Chireh (Herish)

**Address**

**GZING / S. Chireh**
**Valstavägen 62 2tr**
**195 50 Märsta- Sweden**

**Tel/Fax** +46 - 08 59 11 36 50
**Mobile**: 070-2359687

**Postgironr**: 443 5022-1



No. 30 Winter 2001 Published in Sweden ISSN 1104-3473

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine

**No 30 Winter 2001**



له کتنب فرۆشی هه رزان داوابکه ن:

**فرهه نگی سویدی _ کوردی**

دانانی مژده خه لیل ره شید ٤٢٠لاپه ره

---

کوردستان و ئیمستراتیژیی ده وله تان

حوسێنی مه ده نی ٤١٥ل

---

جیوگرافیای هه رێمی کوردستانی عێراق

دانانی کۆمه لێک مامۆستای زانکۆ ٢٧٧ل

---

و زۆر بابه تی دیکه ........

**KITAB-I ARZAN**

**Helsingfors g 15**

**164 78 Kista - Sweden**

**Tel & fax. +46 (0)8 752 77 09**

**Mobil: +46 (0)70 492 69 24**

**Akalla: Helsingfors g 15** ئادرێسی سەرلێدان (besök):

**e- postadress**: kitab.i.arzan@jonkoping.mail.com